## مامۆستا جەعفەر

# ئەڵوەن و ئەفسانە

حسین عارف پێیداچۆتەوە

حەمە دۆستان پێشەکی بۆ نووسیوە

## (ڕۆمان)


- ناوی کتێب: ڕۆمانی ئەڵوەن‌و ئەفسانە
- ناوی نووسەر: مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد)
- چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٤
- چاپی دووەم: سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن (١٦٠٥) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
- چاپ: دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی

# پێشکەش

گـەلێکی ئـازاد سـەردەمێکی ڕەش‌و تاریـك بـوو, ڕەمـوززنی نـەمان هەڕەشـەی لەبوونی گەلێکی ئازاد دەکرد.. چەند نەمامێك ئاڵا نـەویکردنییان پێ‌پەشم بـوو.. بـەبێ سـەرمایەی ناوبـانگ‌و ئـەزموون, بڕیـاری بەگژاچـوون‌و بـەرەنگاریان دا.. دەسـتەیەکیان خوێنیـان بـووە چـرایەك‌و بەچاوی شـەوەزەنگدا چـوو, بەشـەکەی تریـان بـەردەوامن‌و جێگـە پەنجـەیان دیـارە.. ئـەم بەرهەمـە ڕەنگدانـەوەی ڕاستەوخۆی بیرەوەری هەڵپڕوکاوی ئەو کاتە نییە.. پێویستی هونـەری‌و داڕمـانی وێنەکان ڕێبازو داڕشتنیان سەپاندووە.. ئەم کارە پێشکەشـە بـەیادی زینـدووی هـەموو ئەو نەمامە سەرکەشانە..

- سەلام عەبدولرەزاق (ئاشتی)
- صادق شەریف
- بێباك شێخ عومەر
- جوامێر سایەمیر
- یوسف حسێن
- مامۆستا مەجید کەریم (غاندی)
- جەبار فەرمان
- مامە عەلە (عەلە ڕەش)
- مەلا بەختیار
- عیماد ئەحمەد
- موحسین عەلی ئەکبەر
- عەلی شامار
- وەسفیە بنیوەیس
- نەریمان دەربەند فەقەرەیی

**(جەعفەر)**

# ڕوونکردنەوەیەك

بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم ڕۆمانە، لە دوا ڕۆژەکانی هەرەسهێنانی ڕژێمی پێشوو، لەسەر ڕوومەتی تراویلکەی فەنتازیادا، سەریان هەڵداوە. ڕۆژانە لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان، وێنەو دیمەنی درامی دەبارێن، تارمایی مەرگو برسێتیو کارەسات خێرا تێدەپەڕین. هەر وێنەیەکی هەڵقرچاو، لەناو تەمو مژی ئازاردا، بیرەوەریو یادێکی سەربڕاوی دەریای بنهۆشیان دەبووژاندنەوە.

ماوەی دە ڕۆژ، ڕۆژانە دە لاپەڕەی سووتاوم، ڕەش دەکردەوە. گوڵەژاکاوەکانی ڕابوردوو لەگەڵ فرمێسکی داهاتوودا سەرەتاتکێیان دەکرد. سەرمێزەکەم بووە ئەفسانەو مێژووی شارێکی پڕ لە داستان، کە ناسنامەی لەناو دەستی بورکانێکی نائارامدا گەمەی دەکرد.

هەروەکو چۆن مەلۆو شاراکان بۆ ئامێزی خەرمان دەفڕن، ناسنامەی ئەفسایی شارێك، لە باڵە فڕەی ئەزموونو داستان و ژانی خەڵك لەدایك دەبێت.

هەوێنی ئەم کارە دە ڕۆژی ئاگربارانی دوورە وڵات بوو.



پاش گەڕانەوە، ڕستەکان مشتو ماڵ کران. چاپی یەکەم کەوتە ئەستۆی (بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوە)و من بە ئەوپەڕی شادییەوە چەپکێك گوڵە سوپاسی ڕەنگاورەنگیان پێشکەش دەکەم. لەسێبەری چاپی دووەمدا، پێویستیی تەکنیکی نووسین، ناچاری هەندێ گۆڕانکاری کردوومو چەند مەلۆیەکی نوێم هاویشتۆتە پەراوێزی خەرمانی کۆن.

پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو خوشكو برایانە دەکەم، کە بەتایپکردنو ڕێکخستنی نووسینەکەوە ماندووبوونو شەونخونییان کرد. چەپکە گوڵی ڕازاوە بۆ کاك حەسەنو ئەمیرەخانو کاك بورهان جۆڵاو...

**جەعفەر**

# پێشەکی

پاش ماڵئاوایی تاڵ و ژەهراوی، دوای چارەکە سەدەیەك لە ژیانی ئاوارەیی و دابڕان لە وڵات، مامۆستا جەعفەر دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی و ڕۆمانی "ئەڵوەن و ئەفسانە" بڵاودەکاتەوە. کە دەستم بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کرد، ئیتر حەزم نەدەکرد دەستی لێ هەڵبگرم، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، کاری تێ کردم و خۆمم لە ڕوداوو بەسەرهاتەکاندا دەبینییەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە زۆربەی بەسەرهاتەکان لە ناوچەی خانەقی روویداوە، کەچی وام دەزانی ئەم بەسەرهاتانە لە شارو گەڕەکەکەی خۆماندا ڕوویداوە. کەم کەس هەیە خۆی ڕابگرێ و پێ نەکەنێ، کاتێك دەست بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەکات. زۆربەی کات، زەردەخەنەی کتوپڕ بە لێومانەوە دەبینین. تەنانەت خەڵکی ئەوروپییش سوود لەم ڕۆمانە وەردەگرن، چونکە ژیانی ئاوارەیی و کەلتوری و لایەنی دەروونی پەناهەندە و شێوەی بیرکرنەوەی ڕەنگی داوەتەوە لە ڕۆمانەکەدا. خەڵکی ئەوروپی زۆر مەبەستیانە تێبگەن لە ژیانی پەناهەندەیی. نووسەر سەرکەوتوانە توانیوویەتی ڕوانگەی بینینی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکترییەوە ببەستێتەوە.



کاتێك لە خوێندنەوەی**"ئەڵوەن و ئەفسانە "** بوومەوە، حەزم دەکرد جارێکی تر "ڕاوەماسی" ڕۆمانی یەکەمینی نووسەر بخوێنمەوە و لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا بەراوردیان بکەم. ڕاوەماسی ئەو ڕۆمانەیە، کە تاوەکو ئێستا شوێنەواری لە زاکیرەمدا بەجێ هێشتووە و بەڕای من یەکێکە لە ڕۆمانە گرنگەکانی ئەم چەرخەو نرخی لە دوایی نایەت. هەڵسەنگاندنی ڕۆمانەکانی مامۆستا جەعفەر بۆ من کارێکی ئاسان نییە. من خۆم لە نووسینی خۆم ڕازی نیم و دەزانم پڕن لە کەموکوڕی، کە خۆم چاوم کوێرە لە ئاستیان. بەڵام کاتێك دەیان خوێنمەوە، کەموکوڕییەکان بەڕوومدا دەتەقنەوەو بە خۆم دەڵێم دەستم بشکێ، دەبوایە ئەوانەم بە جۆرێکی تر بنووسیایە.

سێ جار ڕۆمانی "ئەڵوەن و ئەفسانەم" خوێندۆتەوە. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، جار دوای جار ڕۆمانەکە زیاتر دەچوو بەدڵمدا و ئاشقی خوێندنەوەی دەبووم. ئەوەندە خوێندنەوەکەی سەرنجڕاکێش بوو، کاری ڕەخنەگرییم لە بیر چووەوە و لە جیاتیدا بوم بە لایەنگیری ڕۆمانەکە. بە بەردەوامی لەناو بەسەرهاتەکاندا ون دەبووم و تێنەدەگەیشتم ئەمە دەبێت چ ڕۆمانیك بێت ئەوەندە کاریگەر بێت، بەسەدان پرسیارو گومانو بیرکردنەوەم لە لا درووست بکات! بەسەرهات و رووداوەکان ئەوەندە خۆشن، کە دەستت بە خوێندنەوەی کرد، ئیتر حەز ناکەی دەست لەخوێندنەوەیان هەڵبگری. هەروەها لەهجەی خانەقینی و ڕستە عەرەبییەکان ئەوەندەی تر ڕۆمانەکەیان ڕازاندۆتەوە و دەوڵەمەندتریان کردووە.

"بریا ڕۆحم لە قەفەزی گیانمدا زیندان نەکرایە."

" من لەسەر لمی جوانترین دەریاش بم، هەر بیرم لای ئەلۆەن و سیروان و قۆرەتوو و هەواسانە."

"نەخۆت بە قەلّبەیەکدا بدەو نە سەری خۆت بەکۆشی دوژمندا بکە."

"من دەترسم، هەر زۆر دەترسم، هەر زۆر زۆریش دەترسم! نە من شەقامەکان بناسمەوە و نە شەقامەکان من بناسنەوە."

"من دوورە ولاّتی و ئاوارەیی و دەربەدەریم بە چاکتر زانی تا درێژەپیّدانی خەباتی سیاسی."

"گوندەکانی سویسرا و ئیتالیا و ئیسپانیا هەر زۆر خۆشن، بەلاّم دلّی تۆ هەر بۆ کەلاوە داڕووخاوەکانی ئاوایی پەراوێزخان و سالارو. . . . لێ دەدات."

"من ژیانی نیشتمانم لێ کرایە دۆزەخ و تا ڕۆژی ئەمڕۆش بە دوای تراویلکەی هەلّنەپڕووکاودا وێلّم."

"من خاوەنی  هیچ نیم، هیچیش خاوەنم نییە. هەرچیم هەیە، هی خۆم نین. من بەرهەمی ڕێکەوتم  یان ڕێکەوت بەرهەمی منە."

"نە ئەو لەمن تێ دەگات و نە من لە ئەو تێ دەگەم. ئێمە بەیەك زمان لەگەلّ یەکتر دەدوێین. . . ."

"لەوەتی دەزانم من منم، من بەدوای دەنگی ئەفسووناویی شمشالّی بوونی خۆمدا وێلّم."

"گومان لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو دەکەم. نیشانەی پرسیار بەڕێژنە بەسەر کێلّگەی بیرکردنەوەدا دەبارێنم."



"ئارەزووە تاسێنراوەکان. . . . کەنالّ دەدۆزنەوە، بۆ ئەوەی لەپشت دەزگای سانسۆری کۆمەلاّیەتییەوە دەرباز بن."

**"ئەلّوەن و ئەفسانە** ڕۆمانێکە بە تەکنیکێکی تازە نووسراوە و شێوازی ڕۆمانی دۆکۆمینتار و " **Selv biogravid** " و "**Fiktion**" تیا دیارە.  بەسەرهات و ڕووداوەکان بە جۆرێك نووسراون، لەوە دەچێت وشەکان هێزێکی ئەفسووناوی تیا دروست بووبێت، چونکە خوێنەر لەگەلّ خۆیدا بە کێش دەکاتو بەرەو جیهانی خەیالّ و بیرکردنەوە دەیبات.

سەرکەوتوویی نووسەر لە بێ لایەنیی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانە. بێ لایەنی و سادەنووسین و ڕاستگۆیی مۆتۆرێکی ئەم ڕۆمانەیە. نووسەر بێ دەسکاریکردنو بێ ئەوەی خواستی تایبەتی خۆی بسەپێنێ بەسەر ڕووداو بەسەرهاتەکاندا، وەك خۆی ئەمانەی گێڕاوەتەوە و بەهاراتی زیادەی پێوە نەکردوون. بە ئەنقەست پەیام و بیرو بیرە فەلسەفی و سیاسییەکانی بۆ خوێنەر شی نەکردۆتەوە و ڕاستەوخۆ بۆی بەجێ هێلاّون، مۆلّەتی ئەوەی داونەتێ کە خۆیان بیری لەسەر بکەنەوە و ڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن.

بەمانایەکی تر مامۆستا جەعفەر هەر وەکو نووسەرە جیهانییەکانی ئەم سەردەمە، خوێنەری خوێندۆتەوە و ڕێزی لێ گرتوون و هیچی بە پاکراوی نەخستۆتە بەردەستیان. بۆ نموونە لە باسکردنی لایەنی کۆمەلاّیەتی و ڕۆلّی ئافرەت و جۆری پەروەردە و بەها کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکان. . . . .

نووسەر سوودی لە ژیانی پەناهەندەیی وەرگرتووە و بایەخێکی گەورەی داوە بەلایەنی دەروونی و ڕۆڵ و وجودی تەنها کەس. ئەم سوود وەرگرتنە بە جۆرێکی دیار ڕەنگی داوەتەوە لە ناوەڕۆك و شێوەی داڕشتنی نووسینەکەدا. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە نووسینەکە وەکو دەنکی تەزبیح بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و وەکو ئەوروپی دەڵێن "Red thread" بە پەتی سوور بەسەرهاتەکان لە یەکەم پەڕەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەستراونەتەوە بە یەکترییەوە.

خەڵکی ئەوروپا ئاشقی خوێندنەوەی ڕۆمانی ئاسانن، تاقەت و کاتی ئەوەیان نییە ڕۆمانی ڕەمز و ڕمووز بخوێننەوە. لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئێستا کە ڕۆمانی تاوان (detective novel) لە جیهاندا زۆر باوە، چونکە ئەم ڕۆمانانە تا بڵێی بە زمانێکی ئاسان دەنووسرێن و خەڵکی ئاسایی حەزی بەخوێندنەوەی ئەو جۆرە نووسینانەیە.

"ئەڵوەن و ئەفسانە" لەم جۆرە ڕۆمانانەیە، کە زمانێکی کۆنکرێت و ئاسانی هەیەو کە خوێنەر بە ئاسانی لێی تێدەگا و بێتاقەت نابێت لە خوێندنەوەی .

هەڵسەنگاندی پۆزێتڤی ئەم ڕۆمانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەشێوە و شێواز و ناوەڕۆکی نووسینەکەوە هەیە. لەسەرانسەری ئەم ڕۆمانەدا بێجگە لە هەندێ کەموکوڕی تەکنیکی، هیچی ترم تیا بەدی نەکردووە. ئەم کەموکوڕیانەش نووسەر بەرپرسیار نین لێی، بەڵکو ئەرکی سەرشانی ئەو بڵاوکراوەیەی کە ڕۆمانەکە چاپ دەکات. بۆ نموونە: ("؟."هەرگیز نابێ نوقتە لە دوای عەلامەتی پرسیار دابنرێت.) ("!." هەرگیز نابێ نوقتە نە لەپێش و نە



لەدوای عەلامەتی سەرسوڕمان بێت) (دەبێ نوقتەکە لەناو قەوسەکەدا بێت، تەنها لەوشەی نامۆدا دەتوانرێت نوقتە لە دوای قەوسەکە بێت). (لە زۆربەی شوێندا تەنها ؟ هەیە، دەبێت نیشانەی سەرنجڕاکێشانی بە دواوە بێت ؟!".) (حەرفی "و" پێش فاریزە). (مەسافەی ناو دێڕەکان زۆر پێویستە، بەتایبەت کاتێك کە بەسەرهاتێکی نوێ دەست پێ دەکات). . . .) دەبێت چاپکردن بەجۆرێك بێت، ئاسان بێت خوێندنەوەکەی و نابێت ڕەزیلی لە ژمارەی پەڕەدا بکرێ . . . . . . هتد.

"گوێ ی ئاگردان، مەکۆی بەیت و داستان و ئەفسانە بوو."
"گۆمی باوەگەزی لای منداڵان هەیبەتی خۆی هەبوو، هەموو ساڵێك یەکێکی دەخنکاند. گەر ئەم جارە بگەڕێمەوە بۆ خانەقی، تۆ بڵێی بوێرم لەوێ مەلە بکەم؟! ئایە ئاساییە لەسەر پردی گەورەوە سەیری ئەڵوەن بکەم؟"
"پردی گەورە جێ ژووانی چاو جوانانە. ڕۆژانە خوێندکارەکان پۆل پۆل ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد. دوو نیگا لەسەر ئەو پردە لەیەك گیر دەبوون. دڵان تیرباران دەکران. پەپوولەی نامە بەدزییەوە دەفرێت."
"ئێمە تیگەیشتین، لەنێوان ڕیزی یەکەم و دووەمدا، ڕیزی دوای دواوە دیواری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریو فەلسەفی و دارایی هەیە. ئەوان هەموو سوورو سپی و قژ داهێنراو و سەرگۆنا سووربوون."
"ئێمەش هەر هەموو دێز و بۆر و چڵکن و ڕشکن."

"سەعە دەهۆڵچی قایمتر لەدەهۆڵەکەی دەدا. نووری کەچەڵ ڕیکلامی فلیمی نوێی بەرز دەکردەوە."

"بەمۆ ئەگەر لە فەرەنسا و هۆڵەندا و نەرویج بووایە ـ زۆر شوێنیان لە شووشە دەگرت. چوار هەزار ساڵ ئەو شوێنەوارە خەڵك و مێژوو پاراستویانە، ئەم پەنجا ساڵەی دواییە ئێمە ناتوانین بیانپارێزین."

"پاشا کۆپری ناوەندی شار نەبوو, کەنار و چۆڵەوانی بوو، لە بەر جەردەو ڕێگر و شەوکوت، بە ڕۆژی نیوەڕۆ نەیدەوێرا بەوێندەردا تێپەڕێ."

شێوەی داڕشتنی "ئەڵوەن و ئەفسانە"و جۆری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان زۆر لەدوا ڕۆمانی نووسەری جیهانی سویدی، سڤێن دێلبلانك دەچێ، کە لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوی کردۆتەوە بە ناوی **"Livets Ax"**. ئەوەی شایەنی باس بێت دێلبلانك ٤٩ ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە هەموویان گۆڕاون بە زمانی ئەوروپی، تەنها **"Livets Ax"** نەبێ، کە هەر بە زمانی سویدی بڵاوکراوەتەوە.

بەدەگمەن ڕێکدەکەوێ دوو نووسەر هەریەکەیان لە قۆژبنێکی ئەم دونیایەدا بژی، کەچی دوو ڕۆمان بنووسن لە شێوەو شێوازدا زۆر لە یەکتری بچن.

سڤێن دیلبلانك لە ڕۆمانەکەیدا باسی منداڵی خۆی و لادێیەکەی کردووە و لە هەمان کاتدا نهێنی تایبەتیی خۆیو خێزانو ئاواییەکەی بۆ خەڵکی ئاشکرا کردووە. میدیای سویدی بایەخێکی گەورەی دابوو بەم ڕۆمانە، چونکە باسکردنی ئەو نهێنیانە بوونەتە سامانێك بۆ دامو دەزگای دەرونی و خوێندنی باڵا. بە داخەوە کەس‌وکاری نووسەر دڵیان ئەوەندە زویر بوو لە سڤێن دێلبلانك، تا گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی ئەوان حاشایان لێ کرد.



ڕێکەوتێکی ترم لەم ڕۆمانەدا بەرچاو کەوت، کاتێك ئەم دوو دێڕە شیعرەم خوێندەوە: ("ئەگەر ماڵ بکەی وە بەرزی کاوە ئاخر مردنە و هەر دوو گەز جاوە".) یەکسەر گۆرانیبێژ و شاعیری ناسراوی سویدیم بیرکەوتەوە، کورنیلیووس. لەیەکێ لە گۆرانییە بەناوبانگەکانیدا دەڵێ: (باش بزانە هەرچی پێکەوە بنێی! هیچ لەگەڵ خۆتدا نابەیتە ئەو بەری دنیاوە!)

"برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە. برسێتی پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ، بۆ هەڵسانەوە وبشێوی و نائارامی و ڕاپەڕین."

"منداڵەکانی تۆ لەنێوان کلتووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایدا بزر دەبن. ڕێگای یەکەمیان بیردەچێتەوە و ڕێگای دووەمیش فێرنابن."

"بابە ئەم خانەقینەی تۆ، کە لەسەر دەریای زێڕە و چوار هەزار ساڵ ژیاری هەیە، بورجی ئیڤڵ و پەیکەری ئازادی و هاید پارکی هەیە؟!"

"بەڵام ئێوە کۆیلەی (ڕۆبووت)ن و پەیوەندییە ڕۆحییەکان وشکبوونەتەوە و مرۆڤ هەست بە بیابانبوونی دەروون دەکات. . . . . . تایفەی ئێوە زۆربەی زۆریان بە گوللە کوژراون و کەمیان لەناو جێگەدا بە نەخۆشی و مردنی ئاسایی مردوون."

"ئێمە خودا دەپەرستین، ئێوە تەکنۆلۆگیا دەپەرستن."

"من لەسەر قەراخی پەنجەرەکەم دەستە خوێناویەکانم دەبینم! دەیان کەللە سەر و کەڵبەو لمۆز، خۆیان بەشوشەکەدا سەرەو ژوور و سەرەو خوار دەسوون."

"چۆن کەرەشەلی پاشکەوتن، ئەسپی تیژڕەوی پێشکەوتن بۆڕ دەدات."

"ئێمه ده كیلۆ ئاسنمان هەبێت گاسنێكی لێ دروست دەكەین. كابرای ئینگلیز زۆرزانانه ئەو دەكیلۆ ئاسنه دەكەنه دەمانچه و هەر دەمانچەیەك بە سەد دینار دەفرۆشن، گاسنه ژەنگاوییەكەی ئێمەش باڵی لێ بڕوێ، نیو دینار ناكات."

"زیندوكردنەوەی ژیانی كۆن بۆ ئەمڕۆ و داهاتوومان زۆر پێویسته."

"كارەساتی وڵاتی ئێمه ئەوەیه، هەركەس هاتووه وێرانی كردووه و كەس بەردێكی لەسەر بەردێك دانەناوه."

"نازانم چەند باوك فرمێسكی خوێناوی بەسەر تەرمی كوڕە شەهیدكراوەكەیدا هەڵوەراند."

"جنێوێك بە دایكی سەرۆكی ئەمەریكا بدەیت، ئەو پێ دەكەنێ و دەڵێ: پەیوەندیی بە منەوه نییه. نیو جنێو بە سەگی دەرگاوانی هاوكۆڵانێكی پورزای پارێزگاری بەغدا بدەیت، پێستی تیرەو تایفەت بۆ دەباخانه دەبرێت."

"نووكی گاسنی بیركردنەوەتان، تەنیا دیوی دەرەوەی توێكڵی كێشەكان دەكێڵێ."

"چاوەڕوانی نیشتنەوەی شەپۆلی شێتی لافاوی هەڵچوون ناكەین."

"وەكو ماری بریندار تا ڕۆژ دەبێتەوه پێچ ناخۆن."

"ئەگەر پشتت بەخەڵك بەست، دوور نییه یەكێك بتكاته مقاش و بەردەوام پشكۆت پێ هەڵگرێت."

"با هەر كەس كاری خۆی بەڕێك و پێكی بكات، بەفرفرۆش نەبێته ئەندازیار. . . كۆترباز نەبێته وەزیر, وەزیر وەزیره و كۆترباز كۆترباز."



"هەموو مرۆڤێك سنووری تایبەتی خۆی هەیه، پەرژینی تایبەتی هەیه، ڕێگا بە هەموو كەسێك نادات، كەلێنی لێ بكاتەوەو سەر بهێنێته ژوورەوه."

"چەوساندنەوەی ژنانی لای خۆمان سنووری خەیاڵی بەزاندووه."

"بەڵام ڕوونه ڕەگەزی مێ قوربانی زۆرتر بووه تا ڕەگەزی نێر."

"تره كل واحد یچچی، اخزله، ارزله العن أم و والدیه. اكسرالعیدان والسبوره والتنكه على راسه واخلی القندره بحلكه."

"له كام قوتابخانەی سویدی یان نەمساوی بەڕێوەبەری قوتابخانه فەرمویەتی: الدمقراطیة متوفرة. قسما باللة العظیم. كل واحد یچچی اسحق رأسه بالقندره."

"دەستەڵاتدار هەیه دەسەڵاتەكەی بۆ خوێن مژین تەرخان دەكات."

"نابێ دەسەڵات سنووری نەبێت، بەرپرسیارێتی نەبێت، دەسەڵاتداری دەبێ بۆ خزمەت و یارمەتیدان بێت. پەرژین كرێت و جڵەو كرێت."

"خەڵكی ئاسایی، له خەڵكی خاوەن دەسەڵات دڵفروانترن. ئەو هەوڵ دەدات بە زمانی شیرین مار لەكون بێنێته دەرەوه"

كەم نووسینی ئەدەبیم بینیووه وەكو ڕۆمانی"ئەڵوەن و ئەفسانه، "Brainstormning" (لافاوی بیركردنەوه) له مێشكدا درووست بكات. بمانەوێ‌و نەمانەوێ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانه بیرمان وەك شاره زەردەواڵه دەوروژێنێ‌و جیهانی خەیاڵمان بەجێ ناهێڵێ. مایەی دڵخۆشیه كه ڕۆماننووسێكی كوردی وا مەزن لەدایك بێت كه لەئاستی نووسەره

جیهانییەکانی ئەم سەردەمەدا شاکارێکی ئەدەبی بەرهەمبێنێ! هەروەها مایەی سەرسوڕمانە هەمان رۆمان لە لای خوێنەر و میدیای کوردیدا ون بێت. من نازانم چۆن و بۆچی میدیای کوردی لە ئاستی شاکارێکی جیهانی وادا بێ دەنگن. ئایە ئەم بێدەنگیە ئەنجامی کەمتەرخەمیی و نەزانییە یان هەر بە ئەنقەستە؟

"Livets Ax"ی سڤین دیلبلانك لە کۆلیجی دەرونیدا وەکو وانە دەخوێنرێت، کەچی "ئەلۆەن و ئەفسانە"ی مامۆستا جەعفەر کە زۆر لە هی سڤین دیلبلانك گرنگتر و بەنرخترە، لە قوتابخانەکانماندا هەر ناویشی نازانرێت چییە.

کەموکووڕی ئەم ڕۆمانە لەوە دەچێ ئەوەبێت کە بەزمانی کوردی نووسراوەو دامودەزگای ڕاگەیاندنی کوردی بێ ئاگان، یان چاوییان نووقاندووە لە گەورەیی و بەرزنرخاندنی. لەو بڕوایەدام ئەگەر نووسەرێکی ئەڵمانی ئەو ڕۆمانەی بنووسیایە، بەلای کەمەوە کۆمەڵێك خەڵاتی وەربگرتایە و بە سەدان ڕەخنەگر لەسەریان بنووسیایە و لەپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا باس بکرایە.

"جڵەوم بۆ قەڵەمی شکاو شل کردووە، پێم خۆشە وشە چاونەترسەکان, بە کۆت و زنجیرەوە لەدایك نەبن."

"نابێ بەرد بخەمە گۆمی مەنگەوەو نابێ شارە زەردەواڵە لەخۆم بوروژێنم."

"خۆشەویستی دەکرێتە قوربانی بۆچوون و سەنگ و ترازووی پلەی کۆمەڵایەتی و تیڕوانینی ئایینیو بنەماڵەو خێزان."



"زۆری پێ نەچوو، ڕۆژگار سووڕانەوەی خۆی سووڕایەوە، ڕۆژگاریش هەموو جارێ بە ئارەزووی من و تۆ سوڕانەوەی خۆی ناسووڕێتەوە."

"کێ دەیەوێ کایە بەسەری خۆی بکات، کێ دەیەوێ دەست بە کلاوییەوە بگرێت."

"سیاسەتی جاران هەر لە گەنجان دەهات، ئەو گەنجانەی هیچیان نەبوو بیدۆڕێنن."

"سیاسیەکانی ئەوسەردەمە بە کەڵکی ئەمڕۆ نایەن و سیاسیەکانی ئەمڕۆ دەبێ پاك و خاوین بن. . . . . ڕیزێك سەیارەی مۆنیکا و دوو ڕیز ئۆتۆمبیلی لەیلا عەلەوی بە دوایەوە بن."

"من چۆلەکەیەکی ڕۆژهەڵاتی بێ پەروباڵم. نامەوێ زۆر بەرز بفڕم و زۆر نزم بنیشمەوە."

"ڕەشەبایەکی توند گیایەکی بچووکی پێ هەڵناکەنرێ."

"میژوو هەموو جارێ خۆی دووبارە دەکاتەوە: لە شەڕی عەسکەریدا براوەین و لە شەڕی سەرمێزدا دۆڕاوین."

"سەردەمی شەڕ، بەرەو کۆتایی دەچێ. شەڕ براوەش بێت، هەر دۆڕاوە."

"کلاشینکۆفی ژەنگاوی بەرامبەر تانك و زرێپۆش و هەلیکۆپتەر."

"کەلتووری سیاسی دزێو، پەیوەندییە سیاسیەکانیش دەشێوێنێ. برا لەسەر بیروباوەڕ برا دەکوژێ."

"سەرکەوتنی تەواو یان دۆڕاندنی تەواو."

"مرۆڤ زۆرجار دەبێتە قوربانی ئایدۆلۆگی."

"ئەڵوەن و ئەفسانە" ڕۆمانێکە کە تایبەتمەندییەکی سەیرو ستیلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو پێوانەیەکی ڕۆمانی نوێی تیایە و هەرچەندی لەسەر بنووسرێت، ناتوانرێت هەقی تەواوەتی بدرێتێ.

بۆیە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕۆمانە لەتوانای من بەدەرە و هەرچی لەسەر بنووسم هێشتا هەر کەمە! لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵێك وتەی ڕۆمانەکەم هەڵبژاردووە تاوەکو نووسینەکە ڕاستەوخۆ خۆی بێتە زمان و خۆی بناسێنێ بە خوێنەران.

لەکۆتایدا هیوادارم "ئەڵوەن و ئەفسانە" جێگەی خۆی بکاتەوە لە دڵی زۆربەی خوێنەراندا و هەروەها ببێتە رۆمانێك لەقوتابخانەکاندا بخوێنرێت و لەنێو رۆشنبیراندا لێکۆڵینەوە و باسی لەسەر بکرێت.

**حەمە دۆستان**
**رۆماننووس**
٢٠٠٥/١٠/١٠
a.dostan@telia.com

# ئەڵـــوەن و ئەفسانە

## ■ ١ ■

دەگەڕێمەوە!

من بۆ شارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە!

بۆ کەناری رووباری خەون و ئەستێرەو ئەفسانە دەگەڕێمەوە!

پاش چارەکە سەدەیەك چاوەڕوانی دەگەڕێمەوە. شارێك چاوەڕوانی دوا چرکەی چاوەڕوانییە, من لە ئامێزیدا بزربم، یان ئەو لەئامێزمدا بزر بێت. دایك و ساوا, ماوەیەك لەیەکتر دابڕان, دیسانەوە بەدیداری یەکتر شاد بوونەوە, سەرەتا, دەپرینگێنەوە, رادەمێنن, پاشان, باوەش بۆ یەکتر دەکەنەوە, بۆ لای یەکتر رادەکەن, لە کۆشی یەکتردا دەتوێنەوە.

جانتا کۆنەکەم دەمی بۆ پیجامەو خاولی و تاقمی تەراش و فلچەی دان و گۆرەوی داپچڕاندووە. لەناو تاکسی و شەمەنەفەرو فڕۆکەدا هەتا دەگەمە ناو شاری خانەقی، هەر بیرم لای ئەوەیە چیم لێ بەجێ ماوەو چیم بیرچۆتەوە. رۆژێ



سەفەرم نەکردو یەك دوو شتم بیر نەچێتەوە. بیرچوونەوە زۆرئاسایی و پێویستە بۆ مرۆڤ: بیرچونەوە بۆ مێشك وەکو خەوە بۆ لەش. دایکم یەك بەیەك پێویستیەکانی سەفەری بیردەخستمەوە:

گۆرەوی و لفکەو نەعل و بیجامەو مووکێش و تاقمی تەراش .. سابوون و شانە..گۆرەوی .. ناسنامە .. قەڵەم و قاقەز...

لەناو فڕۆکەکەدا رۆژنامەیەك بەدەستەوە دەگرم. لەدوا لاپەڕەوە دەستی پێ دەکەم. هەر بیر دەکەمەوە: ئەم شارە چی لێ بەسەرهاتووەو چی لێ ماوەتەوە؟

ئەمڕۆ بلیتی فڕین دەکڕم. سبەی دەفڕم و دوو سبەی لە باوەشی دایکی نیشتماندام. گەڕانەوەی پاش هەڵاتن و ماڵئاوایی تاڵ و ژەهراوی.

فازیل کەریم ئەحمەد بیست و یەك ساڵ ژیانی ئاوارەیی و دوورە وڵاتی.

رۆیشتیت جانتایەکی خاکی کۆنت پێ بوو.گەڕایتەوە جانتایەکی خاکی شڕت پێیە. بیست و یەك ساڵ دوورە وڵاتی... بیست و یەك ساڵ چی گۆڕا؟

من دەمەویست بەدوو قامکان دەستی ڕژێم بادەم، ئەو بەلوولەی دەبابە سەری بادام... سەرەتا پێم وابوو، هەر دەبێ راستی ملی ناڕاست بادات و ئەمە لۆجیك و پێویستیی مێژووە. دەریانپەڕاندم. دەرپەڕاندنێك دەریانپەڕاندم، نەدەشت و چۆڵ و چیا, نە کەندەڵانی ئاوارەیی و تاراوگە، نەیانتوانی بمگرنە خۆ. من لە ژیانی ژێردەستەیی و داگیرکراوی و ناسنامە شێواوی یاخیبووم. شمشێری یاخیبوونم لە شەپۆلە پاسیڤەکانی یاخیبوون هەڵبڕی. شیری توورەییم هەورانی دادەدا. کەس مێشی لە خۆی نەدەکردەوە, کەچی ئێمە شارە زەردەواڵەمان لەخۆمان وروژاندو بەگژ قوللەی قافدا چووین! لە هیچ نەدەپرینگاینەوە.کۆشکی ڕازاوەی خەیاڵ گۆی مەمکی هەورە سرکەکانی ڕاستی دەڕووشاند.. ڕاستیی/

خەیاڵ. ئەوەندە بەرز دەفڕین، شاباڵەکانمان بەئاستەم بەر گۆنای ئەستێرە خەواڵووەکان دەکەوتن. شاخی ئەبێ، ورگی نابێی هەڵئەدڕی. بڵاوکراوەی بەدەست نووسراو، بەرامبەر کێوی هەزار بەهەزاری میدیای نوێ: ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامە... کلاشینکۆفی ژەنگاوی، بەرامبەر تانكو زرێپۆشو هەلیکۆپتەر... ئابوونەی مانگانەی ئەندامان، بەرامبەر، لافاوی پترۆ دولار... کڵاشو پێڵاوی لاستیك بەرامبەر ئەستێرەو تاجو شیری سەرشانی جەنراڵە مەزنەکانی سوپا.

ئێمە لەسەر ڕاستینو خەبات بۆ مەسەلەیەکی ڕەوا دەکەین, ئێمە براوەینو ئەوان دۆڕاو... سەرشانەکەمان، بەفسکە فسك ئەم دێڕە نەکولاوەی ڕۆکردو پڕ دەستسڕە چرچو لۆچەکەی لەچڵمو بەڵغەم کرد. ئەم شیعرەی بەپەلە پەل پێ‌لەبەر کردین:

**ئەڕۆم دایە !**

**ئەڕۆمو ئەگەر ئیترنەهاتمەوە**

**ئەبم بەگوڵ لەو چیایە...**

ڕۆڵەکانی ئەڵوەن! ڕاپەڕن! ڕابن! دێوەزمەی نەمان هەڕەشەمان لێ دەکات... ئێمە ڕووبەڕووی گەورەترین پەلامار دەبینەوە. شەپۆلی کوللە بەناو شاردا دەکشێ. وشكو سەوز ڕادەماڵێ. دەتانەوێ وەکو کوللە بەناو زێرابەکاندا بکشێین؟ یان دەتانەوێ ڕووبەڕووی هەڕەشەی نەمان ببینەوە؟ بەمۆو زمناکۆو کەلی بێشکان پێویستیان بە شۆڕش هەیە. ئەم شاخانە کاریگەرترین چەکی ستراتیجی ئێمەن، ئەمانە مەکۆی بزاڤی بەرەنگارینو پەنامان دەدەن، ئێمە ڕۆژی سەرکەوتن، ئەوەندە خۆمان بەزل دەزانین، خۆمان بیردەچێتەوە، شاخە بەشەرەفەکانمان لەبەرچاوماندا بچووكو زۆر بێ بایەخ دەبن! ڕێوی لەکونی خۆی



هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ. لە کونەکانی خۆتان هەڵمەگەڕێنەوە، با گەڕو گول نەبن.

پێش ئەوەی ڕووبکەمە شاخ، سوور دەمزانی ژیانی پێشمەرگایەتی هەر زۆر سەختەو ڕەنگە بەمن نەکرێ. حەسەن گوتی:"ئەم شۆڕشە قوونی دەوێ" حوسێن هەر بە سوعبەتەوە بە حەسەنی گوت: "هەر نەڵێی: ئەم قوونە شۆڕشی دەوێ!" جوامێر گوتی:"دەبێ پایتەخت لەرژێم بکەینە دۆزەخ" هاوڕێکانم بەرەبەرە زۆربەیان گیرانو زیندانی کران، لە ئازایەتیو جوامێریو قارەمانێتی ئەوان دڵنیا بووم. ئەوان لە زینداندا دەڕزێنو هیچ نادرکێنن، بەڵام چرکەی لاوازیی مرۆڤ، لەبن هەورە بروسکەی لێدانو خوڕەو تەرزەی ئازاردانەدا، چاوترووکاندنێکەو ڕێکەوتیش زۆرە. ژیان هەر هەمووی ڕێکەوتە! ژیان ڕێکەوتو پێویستیە، دارێکی مەزن بەرگەی ڕەشەبایەکی بچووك ناگرێ، کەچی ڕەشەبایەکی توند گیایەکی بچووکی پێ هەڵناکەنرێ. کوڕم خوێنی خۆت مەکەرە کاسەوە. دەستە خوێناوییەکان بەسەر دیوارەکاندا شۆڕ بوونەتەوە. دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەتکێ. ئەڵوەن سوور هەڵگەڕاوەو کەنارەکانی ڕەشپۆشن. من خوێنی خۆمم کردۆتە کاسەوە. هاوڕێکانم ملیان لەژێر چەقۆی جەلادەکانیانە. شەهید ئاشتی دەڕواو جۆگەلەیەك خوێن لەپشت خاچەکەی دەبینم. لە نێوان بوونو نەبووندا، ئەڵتەرناتیڤی تر نییە. لە نێوان زیندانو شاخیشدا، ئەڵتەرناتیڤی سێیەم نییە. بەردێکی تری ئەم وڵاتە سوور دەبێت. نامەوێ بەپێی خۆم بڕۆمە بەردەستیان. بمرم زۆر ئاساییە, بەڵام نامەوێ بەزیندوویەتی, چنگی هیچ دوژمنێك بکەوم.

**من چۆن نەگریم سەد کەڕەت دڵ دەشکێنی؟**

**مەی چۆن نەڕژێ شووشە لەسەد لاوە شکاوە؟**

لەشارەوە بۆ شاخ... لەشاخەوە بۆ تاراوگە! نەوەیەك پارتیزان لەبن باری تفەنگەکانیاندا ریشیان سپی دەبێ. گۆمەکان وشك دەکرێنەوەو ماسییەکان دەڕۆن. پەپوولە باڵ سوورەکان بەرەبەرە رێگەی سەروەری دەگرنەبەر. شاخو هەندەران، تەواوکەری یەکترن، یان یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە؟ نابێ دەنگی شۆڕش لەچیاکاندا قەتیس بکرێ. تا بەرەی شۆڕش نەگاتە هەموو دەرگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو کافیتریاو سەیرانگاو دیسکۆکانی رۆژاوا، ئێمە رزگار نابین. مێژوو هەموو جارێ خۆی دووبارە دەکاتەوە: لە شەڕی عەسکەریدا براوەینو لەشەڕی سەرمێزدا دۆڕاوین. شەڕگەو سەرمێز، دوو لەشکر، بەرامبەر یەکتر دەگرن... پێویستمان بە پێشمەرگەی دپلۆماسیو تۆپی راگەیاندنو بەرەی هونەریو ئەدەبی هەیە. بریا سیاسەت وەکو زانستی پزشکی بوایە. شارەزاو نەشارەزا هەر لەخۆوە لووتیان تێ نەژەندایە. زانستی سیاسەت لە زانستی ئەتۆم سەختترە، کارەساتی ئێمە ئەوەیە ئەوەی سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغایە. هەمزە ئاغا یەکجار لەدایك دەبێتو دووبارە نابێتەوە. بەبۆیاخ سمێڵەکانت سوور مەکە. کابرایەك باوکی فەڕاشی خەستەخانە بوو، ناویان لێ نابوو دکتۆر عەلی. ئەو سیاسەتەی ئەو ئەیزانی، نە هینری کیسینگەرو نەهانز دیترش گینشر دەیانزانی. یەکێك باوکی فەڕاش بێت، ئیدی چۆن خۆی دکتۆر نییەو چۆن سیاسەتمەداری گەورەیش نییە؟

لە نێوان عاشقی سیاسیو کاسبکاری سیاسیدا یان پیشەی سیاسیدا دیوارێك هەیە. عاشق وەلی دێوانەو مەجنوونو فەرهادە، خاوەن پیشە، دارتاشو ئاسنگەرو ناڵبەندە:



کێیان بۆ سیاسەت دەژیتو کێیان لە سیاسەت دەژێت؟ مامۆستا محەمەد نووری دەیگوت:

پریپۆزسیۆن زۆر گرنگە: تۆ سەیری "بۆ" و "لە" بکە.

ژیان بۆ سیاسەت ـ ژیان لە سیاسەت.

ئێوە تفەنگتان بۆ گەل هەڵگرتووە، یان لە گەل هەڵگرتووە؟

ژیان لە سیاسەت: پیشەیەو کاری فەرمانبەرییە. عاشق دامێنی چیا دەگرێو روو دەکاتە بیابان. من لەسەر لمی کەناری جوانترین دەریاشدا بم، هەربیرم لای ئەڵوەنو سیروانو قۆرەتوو و هەواسانە. بیرم نەماوە کەی فێری مەلەوانی بووم. یەکەمین جار لە" تەقتەق و بەڕ" ، پاشان لە"گۆم پەری". رەشەکەڕ، بە رم لەگۆم کەریمخاندا راوەماسیی دەکردو هەرچی بگرتایە، بۆ منالی هەژاران بوو. کاکم گوتی:"ئەوەی لەگۆم کەریم خاندا مەلەی بکردایە، کەریم خان فەرمانی دەدا لەتاوەدا رۆنی بۆ داخ بکەنو بەقوڕگیدا بکەن " بە کاکم گوت: ئەوە نییە ئێمە لەگۆم کەریم خاندا مەلە ئەکەینو کەس هەقی بەسەرمانەوە نییە! ئەو گوتی:" کەریم خان مردووە. زەمانی ئەوەش نەماوە رۆنی داخ بەقوڕگی مسکێندا بکرێت".

کەریم خان کوری عەزیز خانی جمور بوو. عەلی ئاغا کوڕی کەریم خانەو باوکی جەهانبەخشو جەهانگیرە. ئەو کاتەی لەناو گۆمەکەدا مەلەم دەکرد , چاوێکم بەدەرگاو پەنجەرەکانی قەڵاوەبوو, سێبەرەکانی کەریم خان بەدیم نەکەن, رۆنی داخ بەقوڕگمدا نەکەن. ئەوە یەکەم وانەی سیاسی چینایەتی بوو, هەرچەند تێگەیشتنم بۆسیاسەت وەکو تێگەیشتنی مێروولە بوو بۆ سەر مانگ...

بۆمان ماوەتەوە: سیاسەت.. سەر ڕووتانەوە.. چڵمنی ..

کوڕە گەورەکەم، کە دایکی ئەڵەمانە, هەموو گیرفانەکانی لە دەستەسڕ ئاخنیوەو چڵمەکەی بەقۆڵی کراسەکەی دەسڕێت. پرسیاری کانتو دیکارتو مارکسم لێ دەپرسێتو بەقۆڵی کراسەکەی چڵمەکەی دەسڕێت! دیارە چڵمنیش لە باوكو دایکەوە بۆ منداڵ بەجێ دەمێنێ. قۆڵی کراسەکەم هەمیشە وەکو مەشکەی رەق بوو. جارێکیان پوورە قەمەرناز پێی وتم: رۆڵە تۆزێ ئاو بە قۆڵی کراسەکەتدا بکەو دەستێکی پیا بێنە. چینێکی جەلاتینی سەوز لەسەر مەشکە رەقەکە دروست ببوو، هەرچیم دەکرد لێی نەدەبووەوە. باش بوو، لەسەر چڵمنیو خۆ لەقوڕ هەڵکێشان تێ هەڵدان نەبوو.

**خۆر دەرچووی.. خۆران دەرچووی**

**عەلی کەچەڵ لەکونا دەرچووی**

ئەم شیعرەی منداڵە وردکە " عەلی کەچەڵ"ی شێتو هار دەکرد. بە بەرد تێمان دەکەوتو جوێنبارانی دەکردین: "کیر خەر وەکوس داڵگتان". دیارە فاکتۆری ئابووری دەوری خۆی  لە تووڕە بوونو هەڵچوونی "عەلی کەچەڵ"دا بینیوە.

**قووی قووی قووی... دەم پاشا وە گویو..**

**دوو قرانەکەی باوکمی نەدایەوە...**

ئەم شیعرەش پەیوەندی بەخەباتی چینایەتییەوە هەیە.

پاشا دوو قڕانی باوکەکەی بردوەو منداڵانیش بەشیعر تۆڵەی باوکیان کردۆتەوە.

پاش قۆرەتوو، رووباری ئەڵوەن. ئەڵوەن، قۆرەتوو نەبوو. رووبارێکی گەورەتر



بوو، بەناوەڕاستی شاردا تێدەپەڕێ. " گۆمی باوەگەزی" لای منداڵان هەیبەتی خۆی هەبوو. هەر ساڵێك یەکێکی دەخنکاند. حاجی فاتم دەیگوت:" باوەگەزی قوربانیی دەوێو ئەگەر خێری بۆ نەکرێ، تووڕە دەبێو قوربانییەك رادەکێشێ." ئێستاش دڵنیام لەبن  ئەو گۆمەدا "باوەگەزی" دەژێو هەروەکو"پۆلۆ" یان "ئۆکتۆپۆس" باڵێکی لە قاچی قوربانییەك دەئاڵێنێو بۆ بن گۆمەکەی رادەکێشێ..

لەدەریای سپی ناوەڕاستو دەریای باکوورو ئەدریاتیکدا مەلەم کردوە، هیچی تامی گۆمی باوەگەزی نەداوە. گەر ئەم جارە بگەڕێمەوە بۆ خانەقی، تۆ بڵێی بوێرم لەوێدا مەلە بکەم؟ ئایا ئەوە ئاساییە لەسەر پردی گەورەوە سەیری ئەڵوەن بکەم؟

■ ٢ ■

پیرە پردی گەورەی سەر رووباری ئەڵوەن, لەدوورەوە لە گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی هەڵگورماو دەچێ. ریشی زیوینی دادەهێنێ، پەپوولەی زەردو سوور بەرەو ئاسمان دەفڕن. بەردە رەقەکانی مێژوو دەهێنێتە دەنگ. سوپای عوسمانیو قاجاری بەسواری ئەسپو ڕمو شیری دەستیانەوە، تیپ تیپ، ئەمبەرو ئەوبەریان کردوە. رەنگە شەڕی زۆر سەخت لەسەر ئەم پردەدا کرا بێت... رووسو ئینگلیز بەشەڕ ئەم شارەیان داگیرکردووە. ساڵداتی رووس لەسەر ئەم پردەدا پێکی سەرکەوتنیان بۆ گیانی قەیسەر رۆمانۆف هەڵداوە. پاش کشانەوەی رووس سەربازی ئینگلیزو هیندیو سیك هاتوون. ئینگلیزەکان لەچاو داگیرکەرانی تردا

مۆدێرنتر بوون. ژن‌و پیاویان پێکەوە بەناو قەیسەریی ئیسرابادی‌و تاریکە بازاڕدا سووڕاونەتەوە.. لەدەست داگیرکەرێکەوە بۆ دەست داگیرکەرێکی تر. سالّی ١٩٢٠ هۆزە کوردەکان شاریان رزگار کردوەو سوپای ئینگلیز راونراوە. پێش ئەوە سوپای ئینگلیز بگەڕێتەوە، هۆزە کوردەکان دەکشێنەوە.(دەور، دەور، قوایە!) یەکێکە لەدروشمە مەشهورەکانی سەردەمی دەسەلاّتی کورت خایەنی قوای لەشاری خانەقی. تا ئەمڕۆش ئەم دروشمە دەگوترێتەوەو بەرە بەرە ژمارەی ئەوانەی ئەم داستانە دەزانن لەپەنجەکانی دەست کەمتر دەبنەوە.

قوای یان (قوباد) یەکێکی ترە لەئەفسانە سەرسووڕهێنەرەکانی ناوچەکە. پیاوێکی کەلّەگەتی چوارشانەی جوانخاس‌و گەڕناس‌و بوێرو ئازاو چاونەترس، لەنێوان ئێران‌و توران تەراتێنی کردووەو لەهەموو لایەك یاخی دەبێت‌و مل بۆ کەس نادات‌و ڤینی خۆی لەهەموو شوێنێك دەسەپێنێت.

ئەو، هەرچەند سەر بەعەشیرەتی ئەرکەوازی بووە، بەلاّم قسەی کەسی نەخوێندۆتەوە. خالّی سەرۆکی عەشیرەت بەڕۆژی نیوەڕۆ دەکوژێت. تا ئەو چرکەیە ئەرکەوازی لەتۆلّەفرۆش نیشتەجێ دەبێت. پاش ئەم رووداوە، سەرانی عەشیرەت‌و بەرمالّەو پشت مالّەکەیان بەرەو گوندی ئەرکەوازی رادەگوێزن.

ئەو، ژیانی بەڕێگری‌و چەتەیی‌و سەرانە وەرگرتن، لەنێوان ناودۆمان‌و مەندەلی‌و سۆمارو قەسری شیرین، بەسەر دەبات. هیچ کەس ناوێرێت بەرامبەری بگرێت. گوللەی هەمیشە لەبەرکار دەبێت‌و لەکەس دەست ناپارێزێت.

ئەو رۆژەی هەوالّی هاتنی سالّداتی سوپای رووس دەگات، لەباکووری رۆژهەلاّتەوە وەکو کوللە دادەڕژێن. بارودۆخی ناو شار نائارام دەبێت. شلّەژان.. سەرلێشێوان.. قوای بەهەستی قوولّی ناسیاسی بۆ تەرازووی هێزە سیاسییەکان،



دەزانێت باری شلّەژاوی دەسەلاّت زۆر گونجاوە بۆ دەستوەشاندن‌و بادانی ملی باریکی دەسەلاّتی شپرزەکراو. خۆی دووان لەکوڕەکانی مەحموودو عەبدوللاّ دوای خۆی دەخات بۆ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی‌و کورسی دەسەلاّت دەکەونە ڕێ. نزیکەی سەد کەسێك بە خەنجەر و کوتەك‌و شیرەوە دوای دەکەون و دەبنە هێزێکی کاریگەر. شانۆگەرییەك نیوەی کودەتایەو نیوەکەی تری شۆڕشێکی جەماوەری سێ قۆلّی بنەمالّەی قوایە.

ئیسماعیل شیر محەمەد دەیگوت: نەنکم بەبەردەوامی داستانی شۆڕش‌و دەسەلاّت گرتنە دەستی باوکی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ دەگێڕایەوە: ((بەکوتەك‌و تفەنگ‌و پەلاماری والییان داوە. والی کۆترە باریکەیەکی بێدەسەلاّت بووە بەرامبەر قوای. جل‌وبەگەکەی لەبەری داکەندووەو هەر یەکسەر خۆی لەبەری کردووەو بۆتە والی.

والی کۆن دەرگای خەزێنەی بۆ والی نوێ خستۆتە سەر پشت. ئیدی کیسە کیسە خۆی کوڕەکانی چوونەتە سەربانی سەراو لیرەیان بەسەر جەماوەری حەپەساوو دۆشداماودا باراندووە.. زێڕباران.. زێڕباران.. تا خەزێنە بەتالّ بووە. تەنیا دوو کیسەی بۆ خۆی خستۆتە کەنارو ئیدی ئەو رۆژە، بەناو بەر هەیوانی سەرادا ئەمسەرو ئەوسەری کردووە، هەر هاواری کردووە (دەور، دەور، قوایە!)

لەدەرەوەی شار قوای هەست دەکات، دوو کیسە لیرەی زێڕی پێ دەرناچێت. یەکێکیان توورِ دەدات‌و ئەوەکەیان لوول دەدات. روودەکاتە مەنەلی‌و لەوێوە بۆ سومارو لەسومارەوە بۆ قەسر شیرین. لەقەسر شیرین باخێك‌و دوو خانوو دەکڕێت. ئیدی بابولعالی خەلاّتی پێنسەد لیرەی رەشادی بۆ ئەو کەسە دەردەکات، کە بتوانێت قوای بەزیندوویی یان مردوویی رادەستیان بکات!

مالّی خالّوو مەحموود قوای دراوسێمان بوونو هەموو ڕۆژێ لەبەردەم دەرگاکەی خۆیاندا دەمبینی. نازانم بۆ ئەو پرسیارەم لێنەکرد، لەماوەی فەرمانڕەوایی یەك ڕۆژەی باوکیدا، ئەو نوێنەری کام چینو توێژی کۆمەلآیەتی بووەو لەکام گۆشە نیگاوە ڕوانیویەتییە ئاسۆی ڕووداوەکانی دەورانی قوبادی؟

محەمەد خیرگە برای قوای بوو. ئەم پیاوێکی کەڵەگەتی قۆز دەبێتو لەگەڵ براکەی هەر زۆر ناکۆك بووە. ئەم حەزی لەکارو کەسابەتو ژنی جوان بووەو چەند ژنێکی هێناوە. تا پاش دووەم جەنگی جیهانی لەژیاندا دەبێت. سەلاّح مەحموود قوای بۆی گێڕامەوە: محەمەد خیرگە حەزی نەدەکرد سواری ئۆتۆمبێلو عەرەبانەو تریشقە بێت. کەرێکی سپی زلی هەبوو، کورتانێکی ڕازاوەی جوانی خستبووە سەر پشتی. بۆ ناو شارو بازاڕیش، هەر بەسواری کەرە سپی دەهاتو تاقەتی گۆڕانو مۆڕانی نەبوو، ئەو لەژیاندا پەیڕەوی قوتابخانەی کلاسیکی بوو. ڕۆژێکیان مام بەسواری کەرەکەیەوە لەبەردەم مالّمان دەرکەوت. باوکم گوتی: مامە کەرەکەت لەو کۆلاّنە ببەستەوەو ئالیکی بدەرێو خۆشت فەرموو بۆ ژوورەوە با نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین. ئەو، گوتی: کەرەکەم لەناو کۆلاّن نابەستمەوە! باوکم هەرچەند ویستی قەناعەتی پێبکات: کەر نابرێتە ژوورەوە! چیمەنتۆ خزەو مەترسی زۆر هەیە کەری بەسزمان بخرێتو ئازاری بگات. هیچ سوودی نەبوو. گوتی: لە کەرەکەم دانابەزمو دەگەڕێمەوە. باوکم بە ناچاری ڕێگەیدا کەرەکەی لەناو باخچەکەماندا ببەستێتەوە.

ئێمە کە ئەو زەمانە بەشێك بووین لەگەنجان، خەونمان بەدەوری فەرمانڕەوایی هەژارانەوە دەبینی. ڕۆژێك دەسەلاّتی پرۆلیتاریا لەناو شاری خانەقیدا بێتە دی. بەبێ سێو دوو ئالاّی سووری هەژارانمان هەلّدەکرد. هەر هەموو ملمان لە چەقۆ دەسوو. خەباتی نهێنی ئێمە، لە کوولەکەی تەڕدا نەبوو، ئاشکرا بوو. نازانم بۆ نەیان دەگرتین؟ عەلی شامار کەواسووری بەر لەشکر بوو. نیوەی دووکانەکەی نوقلّو چکلێتو ڕەحەتەلوقم بوو، نیوەکەی تریشی کتێبۆکەو بلاّوکراوەو دەنگوباس بوو. عەلی سوور.. سوور بوو "قرمز وەکو عورف الدیك" هەرچی "عەدەسات"ی "صحافة" بینراوو نەبیسراو هەیە، لەسەر دووکانەکەی بوو. دووکانەکەیشی بەتەنیشت مزگەوتی شێخ عەلیو مالّی کەریم ئەسمەرەوە بوو. ناوەندی جولاّنەوەی ڕووناکبیری شارەکە بوو. ئەوەی "بۆرجوازی" بوایە، کاك عەلی بۆی بلوایە بە مستەکۆلّە ملی دەشکاند.

کۆپریی گەورە، بە هاوینان هێلانەی ئاوارەو برسیو بێنەوایان بوو. گەورەترین دوورگەی سێبەرو فێنکی بوو بۆ هەلاّتووانی دەستی گڕەو سەبوونو قرچە قرچی گەرما. ماسیگرەکان، بەدیار قولاپەکانیانەوە لەرۆخی ئەلّوەن هەلّدەترووشکان. باوە گەزی نەنووستووەو چاوەڕوانی میوانی نوێیە. ئەم پردە بەئاوی سەروپێ دروست کراوە، بۆ ئەوەی بەهێز بێت. ئەوەی زۆر سەروپێ بخوات، ئێسکی بەهێز دەبێت.  منالاّن جوێنیان بەیەکتر بدایە دەیان گووت:

"بچوو ئەرا ژێر کووپری"

ڕەنگە چوونە بن پرد لەکەرکووكو دهۆكو هەولێر قسەیەکی ئاسایی بێت، لە خانەقیدا ئەگەر هنەگو سوعبەتو گالّتە نەبێت، ئەوە شەڕە خەنجەری لەسەرە.

کاتێك قادر هەرزەکار دەبێت، یەکێك لە هاوڕێکانی ئەیەوێ سەردانی بکاتو هەوالّی بپرسێ.

خانووەکە, خانوویەکی مۆدێرنی جوان بوو. باخچەیەکی گەورە دەرگاکەی حەوشەکەی لە هەیوانەکە جیا دەکردەوەو لەدەرگا دەدات. باوکی بە قرخەقرخە

دێتەدەرەوە:

" باوگ قادر.. قادر وەماڵە؟"

ئەویش دەڵێ:

" قادر وەماڵە.. وەبان ماڵە.. دلی وەژانە.."

مناڵەکە بە پێکەنینەوە دێتەوە بۆلای هاوڕێکانی تریو بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوەو ئەوانیش یەك لە دوای یەك لەدەرگا دەدەنو هەواڵی قادر دەپرسن.. باوکی قادریش وەکو تەسجیل قسەکانی خۆی بۆ هەر هەژدەیان دووبارە دەکاتەوە.. ریزەکە دێتەوە سەر مناڵی یەکەم .. ئەویش وادەزانێ حاجی کازم قووزی نایناسێتەوەو هەم دیسان لەدەرگا دەداتەوەو دەپرسێ:

" باوگ قادر.. قادر وەماڵە؟"

ئەویش دەڵێ:

" ئا.. قادر وەماڵە.. وەبان ماڵە.. دڵی وەژانە.. کیری لەکوس داڵگتە.."

خانەقییەکان وشەی "بان" زۆر بەکار دەهێنن!

"چمە بانت ..نێچمە بانت؟"

واتە: دەتنناسمەوە, ناتنناسمەوە؟

خاتوو فردۆس دکتۆرەو ماشەڵڵای لێبێت هەر زۆر قەڵەوە. چاوی بەخزمێك یان ناسیاوێك بکەوێ, هەر لەدوورەوە دەڵێت:

((عەزیزم مرم لەبانت)).

بەهەولێری دەڵێن: ((ئای لۆت نەمینم)).

برایەك لەچاو ئەودا هەر زۆر لاوازەو بەم رستەیەی خوارەوە وەڵامی دەداتەوە:

((نەعەزیزم من ئەمرم لەژێرت)).



خانەقی دوورگەیەکی سەوزە لەسەر دەریای زێڕی رەش! زێڕی رەش بە قوڕی رەشدا چێ. بە توونی بابـاو ئـاوی ئاموونـدا چێ.. بەگەرووی ئاشدا چێ. هەر هەموو لەغەریبیدا تووشی دیقو دڵئێشەو لاڕەشە بووین"خوسە کوشتەمان" زێڕی رەش وەکو مارەکەی مەلا هۆمەر لەگەردنمان ئاڵاوە.

شوێنەوارەکانی دەربەند بێلوولەو حەوش کوڕی چوار هەزار ساڵێك کۆن دەبن. چوار هەزار ساڵ ژیاریو هێشتا لە قۆناخی گاگۆڵکێین. هێشتا رووباری ڕووناکی ئاسۆی دڵی دانیشتوانی ئەم شارەی روون نەکردۆتەوە! خانەقی چوار هەزار ساڵە شارەو هێشتا ماڵئاوایی لە شەقڵی گوندایەتی نەکردوە.

■ ٣ ■

کوڕەکەم دەپرسێ:

"بابە! ئەم خانەقییەی تۆ، کە لەسەر دەریای زێڕەو چوار هەزار ساڵ ژیاری هەیە، بورجی ئیڤلو پەیکەری ئازادیو هاید پارکی هەیە؟".

نە رۆڵە گیان، ئێمە قوڵەو کۆردەرەو حەمام لەکلەو تاریکە بازاڕمان هەیە. لەمەنەلیش: بازاڕگەورە, بازاڕبویچگ, قەلەبالی, پەتگئەوکەرمان هەیە. سیو پێنج ساڵ وێرانەو گۆڕستانی بەکۆمەڵو دەروونی داڕووخاوو بزەی لە لێوان تۆراومان هەیە. چەقۆ کێشەکان خەونەکانی ئەلۆەنیان سەربڕی، لە تاراوگەشدا دوا گەڵای ئاواتەکانی ئێمەیان سووتان.

" ئەیە چە دەرچووی: هەر دوو رووژ جاری نایب عەریفیگ داڵگ خیز.. ئینقلاب کەدە بان نایب عەریفگەی ترو ئاگر کەدەبان سەر ئێمە.. ئەی داڵگ

خیزەیلە نێتوان کەس ئیسراحەت بکەد.."

" ئەلی ماڵ باوگتان زیاد بکە یگ.. بچن دگلە پەنیر ئەرا خودان بارن.. میمزایگ بیمن و نەویمن.."

رەنگە پاش بیست ساڵێکی تر لەسەر کێلێك بنووسرێت:

" ئەی منداڵەکانی خانەقی.. من شەرەفی ئێوەم پاراست.." هەباس!

کەس نازانێ ئەو کێلە لە پاشا کووپری یا عەلەمدار دەبێت. هۆمۆسافیانس چەمکێکی لاتینیە Homosapiens مرۆی بە ئەقڵ بەهرەمەند یان مرۆڤ .. هۆمۆ هۆمینی لووپووس homo homini Lupus چەمکێکە، کە جان جاك رۆسۆ هۆگری بووە!!

" مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ گورگە"

واتە: مرۆڤ دڕندەترین دوژمنی مرۆڤە. دەبێ دەوڵەتو قانوون هەبێ بۆ جڵەوگرتنی ئارەزووە هەڵچووەکانی مرۆڤ. محەمەد دلگ پەنجەی نارەزامەندی بەرز دەکاتەوە:

"ئەمە قسەی هۆبسە، نەك رۆسۆ.. هاوڕێ تۆ هەڵەی"

مرۆڤ وەکو گورگە، دەسەڵاتی هەبێ، گۆشتەکەت دەکاتە قیمەو شفتەت لێ دروست دەکات.

" چایەکم بۆ بێنە.. کاکە!"

برای خۆشەویست کوردییەکەی تۆ ناڕاستە، کورد دەڵێ:

" کاکە .. بۆم بێنە یەك چا"

محەمەد دلگ لە رێزمانی کوردیدا تەوفیق وەهبییە. باوە" قل ولا تقل" مستەفا جەواد پێشکەشی دەکرد, نەك تەوفیق وەهبی ! " سلێمانی زوانیان



چەفتە" کوردییەگەی خۆمان تەواوە.. مەرج نییە هەموو گەلی کورد بەیەك شێوە قسە بکات. ئازادیی داڕشتنو دەربڕین زۆر پێویستە.

مامۆستا بەکر هەولێری بوو، مامۆستای کوردی بوو، لەشێوەی خانەقی باش تێنەدەگەیشت.

رۆژێك بە فەرید جیهادی گوت، کە دایکی ناوی(مەکیە) بوو: " فەرید هەستە بنووسە"، فەرید هەستاو هەرچی هونەری جواننووسی هەیە خستیە گەڕ.

هەر خوێندکارێك وشەیەکی دەخستە رستەوە (شکاند، کولاند، هات، چوو..)

بەدیع کوڕێکی زیتەڵەی وریا بوو، مامۆستا بەکر گوتی: " بەدیع (چوو) بخەرە رستەوە!"

بەدیع بەبێ چوارو سێ گوتی: "مامۆستا مەکیە چوو بۆ حەمام"

مامۆستا گوتی: "ئافەرین زۆر جوانە(مەکیە چوو بۆ حەمام) ئافەرین بەدیع زۆر جوانەو فەرید تۆزێ شڵەژاو هیچی نەنووسی.

خوێندکارەکان هەموو هاواریان دەکرد: مامۆستا ئەوە فەرید هیچ نانووسێت!"

فەرید دەیگووت: "مامۆستا ئەی قەحپە دایگە خراو وە دایگم دەد"

مامۆستا هەر دەیگوت: "رستەیەکی جوانە بنووسە!"

لەکۆتاییدا فەرید خۆی تووڕەکردو دانیشت. بەدیع ئەوەندە سوعبەتچیو لەخۆی دڵنیا بوو، خۆی هەستاو رستەکەی لەسەر تەختە رەشەکە بەجوانی نووسی.

خەڵکی خانەقی زۆر حەزیان لە وردەکاریو شیکاریو بیرکارییە. ئەوەی لە کەرکوكو کۆیەو کفری، راستی سەلێنراو و لە دەرەوەی بازنەی نیشانەی پرسیار

بێت، له قەراخی رووباری ئەڵوەن، له هەرچوار لاوە، بەچیخی پرسیار ئەمسەرو ئەوسەری گیراوە. چایچیو کەبابچیو عەرەبانچییەکان ئەوەندەی شەش مافناسو دادوەر پرسیار دەکەن. له زاخۆ، یان دوزخورماتوو داوای چایەك بکە، چایچییەکە چایەکی خەستو خۆڵت پێشکەش دەکات. خانەقی شارێکی جیاوازە: له چایخانەی ئیسترابادی داوای چایەکت بکردایە، یەکسەر شاگردو چایچییەکە دەیگوت: فەموو گەورەم ئەمر بکە؟

میوانەکە: چایەکم بۆ بێنە!

شاگرد چایچی: چای رەش، یان چای ترش؟

میوان: رەش!

شاگرد: شیرین، یان تاڵ؟

میوان: دیژلەمە!

شاگرد: پڕرەنگ، یان کەم رەنگ؟

میوان: یەك رەنگو ئاوی تێ مەکە!

شاگرد: ئەی ئاو ناخۆیتەوە؟

میوان: چۆڕێ ئاویشم بۆ بێنە!

شاگرد: پێش چا ئاو دەخۆیتەوە، یان پاش چا؟

میوان: پێش چا!

شاگرد: ساردبێت، یان ئاوی کووپە؟

میوان: کاکە هیچ ناخۆمو وازم لی بێنە!

عەشق محەمەد دلگی کردە پێشمەرگە. پێش ئەوەی چەك بکاتە شانی، لەسەر پردی ئەڵوەن خۆی هاویشتە خوارەوە. هیچی لێ نەهات. هێزی عەشق باڵی نەبینراوت لێ دەروێنیو له مەرگ دوورت دەخاتەوە.. ئەو سنووقی بۆیاخچێتی فڕێ داو چەکی کردە شانی. پانۆرامای خۆشەویستی وزەی لە بنەهاتووی مرۆڤ دەتەقێنێتەوە. بۆیاخچی/ هەوڵی خۆکوشتن/ پێشمەرگایەتی/ دروستبوونی مرۆڤێکی نوێ..

پردی گەورە جێ ژووانی چاو جوانانە. رۆژانە خوێندکاران پۆل پۆل ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد. کیژو کوڕ بەلای یەکتردا تێ دەپەڕین. دوو نیگا لەسەر ئەو پردە لەیەك گیر دەبوون. دڵان تیرباران دەکران. پەپوولەی نامە، بەدزییەوە دەفڕێت، هەر بەئاسمانەوە دەخوێنرێتەوە. سەیرکردنی دیمەنی دڵڕفێنی رووبارەکە، ژووانو سووتان. بەشێك هەر بەڕاستی، عەشق لێی داوەو کڵپەی لێ بەرز بۆتەوە، بە ئاستەم سێبەرەکانیان بەسەر زەویدا دەگەڕێ..گۆنەری وشکە مێبازیش هەر ئێرەیە.. من خۆم له کوڕان ئەم جۆرە پلارو بەرد تێگرتنەم بیستووە:

" خودا ! چەس ئەی شحم و لحمە!"

کاتێك ئەم رستەیەم بیر دەکەوێتەوە، لەنجەو لارەکەی مۆنیکا لوینسکیم دێتەوە بەرچاو، کە هێندەی نەمابوو، سەرەك کۆماری ئەمریکا لەسەر کورسی سەرۆکایەتیەوە هەڵدێرێ.. ژن، یان دەبێ قەڵەمی بێت یان وەکو مۆنیکا "شحم و لحم"ی پێوە بێت.

گۆرانی بێژێکی ئەمریکی دەڵێ :

GET RICH OR DIE TRYIN :

شایەرێکی خانەقینیش گوتوویەتی :

" ئەگەر ماڵ بکەی وەبەرزی کاوە"

" ئاخر مردنەو هەر دوو گەز جاوە"

دوو تێڕوانینی ناکۆك بۆ ژیان. یەکێکیان یا بەدەوڵەمەندی بژی، یان لە گریاندا بمرە. ئەوەکەی تریش بە بەرزی شاخی "کاوە" ماڵت هەبێت، هیچ نرخێکی نیە، چونکە مەرگ بۆسەی بۆ ناویتەوە!

کاك سەلاحی شێخ محەمەدی نەقشبەندی بۆی گێڕامەوە:

شوباتی ١٩٦٣ سەردانی ماڵی پورم لەخانەقی کرد. لەهەرەتی لاویدا بووم و دەستێك قاتی نوێم لەبەردا بوو. بەردەرگاکەیان پڕبوو لە(حەرەس قەومی) و خەریکی ماڵ پشکنین و پرسیارو وەڵام بوون. هەر من لەدەرگاکەم داو خزمان بەپیرمەوە هاتن. حەرەس قەومییەکان دەستیان لەماڵ پشکنین هەڵگرت و هەر هەموویان بەرەو رووم هاتن و گوتیان: "ئێمە ئەم کوڕە لەگەڵ خۆماندا دەبەین و پاش دە دوانزە دەقیقەی تر بۆتان دەهێنینەوە" پاش دە مانگ ئازادیان کردم.

یەکەمین رۆژ چاوم بەژمارەیەك زیندانی کەوت و خوێندەوارەکان شیعری بێکەس و قانعیان دەخوێندەوەو هەوڵیان دەدا حەماسی یەکتر بەرز بکەنەوە. کەلای گوڵگە لەو سەرەوە دانیشتبوو، گوتی: "ئەمە کەی شیعرە ئێوە دەیخوێننەوە؟"

ئەوانیش گوتیان: " ئەی کامە شیعرە؟ تۆ دوو دێڕمان بۆ بخوێنەوە؟ " کەلای گوڵگە شانی دایە بەر، هەر وەکو خوڕەی قەڵبەزە شیعری هەڵدەڕشت ...

ژنێك بوو.. یەك دۆست دا شت!

ژنەکە لەخۆی ئەداو ئەیوت: وەی من .. وەی من ..

دۆستەکەی وەڵامی ئەدایەوە: من تۆ .. من تۆ ..

ژنەکە بۆی دەسەندەوە: جاکەی؟ جاکەی؟

پیاوەکە ئەیوت:ساڵ نۆ .. ساڵ نۆ



ژنە هەناسەی نائومێدی هەڵئەکیشا: هەی هوو .. هەی هوو .. !!

ژنێك شۆکەی دەمرێت, ئەم بەیتانە لەسەر تەرمەکەی دەڵێت:

هەر یە نەود یەکی تر
کاوڕیک نەور شەکی تر
ئێ سەگ قەپان ئەو سەگ گرت
باوگ هەیەر پوخەڵە کرت
ژنەگە هەڵس شوێگەد مرد
شوێگەم مرد وە کو سمەو
قرتگیگ گیرم هەم وسمەو
سەروین چقیگ هەم بەسمەو

شایەرێکی خانەقینی ویستوویەتی شێخ رەزا بۆڕ بدات و ئەم قەسیدەیە دەهێنێتە بەرهەم :

ئەگەر تە شایری .. من شایر شەفی
لە هویفەی کیرم، لەکوانی کەفی
شایری بویشم وەخوت وە ژنت
تریشقە بیەم لەژیر گونت

پەکو.. پەکو .. پەکو .. لەم شاعیرە بێ ئەدەبە! ئەمە بەشێکە لەسامانی کلتوری ئێمە! ئەی تۆ کاکی رەخنەگر گوێت لە تازەترین ئەلبۆمی گۆرانی مایکل جاکسن و کرستینا ئەگولێرا و شاگی گرتوە! شمشێری سانسۆری کۆمەڵایەتی چەند زمان و دەست و قامك بقرتێنێ، ئارەزووە تاسێنراوەکان درزو

کەلێنو کەناڵ دەدۆزنەوە، بۆ ئەوەی لەپشت دەزگای سانسۆری کۆمەڵایەتییەوە دەرباز بن..

باوکێك بەم شێوەیە ئامۆژگاریی کوڕەکەی کردوە:

ئەگەر باوکت مرد: هەتیو دەکەوی!

ئەگەر دایکت مرد : دەکەویتە بن چەپۆکی باوەژنەوە!

ئەگەر برات مرد : پشتت دەشکێ!

ئەگەر خوشکت مرد : بێ ناز دەکەوی!

بەڵام ئەگەر ژنەکەت مرد : جێگەکەت تازە دەبێتەوە!

هیوادارم خوشکە فەمینیستە کوردەکان، بەهەڵە لێم تێنەگەنو لێم زیز نەبن. ئەی کیژە فەمینیستە کوردەکان دڵتان نەرەنجێ، لەکولتوری باوکسالاریو نێرینەپەرەستیو ژیلەمۆی گەرمیانو خەونەکانی کوێستان، من حەز دەکەم لەناو دڵمدا سانسۆر بۆ خۆم دانەنێم. پێم خۆشە وەکو ئاوی کانیاوو تاڤگەو لێزمە، وشە, وێنەکان لەنووکی خامەوە جۆگە هەڵبەستن... پێم خۆشە وشە بوێرو چاو نەترسەکان، بەکۆتو زنجیرەوە لەدایك نەبن.. یان لەبن تارماییی تەمو مژ, وشە ئاراییو ماسكو سمبۆل , بیروڕا, بەناوەڕۆکی دەریای بیر نامۆ بێت. دەزانم! سوور دەزانم، سانسۆری کۆمەڵایەتی هەیە. دەزانم هەر زۆر بە ئاسانی فەتوای زمان بڕینو بەردە بارانو سەرلێکردنەوە دەدرێت. بڕیاری خۆڵو دۆ بەسەرداکردن، ترۆکردن، شاربەدەرکردن دەدرێت، ئەگەر راپەڕینی قەڵەمو زمانە سەر بزێوەکان تۆزێك دیواری سەختی قەڵای کۆمەڵایەتییان رووشاند....نابێ بەرد بخەمە گۆمی مەنگەوەو نابێ شارە زەردەواڵە لەخۆم بوروژێنم. کارەساتی زۆر گەورەم بینیوەو بەرگەی کارەساتی تر ناگرم. پەروباڵم هەڵکڕووزاوەو بەرگەی سووتانێکی تر



ناگرم.

گەلە گورگەکان پەرژینی یاسای گورگایەتییان شکاند. لەسەر لاکی مەڕە شەل, شەڕە گورگە. لەسیلەی شەڕگەدا، گەلە گورگێکی تر چاوەڕوانی ئەنجامی چارەنووسسازی شەڕەکەیە. هەردوولا یەکتر قڕ بکەنو ئەوانیش بێنە سەر کەلاکی پاك گروێنراو. بەکەوڵی مەڕەوە دێنە سەر شانۆ، یان بەبێ ماسكو ئارایش. مەڕە شەل، پێش ئەوەی لەبن دانی گورگێك دەربازبێت، گورگێکی تر دەمی بۆ داپچڕاندووە..

ئەڵوەنە شێتەی چەم وە عەسرەوە/ لە ڕێژاوە مەیوت وەرەو قەسرەوە
ئەڵوەنە شێتەی چەم وە خوینەوە / مەگیلو چ دەور خانەقینەوە
ئەڵوەنە شێتەی چەم وە عەسرەوە / قەترە مەپێکۆ چ لای قەسرەوە
ئەڵوەنە شێتە نەوبە بگارم / بشم سەر بیەم وە قەومو کارم

■ ٤ ■

من لەم چیرۆکەدا نێوی زۆر کەسم نووسیوە، کە رەنگە گلەییم لێ بکەن، بۆ نێوم نووسیون. ئەوانەی نێویشم نەهێناون, دوورنیە رەخنە ئاژنم نەکەن, بۆ نێوم نە نووسیون؟

کەی ئەمە نووسینە، لەنێوان دوو بەرداشدا بێتو ئازادی قەڵەم بپروێنرێت؟.

ئەوی راستی بێت، پلانی پێشەکی بۆ چیرۆکەکە دانەنراوەو ئەم هەویرە زۆر لەجەنجاڵی مێژووی سیاسییەوە دوورە. جڵەوم بۆ قەڵەمی شکاو, شل کردوەو

نازانم به چ شاخێکەوە دەگیرسێتەوەو بەچ داخێکەوە دەسووتێت! گوێی نادەمێ بارگیری قەڵەم بەرەو کوێ مل دەنێ‌و لەکوێ لەبرسا پەکی دەکەوێ؟

دیمەنە هەڵکڕووزاوەکانی پشت نسێی هۆش، پاش تێپەڕبوونی کاروانی کات دەبووژێنەوە، هەڵدەقوڵێنەوە... هۆش‌و بنهۆش سەرەڕای دراوسێتی‌و خزمایەتی زۆر لەیەکەوە دوورن. بنهۆش، بن گۆمەکەیە، بیرەوەرییە تاڵ‌و سوێرەکانی سەردەمی منالّی لەئەشکەوتەکانی بنهۆشدا دەنیشنەوەو خۆیان مت دەکەن.

کاتی ئەرشیڤ کراو، سەرهەڵدەداتەوەو سەرەتاتکێ لەگەڵ ئێستادا دەکات. دیمەنەکان پاڵەپەستۆیانە بۆ زوو جێ گرتن: ناوەندو کەنار، سەرەتاو کۆتایی.. زۆر جار رستەکان لە"فلتەر" دەدەم‌و مشت‌وماڵیان دەکەم. فلتەر دانان زۆر پێویستە بۆ ئەوەی قسەی زبرو درشت، ئەم‌و ئەو نەڕووشێنێ.. کام بڕگە پێش کام بڕگە دانرێت بۆ ئەوەی خوێنەر بەهەڵە تێ نەگات‌و یەکسەر هەڵنەبەزێتەوەو نەسڵەمێتەوەو هەڵنەچێ‌و دۆو دۆشاو تیکەڵاو نەکات؟.

بۆ نموونە:

ئەگەر بنووسم ترانسڤیستیت TRANSVESTIT دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، رەنگە زۆر کەس تووڕەبێت‌و هەڵچێت. بەڵام ئەگەر پێش نووسینی ئەم بڕگەیە، بڕگەیەکی ترم نووسی " ئاشوور پانیپاڵ، کە فەرمانڕەوایەکی مەزنی ئاشووری بوو، بەوە ناسراوە کە ترانسڤیستیت بووە: جل‌و بەرگی ژنانەی لەبەر کردوەو خۆی وەکو مێینە رازاندۆتەوە، دەم‌و چاوی هەڵگرتوە، بەلەنجەولار رێی کردوەو لەقسەکردن‌و ئاخاوتندا لاسایی ئافرەتانی کردۆتەوە.. هتد. گێڕانەوەکە جێگەی سەرسووڕمانە، چونکە لە فێرگەی رۆژهەڵاتیدا، دیرۆك گێڕانەوەیەکی رۆتینی بێ تام‌و لەزەتە" تۆمارکردنی شەڕو شۆڕەکان، داگیرکردنی وڵاتان،



هەڵواسینی یاخیبووان، ژمارەی ژن‌و منداڵ‌و کەنیزەك‌و زێڕو زیوو مرواری.. مێژوو نییە. هەربایی ئەوە لە قوتابخانەدا پێشکەش دەکرێت، مێشك سڕ بکرێت‌و هیچ سوود لەوانەکانی مێژوو وەرنەگیرێت!.

ئەمە قسەی مامۆستای مێژووە، یان قسەی کەلووشەو زەکوولەو تووزباقەو جلووە؟

عەلی بیوکی گێڕایەوە: قەحبەش شەرەفی هەیە! هەرچی حاجی‌و شێخ‌و مشایخ هەیە، دەمیان بووە تەڵەی تەقیو! چۆن قەحبە شەرەفی هەیە؟

رۆژێکیان لەشاری پڕ جانتایەك پارەم پێبوو. رێم کەوتە ماڵە سۆزانییەك. پاش ئەوەی فوستانەکەی داکەند، ئەتەگلغەکەی لەسەر کورسییەك هەڵواسی، .. کاری خێر تەواو بوو! بەپەلە رۆیشتمە دەرەوەو جانتاکەم لێ بەجێما. پاش چوار پێنج سەعات بیرم کەوتەوە، جانتا رەش، بەدانەخراوی لەبن تەختی سیسەمی ئەو ئافرەتە بەجێماوە. بەپەلە گەڕامەوە بۆ ئەو ماڵەو بەپەلەو بەپەشۆکاوی هەروەکو دڵە نائاسوودەکەم لەدەرگاکەمدا. خانم دەرگاکەی لێ کردمەوەو بەئەوپەڕی رێزەوە ئەو ئەمانەتەی وەکو خۆی بەبێ دەستکاری‌و کاری نامەردانە، رادەستم کردەوە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قەحبەش شەرەفی هەیە!

کێ سەری لە مێژووی دوێنێ‌و ئەمڕۆ دەردەچێ؟.

مەلا عەباس‌و مەلا رەشیدو مەلا عارف‌و حاجی جەلال لە تەکیەی نەقشبەندی نزیك پردەکە پێکەوە قسەیان دەکرد. مەلا عەباس، کە ئەو زەمانە سەرووی شەست ساڵ دەبوو گوتی:

بە گوێرەی شەرع ئەوەی "زنا" بکات، چ پیر بێت‌و چ گەنج، سزاکەی یەك سزایە. بەڵام ئایا ئەو لەزەتەی گەنجێکی هەژدە ساڵە لە زینا وەریدەگرێت‌و ئەو

لەزەتەی شەست ساڵەیەك وەریدەگرێت یەكێكە؟.

هەر هەموو دانیشتووان بەیەك دەنگ گوتیان:

"نەوەڵڵا یەكێك نییە!"

كەواتە بۆ یەك سزا بۆ دوو شتی جیاواز دانراوە؟.

((بۆ))كەی مەلا عەباس هەر زۆر گرنگە! خێزانو دەوڵەتو مزگەوت فێرمان دەكات ((بۆ))ی پرسیار لەفەرهەنگەكەماندا بسڕینەوەو نیشانەی پرسیار لەسەر هیچ كێشەیەك دانەنێین. ((بۆ))كەی مەلا عەباس زۆر دڵخۆشی كردم، كە لەناو مزگەوتدا پرسیار پێویستە!

لە نەینەوادا ئاشوور پانیپاڵ ترانسڤیستیت بووە. لەشاری خانەقییش پیاوم بینیوە بەنازو نووز قسەی كردوەو بەلەنجەولار ڕێی كردوە. من كارم بەجیاكردنەوەی تووتركی ڕەشو سووری ڕەوشت نییەو هەڵاوێركردنی "ئەخلاق"و "بێ ئەخلاق"نییە.. كاتێك ئەم دیاردەیەم لەشارەكانی ڕۆژاوادا بینی، پێم وابوو ئەمە پەیوەندیی بە"هۆمۆسكسوێل" و "هیترۆسكسوێل" وە هەیە، دیاردەیەكی نائاسایی تێكچوونی خوو و ڕەوشتی كۆمەڵی سەرمایەداریو نازانم چییە.. ئەمە پێناسەكە بوو. پاشان لاپەڕە نەشاراوەو شاراوەكانی مێژووم هەڵدایەوە، پاشای مەزنی ئاشووری ئاشوور پانیپاڵ دۆزرایەوە.. پێناسەكەی منیش لەحەپە كەوتو پووچەڵ بووەوە. مامۆستای مێژوو خۆی لەقەرەی مێژوو نادات، بۆ ئەوەی نانو دۆ بڕاو نەكرێت!



■ ٥ ■

مامۆستا ئیسماعیل ئەگەر تووڕە بكرایە، هەموو جارێ ئەم ڕستەیەی خوارەوەی دووبارە دەكردەوە:

".. تره كل واحد يجي، أخزلَهَ، أرزلَهَ العن أمَ و والديه..أكسر العيدان والسبورة والتنكه على رأسه وأخلي القندره بحلكه.." جەنابی مامۆستا، كە ئەم ڕستە پیتاگۆگیەی ـ پەروەردەكەرانە ئەوەندە دووبارە كردبووەوە، ئیدی ڕەشیدی خەلیل بەگو ڕەشید محەمەد ـ مەلا برایم، كە بەمەلا ئیبادە مەشهوورە ـ عیسا عارفی ڕەحمەتی، وەكو تووتی لەبەریان كردبوو. ئەوانیش پاش ئەو وەكو تووتی دەیان وتەوە..

حوسێن نەسروڵڵاو فەرید جیهاد جوێنەكانیان پێ ناخۆش نەبوو. تكایان لێكرد هەندێ وشەی ڕستەكە بگۆڕێت بەتایبەت "أخلي القندره بحلگه" بۆیان قووت نەدەچوو: "ئەفەندی وەكوردی هەندەسە ئەرامان شەرح بكەی فره خاسترە"

مامۆستا فەرمووی:

"ئەی گووشە، كەیگن ئەی گووشە" ئەمە وەرگێڕانی"زوايا متساويه" بوو. تووڕەش بوایە دەیگوت:

"چەو دەرچگ بام چوارچوو بەمە لیت؟"

"ئەیەكی بووی؟ داڵگم بووی!"

لەوە دەچێ شەهید ئاشتی(سەلام عەبدولرەزاق) زۆر لەبن كارتێكردنی ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ شێوەی كەڵهوڕی ـ خانەقیی بووبێ:

- کتێبەکەی جۆن رید( عشرة أيام هزت العالم) کرایە (دە رووژ ئەی دنیا هاوردە جینگو جانگ).
- خطوة الى الأمام و خطوتان الى الوراء.
گامیگ ئەرا نویا ودو گام ئەرا دویا.
- ما العمل؟
- ئەی خودا چە بکەیمن؟.
حەسەن مزەفەری رەحمەتی شەیدای بەکارهێنانی وشەی عەرەبی بوو.
رۆژێکیان وتی:
((من فره أستغراب کەم لە بعض أصدقاء.. أثناء ما وە کوردی قسە کەن، معظم ئەو کلماتەیلەی أستعمالی کەن عەرەبیە..))
"خاڵوو چرا خەلی بەو سەر لەی چەوچە دەرکە".
کاک سەلام فەیلی پێش ئەوەی فێری شێوەی سۆرانی بێت, لەبری سەرم لێ تێکچوو دەیگوت (( سەر تێك لێمان چوو)).کارساز سوورێنی پێی وایە، مەبەست لەبەکارهێنانی هەندێ وشەی ناشرین : جوێنو پەلار نییە، ئامرازی رستە بەهێز کردنە. لەزمانی ئەڵمانیدا ئامرازی رستە بەهێز کردن باوەو دەستوری خۆی هەیە. بۆ نموونە also ـ ئەلزۆ scheisse ـ شایزە halt ـ هەلت وەکو ترشو خوێ بەکار دێت. یۆنانییەکان مەلەگا لەهەموو رستەیەکدا پێنج جار بەکاری دەهێنن. لە خانەقی :
((ئەنووی))
((دالگ براگەی))
((تفەدە رویت)) هەر زۆر بەکار دێت.



- ((دالگ براگەی سوو چم ئەرای مەڵکشای))
- (( خەرگ عەلیاوە وەبان سەرم .. ئەنووی یە چەیگە؟))
- (( تفەدە رویت.. ئەرا نەهاتی..))
- (( ئەڵا جەوی .. خوسە زیاد))
کاک پۆلا دەیگێڕایەوە: گوایە ژنێکی خەڵکی خانەقی دەچێتە سەربان. دەبینێ کوڕێکی هەرزەکار سەرمەمکی کچەکەی دەمژێتو هەر یەکسەر دەست دەکاتە شیوەنکردنو خۆڕنینەوە.
کوڕەکە خۆی تێك نادات و دەڵێت:
(( چەوی .. چەوی .. چمان هەسەڵ وی؟))
حەیدەر خەرگووش, یەکێك لەچەتە بەناوبانگەکانی ناوچەکە دەبێت. لەژیانی چەتەگەری بێزار دەبێت, بڕیاری خۆ بەدەستەوەدان دەدات. کاتێك نوێنەرەکانی حکوومەت چاویان پێیدەکەوێت, بڕواناکەن, ئەم پیاوەگەڕەی بەردەمیان: حەیدەر خەرگووشی ئەفسانەیی بێت. ئەم لەسەرجەمی گومانو گاڵتەپێکردن تووڕە دەبێتو پێیان دەڵێت:
"ئەگەر درێژ توان قامیش.. ئەگەر قەوی توان گامیش.. ئەگەر کوڕ مەیدان توان حەیدەر خەرگووش..."
قسە تەواوکردنو دەستکردنەوە یەکێك دەبێو دەربازیش دەبێت...
خەڵکی ناوشار پتر بەم شێوەیە قسە دەکەن. گوندەکانی دەوروبەری شار ئەم دیالێکتەیان بۆ ناو شار گواستۆتەوە. هەر لەدامێنی چیای بەمۆوە تا نەفتخانە ئەوە هەر بە سۆرانی قسە دەکەنو جاران بەشێوەی باجەڵانی یان دیالێکتی نەناسراوی ئەوناوە دواون. دوو دەستە پێشمەرگە نزیکی پێنجوێن لەسەرەتای

شەستەکاندا بەیەك دەگەن. دەنگ‌و باس لەیەکتر دەپرسن. شەهید جەعفەر دەڵێ :

"بیستوومە رژێم هێرشی کردوەو بەمۆی گرتوە!"

کوێخا محەمەدی گۆڕگنووش یەکسەر دەست دەکاتە هاوارو باوکە ڕۆ:

.. "ئەگەر بەمۆ گریاگە، شیرازەی زنجیرەی شۆڕش پچڕیاگەو کورد فەوتیاگە"

لەوە دەچێ کوێخا محەمەد دژی ڤیگیتاریا بوو بێت، ئەگینا نەیدەگوت:

(( بخۆی لەگۆشت‌و بکەی لەگۆشت‌و سوار بیت لەگۆشت)).

بەمۆ قەڵایەکی سروشتی سەختە, بە دوژمن ناگیرێت. ئەم ناوچەیە مەڵبەندی راپەڕینی جوتیاران بووە "مامە عەلە" یان عەلە رەش یەکێك بوو لەسەرکردە ئەفسانەییەکانی راپەڕینی هۆرێن شێخان. دوور نیە دوو هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ئاوەدان بوو بێت..

مامە عەلە سەرکردایەتی هەر شەڕێکی کردبێت، نەیهێشتووە بچووکترین زیانی گیانی لە پێشمەرگەکان بکەوێ‌و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. پێشمەرگەیەکی دێرین بۆی گێڕامەوە، ساڵی ١٩٨٥ کاتێك سوپای عێراق دێهاتەکانی چرچە قەڵا و زەردەو زەردەلیکاوو قەڵای تەپە گەڕووس‌و بەشاخی زەردەدا هەڵدەگەڕێ ... ئەو بەخوڕ دەگری .. پێشمەرگەکان سەرسووڕ دەمێنێ: مامە عەلەو گریان؟

ئەو دەڵێت:

"من نەڕووخاوم‌و نە ورەم بەرداوەو نە لەخەبات‌و تێکۆشان پەشیمانم .. من بۆ ئەوە دەگریم پۆستاڵی عەسکەری عیراق شاخی پیرۆزی زەردەی پیس کرد .."

هەموو ژیانی مامە عەلە ئەزموونێکی نەنووسراوە .. ئەو لە زمانی مەل‌و باڵندەو گیانلەبەری ئەو شاخ‌و کێوە تێدەگەیشت:



ئەو دەیگوت:

"کوڕینە چۆن ئەزانن لەم ناوچەیەدا دوژمن هەیە؟"

هەریەکە وەڵامێکی دایەوە. ئەو گوتی:

"ئەگەر بینیتان مەل ناخوێنێ‌و ناگمێنێ‌و باڵەفڕە ناکات‌و کوللە باز نادات .. هتد. ئەوە دیارە بارودۆخێکی نائاسایی هاتۆتە پێشەوەو نیشانەی جوولانەوەی دوژمنە لەو ناوچەیەدا .."

بۆ دەربەند بێلوولەو سەرتەك مەڵبەندی گەشت‌و گوزارو سەیران نەبێت؟.

بۆ شوێنەوارە مێژووییەکانی وەکو مۆزەخانەی سروشتی نەپارێزرێت؟.

بۆ دەستی شێوێنەر گردە دەستکردەکانی وێران بکات؟.

بەمۆ ئەگەر لەفەڕەنساو هۆڵنداو نەرویج بووایە، زۆر شوێنیان لەشووشە دەگرت. چوارهەزار ساڵ ئەو شوێنەوارە خەڵك‌و مێژوو پاراستوویانە، ئەم چل پەنجا ساڵەی ئەم دواییە، ئێمە ناتوانین بیانپارێزین. پێویستە بخرێتە بن پارێزگاریی یۆنسکۆوە.. ئەوەی بۆ زێڕ دۆزینەوە دەگەڕێ, تەنیا وێرانکردن‌و ماندووبوونی بۆ دەمێنێتەوە! گەر ئەم وڵاتە، وڵاتی ئێمەیە, هەموو بەردێکی زێڕەو بۆی هەیە سەرنجی گەشت‌و گوزاری هەموو جیهان بۆلای خۆی رابکێشێ، ئەوە زێڕی ئاشکراو شاراوەیە.. با مردووەکان پاش چوار هەزار ساڵ نەفرەتمان بۆ رەوانە نەکەن.

شوێنەوارەکانی حەوش کوڕوو کاتی خۆی ئینگلیزەکان وێرانیان کرد. من خۆم بینیومە وەکو گەوڕو تەویلە بەکاریان دەهێنا. لەبریتانیاو ئێرلەندەدا کۆمەڵێك کێڵی مەزن کراونەتە مۆزەخانە.. وڵاتی تری ئۆروپی بڕێك گا بەردو

دەریاچەیەکی دەستکرد کراوەتە سەیرانگەو سەرچاوەی کارو کەسابەت.. بیرمە چۆن چایخانەی "ئستربادی" رووخێنرا. شوێنەوار رووخێنرا, مێژوو شێوێنرا, کۆمەڵێك دووکانی ناشرینی لەخشتو گەچ دروستکراو قوتکرانەوە.. هەی پێشکەوتن کوچکت لێ واریێ...

■ ٦ ■

مەلا جافر! ئەمە کەی چیرۆکە تۆ دەینووسیت؟ ئەمە بیرەوەریو بەسەرهات نییە، داستانو مێژووش نییە. تۆ هەر دەتەوێ سەری خۆتو خەڵك بئێشێنی!.

- لەسەر چی بنووسم؟

- مامۆستا حەیدەری، نوری الحاج، سەمینە، رەمەزان کەچەڵ، عەبدوڵڵا قەویلە،.. تۆ مامۆستای شوێنەواری، یان فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری؟

چیرۆك تەکنیکی خۆی هەیە! سەیری چیرۆکەکانی گوینتەر گراسو هاینریش بویلو گابریل گارسیا مارکیزو سلمان روشدیو کافکاو یەشار کەمال بکە! تۆ نەدەتەوێ کلاسیکی بیت، نە پۆست مۆدێرن. دەتەوێ دەنگو وێنە ژاکاوەکانی بن دەریای خەون ببووژێنیتەوە! دەبا تەکنیکی تر بەکار بهێنیت.. بگەڕێرەوە بۆ سەری دێڕو هەوڵێکی تر بدە... سەری دێڕ..

من هەرجارێ گوێم لەگۆرانی:

Take  me to night
anything is possible



خودادای عەلیم بیر دەکەوێتەوە. تازە گۆرانیی " لافاو چە کردی ماڵم ڕمانی" لەسەر لافاوی (١٩٥٧ ) دەرکردبوو. لەبەر دەرگای ماڵێك لەناوەڕاست پازدە بیست ژنێکدا دانیشتبوو, گۆرانیی بۆ دەگوتن. نە هۆڵی کۆنسێرتو نەگۆڕەپانی تۆپ تۆپێن. لەبەردەم دەرگای ماڵێکی گەڕەکی "ئاغاو خەلیفە"دا. بە پیرییش لەبری ڕێزو نەوازشو خانەنشینکردن، حەوت هەشت ساڵێك زیندانی کرا..

حەسەن زیرەکیشم بینیوە، پاشو پێشی بە پۆلیس تەنرابوون. لەزیندانی خانەقییەوە بۆ زیندانی کرماشان. لەکۆنسێرتێکەوە بۆ کۆنسێرتێکی تر.

لە" خەڕگ عەلیاوە"  وە بۆ خەڕگ کرماشان. ئێمە لەگۆشەنیگای پیاوانەوە سەیری مێژوو دەکەین. پیزە لەحەمە کەوڵەی مێردی گرنگتر بوو. حەمە کەوڵە ناوی نییەو خولە پیزە بەنێوی دایکییەوە نێوی نراوە. حەسەنی ئامە کەیفە بۆ نێوی هونەرمەند جوان نییە. ئامە کەیفە وەکو پیزە چالاكو وریا بووە. پێنج ساڵ پاش مەرگی حەسەن زیرەکی کوڕی، شووی کردۆتەوە. نازانم لەناوەڕاستی حەفتاکاندا تەمەنی چەند بووە؟ بەڵام تەمەنی ئەودەمە دەبێ نزیکەی حەفتا ساڵێك بوو بێت.

پاش ٢٠٠٣ لەهونەرمەندێکی بۆکانیم بیست شووی کردۆتەوەو بێ دڵی خۆی نەکردووە. هونەرمەندەکە هەر زۆر هونەرمەندانە وەسفی بەژنو باڵای ئامە کەیفی دەکرد. من ئەوەندەی ئەو بوێرنیم هونەرمەندانە دایڕێژمەوە.

ژنێکی ناسیاومان هەیەو ناوی میمکە خەزێمە. بەتەمەنی هەشتاو چوار ساڵی بڕیاری شووکردنی دا. نیوەی خزمو عەشیرەت دەنگی ناڕەزاییان بەرز

کردەوە. ژنێکی خاوەن چوارده کوڕو کچ چۆن لەو تەمەنەدا شوو دەکات؟

پووره زینەت بەمچەی کوڕی خەزێمی گوت: ڕۆڵە مچه چۆن دایکت بەم ساڵەو تەمەنە شوو دەکات؟

مچه خەزێم، که ئێستا له تکساس دەژێت گوتی:

پووره زینەت با دایکم‌و شوو بکات و (مستقبل)ی نەفەوتێ!

من لەو ڕۆژەوە ئەم چیرۆکەی میمکه خەزێمم بیستووه، دەزانم (مستقبل)مان پیس فەوتاوە!

نازانم د. حەسەن زیرەك‌و حوسێنی برای لەکام زانکۆی مۆسیقا دکتۆرایان وەرگرتووە؟ حوسەین دەنگی زۆر لەحەسەن خۆشتر بووەو لەبۆکان چایخانەی هەبووە. بەختی حوسەین لەحەسەن چاکتر بووە، یان بەختی حەسەن لەحوسێن چاکتر بووە؟ ئەی ئەگەر مایکل جاکسن بۆکانی بوایە، چارەنووسی لەچارە نووسی زیرەك چاکتر دەبوو؟

دەبووه مایکڵ زیرەك. مایکڵی ئامه کەیفێ! دەبووه مەلیکی ئاوارەو پەڕیوەو لانەوازان، یان دەبووه مەلیکی ڕۆك ئەند ڕۆڵ؟ سەکن‌و سایەق‌و چەورەو چلێت‌و سەرسەری‌و چەقۆ کێشەکان، هەر بە زۆره ملێ پێش خۆیان دەدا, بۆ ئەوەی لەسەر مێزی خواردنەوە گۆرانییان بۆ بڵێ‌و مەجلیسی پێ گەرم بکەن.

تۆم ئەگەر جۆنز خەڵکی تەیراواو بەلاشاوەو گێی مەدەیەو قالاواو جینگڵاواو قەرەجاوا بوایە، هەزاران کیژی شۆخ‌و شەنگ، دەرپێی ڕەنگاورەنگیان وەکو ئاڵای خۆبەدەستەوەدان، بەسەر نووکی قامکیانەوە بۆ دەگرت، هەر بۆ ئەوەی بەبن لێوەوە بزەیەکیان بۆ بکات؟

ئەحەی خوله سنەیی، توونی حەمامی سوورەتی لەجوانترین یانەی ئۆپێرای



ئۆرووپی لا خۆشتر بوو. گۆرانیی کوردی لەتەقینەوەو ڕێنیسانسدایەو مەدۆناو شاکیرەو جەنیفه لۆپزو کرستینا ئەگولێرا دەبێ بێن بۆ کەناری ئەڵوەن‌و زانستی میوزك فێر بن.

جفتی چاو دیری چووی پیاڵەی چینی
له قەسرەو خەیگەی خانەقی دوینی

ئەی له پیره ژن چەن مەکر بازه
کۆنه مەفرۆشۆ وه نرخ تازه

گوڵ وەنەوشەو باخانمی
شەوچرەی دیوه خانمی

له دویره دیاردا لەخۆمەو یاره
چەوەیلم کوور بوو.. یەخوو ریواره

گوڵ وەنەوشەو باخانمی
شەوچرەی دیوەخانمی

## ■ ٧ ■

ئێمە دەبێ لەهەڵبژاردنی نێوی شەقامەکانی خانەقیدا شۆڕشێك بەرپا بکەین!.

ناونانو ناوگۆڕین شۆڕشی بۆچی یە؟

ئۆروپییەکان بەگشتی بۆ نێوی شەقامەکان، نێوی گوندەکانی ناوچەکە هەڵدەبژێرن: شەقامی سەرتەك. شەقامی کانی کرمانج. گۆڕەپانی کەلی بێشکان. ڕێگای چوارکلاو. شەقامی سەیکەون. شەقامی کارێز. ڕێگەی ئەرکەوازی. پیشەنگای مێخاس. ڕێگەی تۆڵە فرۆش.. هتد. گرنگیی ئەم ناونانە ئەوەیە تۆ لەپاشا کۆپری دەرچووی: دەستی ڕاست شەقامی ئەرکەوازییەو دەستی چەپ شەقامی تۆڵە فرۆشە, ڕێك بڕۆی قامیشەڵانە. ئیدی دەزانی ئەگەر ڕێگەی ئەرکەوازی بگریت، دەگەیتە ئەرکەوازیو ناچی بۆ تۆڵە فرۆش. خەڵکی شار گوێیان بە نێوی گوندەکان ئاشنا دەبێتو لادێی سێبەری خۆی دەخاتە سەر جیهانی میتیۆلۆجی شار. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، نزیکەی حەفتا لەسەدی شەقامەکانی بەرلین نێوی کەسایەتیی عەسکەرینو پەیوەندییان بەمێژووی سوپاوە هەیە. لەشاری نویرنبێرگدا نێوی شەقامم بینیوە، کەزۆر ناحەزو دزێوە(باوەرن فایند شتراسە) واتە: شەقامی دوژمنی جوتیاران. ڕەنگە زانایەکی فیزیکی گەورە، یان پەیکەرتاشێك خاوەنی ئەم ناوە بێت، جوانتر بوو بەرپرسیاران بە زیادکردنی وشەیەك، دڵڕەنجاندنی خەڵکیان ڕەچاو کردایە. بیانییەك ڕەنگە بەوردی سەرنجی دیوی ناوەوەی ناوەکان نەداتو زۆری ئەڵمانەکانیش تووشی سڕبوونی هەست بوون. هەستیان سڕ بووەو گوێ بە ناونان نادەن. ئەمان



ئەنجومەنی شارەوانی هەڵدەبژێرنو ئەنجومەنی شارەوانی ناو بۆ شەقامو گۆڕەپانە نوێکان هەڵدەبژێرێت.

نازانم ئایا پاشا کۆپری نوێنەری خۆی بۆ ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبژاردووە؟ نەنکم دەیگوت:

هەروا بووەو هەروا ئەبێ، ڕاست نییە! دونیا لە گۆڕانو گەشەکردنو پێشکەوتندایەو هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێتەوە. هەروا بووەو هەروا دەبێ! پاشا کۆپری ناوەندی شار نەبوو، کەنارو چۆڵەوانی بوو. زەل و نەیچەیەکی چڕو پڕ بوو. کاروان بە پاسەوانی چەکدارەوە نەبووایە، لەبەر جەردەو ڕێگرو شەوکوت، بە ڕۆژی نیوەڕۆ نەیدەوێرا بەوێندەردا تێپەڕێ."باڵەجۆ" مەزرەعەو پاشا کۆپری لەیەك جیادەکاتەوە. پاقلەکەی عەلی دایو چایخانەکەی ئەبوو شوکر، تەواوکەری یەکتر بوون. ئەبوو شوکر زیندانیکردنی دوورو درێژ، تووشی ڕەشبینی نەکردبوو. قەراخی ئاوەکەی بەگوڵوگوڵزار ڕازاندبووەوە، دوورگەی ئارامی پیاوانی تازە پێگەیشتوو بوو. عەلی دای هەر بە.. چاوەکەم و.. دڵەکەم و.. بزەی سەرلێوان، پاقلەکەی گەیاندبووە ریزی ژمارەیەکی پاقلە فرۆشان. بەنزینخانە هەر بەتەنیشت چایخانەکەی ئەبوو شووکرەوە بوو.

"کاك عەلی قاپێك پاقلەو تۆزێك ئاوی پاقلە".

" بەسەرچاوان.. ئەمرەکەی قوربان.. پوونگەی لەسەر بێت، یان نە؟".

شاکرە کوێر لەبەنزینخانەکەدا کاری دەکرد. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. باخچەیەکی هێلکەیی بەرامبەر بەنزینخانەکە بوو. شاکر هەندێ مقەبای رادەخستو یەك دوو هاودەمی دەدۆزییەوەو دەستی دەکردە خواردنەوە. ئەو چاوی لە هەزاران شێخو مشایخو مەلاو زاهیدو حاجیو ڕووناکبیرو تاریکبیرو گەنجو

پیر نەبوو، کەبەسەر شەقامەکەدا تێ دەپەڕین. زۆرجار یەکێك نارەزایی خۆی بەرامبەر دیمەنەکە دەردەبڕی:

"شاکر! رۆڵە! باوکەکەم! ئارەق مەخۆرەوە گوناحت دەگات!"

" ئەی ئەوە من کوور کردییە گوناح نییە؟

من توورزی بخۆمەو گوناحە؟".

برایم نایفە کوڕێکی جوان خاس بوو، ئەویش لەمەیدان چایخانەیەکی هەبوو. دوور بە دوور دەمناسیو نەمدەزانی بەتەواوی چۆن مردوە؟ دوێنێ لە فوئادم پرسی، کە ئەویش منالّی مەیدانەو هەمیشە دوا دەنگو باسی شاری لایە:

ـ " کاك فوئاد نیویشیدە پیم برایم نایفە چوین کوشیا؟"

زستانی ١٩٧٣ ویستبووی زۆپای نەوت داگیرسێنێ، هەرچی نەوتی تێ کردبوو، بۆی دانەگیرسابوو. لەپڕ گڕبەردەبێتە هەموو زۆپاکەوەو ئەو ناوە دەسووتێ. برایم کوڕێکی ئازاو بە غیرەت بوو، هەر بۆ ئەوەی یەکێك لەمیوانەکان نەسووتێ، پەلاماری بەرمیلی نەوتی دابوو. نەوت بەسەریا رژابوو، کەس نەیتوانی بوو فریای بکەوێ.

چەند مانگێك پێش مەرگی برایم، ئەحمەدی برای لەلایەن هاوڕێکانییەوە هەڵواسرا. نازانم تاوانی چی خرابووە پاڵ؟ تاوان دروستکردن زۆر ئاسانە... لەسێبەری سێدارەدا هاواری کردبوو:

" من بێتاوانم.. بژی بزووتنەوەی کرێکاریی شۆڕشگێڕ.. بژی رێگای سوور.."

خۆی پەتەکەی لەگەردنی خۆی ئالاندبوو. مرۆڤ زۆرجار دەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆجیای(پیرۆز)! بەناوی لادانو رووشانی بەردە پیرۆزەکانی پەرستگای ئایدیۆلۆجیا، کەللەسەر دەپەڕێنرێتو پیاو لە پیاوەتی دەخرێتو لە پشتەوە



هاوسەنگەران ساردت دەکەنەوە..

((بویە الله یچفیك شر الایدیولوجیە، اخش بعقلك وبعد ما تطلع)).

چۆن مرۆڤ هاوسەنگەرێکی خۆی هەڵدەواسێ؟

کاتی خۆی ئەم پرسیارەم لە شێخ موراد زەنگنەکرد. پیاوێکی نوورانییو ریاو بە ئاگاو بیرگەشو زیندوو. ساڵی ١٩٧٥ تەمەنی سەدو پێنج ساڵ دەبوو.

ئەو گووتی :

(النفس أمارة بالسوء).

ئەمە هەمان قسەکەی هۆبسە، مرۆڤ بەرامبەر بەمرۆڤ گورگە. گیانی یەکگرتنو هاریکاریو یارمەتی دانو پشتگیری نییە, هەر هەڵەنگوتیتوکەوتیت، هەموو بەسەر سەرتدا تێدەپەڕنو کەس لات لێ ناکاتەوە!

**يا حبيبي من هواك قلبي طار**

**وإنحنى ظهري من طول الأنتظار**

حەزرەتی شێخ بەسەدو پێنج ساڵیش کۆم نەببوو، هەروەکو لەم شیعرەدا ئاماژەی بۆ کردوە.. چەند مانگێك بوو کارەساتی(١٩٧٥) رووی دابوو. گەنجترینو چەپڕەوترین مرۆڤی خوێن گەرم، راپەنینی برووسکەی رووداوەکان بەری نەدابوو. شێخ چەندین شیعری کوردیی جوانی خوێندەوە، هەرهەمووی ورەبەرزیو باوەڕ بەخۆبوونو بوێریی ئەو کەڵە مرۆڤەی دەنواند. من تاوێك حەپەسام. پێم وابوو شێخ وەکو پیاوێکی زانای شیعە تەنیا باسی کەربەلاو نەجەفو مێژووی شیعە دەزانێو هێندە ئاگای لەرووداوە نوێکان نییە. بەلام چۆن لەمنو برایم باجەلان نەترساو یەکسەر رازی دڵی خۆی بەراشکاوی بۆ درکاندین؟

بیرەوەرییەكانی خۆی لەسەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ گێڕاینەوە. شێخ ڕەزا بەسەردان هاتووە بۆلای مستەفا پاشای باجەلانو لەوێ شێخ موراد چاوی پێی كەوتوە!.

## ■ ٨ ■

شەوانی عاشوورا، دڵی شار مواكیبی حوسێینیە بوو. ڕەوزە خوێنەنو درووشمەكان بەرە بەرە لە عەرەبیو فارسییەوە دەبوونە كوردی، ئەمەش ترسی دەخستە دڵی ڕژێمەوە. من چەندین ئەندامی كۆمەڵەم بینیوە, كەئێستا نامەوێ ناویان بنووسم, سینگیان لێ ڕووت كردبوو, لەناخی دڵەوە لەخۆیان دەداو باوكە ڕۆیان بۆ حوسێن دەكرد.

**ئێمە ئەزا دار تونین .. یا حوسەین**

**یار وەفادار تو نین .. یا حوسەین**

**حەیدەر..**

ئەو گەنجانەی لەشجوانی ـ Bodybilding ـ دەكرد، ئیدی گۆنەری نواندنو پیشاندانی جوانیی سنگو شانو پیل بوو. ئەمان دەستە دەستە بەسەر شەقامەكاندا تێدەپەڕین. دەستەی زنجیرزەنو ئاڵا هەڵگرو تەپڵ كوت لە پێشی پێشەوە بوون:

**ئێمە لە تۆڵە فرۆشەوە..**

**بۆ حوسەین، ڕەشپۆشەوە..**

**حەیدەر...**



حوسێنیەی گەورە, كەسانی پسپۆڕو شارەزای دەهێنا بۆ جۆشدانی هەستی خەڵك. من یەكێكی وەكو "سەید مصباح"م لەبیرە. هەستو سۆزی گوێگرانی لەمستدابوو، بە هەوری وشەی ئاگراوی، لێزمەی گریانو فرمێسك دادەباری.. ئێواران باسی ماتماتیكو فیزیكو كیمیاو زانستی ئابووریی بۆ لاوان دەكرد. شەوانیش بەزمانێكی پاراو باسی شەهیدبوونی حوسێنو كەسوكارو هاوڕێیانی دەكرد.

حوسێنیەی بچووك مەكۆی گەنجانی بان چەپو پۆست مۆدێرنو كلاسیكیو نیمچەكلاسیكیو ڕۆمانتیك بوو. كوڕان لەناو هەیوانی حوسێنیەكەدا كۆدەبوونەوە، كیژە جوانەكانیش لەسەربانی حوسێنیەكەوە، نازبارانی كوڕانیان دەكرد. ئەوەندە لەو ڕۆژە موبارەكانەدا (سەرەوە) و (خوارەوە) تیر ئەندازیان دەكرد، پەپوولەی خۆشەویستی، سەرەوخوار، سەرەوژوور هەڵدەكشاو دادەكشا، كەس دڵی لای فەرموودەكانی حەزرەتی شێخ نەمابوو، شێخ هەندێ جار پەستیی خۆی دەردەبڕیو داوای دەكرد " قەحبەكان" دەركەن ( وینظرون من السماء الی الأرض و من الأرض الی السماء) پاش دەركردنی كیژان، كوڕانیش بەكۆمەڵ "بەزمی عاشوورایان" بەجێ دەهێشت. لەوێ بووم كاتێك شێخ هاواری كرد: "ئەبو جەعفەر.. قەحپەگان بارەو.. تا قەحپەگان نەیەنەو.. حیزەگانیش لە خۆیان نێدەن..".

شێخ فەرمووی:

"ئیمام عەلی شیرەكەی دەرهێنا".

لەهەرچوار لاوە ژنان ناڵەو هاوارو بۆڕەبۆڕیان لێ بەرز بووەوە.

شێخ فەرمووی:

من  هێشتا هیچم نەوتووە! بەڵکوو بمەوێ بڵێم:

"ئیمام عەلی شیرەکەی دەرهێناو بەدەستەسڕێك پاکی کردەوەو لەناو کالانەکەی دایناپەوە!  ئەمە گریانی بۆچی یە؟"

رۆژێکیان شێخ باسی رووداوێکی سەرسوورهێنەری ئیمام عەلی دەکات، هەر بۆ ئەوەی پیشانی بدات، چەند بەهێز بووە:

"ئیمام عەلی بەردێکی  بچووکی خڕی دۆزییەوە، هەرچی کرد، بەهەزار حاڵ تا ئاستی ناوکی بەرزی کردەوە. زۆر خەفەت دەخوات و بەدڵشکاوی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو رووداوەکە بۆ فاتیمە زەهرا دەگێڕێتەوە.. ئەو دڵخۆشیی دەداتەوەو پێی دەڵێ : ئەی ئیمام ئەیە کوچك نەویە، ئەیە کورەلئەرزیە ـــ الکرة الأرضیة ـ بوویە..))

عەلی کاکل کوڕێکی گەنجی تازە پێ گەیشتوو بوو، لەناو خەڵکەکەوە ئەم پرسیارەی لێ دەکات:

"خاس یا شێخ گیان.. ئەگەر ئیمام عەلی کورەی ئەرزی تا لای ناوکی بەرزکردەو..ئەی پای لە کورە بووی؟"

شێخ مورادیش بۆ قسە دانەدەما:

"پای لە کووس دالگت بووی!"

دوور نییە، عەلی کاکل پرسیارەکەی نەکردبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ جار لە رۆژی عاشوورادا دەوری" شمر" ی دەگێڕاو لە نمایشگای کارەساتی(کەربەلا)دا حوسێن و یارانی بەشمشێرکوشتوە, جەماوەری گڕگرتووش نەی توانیوە تووڕەیی خۆی خامۆش بکاتەوە, بە بەردو دار پەلاماریان دەدا. زۆر جار "شمر" ئەوەندە



بەردی لێ دەدرا , لەدەلاوە خەڵتانی خوێن دەکرا. بۆیە پرسیاری"پێی لەکوێ بوو؟" دەدرێتە پاڵ ئەوکەسەی ئەوەندە بوێر بووەو دەوری"شمر"ی بینیوە..کێ دەیوێرا ئەم دەورە ترسناکە بگێڕێت؟

■ ٩ ■

زۆر جێگەی داخە شاری خانەقی رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەی خۆی نەبووە، بۆ ئەوەی رووداوەکان وەکو خۆیان تۆمار بکرێن و لەئەرشیڤی شاردا بپارێزرێن. ئەوکاتە ئێمە  لەناوەندی ئەرشیڤەوە, بەگوێرەی پێویست راستەوخۆ, لەسەرچاوەی دەستی یەکەمەوە زانیاریمان هەڵدەگۆزی. رژێمە یەك لەدوای یەکەکان هیچیان بۆ نەکردووین و دژی ئەوەش بوون ئەم شارە کولتوورو ناسنامەو مێژووی خۆی هەبێ. ئێمە ناچارین پشت بە گێڕانەوەی دەماودەم ببەستین. من، ئەمە وەکو نموونە دەهێنمەوە: شێخ مورادی رەحمەتیم وەکو مرۆڤێکی زاناو قورس و گران و نیشتمانپەروەرو چاو نەترس ناسیوە، بەڵام قسەی دەماو دەم زیاتر بایەخ بە نوکتەو قسە خۆشەکانی دەدات و لایەنەکانی تری پشت گوێ دەخات. چیرۆك لەگەڵ مێژوودا، زۆر جیاوازەو مێژوو بەدارشتنەوەی فاکت و پشتبەستن بە دۆکۆمێنتەوە پابەندە.. چیرۆك کاریلەیەکی سەرفرازەو بە ئارەزووی خۆی بەدوای قەرسیل و سەوزەگیادا دەگەڕێ.

من نامەوێ چیرۆکێکی گشتیی دووبارە کراو بنووسم وکای کۆن کاوێژبکەمەوە:

کوڕێك لەپەنجەرەکەوە کچێکی بینی و حەزی لێ کرد. کچەکە باوکی

دەوڵەمەند بوو، کوڕەکە باوکی ئاشەوان بوو، باوکی کچەکە دوو سێ پیاوی نارده سەر ماڵی کوڕەکە، .. هتد. ئەمە چیرۆکێکی هیندییە، چینییە، فەرەنسییە، پاکستانییە، هەولێرییە، زاخۆیی یە،..هتد. ببوورن خوێنەرانی ئازیز من چیرۆکی نارەسەنی ئەوتۆ نانووسم. من نامەوێ هیچ بنووسم! من نامەوێ بەقسەی بێ سەروبەر سەری ئێوە بئێشێنم! کاکی چاپکەر ئەگەر چیرۆکێکی کلاسیکیت لەمن چاوەڕوان کردوە، دەبێ بەداخەوە چاوەڕوانییەکەت وەکو خۆی دەرنەچێت، نامەوێ زۆر وشەو رستەی خانەقیی بەکار بهێنم، چونکە من بۆ هەموو کوردزمانێك دەنووسم.. نامەوێ تەنیا باسی تاریکە بازاڕو خان خورماو کارێزو تۆڵە فرۆش بکەم.. نامەوێ رۆمیۆو جولێت بۆ کویچە باخو چایلغو مێخاس بانگ بکەم، نابێ کەسایەتییەکان بە ئاووهەوای شار نامۆ بن.. دەمەوێ جیهانی تایبەتیی شار بەرجەستەبکەمو ئەوەی خانەقیی بێت، خۆی لەناو دێڕەکاندا بدۆزێتەوە .. من ئەگەر بە برایەکی هەولێری بڵێم : باخەوانێك لەسەر دارە خورما مردوە، بەبێ ئەوەی بکەوێتە خوارەوە. ڕەنگە بڵێ : " کوو؟"

"بابم کوو وا دەبێ!"

ئەگەر پێم گوت، ئەحمەدە قەنەی دارەوەن بۆی سەرکەوتوەو بەتەنیا لاشەکەی عارف شورتی, بەتوربیلە هێناوەتە خوارەوە، بازنەی سەرسوڕمان فراوانتر دەبێت.

محەمەد دلگ، ئەو رۆژەی لە پردی گەورە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە، سەدان کیژی شۆخو شەنگ لەسەر کەناری ئەڵوەن دەمیان داپچڕاندوە.

شەپۆلی ئاو دلگی بۆ بن گۆمەکە لوول داوە. چارەکێك، نیوسەعات سەر ئاو نەکەوتوە. پاش سەعاتێك، دلگ سەری لەناو تەنکی نەوتی ماڵی نازمی ساڵح ئەفەنی دەرکردوە! کەس سەری لەم مەتەڵە گەورەیە دەرناچێ! سەرجەمی خانەقی



دەزانێ دلگ نەساحیرە وەکو حەمید چکچکان، نە جادووبازە وەکو س.کاکەیی، نە شێخە کەراماتی هەبێ، چۆن لە بن پردی گەورەوە، یەکێك بن ئاو دەکەوێو لەناو تەنکی نەوتی سەربانانەوە سەر دەردەهێنێ؟

جیۆلۆجیو زانایانی سروشت گوتیان، نەوتو ئاوی خانەقی ئەوەندە زۆرە، دلگ لەڕەگی ئاوەوە، ترنجاوەتە ناو رەگی نەوتەوە. لەوێشەوە بۆناو تەنکیی نەوتی ماڵی نازمی ساڵح ئەفەنی! دلگ کاتێك تفەنگی پێشمەرگایەتی کردە شانی، خۆی بەهەزار گیڤاراو هۆتشی من و ماوتسی تۆنگ نەدەگۆڕییەوە.

محەمەد دلگ کوڕی مەلیکە ڤیکتۆریا، یان خوان کارلۆس بوایە، جۆرێکی تری لێ دەرچوو, قژی زەرد, چاوی شین, باڵای بەرز دەبوو, رەنگە لەئۆکسفۆرد بیخوێندایە. بەڵام ئەو رۆڵەی خێزانێکی هەژارو بەلەنگاز بوو. ماڵیان لەگەڕەکی جەلەوە بوو, خانوویەکی کۆنی داڕووخاو لەئامێزی گرتبوون. خەلیلی برای, کە(خەلە)یان پێ دەگوت, قوتابی بوو, ئەو رۆژەی لەفێرگە وێنەی پرتەقاڵو سێو مۆزی پێ دەدرا, هەر لەرێگە، بە بەرچاوی مناڵەکانی ترەوە تێیان بەردەبوو, هەموو وێنەکانی دەخواردو دەیگوت (سێو) زۆر خۆشە.

مناڵ لەفێرگەدا چی فێر دەبێت, گەر بەچاوی خۆی دایکی بینی, ئێسکی بۆ سەگ فڕێدراوی قەسابخانە کۆدەکاتەوەو(تەشریب)ی لێ دروست دەکات؟

محەمەد دلگ بۆ سەرچەم چوو بوو, بۆ دەمو چاو شتن. کاتێك دەگاتەوە بەردەم ماڵ, کاتێك دەبینێ خانوو بەسەر دایكو خوشكو خەلەی برایدا دەڕووخێتو تەنیا باوکی بەنیوە گیان دەرباز دەبێت.

نەدایكو باوکی ئەوەندەیان بەدەستەوە هەبوو, مراسیمی کفنو دفنو ناشتنو پرسەی پێ هەڵسووڕێنن.. نەخزمێکی دەوڵەمەند ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ,کاك

عیماد ئەحمەدو کۆمەڵێك گەنج بەپەلە پیتاکیان بۆ دەکەن‌و مردووەکان دەشارنەوەو تەعزیەیان بۆ دادەنێن..

دایکی جلوو بە جلوو دەڵێ:

"جەلیل کوڕم بڕۆ بۆ باخ تۆزێ گەڵا مێو بهێنە، دەمەوێ ئەم نیوەڕۆیە یاپراخ لێ نێم. کوڕم گەڵامێو.. بیرت نەچێ.. گەڵا مێو.. مێو.. مێو.."

جلوو هەر لەماڵەوە تا باخ هەر دەڵێ :"گەڵامێو..گەڵامێو.. مێو.. مێو.."

باخەوانەکە لێی دەپرسێت:

"فەرموو کاکە جلوو.. ئەمرێ.. خزمەتێ!".

جلوو، لەم چاوتروکاندنەدا، گەڵامێوی بیر دەچێتەوە. دەڵێ:

" کاکە حەمە دایکم ناردوومی بۆ گەڵا توو!".

جلوو بەردەوام رۆژنامەی بەدەستەوە بوو، هەر خەریکی خوێندنەوە بوو.. شەیدای دەنگ و باسی جیهان بوو.. سەمینەش زۆر حەزی لە رۆژنامە خوێندنەوە بوو:

"کەی‌و لەکوێ ؟"

ئەوکاتانەی رژێم دەکەوتە راونانی کۆمۆنیستەکان، ئەو رۆژنامەی (طریق الشعب)ی دەگرتە دەستەوەو بە بەردەم دائیرەی ئەمن‌و ئیستخبارات‌و پۆلیسدا هات‌و چۆی دەکرد.

سیخوڕەکان دەیبینن و دەڵێن: هەزار بار کلاشینکۆفیشت پێ بێت، بۆ یەك چرکەش ناتگرین!



■ ١٠ ■

عوسمان جەواهیر هەر رۆژە، شەل‌و کوێرو سەقەتێکی دەدۆزییەوەو دەیهێنان بۆ لای عەلی شامار. پێی دەگوت :

" کاکە عەلی تۆ کوڕێکی چوار شانەی قۆزو روناکبیریت، تو خوا حەیف نییە تۆ بکوژرێیت‌و لەناو بچیت، رۆژی سەرکەوتن، شۆڕش مەدالیای ئازادی لەسەر سنگی ئەم شەل‌و کوێرو سەقەت‌و خوارو خێچانە بدات؟ تۆ بمریت‌و بەری شۆڕش بۆ ئەمانە بێت؟ بەخوا باوکم هەقە ئەم شەل‌و کوێرو سەقەتانە بکرێنە سووتەمەنیی شۆڕش، بۆ ئەوەی رۆژی سەرکەوتن دووانی وەکو تۆ مەدالیای ئازادی لەسەر سنگیان بدرێت...کاکە عەلی تێگەیشتنی ئێمە بۆ شۆڕش لنگەو قووچە, هەموو مەسەلەکان سەرو بن کراون..".

ئەگەر هاوڕێکەت زۆر شیرین بوو، مەیخۆ. خواردت، ئێسك‌و پروسکی مەشکێنە. ئێسك‌و پروسکت شکاند، مەیهاڕە. هاڕیت، ئاردەکەی بەناو دڕك‌و داڵدا بڵاومەکەرەوە.. لافاو لە دڵۆپە دڵۆپەی باران دروست دەبێت. شۆڕش، لەخەباتی هەموو ئەو خەڵکە دروست دەبێت. شەل‌و کوێرو سەقەت‌و ئازاو بێ کەڵك، دەتوانن بەشداری چالاك‌و چارەنووسساز بکەن. ئەگەر شۆڕش نەیتوانی زۆربەی زۆری خەڵك لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەوە شۆڕش نییە, هەر زوو خۆی بە قەڵبەیەکدا دەدات‌و دەکەوێتە بۆسەی گورگەکانەوە. سەرانسەری وڵات بۆسەو داوە یان، بنکەو پەنای شۆڕش؟

مەرج نییە پیاوی گەورەو مەزن، لە ئاوێنەی مێژوودا سەیر بکرێت، پێویستە گومناوەکانیش جێگەیان هەبێ. ئەوەی خەبات بکات، رێزی بۆ دادەنرێت‌و ئەوەی

خەبات نەکات، جێگەی پەراوێزی ڕووداوەکانی کۆمەڵە. لە خانەقی کەبابچی زۆر هەبوون، دووانیان نێویان ( فیض الله) - بوو, بەشێوەی خانەقی: فەیزە! هەردووکیان بە فەیزە کەبابچی ناویان دەرکردبوو. یەکێکیان ژنو ماڵو منالی هەبوو، سەرقالی کارو کەسابەتی خۆی بوو. دووەمیان بێ ماڵو منالو بێ کەسو دەرەتان بوو.

کاوە کەبابچی نازناوی مامۆستا حەیدەری بوو. فەیزوڵلا حەیدەری یەکێك بوو لە پیاوە ناسراوەکانی خانەقی، کە دەبووایە نێوی لە ڕیزی پیاوە گومناوەکاندا بووایە، کەچی ئەو هەر بە قسەی خۆش، سووربوون لەسەر خەبات، بێ گوێدانە گرتنو راونان، خۆی کردبووە نیمچە ئەفسانەیەکی زیندوو. دۆستو هاوڕێکانی بەو پەڕی ڕێزەوە بە مامۆستا حەیدەریو کاوە کەبابچی نێویان دەبرد. کەسانێك نەیان ناسیبا، لایان فەیزە کەبابچی بوو. بەڵام قوڕ بەسەر ئەوکەسەی داوای دوو لوولە کەبابی کردباو بیگوتبا:

"فەیزە نیو نەفەر کەباب"

ئەو هەر بێزێشی نەدەهات وەڵامی ئەم جۆرە داوایە بداتەوە. ئیدی ئەوکەسە خوێنی خۆی دەکردە کاسەوەو بەر نەفرەتی مامۆستا دەکەوت. مامۆستا حەیدەری وەکو خۆی پێی خۆش بوو، بەم شێوەیە بانگی بکەن. گەورەو بچووك دەیانناسی: ئەو نە لە بنەماڵەیەکی دارای دەستڕۆیشتوو بوو، نەخاوەن موڵكو زەویو زار، نەقەیسەریو باخو دووکان، نە شاعیر بوو، نە چیرۆکنووس، نەزاناو نە فەیلەسوف. بەڵام ئەو ناوبانگەی ئەو هەیبوو، هەر زۆر لە ناوبانگی یەکێکی وەکو ڕەحمەتی (عبدالمجید لطفي)، کە دەیان کتێبی بە عەرەبی بڵاوکردۆتەوەو ڕۆڵەی ئەڵوەنە، زیاتر بوو. دەوێرم ئەوەش بڵێم: مامۆستا حەیدەری ناوبانگی



لەیەکێکی وەکو عادل جەلال، کە زەمانی عەبدولکەریم قاسم وەزیری کشتوکاڵ بوو، زۆرتر بوو. نووسەر (عبدالمجید لطفي) و عادل جەلال لەسەر ئاستی عێراق ناسراو بوون، حەیدەری لەسەر ئاستی خانەقی.. ئەو، بە پیشە کەبابچی بوو، کەبابخانەکەی لە چوارڕێیانی کرندی بوو: شەرواڵێکی ڕەشی چەوری کۆن، کلاوێکی لە زیندان چنراوی دووکەلاویو دەستەسڕێکی چڵکنی شڕی لەسەر شان دادەنا. مەحموود زەهاوی یەك فلس کرێ دوکانی لەحەیدەری وەرنەدەگرت. حەیدەریش لە پ. م. و تێکۆشەران پارەی نانخواردنی وەرنەدەگرت! ئەو دووکانە چکۆلانەیە، مەکۆی زۆرانبازیی سیاسیو دوا دەنگوباسی کوردستانو جیهان بوو. ئەو خۆی بەهەزار سەرکردەو پێشەوای سیاسی ناسراو و نەناسراو نەدەگۆڕییەوە. لەناو بەشێك لەگەنجە سیاسیەکانو هاوڕێیانی زینداندا، دەبا هەر هەموو بە کڕنووشو بێدەنگی، گوێیان بۆ فەرموودەکانی رادێرابا. بواری رەخنەو بەرپەرچدانەوەو بەدرۆخستنەوەی نەبوو.

ڕۆژێکیان کاروانی تایەر یەحیای سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق، بەبەردەم دووکانەکەی ئەودا تێدەپەڕێ . هەر کەئۆتۆمۆبیلەکەی ئەو، دەگاتە بەردەم کەبابخانەکەی حەیدەری، لەپڕ وەکو شێر، بەشیشی کەبابەوە دەردەپەڕێو بەردەم ئۆتۆمۆبێلەکەی سەرۆك وەزیران دەگرێو بە تایەر یەحیا دەڵێ:

"بلێ: بژی کوردو کوردستان".

ئەویش هەر بەکوردی دەڵێ:

"بژی کوردو کوردستان".

ئینجا حەیدەری بەخێرهاتنی دەکاتو ئۆتۆمۆبیلەکە تێدەپەڕێ.

دیارە ئەم ڕووداوەو هەندێ ڕووداوی تریش وای لە مامۆستا کردبوو خۆی

وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی مەزن تێ بگات. کاوە ئاسنگەر بووا. ئەم ئاسنگەر نەبوو، ئاسنگەرو کەبابچی دوو پیشەن. جیگۆڕکێی پیشەو ناو، بۆ زیندووکردنەوەی جیهانی ئەفسانەییو میتیۆلۆجیا زۆر پێویستە.

ئیدی مامۆستا حەیدەری خۆی وەکو کاوە دەهاتە بەرچاو و نازناوی " کاوە کەبابچی"ی بۆخۆی هەڵبژاردبوو.

مامۆستا دەیفەرموو:

"گشت ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو ئەندامان کوردستان، دوێکە، هەر لەسەعات شەش ئێوارە تا سەعات شەش بەیانی، لەبان من جیماع کردنە...".

واتە: دوێنێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو.. هەر لەسەعات شەشی ئێوارەوە تا شەشی بەیانی لەسەر من (جماع)یان کردوە. بۆ کەس دەیوێرا بڵێ:

"مامۆستا گیان(جماع) هەڵەیەو(اجتماع) بووە بۆ ماوەی دووازدە سەعات. دەبێت کۆنفرانسێکی تایبەتی، پەلە، بۆ حەیدەری تەرخان کرابێتو گەر کەسێك بەنەزانی هەڵەی بەهەڵە راست بکردایەتەوە، ئەوە مامۆستا ئامادەبوو مێژووی ژیانی خۆی سەرلەنوێ بگێڕێتەوە، تا کابرا هەڵەکەی خۆی دەدۆزییەوە.

ئەوەی بەلای کەبابخانەکەدا تێ پەڕیبایەو بیگوتبایە:

صباح الخیر/ مەرحەبا / سەلام و عەلیکم

کاوە کەبابچی هەر ئاوڕیشی لێ نەدەدایەوە. یان چینێکی پێ دەکردو تۆبەی پێ دەکرد جارێکیتر بەعەرەبی رۆژباشو چۆنو چاکی نەکات.



## ■ ١١ ■

ساڵی ١٩٧٤ رژێم لەبری چارەسەرکردنی ئاشتیانەو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆی، شەڕی دژی کورد بەرپا کرد. حەیدەری ئازاری زیندانی ئەزموون کردبوو، نەیدەویست تووشی گرتنو گرتووخانە ببێتەوە. سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنو بەساڵاچوونو پیری رووی کردە شاخ. شان بە شانی پێشمەرگەکان خەباتی دەکرد. ئەو هەرچەند، چەندین سەرکردەو کەسانی دەستڕۆیشتووی دەناسی، بەڵام پێی خۆش نەبوو مووچە وەربگرێتو هیچ کارێکی نەکردبێ. بەرەنجی شانی خۆی دەژیاو لە هیچ لایەك چاوەڕوانی یارمەتی نەبوو. بەگوێرەی گێڕانەوەی خۆی بۆ هەموو دۆستو ناسیاوەکانی یەکەمین جار مامۆستا کەمال میران دەبینێ و لەگەڵ ئەودا سەردانێکی مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم ـ سکرتێری پ.د.ك ـ پێکەوە دەکەن. رۆژێکیان لە مەحمود قەجەر چاوم پێیکەوت. چایخانە| ریستۆرانت | مۆتێلێکی کردبووەوەو پێی دەژیا. هەروەکو یەکێك حاسەی شەشەمی هەبێو لەدڵی خۆیدا بڵێ: ئەم کابرایە رۆژێك لە رۆژان لەسەرم دەنووسێ با ئەم رازەی لا بدرکێنم. فەرمووی:

" چوومە لای مامۆستا کەمال میران، کە یەکەمین سیاسیە لە کوردستانو ئەو بردەم ئەرا لای مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم. وەتە پی: مامۆستا حەبیب ئەیە مامۆستا حەیدەرییە، کە یەکەمین سیاسیە لە کوردستان.."

ئەمە شێوەی گێڕانەوەکەی خۆی بوو بۆ سەفەرە ئەفسووناوییەکەی چۆمانو حاجی هۆمەران. هەر زۆری پێ خۆش بوو قسەی خەڵك لەسەر خۆی بگێڕێتەوەو جەخت لەسەر رستەی: حەیدەری یەکەمین سیاسییە لەکوردستان.. ئۆروپییەك

گوێی له حەیدەری بوایه دەیگوت: ئەم کابرایە: ئەز ناوەندم((ئیگۆسەنترش))EGOZENTRIC واتە: بەقسەی فرۆید((ئیگۆ))ی ئەم ناوەندی جیهانو رووداوەکانە. هەیە تووشی EGOZENTRIK بووەو هەردوو قسەی کرد، گوێگر لێی بێزار دەبێتو بەجێی دەهێڵێت. کەس لەمەجلیسی حەیدەری بێ تاقەت نەدەبوو. هەر لەم ماوەیەدا بوو، کاك عیماد ئەحمەد، کەئێستا پیاوێکی ناودارو کەسایەتییەکی سیاسییە، ئەودەمە یەکێك بوو لە گەنجە تازە پێگەیشتووەکانو سەرکردەیەکی یەکێتیی لاوانو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو. ئەوکاتە عیماد سەنگو قورسایی مامۆستا حەیدەری چاك هەڵنەسەنگاندبوو. ئیدی کە بینیبووی چێشتەکە سوێرە و نەکوڵاوە، هەر یەکسەر لەبەردەم دەیان قوتابی، رووبە ڕووی گوتبووی:

(( فەیزە! ئاشەگە فرە سوێرەو خاس نەکوڵیاس))

یەکێك خۆی بەکاوەو یەکەمین سیاسی کوردستان دانابێتو لەلایەن گەنجێکی گومناوەوە، بەم شێوەیە قسەی لەگەڵدا بکرێت, قسەکانی عیماد وەکو قومبەلە ئەمریکییە نۆ تەنییەکان بووە بۆسەر حەیدەری. پەڕوباڵی لێ دەڕوێو شێتو هار دەبێت. لەبری پێی بگوترێت:

( مامۆستا حەیدەری..)

گوتراوە:( فەیزە)

لەبری ستایشو پیاهەڵدان رەخنەی لێ گیراوە!.

بریندارکردنەکە هەر زۆر سەخت بووە. هەرکەسێکی تریش بووایە، بریندار دەبوو. جیاوازیی تەمەن لەکۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا دەوری خۆی دەبینێ . خزمێکمان، کە ئێستا تەمەنی نزیکەی حەفتاو پێنج ساڵ دەبێ، ئەو زەمانە بۆی



گێڕامەوە:"من هەر زۆر منداڵ بووم حەیدەریم بینیوە، هەروەکو ئێستا بووەو بەمەوو نەگۆڕاوە.."دەبێ حەیدەری پێش دووەم جەنگی جیهانی پیاو بوو بێت. ئەلەو تەمەنەدا، تازە پێ گەیشتوویەك بەرەقیو بەبێ (فلتەر) ریزە رەخنەیەکی گرداری پێوە بنێ.. ئەوە زۆر ئاسان نییە...

حەیدەری پێی گوتبوو:

" تو ئەیە چە ئویشیت؟ من ئەیە بیستو حەفت ساڵە لەناو پارتی کارکەم. هیمرا یەك نەفەر رەخنە وەرام وەرم نەگرتیە.. باوە توو ئەگەر رەخنە دیری بچوو لە پشتە ملە بگرەی".

واتە: تۆ ئەمە باسی چیم بۆ دەکەیت؟ من ئەمە بیستو حەوت ساڵە پارتیمو هێشتا نەمبینیوە، یەکێك روو بەڕوو رەخنە بگرێت. تۆ ئەگەر رەخنەت هەیە، برۆ لە پشتە ملە بیگرە!.

بێگومان مامۆستا لەسەر هەق بوو، کاك عیماد لەسەر ناهەق! حەیدەری چاکتر لە میکانیزمی کاری سیاسیی تێگەیشتبوو، تاکو کەسانی وەکو ئێمە. چۆن دەبێت رووبەڕوو رەخنە بگیرێت؟ راستە لەپەیڕەوو پرۆگرامدا جەخت لەسەر گرنگی رەخنە کراوەو وەکو خۆراکی رۆژانە سەیرکراوە، بەڵام رەخنە، رەنگە لەنێو حیزبو رێکخراوە سیاسییە ئۆروپییەکانیشدا بەچاوی شادییەوە سەیر نەکرێت.. ئەوە سی ساڵ زیاترە بەسەر فەرموودەکانی مامۆستادا تێدەپەڕێ، پاش ئەزموونێکی سیاسی خەست لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات، تازە بۆم دەردەکەوێ، دەبا هەر زوو ئامۆژگارییە پیرۆزەکانی لەگوێ بگرم و رەخنە لە قامووسی خۆمدا بکوژێنمەوە!. رەخنە سەری نەخۆی، سەرت دەخوات. ئەوەی رەخنە بگرێت، نانو دژی خۆی دەبڕێت.

کاتی خۆی مامۆستا پێی ووتم :

"تۆ بۆ هێنده لەسەر مەولەوی‌و شێخ مەحموودو شۆڕشی بیست دەنووسیت؟"

منیش وتم:

"باشە لەسەر کێ بنووسم؟".

یەکسەر وتی: ((لەسەر من بنووسە))

منیش وتم:"جارێ لەسەر تۆ زانیاریی تەواوم نییە. رۆژێ دێم بۆلات‌و دڵنیابە لەسەرت دەنووسم".

ئەو زەمانە نەمدەزانی چی بنووسم؟ نووسین پەیوەندیی بە پێگەیشتنەوە هەیە، نەك گرنگیی باسەکە. مەولەوی وەکو گۆرانی شاعیریش تێبینی کردوە، بێ بایەخترین بۆنەی کردۆتە ((بۆنە))یەکی گرنگ‌و شیعری لەسەر نووسیوە. وەرگرتنی چەپکە گوڵێك، عەبایەکی دیاری، نان‌و کەبابێك، تەسبیحێك مۆتیڤی لەدایکبوونی غەزەلێك بووە. ئەمڕۆ خەڵك سەیارەی ((مۆنیکا))و ((لەیلا علوی)) بەدیاری وەردەگرێت‌و ناڵێت خوا بەزیادی بکات. کەس داوای نووسینی پارچە شیعری نەکردوە!

■ ١٢ ■

لەبەردەم کەبابخانەکەی کاوە کەبابچیدا((نووری باریکە))ی هونەرمەندم بینیوە پایسکیلی لێ خوڕیوە. نووری نابینایەکی زکماك بوو، خاوەن دەنگێکی خۆش‌و شارەزای گۆرانی‌و مۆسیقای ناوچەکە بوو. لادێیی بەچاوی ساغیش فێری



پایسکیل ئاژووتن نابێت، ئەم بەناو بازاڕدا لێ‌ی دەخوڕی‌و بەرکەس نەدەکەوت. رۆدۆلف شارپینگ، کەماوەیەك سەرۆکی حیزبی سۆسیال دیموکرات‌و کاندیدای کانسلەری بوو، ماوەیەکیش وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بوو، بە سواری پایسکیل خۆی بەدارێکدا کێشا بوو، پتر لە دوو مانگ لە نەخۆشخانە بوو. نووری نە زەنگی لێدەداو نەهاواری دەکردو پایسکیلی خۆی لێ دەخوڕی‌و هیچ گیروگرفتێکیشی نەبوو.

نەحەیدەری‌و نە نووری باریکەیی هیچ خوێندەوارییەکیان نەبوو. بەبێ خوێندەواری‌و بەبێ پشت‌و پەنا جێگەی خۆیان لەدڵی خەڵکدا کردبووەوە.

کوێری هەرخۆی کارەساتێکی مرۆڤانەیە, بەتایبەت لەکۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا. فێرگەی نابینایان‌و دەزگای یارمەتیدان‌و راهێنان هەرنییە. جگە لە نوری باریکە, پۆل پۆل گۆچان بەدەستەکان بەناو کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە. لەگەڕەکی جەلەوە مەلا ئەحمەدە کوێرو فەرمانە کوێرو سەعیدە کوێرو بەهجەتە کوێر لەچایخانەکەی(جاسم راسقیە) هەموو رۆژێ بۆ یاری دۆمینە کۆدەبوونەوە. ئەو یارییەی نابیناکان دەیان کرد, جێگەی سەر سوورمانی بینەران بوو. جاسم کوڕێکی گەنج بوو, بەهۆی چایخانەکەیەوە بیروباوەڕی چەپی کلاسیکی بڵاودەکردەوە. هەرباسی(شۆڕشی نوێ)ی بۆ دەکردن. ئەمیش لەلایەن هاوڕێکانیەوە, تامردن لەسەر ئاگری پەرەمێز دانرا.. ئەو بەسەر ئاگرەوە هاواری دەکردو هاوڕێکانی گوڵەبەڕۆژەو قەزوانیان دەخواردو سەیریان دەکرد!

خوێندەواری‌و زیرەکی دوو شتی زۆر جیاوازن. زۆرجار قوتابخانەی ئاسایی زیرەکی‌و بەهرەی مناڵ نادۆزێتەوە. ئەلبێرت ئاینشتاین، لە قوتابخانەدا هەر زۆر تەمەڵ بووە، بەتایبەت لە ماتماتیکدا. دایکی زۆر پێوەی هیلاك‌و ماندوو بووە تا

بەهرەی تەواوی زاخاو داوە. لوقمان فەیزوڵڵا قوتابیی من بوو. ئەو، کۆکردنەوەو لێدانی ژمارەیەی ئەو دەیزانی، بە مامۆستاکان چارەسەر نەدەکرا. کۆمپیوتەرێکی زیندوو بوو، پێش ئەوەی کۆمپیوتەر بکەوێتە بازاڕەوە. ساڵی ١٩٧٦ لە بەغداوە سەری دەرکرد وەکو منالێکی بەهرەمەند، سەرۆك کۆمار خەڵاتی کرد، ئیدی ئەوە دوا هەواڵی لوقمان بوو. سەری منالی بەهرەمەند بۆ پێشخستنی زانست نییە، بۆ ژیانی ئاسایی نییە، بۆ پەتە، یان ئاگری شەڕ. چەند ڕۆژێك لەمەو پێش یەکێك لە قوتابییەکانم بینیو ئەو بۆی گێڕامەوە، لوقمان تووشی نەخۆشی دەروونی بووە تاڕادەی کراس لەبەرخۆ دڕینو پچڕانی پەیوەندی نێوان ئاگاییو ئاگاداربوون ...

ڕۆژێك مامۆستا نازم لە قوتابییەك دەپرسێ:

(نێوی سێ میوە بڵێ؟).

قوتابی: مامۆستا! "سیف".

مامۆستا : ئافەرەین ڕۆڵە.

قوتابی: مامۆستا "شەکرە سیف".

مامۆستا: ئافەرەین ڕۆڵە.

قوتابی: مامۆستا "خەر سیف"

مامۆستا : کوڕم وەڵامەکەت ڕاستە، بەڵام جگە لە خێزانی سێو، میوەی تر نییە؟

قۆناخی فێرگە، قۆناخی فێربوونە. منال دەبێ لەم قۆناخەوە فێر بکرێت بەردەکانی بینای ژیانی خۆی چین لەسەر چین دانێ. فێرگەو ماڵ تەواوکەری یەکترن. زەمانی ئێمە فەلسەفەی پەروەردەی زەبرو زەنگ باو بوو: "گۆشتەکەی بۆ



تۆ ئێسکەکەی بۆ من" فەڕاشی قوتابخانەکەش شەقی دەوەشاند، هەرچەند ئەو، لە دەرەوەی بازنەی دەزگای پەروەردە بوو.. فەلسەفەی پەروەردەی زەبروزەنگ کۆمەڵی لە بناخەوە شێواند. سیستیمی دیکتاتۆریی سواری سەرمان کرد... شوکر مەحموود کارێزی ڕۆژی دە داری لێ دەدرا.

مامۆستا عەرەبەکە دەیگوت:

"گوول واحد".

ئەو داماوەش هەر دەیگوت:

"وەهد".

مامۆستا دەیگوت :

" کلب إبن الكلب ....واحد".

قوتابیی داماویش وەکو بی ناو ئاو دەلەرزیو دەیگوت:

"وەهد".

بلۆکی لادێی نزیکی یەکتر دادەنیشتن. شارییەکانیش بە تەنیشت یەکەوە. منو تارق حکمان چەند ساڵ لە پۆلێکدا بووین، هەر بە کوردم دانابوو. ساڵی(٧٤) پێشمەرگە بوو. وەلیدی برایشی بڕواناکەم مەرحەبای عەرەبی کردبێت. دوو سێ مانگ لەمەو پێش یەکێك لە موختارەکانی خانەقی پێی وتم:

"تارقی ڕەحمەتی عەرەب بوو."

وەجید سەعید نەجاڕ کوڕێکی بە ئەدەبی بەڕێز بوو، قەت هەوڵی نەدەدا کوردی فێر بێت. بەیانیانێك زۆر ڕشایەوە. دووکانی دارتاشییەکەی باوکی بەرامبەر قوتابخانەکەمان بوو. باوکی بەچاو ترووکاندنێك گەیشتە پۆلەکەو دەستی بەسەریدا هێناو گوتی:

( لا بابە ماكوشي..)

رووی کردە مامۆستاکەو گوتی:

ئەم بەیانییە مورەباو سەر تۆێژ(گێمەر)و پسکیتی زۆری خواردوە. پێم گوت:

"رۆڵە گیان، تووشی ئازارت دەکات.."

ئەو رۆژە تێگەیشتم، کەر لەکوێ کەوتوەو کوننە لەکوێ دڕاوە! لە رەشەم پرسی:

"ئەرێ رەشە گێمەر چیە؟"

ئەو لە ئێمە دونیا دیدە تر بوو، گوتی:

شتێکی سپییەو عەرەبە ژنە معێدییەکان دەیفرۆشن. هەر گلماندیو بلماندیو پەیامەکەی نەگەیاند "سپی" و "ژنە معێدی" هەزار شتی "سپی" هەیەو ژنی "معێدی" یەکەم چەمکی ناسیاسی بوو، کە بەر گوێم دەکەوێت.

مامۆستاو سەعید نەجارِ هەر لە قسەو گفتوگۆدا بوون، عەزە خۆی بە پۆلەکەدا کرد. باران شپرزەی کردبوو، باراناویش بەناو کونی پێڵاوە لاستیکییەکەیدا بەوناوەیەدا, فیچقەی دەکرد. مامۆستا گوتی:

"عزیز های شنو؟".

عەزەش گوتی:

"سەیدی وەڵڵا هازە کەوش مال ئوختك فاتە"

مامۆستا تێگەیشت عەزە بەو بارانو قوڕاوە پێڵاوی چنگ نەکەوتوەو پێڵاوی فاتەی خوشکی لەپێ کردوە.

سەعید نەجارِ برایەکی هەبوو ئەحمەد مەعرووفیان پێدەگوت (أحمد معروف) ژنەکەی تورکمان بوو. چل ساڵ بوو پێکەوە بوون. پیاوەکە هەر بە عەرەبی قسەی



دەکردو ژنەکە بە تورکمانی وەڵامی دەدایەوە. هیچ سنوور لەنێوان هەردوولانەما بوو، سنووری زمان پاش چل ساڵ ژیانی هاوسەرێتی هێشتا هەڵنەگیرا بوو. ئەگەر دیاردەی ئینتگرێشن یان ئینتگراسیۆن لەناو یەك خێزاندا بەو ئاسانییە نەیەتەدی، ئەدی چۆن گەلێك گەلێك هەروا بە ئاسانی لەناو گەلێکی تردا دەتوێتەوە؟

پۆلەکەمان نزیکەی چل قوتابیی تێئاخێنرابوو. سێ سێ بە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتین. هەر مامۆستا پێی بخستایەتە ئەودیوی دەرگاکەوە, دەبووە پاڵەپەستۆ، حیلكو هوورِ، تۆپەڵە قاقەز هەڵدان. . عەلی حوسێن تازە لەگوندەوە هاتبووە شارەوە، بە هەزارو یەك قولوەڵڵا لە (گێمەر) یان (قەیماغ) تێ گەیشت.

رووی کردە رەشەو گوتی:

(رەشە وەقوروانت ووم، ئەوە لە گێمەڕ تێگەیشتم، ئەی مورەبا چیە؟)

رەشە خۆی چەند مشەوەش بوو، شەش ئەوەندەی تریش لەکاتی "شەرح و تەفسیر"دا مشەوەش تر بوو. هەرچی زانیاریی خۆی هەبوو، هەڵی رشتو هیچ سوودیکی نەبوو. فارووق محەمەد شەمێرانی، کە ئێستا ئەندازیارەو ئەوسا منالێکی ژیری وریا بوو، مامۆستا عەبدولقادریش خالی بوو، باش بوو تۆزێ شەرحی "مورەبا"ی بۆ کردین.

ئێمە تێگەیشتین، لە نێوان ریزی یەکەمو دووەمدا، ریزی دوای دواوە، دیواری کۆمەڵایەتیو رووناکبیریو فەلسەفیو دارایی هەیە. ئەوان هەموو سوورو سپیو قژ داهێنراوو سەرگۆنا سووربوون. هاوینان پانتۆڵی کورتیان لەپێ دەکردو بە ئۆتۆمۆبیل بۆ بەغدایان دەبردن. ئێمەش هەر هەموو دێزو بۆرو چڵکنو چڵمنو رشکن..کام قوڕو چڵپاو بۆگەنە، ئەچووین خۆمان تیا هەڵدەکێشا...

■ ١٣ ■

مامۆستا عەبدولقادر پیاوێکی قورسو گران بوو. بیرمە دەفتەرێکی ئەستووری هەبوو. بۆ هەر قوتابییەك لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو. وێنەیەکی منالەکەو رۆژی لەدایك بوونو سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر منالەکە دەنووسی. چەند پرسیارێکیشی ئاراستەی منالەکە دەکرد. بەمنی گوت:

"هیوایەتت چی یە؟"

منیش هەولم دا وەکو منالەکانی تر وەلامی بدەمەوە گوتم:

"کتێب خوێندنەوە، کۆکردنەوەی پوول، وێنەکردن.."

مامۆستا بورغو بە بورغوی دەیناسیم، گوتی:

"نە .. نە.. راستی بلێ !".

گوتم: "ئەگەر راستی بلێم توورە نابی؟".

گوتی: " بۆ توورە ئەبم؟".

گوتم: "چوونە سەردار. قەلەمباز بەسەر جۆگای ئاودا. یاری کردن لەناو قوڕو چلپاودا".

گوتی: "هار بووە".

نازانم چی لە دەفتەرەکەی نووسیو دەفتەرە بۆر چی لێ بەسەر هات؟ مامۆستا عەبدولقادر بۆ ئێمە وەکو خالْ بوو, زۆر چاوی پێمانەوە بوو. فارووقو عادلو من یەك هەلەمان بکردایە شەش ئەوەندەی منالی تر لێی دەدایین. ئێستاو ئەوساش لێدانەکانی ئەوم پێ ناخۆش نەبوو. دەمزانی بەمەبەستی



پەروەردەو بەتەنگەوە هاتن لێمان دەدا. مامۆستا عەبدولقادر کوڕی مامۆستا حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بوو. باوکی زانایەکی گەورە بوو. کاتێك سالی ١٩١٨ ئینگلیزەکان عێراق داگیر دەکەن، کتێبخانەکەی ئەویش دەسووتێنن. کتێبخانەکەی سەدان کتێبی دەسنووسی تێدا بووە، کە هەر هەمووی کراوەتە خۆراکی ئاگر.. لە مامۆستا عەزیز پشتیوانم بیست:

"مامۆستا حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی پیاوێکی بوێر بوو. بەچاوی خۆم بینیومە، لەشوێنێکی نزیکی مەلکشای، مەلیك فەیسەلی یەکەمو مامۆستا حاجی مەلا بەرامبەر یەکتر وەستا بوون. فەیسەل دەیەویست لێی نزیك بێتەوە، ئەویش گۆچانەکەی بەرەو رووی رادەوەشاندو رێگەی نەدەدا لێی نزیك بێتەوەو هەلەو کەموکووڕییەکانی رژێمی ئەوسای بۆ دەژمارد".

نازانم مامۆستا عەبدولقادر لە کوێ فێری نووسینی تێبینیو سەرنج بوو لەسەر قوتابییەکان؟

لە ئەلمانیاش نەمبیستوە مامۆستایان دەفتەری تایبەتییان بۆ ئەم مەبەستە دانابێ. بەلام هەموو سالێك راپۆرتی سالانە لەسەر منالان دەنووسنو دانەیەکی هەلدەگرنو دانەیەکی رەوانەی باوكو دایکان دەکەن.

لە ئەلمانیادا دەبێ باوكو دایك سالانە یەك دووجارێك، سەری پۆلی منالەکانیان بدەنو وەکو قوتابی رۆژێك لەوێ بەسەر بەرن. بەمەبەستی تێگەیشتنی بارودۆخی پۆلو فێرگە.. مامۆستایەك تەنیا هەشت نۆ خوێندکارێکی هەیەو پۆلەکە پڕکراوە لەکەرەستەو ئامرازی روونکردنەوەو فێرکردن. مامۆستاو قوتابی پێویستیان بەسەر ئێشە نییە. لێدانو هەڕەشەو گوڕەشەو جوێن قەدەغەیە. فێرگە دۆزەخ نییەو منال ناخرێتە بن پالەپەستۆی

فەلسەفەی پەروەردەی زەبروزەنگ. خوێندکاران دەبرێن بۆ فەڕەنساو ئیسپانیاو بریتانیا بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە فێری ئینگلیزیو فەڕەنسیو ئیسپانی بن. ئیدی نە مناڵ کونە مشکی لێدەبێتە قەیسەریو نە مامۆستا ناچار دەبێ دەوری "قەرەقوش" وەرگرێت.

لەکام قوتابخانەی سویدی یان نەمسایی بەڕێوەبەری قوتابخانە فەرموویەتی:

"الدمقراطية متوفرة..قسماً بالله العظيم.. كل واحد يجيء أسحگ راسه بالقندرة"

بەپەنجەی "دۆشاو مژە" ئیشارەتی بۆ پێڵاوەکانی دەکرد؟

دیمۆکراسی لەسەر دۆشەکی کۆمەڵی نوێ چوار مشقی دانیشتووەو گوڵەبەڕۆژە دەخواتو بە لەتە کارتۆنی دڕاو خۆی باوەشێنی خۆی دەکات...

■ ١٤ ■

مامۆستا محەمەد نووری گوتی:

( لەم رۆژانەدا نامەی کۆمەڵێك زیندانیم خوێندەوە. ساڵی ١٩٣٦ لە ئیسپانیا لەلایەن چەکدارەکانی فرانکۆوە گیراون. وەکو ئێوە لەناو پۆلی خوێندنەوە فڕێنراون. دەڵێن: کاتێك گیراین، دەمو چاومان مووی لێ نەهاتبوو, ئێستا لەناو زینداندا ریشمان سپی بووە.. رۆڵەکانم ئێوە گەنج و خوێن گەرمن.. هەرچی دەکەن ئاگاتان لەخۆتان بێت. کەس نازانێ سبەی چی روودەدات؟. پێم ناخۆشە تووشی ناخۆشیو سەر ئێشە بن..).

ئەوکاتە لەدڵی خۆمدا دەمگوت: عیراق ئیسپانیا نییەو ئەم وڵاتە ئەوەندە



ناکۆکیو گێرەو کێشەی تێدایە، کەس ناتوانێ سیو پێنج ساڵ بەبێ پچڕان حوکم بکات.

گەلە گورگەکان زیرەكو ئازا نەبوون. ئەوانەی رووبەڕوویان وەستاون، یەك دەستو یەك دڵ نەبوون. هەرلایەك وایدەزانی گورگەکان تەنیا دانیان لەلاکەیتر تیژ کردووەو دەست لەمان ناوەشێنن. بەڵام گورگەکان بەڕیز پێدا هاتن. هەرلایەك ئەوەندە خەریکی خۆی بوو، نیو ئەوەندە سەرقاڵی بەرەنگاری لێشاوی گەلە گورگ نەبوو.

هاوڕێکەت شیرین بوو، مەیخۆ. پێی خوار دانا، ملی مەشکێنە. هەڵەیەکی بچووکی کرد، گەڵوگونی مەبڕە. مرۆڤی سیاسی لەمنو تۆ جیاوازترو ئەرکی بەرپرسیارێتی بەخۆی بەخشیوە. دەیەوێ پێشڕەوایەتی بۆ ژیانێکی باشتر بکات. گەڵو گون بڕین ڕەوا نییەو بەزیان بۆ خۆت دەگەڕێتەوە. هێزی سیاسی دەبێ زەبروزەنگ نەکاتە فەلسەفە. زەبروزەنگ فەلسەفەی فاشییەکانە. ئەوان پێیان وایە، بە زەبروزەنگ دەتوانرێت هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر بکرێت. رۆژگار دەریخست زەبروزەنگ کۆمەڵ بەرەو بنبەست دەبات و کارەساتی زۆر گەورەی بەدوادا دێت.

مرۆڤ دەبێت بەرامبەر مرۆڤ، هەڵسو کەوتی مرۆڤانەی هەبێت. دەبێ رەگەزی گورگایەتی لەدڵو دەروونی خۆیدا بنەبڕ بکات.. دەسەڵات رەگەزی گورگایەتی لە دەروونی هەندێ کەسدا دەبووژێنێتەوە. دەسەڵاتدار هەیە، دەسەڵاتەکەی بۆ خوێن ڕشتنو خوێن مژین تەرخان دەکات. نابێ دەسەڵات سنووری نەبێت، چاودێری نەکرێت، بەرپرسیارێتی نەبێت.. دەسەڵاتداریتی دەبێ بۆ خزمەتو یارمەتیدان بێت.. پەرژین بکرێتو جڵەو بکرێت..

دەگێڕنەوە، کابرایەك تووشی کۆمەڵێك قەڵخانی دەبێت. کابرا هەست بە هەڕەشەی مەترسی دەکاتو دەڵێ:

( کاکە بیکەنە راهی خوا مەمکوژن!).

قەڵخانییەك پێی دەڵێ:

(گەماڵ باوك!... وەو باوە یادگارە، ئەگەر بتکوژم وەبزانە مەلاعەزەت دەکەم)

قەڵخانی لەو شاخو کێوە، دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا (مەلاعەزە)ی ژێر دەستەی خۆی دەکات، پێویستی بە زیادەڕۆیی نییە. دەسەڵاتداری سیاسی، بەتایبەت ئەوانەی تارای ئایدیۆلۆجی بەرچاوی گرتوون، لەتامی دەردەکەنو لە هەگبە شڕی ئایدیۆلۆجیاوە بیانووی بێ سەروبەر دەدۆزنەوە، لە قووتووی هیچ عەتارێکدا چنگ نەکەوێت.

خەڵکی ئاسایی، لە خەڵکی خاوەن دەسەڵات، دڵفراوانترن. ئەو هەوڵ دەدات بەزمانی شیرین مار لەکون بێنێتە دەرەوە. دەسەڵاتدار هەر زوو پەنا دەباتە بەر زەبروزەنگ، بەلایەوە گرنگ نییە خوێن بڕێژێتو سەر ببڕێتو مل بقرتێنرێت.. بچووکترین هەڵە، هەڕەشەیە بۆ سەردەسەڵاتەکەی ئەو. کۆکینو پژمین، بە گوێرەی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆجی، وەکو کۆدەتا سەیر دەکرێت. خەڵکی ئاسایی، بەحوکمی بەرژەوەندیو پەیوەندیو پێویستی رۆژانە، نەرمو نیانترن..

■ ١٥ ■

عەلی ناوێك بە باخەکەی کاك حەمە ئەمین فێر دەبێتو شەوانە بۆ ناو باخ دەکشێتو ئەوەندە لێدەکاتەوە بەسێ چوار کەس بۆیان نەگوێزرێتەوە. . رۆژی دە



دوازدە توورەکە پرتەقاڵی لێ دەکاتەوە. رۆژێکیان کاك حەمە ئەمین بۆ باخ دەچێ، تووشی کاك عەلی دەبێت. بەحیساب لەوناوە خەریکی خوێندنە!

کاك حەمە ئەمین، پاش چۆنیو چاکیو هەواڵ پرسین دەڵێ:

عەلی گیان! ئەزانم تاقیکردنەوەت هەیەو زۆر سەرقاڵیتو نامەوێ کاتت لێ بگرم، زەحمەت نەوێ ئەتوانی دە دەقیقەیەك بۆ دائیرەی تاپۆ لەگەڵمدا بێیت؟

عەلی دەڵێت:

(خێرە دائیرەی تاپۆ مام حاجی؟)

کاك حەمە ئەمین دەڵێت:

"ئینشاڵا خێر دەبێ.. دەمەوێ نیوەی باخەکە لەسەر تۆ تاپۆبکەم.. بۆ ئەوەی لەمەودوا زۆر زەحمەتت بەر نەکەوێ.. ئێستا نیوەی بەری ئەم باخە بۆ تۆیە. ئەگەر لەسەرت تاپۆ بێت، رەنگە ئەوەندەت بەرنەکەوێو ئەبێ کاری تێدا بکەیتو پاسەوانیو شەونخوونی بکەیتو خۆت ماندووبکەیت.باوکەکەم..."

جارێکی تر لەناو باخ دزێك دەگیرێت. کاك حەمە ئەمین دەبینێ کاکی دز زۆری تێ هەڵدراوە. کسپە لەجەرگییەوە هەڵدەستێو دەڵێ:

( بۆ لەم داماوەتان داوە؟ مرۆڤ ئەگەر موحتاجو دەست کورت نەبێ دزی ئەکات؟ چەند پرتەقاڵی لێکردۆتەوە بیدەنێو ئەوەنەی تریشی بۆ لێکەنەوە.. یارمەتیشی بدەن تا ئەو شوێنەی دەیەوێ..).

یاسا دز بگرێت رەحمی پێ ناکات. بەگوێرەی شەرعیش: (السارق والسارقة فأقطعوا ایدیهما جزاءاً بما اکتسبت..)

پیاوێکی نەخوێندەوار، با لەرووی یاساییەوە لەسەر راست بێت، بەڵام مەرج نییە هەرچی راست بوو، باشە. "راست" و " باش" زۆرجار لەگەڵ یەکتردا

**دەگونجێن، هەندێ جاریش ناکۆکن. دەبێ دەستبەرداری راستی بیت، بۆ ئەوەی کێشەی سەخت دروست نەبێ.**

**خەڵکی خانەقی حەزیان لەتۆڵە سەندنەوە نییە، بەڵام هەندێ جارە لەتۆڵە سەندنەوەدا سەیرترین هونەر دەنوێنن ...**

**سالە جەمە دوو هەزار دیناری دەکەوێتە لای ناساوێکی، کە ناوی سەعە سەرپان دەبێت‌و هەرچی دەکات نایداتەوەو یەکەمین جار تووشی دەمەقاڵێ‌و هەراو هوریا دەبێت. پاشان دەزانێت بەشەڕو شۆڕ هیچی دەست ناکەوێتەوە. دەزانێت سەعە کچێکی خۆش دەوێت، کە ناوی شیلان دەبێت. خۆشەویستیەکەی سەعە یەکلایەنە بووەو شیلان ئاگای لەهیچ نەبووە.**

**سالە، دڵی سەعە ئاشت دەکاتەوەو چیرۆکێکی شانۆگەری زۆر ورد وەکو شانۆگەرییەکانی بیرتۆلد برێشت ئامادە دەکات. سەعە ئاگادار دەکاتەوە، کە خوازبێنی شیلانی بۆ ئەو کردووەو دەیانەوێ چاویان پێی بکەوێت. دوو سێ جار سەردانی ماڵە بووك دەکەن. رەزامەندی "بووك"ی خەیاڵ بەزاوای عاشق دەگەیەنێت. سەعە دەپرسێت چەند مارەیی‌و شیربایییان دەوێت.**

**سالە دەڵێت: "بابە ئەمانە هەر هەموو کێشە نیین! تەنیا یەك کێشە هەیە "دەزگیران"ەکەت تەنیا یەك مەرجی هەیە،( دەم و دانتی بەدڵ نییە!)"**

**((ئەی چارە چییە سالە گیان؟))**

**سالە: "بێ قەزا بیت، دانەکانت هەر هەمووی هەڵکێشە!"**

**سالە بەم چیرۆکە رۆمانتیکیە سەعە بۆ لای دکتۆری دان دەبات. دکتۆر یەك بەیەك دانەکانی هەڵدەکێشێت‌و بۆی دەکاتە دەستە سرێکەوە، لەسەر مێزەکە دایدەنێت.**



**سالە جەمە، دانەکانی سەعە سەرپان دەخاتە ناو لەپیەوە پێی دەڵێت: "ئەمە لەبری دوو هەزار دینار قەرزە".**

**ئاگاداربە:**

**گلۆڵە بەنی پێشنیازە تێکچڕژاوەکان, لەهەردوو قاچی قەڵەمە سەرخۆشەکەت, گیر نەبن‌و نووسینە ماندووەکەت سەرەنگرێ نەبێ‌و هیچ خۆی نەگرێتەوە. پێشنیازی زۆر وەکو بەردی زلە, بۆ هەڵگرتن‌و وەشاندن نییە. تۆ دەتەوێ مێژوو بنووسیتەوە یان چیرۆك؟**

**■ ١٦ ■**

**خوێندەواری‌و شەهادەو زانیاری گرنگن، بەڵام نابێ بکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگی تێکۆشەرێکی سیاسی. ئەو رۆژەی شەهید سەلام سێی ناوەندی تەواو کرد، پێی ووتم: (ترسی تۆم لەدڵدا نەبوایە، لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا دەرنەدەچووم. نەترسی باوك‌و دایك، نەخوشك‌و برا، نەداهاتوو،.. لە ترسی تۆ سێم تەواوکرد)**

**ئەوکاتەی کاك حیکمەت محەمەد کەریم"مەلا بەختیاری ئێستا" تازە سەری لە هێلکەی سیاسەت هێنابووە دەرێ, هەرباسی ئەوەی بۆ دەکردم چەند شانەی دروست کردووەو چەند ئەندامی هێناوەتە ریزەوە.**

**رۆژێکیان لێم پرسی:**

**( لەوە دەچێ، کاك حیکمەت تۆ زۆر گوێ بە خوێندن‌و قوتابخانەو شەهادە نەدەی).**

**کاك حیكمەت گوتی:**

**(بۆ مرۆڤی تێكۆشەر شەهادە گرنگ نییە).**

**گوتم: (کاك حیكمەت لای منو تۆ شەهادە گرنگ نییە، بەڵام دڵنیابە هەزار تێكۆشەرو قارەمان بیتو شەهادەت نەبێ حیسابی هیچت بۆ ناكەن، بۆیە من پێم باشە بەگوێرەی توانا خەباتی خۆم بكەمو هەوڵ بدەم شەهادەیەكی فشەشم هەبێ).**

**زۆری پێ نەچوو، رۆژگار سووڕانەوەی خۆی سووڕایەوە، رۆژگاریش هەمووجارێ بە ئارەزووی منو تۆ سووڕانەوەی خۆی ناسوورێتەوە!. کاك بەختیار بەگوێی خۆی پێشبینییەكانی منی بیستو تێگەیشت ( شەهادەو بڕوانامە) گرنگنو مرۆ، بەبروانامە كەسایەتی دەسنیشان دەكرێت. من ئەو زەمانەش دەمزانی شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی دكتۆر نەبووەو نالی پرۆفیسۆر نەبووە, كاك ئەحمەدی شێخ شەهادەی سۆربۆنی وەرنەگرتووە مەولەوی ئۆكسفۆردی نەخوێندوە.. ڤیلی برانت كەسایەتیی بەناوبانگی ئەڵەمانیا، كەس نەیدەزانی باوكو دایكی كێن؟ كەسیش بەر تانەو تەشەری نەداوە، لەبەر ئەوەی باوك و دایكی نەناسراون. یەكێك باوكو دایكی نەبێ، تاوانی ئەمی تێدا نییە ( هذا ما جناه أبي علي).**

**مەلا بەختیار هەر لەسەردەمی مێردمناڵییەوە سەرنجی راكێشاوم. وریا، چالاك، نەترس.**

**بە بەردەوامی لەناو رووداوە گرنگەكاندا بوو. عاشقی رێكخستنو ئاهەنگ گێڕانو هاندانی لاوانو خوێندكاران بوو بۆ فێربوونو جموجوڵو یاخیبوون. كام لافاو زۆر ترسناك بوایە لێیدەداو كام ئاگر زۆر بەتین بوایە خۆی تێ دەهاویشت.**



**لە كۆمەڵی گەشەنەكردوودا، كەس سەیری بەرهەمو خەرمان ناكاتو تەنیا دیوی دەرەوەو رووكەش دەور دەبینێت. بنەماڵە، عەشیرەت، بڕوانامە ئامرازی هەڵكشانی سیاسیو كارەساتی نەتەوەییە!**

**من نە رەخنە لە بەختیار دەگرمو نەرەخنە لەوانە دەگرم، كە پێوەری خۆیان بۆ هەڵسەنگاندن هەیە، هەرچەند نەدەبا بزاڤی سیاسی گوێ بە هەندێ سنووری كۆمەڵایەتی بدات.**

**لێرە ئەوەی شەهادەی هەبێ رێزی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی تەنیا لە بواری تایبەتیی خۆیدا شارەزا بێت، ئەوە پێی دەڵێن( فاخ ئیدیۆت) ـ شێتی لقی زانستی ـ ئەم جۆرە زانایانە، بەس ئاگایان لەبەشەكەی خۆیانەو لەبەشەكانی ترو لە كۆمەڵو سیاسەتو ئەدەب هیچ نازانن!**

**لەهونەری سیاسیی ئەمڕۆدا سەر دەرناكەم. كەسیش رێگەم نادات، سەرلەنوێ كاری سیاسی بكەمەوە. جاران رێگە پێدانو رێگە پێنەدان نەبوو، كێشەكە بەشێوەیەكی تر بوو، كێ دەیەوێ كایە بەسەری خۆی بكاتو كێ دەیەوێ دەست بەكڵاوییەوە بگرێت؟**

**سیاسەتی جاران تەنیا لە گەنجان دەهات. ئەو گەنجانەی هیچیان نەبوو بیدۆڕێنن. قەمسەڵەیەكی چڵكنو پانتۆڵێكی كابۆی سواو، گیرفانەكان پڕبوون لە پاكەتە جگەرەو چەرخو تەسبیحو بڵاوكراوەی ترسناك. چوار پێنج كەس لە چایخانە سەریان پێكەوە دەناو دەنگوباسی شۆڕشەكانی جیهان باس دەكرانو كام نموونە لە هەلو مەرجی كوردستانەوە نزیكە؟ سیاسییەكانی ئەو سەردەمە بەكەڵكی ئەمڕۆ نایەن. سیاسیی ئەمڕۆ دەبێ " پاك وخاوێن"بێتو عەترو گوڵاو لەخۆی بداتو قاتی سمۆكن لەبەربكاتو بۆینباخی ئەوریشمی ئیتالی لەمل**

بكاتو پێڵاوەكانی لە پێستی مار دروستكرابێت. ریزێك سەیارەی مۆنیكاو دوو ریز ئۆتۆمۆبیلی لەیلا عەلەوی بەدوایەوە بن. ئەوەی راستی بێت من لە (أصحاب الكهف) دەچمو هیچ شتی مۆدێرنو سەردەم فێر نەبووم. بیست ساڵ ژیانی ئۆروپا نەیگۆڕیومو هێشتا پەرویزخانو سالارو قۆرەتوو بە ئەفسانەی رابووردووەوە گرێم دەدەنو هەرچی بەدوای تراویلكەی گلۆبالیزمدا رادەكەم، ئەو تلۆر دەبێتەوەو منیش لە جێگەی خۆمدا ماوم.

جاران ئەگەر پیرێژنێكی كلاسیكی لەگەڵ بووكە پۆست مۆدێرنەكەیدا قرەقرِی بوایە پێی دەگوت:

ـ هەی تیتگ بڕیاگەی، قۆڵ رووت كریاگەی، وەپەن كریاگە!.

لێرە وا رێك دەكەوێ بووكو خەسوو پێكەوە بۆ دیسكۆ دەچن، ئەو جیاوازیو ناكۆكییە لاوەكییەی لای خۆمان لەنێوان بووكو خەسوو بەدی دەكرێ، لێرە هیچ شوێنەوارێكیشی نەماوە.

**هۆ كچێ مەڕۆ جافی ، خەیاڵی ناكەی**
**ئەو بەینەی بەسایتەوێ، بەتاڵی ناكەی**
**هۆكچێ مەڕۆ جافی**
**جافی ئەو ژوورە**
**خەیاڵی ناكەی تۆ**
**ئەو مەیلەی بەستگمانە**
**بەتاڵی ناكەی تۆ**



## ▪ ١٧ ▪

من چۆلەكەیەكی رۆژهەڵاتی بێ پەڕوباڵم. نامەوێ زۆر بەرز بفڕمو زۆر نزم بنیشمەوە. پێم خۆشە چۆلەكە بێ پەڕوباڵەكانی جیهان یەكبگرن. چۆلەكەكان یەكبگرن، دەتوانن فیل بە فیلی خۆی راو بنێنو تەقلەی پێبدەن. هەریەكە دەنووكێكی لێ بگرن. نابێ چۆلەكە بچێتە پێستی داڵەوە. ئەو لەكەشكەلانی فەلەك لەنگەر دەگرێت. بەچاوە تیژەكانی دەڕوانێ، هەست بە خشەی مارو مێروو دەكات. تۆ مەلێكی چكۆلانەیت، نەدەنووكت بەرگەی دەنووكی ئەو دەگرێتو نەچڕنووكت بەرگەی چڕنووكی ئەو دەگرێ.

هەر بەچاو ترووكاندنێك وەكو پۆڕی خوراوت لێدێ. سەیری دەنووكو چڕنووكی خۆت مەكە، هیچیان ئامرازی راوو پەلاماردان نین. ئەم هەموو سەقرو شەهێنو بازو داڵو سیساركە كەچەڵەو هەڵۆو واشەیە بەناوەڕاستی ئاسمانەوە دەسووڕێنەوە، هەر یەك چركە ئاگات لە خۆت نەبێ، بەرۆژی نیوەڕۆ بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان هەڵتدەلووشن. كارێكت پێ دەكەن، سەرما بە هەتیوو رەشەبا بەدەواری شڕی نەكردبێ. داڵو هەڵۆی ئێرە لەچاو ونن، كەس نایان بینێو كەس نازانێ چۆن پەلامار دەدەن.

ئەی چۆلەكە چكۆلانە دڵژیرەكە، نەكەی، نەكەی، یەك چركە چاو بنووقێنی، نەكەی بڕوا بە هێمنیو ئارامیی ئەم جیهانە پڕ لەنائارامییە بكەی. ئەم نایەكسانییە پاڵم پێوە دەنێ گومان لەهەموو شتێكی بكەم.

( من بیر دەكەمەوە، كەواتە من هەم). بەگوێرەی فەلسەفەی دیكارت بیركردنەوە ماكی بوونە. بەراوورد، ماكی بیركردنەوەیە. بوون بیركردنەوەیە. من

گومان لە گومان دەكەم. گومان لە رابوردوو، ئێستاو داهاتوو دەكەم. نیشانەی پرسیار بەرێژنە بەسەر كێڵگەی بیركردنەوەدا دەبارێنم. پرسیاری نوێ لە شوێن پرسیاری كۆن شین دەبێ.

بۆ دڵی ونجڕ ونجڕكراوی من بەكۆڵەكەی مێژووەوە گرێدراوە؟.

من داهاتوو لەناو رابوردوودا دەبینم. لەبن ساباتی داڕوخاوی رابوردوودا كۆترە سركەكانی داهاتوو دەبینم. ئەوكەسەی لە مێژوو نەگات، ناتوانێ ئاسۆی تێگەیشتنی داهاتووی بەرفراوان بكات. قەدەغە بوو، مامۆستا مێژووی خانەقیمان پێ بڵێتەوە. نە ئەو، نە منو نەكەسی تر، مێژووی شارو ناوچەكە دەزانین. كاتێك سوپای ئیسلام یەكەمین جار بۆ ئەم ناوچەیە هاتووە، جەلەولاو خانەقیو حەلوان شار بوون.

حەلوان شارێكی گرنگ بووە. دووەم پایتەختی ساسانییەكان بوو, پاش رووخانی پایتەختی یەكەم. شوێنەوارەكەی لای سەرپێڵی زەهاوەو سەلجووقییەكان ساڵی (١٠٤٦ز) سووتاندیانو پاشان بوومەلەرزە ساڵی (١١٤٩ز) بەتەواوی وێرانی كرد. مێژوو چوار دێڕی لەسەر ئەم سێ چوار شارە دراوسێیە نەنووسیوە، هەر بۆ ئەوەی مرۆڤ بەمێژووی خۆی نامۆ بێت، هەست بەرەگو ریشەی خۆی نەكات . دار، رەگو ریشەی نەبوو، بەئاسانی بۆ شوێنێكی تر دەگوێزرێتەوە. بەڵام ئەگەر رەگو ریشەی داكوتا بوو، دارەكەش بڕێتەوە، سەر لەنوێ شین دەبێتەوە. خانەقی تەمەنی بەلانی كەمەوە پتر لەهەزارو چوارسەد ساڵ دەبێت، چۆن دەبێت نیو كتێبیشی لەسەر نەنووسرابێت؟

كەس نەینووسیوە بۆ سەلجووقییەكان (حەلوان) یان سووتاندووە؟

بڕوا مەكە هەروا بە ئارەزوو ئەم شارە سووتێنرا بێت، دەبێ مەڵبەندی



بەرەنگاریو راپەڕین بوو بێت، بۆیە داگیركەران لەكاتی شەڕ، یان بۆ تۆڵە سەندنەوە سووتاندوویانە. شەهید بێباك لەسەر پێڵ زەهاو پێی گوتم: تۆ بڵێی:" حەڵوانو ئەڵوەن یەكێك نەبووبێت؟" عەرەبێكی پێش هەزارو چوار سەد ساڵ رەنگە (ئەڵوەن)ی پێ نەنووسرا بێتو (حلوان)ی پێ ئاسانتر بوو بێت.

■ ١٨ ■

مامۆستای مێژوو بەهەڵە دێڕۆكی پێ دەگوتینەوە. ئەو، پەیڕەوێكی بۆ داڕێژرابوو، دەبا لەو ڕێبازە دەرنەچێو سەری خۆی نەئێشێنێ. ئەو هەر پێی دەگوتین ئاشوور پانیپاڵ سیونۆ ساڵ حوكمی كردووەو دوا بەهێزترین پاشای ئاشووری بووە ٦٦٩- ٦٣٠ پ.ز لەسەردەمی ئەمدا بزاڤی ڕووناكبیریو ئەدەب گەشەی كردووەو كتێبخانەیەكی زۆر گەورەی لەشوێن بەجێ ماوە.

مێژووی رەسمی، بێدەنگبوون سەبارەت لایەنەكانی تر پەسەند دەكات. رووسەكان كاتێك باسی مێژووی كاترینی گەورە دەكەن، باسی هەموو شتێك دەكەن. هیچ عەیبەی تێدا نییە، ئەو خۆی وابووە، ئیدی چ پێویست دەكات، لەدرۆ پەیكەری زێڕی بۆ بتاشرێت؟ هەزار نەفرەت لەپەیكەری زێڕینو درۆ بێتامەكانی دەسەڵاتداران.

كاترینی گەورە، لای رووسەكان كاترینی گەورەیە, هەرچەند ئەوان سوور دەزانن قەیسەر لەبن ئەسپدا گیانی دەرچووە! مێژوو دەبێ لە روانگەیەكی راتسیۆنالەوە Rational سەیر بكرێت, نەك بە هەڵگوڵفاوی... لای ئەوان مەرگی شاژن لەژێر ئەسپو لەسەر پشتی ئەسپ هەر یەكێكەو هیچ جیاوازی نییە.

ئاشوور پانیپاڵ، جل‌وبەرگی ژنانەی لەبەر دەکرد. جوانترین خشڵو مەتو مووورووی لە خۆی دەدا، دەمو چاوی ئارایش دەکرد، دەنگی وەکو دەنگی ژنانە ناسك دەکردەوە، بەلەنجەو لار بەناو کۆشكو تەلارەکانی نەینەوادا هاتو چۆی دەکرد. ئەمە ژیانی تایبەتی خۆیەتی. ئاشوورییەکان ئەوەیان بەلاوە گرنگ بووە، ئاشوور پانیپاڵ پیاوێکی شەڕکەرو ئیداری بووە ...

سەیرە، جەنابی مامۆستای مێژوو، لەخانەقیدا نانەوایەك، سروشتی ئاشوور پانیپاڵی هەبوو. سەبەتەیەك نانی لەسەر سەری دادەناو کراسێکی شۆڕی لەبەر دەکرد. بەسەری پەنجە کراسەکەی هەڵدەماڵی هەر بۆ ئەوەی پووزی دەرکەوێ. دیارە جیاوازیی ئەم دوو کەسە، ئەوەیە کە نانەوا دەسەڵاتی سیاسی موتڵەقی نەبوو، شانازی بەوەوە دەکرد ترانسڤیستیتە. هەژارێك لاسایی ئاشوور پانیپاڵ بکاتەوە, رۆژی هەزار تفو نەفرەتی لێدەکەن. مێژوو نالێ: ئاشوور پانیپاڵ هۆمۆسێکسویل بووە، بەلام لەسەر یەکێکی وەکو هیتلەر سەدان کتێبو بەڵگەنامە بلاوکراوەتەوە. نانەوا، سووكو سەلیمو هیتلەر ئاگری دووەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرساند. نزیکەی پەنجا ملیۆنی بەکوشت دا.

بەگوێرەی هیرۆدۆت: شەش سەد ساڵ ئاشوورییەکان رۆژهەلاتیان لەبن چەپکۆکدا بوو، کەس نەیدەوێرا فزەی لێوە بێت. میدییەکان یەکەمین گەل بوون دژی دەسەلاتیان راپەڕینو سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. پاش سەرکەوتنی میدییەکان، گەلانی تری ناوچەکە راپەڕینو کۆتاییان بەدەسەلاتی ئاشوورییەکان هێنا. کازم قەمبوور هێشتا نازانێ پەیوەندیی نێوان میدییەکانو کورد چییە؟



## ■ ١٩ ■

سان جمۆ بەغدا گیرۆ!. دژی زوڵمو زۆرو دیکتاتۆرییەت کورد جوولایەوە، راپەڕی، قەلایەیەکی رووخان. ئەڵقەی لاوازی زنجیرەکە پچڕا. عەبدوڵلا قەویلە بەرەمەزان کەچەڵ دەڵێ:

"زەنجیرەگە نێشکێد".

رەمەزان کەچەڵ دەڵێ:

" ئێمە ئەگەر بتوایمن شکنینەی".

رەمەزان کەچەڵ بیری ئاودەستەکانی پاك دەکردەوە. ئەو رۆژەی رەمەزان خەریکی پاکردنەوە بوایە، کەس لەو گەڕەکە نەدەما، نازانم ئەو چۆن گوێی بەو هەموو بۆنو بەرامەیە نەدەدا؟

پێش ئەوەی بیرێك یان چاڵێك پاك بکاتەوە، بەخاوەن ماڵەکەی دەگوت:

"بەگۆترە بۆت پاککەمەوە یان بە ژمارەی تەنەکە.. کاکە من نامەوێ کەس لەم ناوەیە بیست تەنەکە گوی من بخوات".

رۆژێك ئەفەندییەك بەقاتو بۆینباخو کراسی سپیو سەری لەڕۆن گیراوەوە, لەسەر ژمارەی تەنەکەکان لەگەڵی رێك ناکەوێ. رەمەزان دەیەوێ بۆینباخەکەی بگرێت یان دەست بەکراسەکەیەوە بدات، کابرا یەکسەر تەسلیم دەبێتو نیو دیناری دەداتێ. رەمەزان دەڵێ:

"توای وەی قاتو بۆینباخەوە چوار تەنەکە گوی من بخۆی!".

ئەگەر چەکی چەوساوەکان وەکو چەکی دەستی رەمەزان بوایە، کەس نەیدەوێرا دەست درێژی بکاتە سەر مافی مرۆڤیترو هەوڵی چەوسانەوە بدات!

چەوساوەکان "رەنج" و "هێزی بازوو" دەفرۆشن، خاوەنی کارگەی مۆدێرن، بەگوێرەی یاسا "کرێ"" ی "رەنج" ەکە دەدات. خاوەن کارگە ئەوەندەی دوو کرێکار دەترەتێنێو"کرێ"ی نیو نەفەرت دەداتێ. بەو حیسابو کیتابە بێت، بەگوێرەی یاساو قانوون، بە"گۆترە" بێت یان "ژمارەی تەنەکە" هەر زۆر بەئاسانی رۆژی بیست سی تەنەکەی کرێکار دەخورێت.

کرێکار ناتوانێ، بەگوێرەی یاسا بۆی نییە، داوای مافی خوراوی خۆی بکات. رۆژ بە رۆژ کێشەی نایەکسانیو نادادپەروەری کۆمەلایەتی بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات یان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات....

تەنگژەی ئابووریو سیاسیەکان، خاو دەکرێنەوە یان کلپە دەسێنن؟

دیواری بەرلین بەم دیوا رووخێنرا... بۆ بەودیودا نە رووخێنرا؟

دوو سێ مانگ پێش ئەوەی دیوارەکە بڕوخێنرێت، هۆنیکەر بەراشکاوی پێشبینی خۆی ئاشکرا کرد:

(ئەم دیوارە سەد سالی کەش هەر دەمێنێتەوە..)

پێشبینیەکە کورتی هێناو کەمتر لەسەد رۆژی نەخایاند. رژێمەکەی هۆنیکەر تانكو پۆستالی رووسی دەیانپاراست. دەبا پەنجا سال لەمەوپێش هەرەسی بهێنابایە. سالی ١٩٥٣ کرێکارەکان راپەڕینو ویستیان ئەو مشەخۆرانە لەناوبەرن، تانكو فرۆکەی رووسی، دڕندانە راپەڕینی کرێکارانی سەرکوت کرد.

تۆ دەتەویست بەهەشتێکی بێ چینو چەوسانەوە دروست بکەیت، تاسەرت لەدیواری نەدا، نەتزانی رێگەوبانەکە پڕە لەدیوارو کەندو لەند.

بەهەشت خەونە یان تراویلکە؟

لەکوێ لەسەر ئەرز ژیان وەکو بەهەشتی لێ هاتووە؟



■ ٢٠ ■

مەن ژیانی نیشتمانم لێ کرایە دۆزەخو تا ئەمڕۆش بەدوای تراویلکەی هەلنەپڕووکاودا وێلم. تۆ دەبێ سەرەتایەکی زۆر جیاواز لەگەل سەرەتاکانی تردا بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی بگەیتە ئەنجامێکی تر. داهێنەرەکان دەستبەرداری رێگە باوەکان دەبنو هەول دەدەن، رێگەیەکی نوێ بدۆزنەوە. ئەگەر دەستبەرداری رێگە کۆنەکان نەبوونایە، پاش هەلسووڕانو داسووڕانێکی زۆری بێ هوودە، دەهاتنەوە سەر ئەو سەرەتایەی کەسانی تر دەستیان پێکردوە.

مرۆڤ بارمتەی دوو کونە، هێشتا لە کونی بوون سەری دەرنەهێناوە، کونی نەبوون سەرەتاتکەی لەگەلدا دەکات. ئەم گەشتە کورتەی ژیان، پێشو پاشی بە چەپەری نەبوون بەربەست کراوە. من چەند ئازادو سەربەست بم، لەبازنەی کێشەی بوونو نەبووندا، ئازادیم نییەو مافی هەلبژاردنم نییە. دوو چارەنووسی بێ هەلبژاردن.

من خاوەنی هیچ نیم، هیچیش خاوەنم نییە (لا أملك شيئاً ولا يملكني شيئاً). هەرچیم هەیە، هی خۆم نییە، خۆشم هی خۆم نیم. مەن بەرهەمی رێکەوتم یان رێکەوت بەرهەمی منە؟

پەنجە، دەم، لووت، گوێ، دەنگ، رەنگ، زەردەخەنە، لەباوە ئادەمو دایە حەواوە، پاش هەزاران بارانو خوڕەو قەلبەزەو رووبار گەیشتۆتە من. هەزاران "خەنجەر" لە"کالان" چەقیونو(ئاوی ژیان) ئەم کاسەو ئەو کاسەی کردوە، تا پەیامی ژیان لەئادەمەوە گەیشتۆتە من. رژگار. دەنگو رەنگو سەنگ رژگارن. گێنتەکنیك بۆمان دەسەلمێنێ، هەرچیمان هەیە لەباوو باپیرانەوە بۆمان

بەجێماون. ئازادین لە کراسو پێڵاوو بۆینباخو دۆمینەو کۆنکانو تاوڵەکردن، لە جوڵەو هەناسەو ڕەنگی چاوو برۆ ئازاد نین.

من ئەوکەسەم، کەس لەڕەنگم نییە؟

من منم!

■ ٢١ ■

لەوەتەی دەزانم من منم، من بەدوای دەنگی ئەفسووناویی شمشاڵی بوونی خۆمدا وێڵم. دەمەوێ خۆم، لەدەریای بێسنووری خۆمدا بدۆزمەوە. هەرچی مەلە دەکەم، بەکەناری هیچ دوورگەیەك ناگەمو هەرچی پەی ئاو دەدەم, پێم لە بنی ئاو نادات! سەیری گەڵای داران دەکەم. لە دڵۆپەی باران ورد دەبمەوە. تێر تێر دەڕوانمە نیگای کانییە ڕوونەکانی بەر تریفەی مانگە شەو. لە هیچ کوێ خۆم بەدی ناکەمو لەهەموو شوێنێك خۆم بەدی دەکەم. من، ئەوەی ڕاستی بێ، نازانم بۆ خۆم لەهەموو شوێنێ بەدی دەکەمو خۆم بەدی ناکەم؟

من لە نەنکم/ ئایشی مەلا مستەفای ئەلیاسی/م پرسی:

"من کێم ؟"

نەنکم گوتی:

"من هێشتا بەتەواوی خۆم ناناسم.. ئیدی چۆن بزانم تۆ کێیت؟"

نەنکم لە کوێستانی داڵەهۆوە، لەگەڵ خێڵ بەرەو خواردا، لەگەرمێن گیرساوەتەوە. ئەوانەی لەنەوەی مەلا مستەفان، زۆریان لەیەك دەچن. دەبێ ڕۆحی منیش لە کوێستانی"داڵەهۆو باوە یادگار"ەوە لەو چیا سەختانەوە بەرەو کەناری قۆڕەتووو ئەڵوەن فڕیبێت.



گوێی ئاگردان، مەکۆی بەیتو داستانو ئەفسانە بوو. هەر ئێوارە دادەهات، کوورەی تەپاڵەو پشقل دەم دەکرا. چرامووشی هەڵدەکرا. ئیدی هەر گورزوەشاندنی پاڵەوانان، سیڕەی شمشێری شەڕکەران بوو. جار جاریش ئامادەبووان سەر بردەیان دەگێڕایەوە.

نەنکم گوتی:

"باوکم لەکاتی ڕاودا، لە چیای سەختی داڵەهۆ ئەشکەوتی هەنگوین دەدۆزێتەوە، ساڵانێکی زۆر بوو, هەنگەکان لەئەشکەوتێکی زۆر سەختدا شانەی هەنگوینیان دروست کردبوو، شاخێکی هەزار بە هەزار..

باڵدار پێش ئەوەی پێی بگات، باڵی دەشکا

شاخدار پێش ئەوەی پێی بگات، شاخی دەشکا

ناڵدار پێش ئەوەی پێی بگات، ناڵی دەشکا

مەلا مستەفا هەمیشە خەونی بە ڕووباری هەنگوینەوە دەبینی. نەخشەی وردی بۆ ڕووبار دانا. لەبەرایی دێ، باخچەیەکی خنجیلانەی دروست کردبوو. دەیەویست ڕووباری هەنگوینو باخچەی بەردێ بەیەك بگەن. بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە شیرینە زێڕو تەڵایەکی زۆری پێکەوە نابوو. هەرچی دارایی هەیە، لە سنووقی ئەشتەرخاندا قایم کرابوو. خەزێنەکەی لەبن گڵ، لەشوێنێکی نهێنی دانابوو. ئەو پیاوێکی بەزیپكو زاکۆنو مۆنو تووڕەو جیقڵدان تەسك بوو. کەس نەیدەوێرا پرسیاری لێ بکاتو لە پەرێزیدا بکۆکێ. ڕازی نهێنی خۆی لای کەس نەدەدرکاند. پێش ئەوە بەیەکجاری چاو لێکبنێو ماڵئاوایی لەژیان بکات، نەڕووباری هەنگوینو باخچە بەیەك گەیشتنو نەکەسیش دەیزانی خەزێنەکەی لەبن کام دیواردا شاردۆتەوە. هەر لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ نەوەکانی بەدوای ئەو خەونو

خەزێنە پڕ نهێنییەدا وێڵن. ئەوەندە زەوی هەڵکەنراوە، دەوروبەری گوندەکە لەچاڵاوە دەچێ..

نەنکم گوتی: مارەبییەکەی من جەلەیەك خورماو چوار بزن بوو.

**چەرمی گا.. چەرمین گا..**

**ناممی ئاو .. نەکولّیا..**

**کردمە کلّاش .. نەدڕیا..**

دەس کێ؟ لەبان دەس کێ؟

## ■ ٢٢ ■

مەلا قاسم دەنگێکی زۆر زولاڵو کاریگەری هەبوو. کاتێك سوورەتێکی قورئانی بە تەجوید دەخوێندەوە، دەیتوانی دیمەنی زیندوو بە بەرجەستەیی لەبەرچاوت بڕوێنێ. ( لو أنزلنا هذا القرآن على جبل لرأيته خاشعاً متصدعا من خشية الله..) . هەستت بەوە دەکرد، قورئان بەسەر شاخێکدا دادەبەزێو شاخەکە، بەهەرەسەوە کڕنووش دەهێنێ..

هەر جارە گوێت لە ( جنات تجري من تحتها الانهار خالدين فيها ابدا )دەبوو، گوێت لە خوڕەی ئاوی رووبارو جریوەی مەلەکان دەبوو.. سێوو هەرمێو هەنجیر بەدارە سەوزەکاندا شۆڕ بوونەتەوە. حەفتاو دوو حۆری نازكو جوانو نەشمیلانە بە بەردەمتدا لەنجەو لار دەکەن، یەکێك سینی زێڕ بە نقێم نەخشێنراوی پڕ لە میوەی بەدەستەوەیەو یەکێك شووشەو پەرداخی " شراباً طهورا "ی بەدەستەوە



گرتوە.. دەنگی مەلا قاسم ئەوەندە خۆش بوو، کاکم دەیگوت:

"گەر مردم، با مەلا قاسم لەپرسەکەمدا قورئان بخوێنێ".

من نەمگوتوە: بمبە بۆ باخو لەوێ ئازادم بکە..

من گوتوومە : بمبە بۆ باخو لەوێ دەرگای قەفەزم بۆ وازبکە.

شنەی ئازادی لەکوێوە هەڵدەکات؟

با هەڵبکات .. با هەموو دەرگای قەفەزەکان بکرێنەوە. بریا رۆحم لە قەفەزی گیانمدا زیندان نەکرایە. بریا وەکو چۆلەکەکانی بەهەشت ئازادبوونایە. منو ئەو یەکینو نازانم بۆ ئەو لەمن تۆراوەو ئاوڕم لێ ناداتەوە, ئاو رەنگی پەرداخ دەگرێ، پەرداخیش رەنگی ئاو دەگرێ ..

کاوە بۆ نەیتوانی سەرانسەری ئەم ولاّتە بەداری ئازادی بچێنێ؟ بۆ پاش زووحاك دەیان زووحاکی تر سەریان هەڵدا؟

ئەژدیهاکانی سەرشانی زووحاك دەمیان داپچڕاندوەو, مێشکی هەزاران لاویان دەرخوارد دەدرێت. کەس بۆی نییە بەرامبەر مارەکانی سەرشانی زووحاك دەم هەڵبهێنێ، پڕ دەمی لە قوڕقوشم دەکرێت. داهێنانو بلیمەتی لە تاوانو تاوان شاردنەوە. بکوژ بەفرمێسکی درۆ بروانامەی پاکانە بۆ مێژووی ئاوەژوو دەهۆنێتەوە. بەدرۆ پەیکەری ناڕاست بۆ داهاتووی هەڵبزڕکاو دەتاشرێت. قوربانی، ناسنامەی بکوژو کوژراوی لێ دەشێوێت. سەرەکان بەدوای لوولەی تفەنگەکاندا دەگەڕێن. لوولەی تفەنگەکان لەسەر دوورینەوە, بێزارن. تفەنگەکان بەرامبەر یەکتریان گرتوە، رۆژ باش لەیەکتر دەکەن. پێکەوە پێکی سەرکەوتن هەڵدەدەن. بۆ یەکتر پێدەکەنن. مەدالیای سەرکەوتن لەسنگی یەکتر دەدەن. دەمانچە بێدەنگەکان، بۆسە بۆ دەمانچە دەنگدارەکان دەنێنەوە. دوای یەکتر

دەکەون‌و یەکتر راو دەنێن. ئەم دەست ئەو دەست دەشوات!

کەرەش نەتاش...کەرەش نەتاش: بیکەرەم تاشی... بیکەرەم تاشی.. چۆنی باشی؟

تیپەنی ماشی، تیپەنی ماشی!

(قەسری دیریمن، گەچ، گەچینە، نەپا دیرد، نەپا چینە). مامۆستای هێلکە گوتی وەرزش. ببوورن تویش زوان خەڵەتنە هاتم. مامۆستای وەرزش گوتی هێلکە! هێلکە لە مریشك پەیدا بووە، یان مریشك لە هێلکە؟. ئەمە پرسیارێکی بێ وەڵامی فەلسەفییە، یان پرسیارێکی فەلسەفیی بێ وەڵامە؟

(گێن تەکنیك) دەتوانێ وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئاسانی بە زانستی (گێن تەکنیك) و (تەکنۆمووزیك) دەدرێتەوە. ئەم دووانە دراوسێن یان هەریەکەیان گای دۆڵێکن؟

شێخ عەبدولقادری گەیلانی/خدرزەندە/ باوە مەحموود/ ئیمام عەباس/ عەلەمدار فریامان کەون!

■ ٢٣ ■

زانستی جینات وەکو شالاوی کولله هێرشی هێناوەو بەسەر کێڵگەی تەڕو وشکدا دەدات‌و لەهیچ سڵ ناکاتەوە. کەروێشك دەکاتە گاو, پڵنگ دەکاتە پشیلە. تەماتە وەکو خشتی چوار گۆشەی لێدێت‌و بامیە وەکو کالیاری لێدێت. بەرخی(دۆلی) کۆپی دەکرێت! یەحیاو کەمال‌و عیدان‌و مەمی‌و عەزەو کازی بەهەزاران کۆپییان لەبەر دەگیرێتەوە..



**ئەگەر ئەزانی .. شۆکەت خراوە..**

**وەجامێ دەرمان.. لایدە لەم ناوە..**

بەهۆی " گێن تەکنیك " ەوە ئیتر پێویست بە"جامێ دەرمان" و پیاو کوشتن‌و تاوان نامێنێ: ئەگەر ئەزانی شۆکەت خراوە، داوای کۆپییەکی باشتر بکە.

پیاو ژنی بەدڵ نەبوو, ژن پیاوی بەدڵ نەبوو، یان لایەنی کەسایەتیی پێ باش نەبوو: رەزیلی / رژدی / دڵپیسی/ ئەوە هیچ موشکیلەیەك نییە، لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ( کارگەی کۆپیکردن)دا بکەیت‌و داوای هەمان پیاو بکەیتەوە، یان کۆپییەکی مشت‌ومالٚ کراو، بە(مواصفات)ێك بەدڵی تۆ بێت: دەستکراوەیی، دڵپاکی, چاو تێری. پیاو ژنی بەدڵ نەبوو، پێویست بەبڕووبیانوو گرتن‌و نووکە نووك‌و جووکە جووك, تەڵاق‌و شەڕە خەنجەر، یان ریزکردنی دوو سێ ژن بەتەنیشت یەکترەوە ناکات. دیسانەوە داواکردن‌و شەکراو خواردن‌و مارە بڕین‌و گواستنەوەو شایی‌و دەهوڵ‌و زوڕنا.. نامەیەك بۆ" کارگەی کۆپیکردن" هەروەکو چۆن یەکێك زۆر زۆر دەوڵەمەند بێت، داوای ئۆتۆمۆبیل لەکارگە دەکات‌و بەو (مواصفات)ەی خۆی دیاری دەکات: چاو شین، قژزەرد، باڵا بەرز، زیرەك، دەم بە پێکەنینی رەوشت بەرز، دەست‌و داوێن پاك..هتد. پارەکەی لەرێگەی بانقەوە رەوانە دەکرێت. کارگەی کۆپی (کاڵا ) بەپۆست رەوانە دەکات. حاجی شەریف گوتی:

"من ژنی وام بە تووری ناوێ!. من دەبێ باوك‌و دایك‌و کەس‌و کاری یەك بەیەك بناسم‌و عەشرەتی خۆمان بێت. سێ لەسەر سێ بێت. مارەبییەکەی ئەسپ‌و

دەمانچەیەکی چواردەخۆرو چوار بڕنەوی دارشووشە بێت. دەبێ لەسەر شەرعی شافیعی مارە بڕابێت.. کۆپیو مۆپیم ناوێو من بە ئینتەرنێت ژن ناهێنم. من پێنج فەرزە سەرم بچێ نوێژم ناچێ. مانگی رەمەزانو شەعبانو رەجەبو نۆمینەی حاجیانیش بەرۆژووم. ئەم لامەزەبانە هەر رۆژەی شتێکمان بۆ دادەهێنن. دەترسێم رۆژێ هەر لە بەغداوە، بەو داهێنانە نوێیانە، شتێکی ترسناکمان لەگەڵدا بکەنو ئاگاشمان لە خۆمان نەبێ.. باوکم ئەگەر بترسم ناهەقم نییە".

سەعید بەگزا گوتی: ئێمە دە کیلۆ ئاسنمان هەبێت، گاسنێکی لێ دروست دەکەین. کابرای ئینگلیز زۆرزانە، ئەو دە کیلۆ ئاسنە دەکەنە دە دەمانچەو هەر دەمانچەیەك بەسەد دینار دەفرۆشن، گاسنە ژەنگاوییەکەی ئێمەش باڵی لێ بڕوێ، نیو دینار ناکات. باوکم هەزار لە کوێو نیو دینار لە کوێ؟ ئێمە دەبێ مێشکمان بگۆڕینو مێشکمان لە بازنەی گاسنو پاچو خاکەناز بەرهەمهێنان دووربخەینەوەو خەریکی داهێنانی نوێ بین. حاجی شەریف حەقیەتی, ئەگەر ئاگامان لەخۆمان نەبێ، بە داهێنانی نوێ، هەر لەبەغداوە سواری خەڵك دەبنو ناهێڵن کابرا بەخۆیشی بزانێ.. ئێمە روو بەڕووی ئەرکی زۆر سەخت دەبینەوە.. هەروا دەستەوسان بۆی دانیشتووین!

ئانە چێشەن.. کێشمان کێشەن.. هەرکە ئەرە وێشن؟

کەریم تاوس جگەرەیەکی تێکردو گوتی:

(( دیالیتیك أیدر، أیتمیدر.. مشکلە چوق بیوکدر!)).

(( ئانە چێش ماچی؟))

کەریم تاوس وتی:

"پەندە تورکییەکەم بیرنەماوە.. دوێنێ کابرایەك کچەکەی، کە تاڕادەیەك مناڵ



دیار بوو، دوای خۆی خستبوو. لای معاونی پۆلیس شکاتی لە مێردی کچەکەی کرد. وتی:

"جەنابی معاون مێردەکەی زۆر خراپەو رۆژی چوارجار دارکاری دەکات!"

معاون لە جێگەی خۆی راچەنیو گوتی:

"بۆ خاتری خوا .. بۆ خاتری پێغەمبەر .. ئەم کچە زۆر زۆر مناڵە، چۆن شووی کردوە؟ ئەمە شووی کردوە؟ زۆر مناڵە!"

باوکی کچەکەش قسەی بە معاون بڕیو گوتی:

"گەورەم مناڵی چی؟ تۆ دەست لە مەمکی بدە!"

■ ٢٤ ■

ئێمە زۆرمان دەوێ، تا لە چنگ دواکەوتن رزگارمان دەبێ. دواکەوتن هەزارو یەك شێوەی هەیەو ئێمە هەر لە سیاسەتو ئابووریو ژیانی فەرهەنگی دواکەوتوو نین، لە رەفتارو هەڵسو کەوتو رۆژباشو شەو باشیش، دواکەوتووین. هەویری پێشکەوتنو سەرکەوتن زۆر ئاو دەکێشێ..

"خەلیل ژنەگەی هەر دوێت ئەهاورد، تا بوینە هەشت. کاورا لەگیان خۆی عاجباتی هات. چووی ژنەگەی تەڵاق داو دوێتی ترد هاورد، ئەی کەشە ماشەڵڵا لەکار خودا، ئەیە دوو دوێت، دوو دوێت ئەهاورد!. یەگشتی کار خوداس، ئایەم نێود، دەس لەکار خودا بیەد".

دوێتم ، دوێتە

نقرە کوتە

حەفت شووی کردیەو هیمرا دوێتە !.

ئەمە شانازیی دایکانیی خانەقیییە بەکچەکانیانەوە، حەوت شوو، یەك لەدوای یەك دەکەنو بە کچی دەمێننەوە.. کرمانجیش بەکچی دەڵێن:(دوێت مام) زۆربەی سترانەکانیش پڕن لە (دوێت مام). بۆ لەم دوو دیالێکتەدا، یەك وشە بەکار دەهێنرێت، هەرچەند ئەڵوەن لە زابی گەورەوە نزیك نییە؟ دوێت لە دۆتەری ئینگلیزیو تۆخەری ئەڵەمانیو دوختەری فارسییەوە نزیکترە تا کچ .. هتد.

ئەم هەموو شیعرو شانامەیە .. ئەم هەموو سترانو گۆرانییە لەسەر (دوێت)و (کچ) هەیە، تەنیا (گومان) لەڕەوشت ((إن بعض الظن إثم)) بەسە بۆ ئەوەی (گومانلێکراو) گوێشاوگوێش سەری لێبکرێتەوە. سەرلێکردنەوە لەسەر بنەمای گومانێکی نەسەلمێنراو. گومانی نەسەلمێنراو، بلقی سەر ئاو. برنجو گۆشتاو! مرۆڤ نابێ کلیلی مێشکی خۆی تەسلیمی دەستی گێژەڵووکەی "گومان" بکاتو لەسەر بنەمای گومان بڕیاری هەڵە بدات. من بینیومە کچی پاكو خاوێنو بێگەرد بەگومانی دووگیانییەوە کوژراوە. پاشان دەرکەوتوە، کیژەکە زکی پڕ نەبووە، بەهۆی نەبوونی بواری رۆیشتنی خوێنی مانگانەوە، ورگ دەرپەڕیوە .. براکانی یەکەمین جار سەرو دوو گوللەیان پێوە ناوە، ئینجا لاشەکەیان بۆ دکتۆر بردوە. بۆ (گومانلێکەر) سەیرێکی (جیهانی شەرع) ناکاتو بزانێ ئیسلام رێگەی چی داوەو رێگەی چی نەداوە؟

بەگوێرەی شەرعی شافیعی، پێناسەی ( زینا ) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(دەبێ ژنو پیاو بەرووتو قووتی جووت بن، دوو شایەت بەسەریانەوە بێتو دەبێ "خەنجەر" لە "کالان" دا بێت.. ئەگەر دووکەس لەم سەرو ئەوسەرەوە دەزوویەکیان بەنێوان هەردووکیاندا هێنا، لە هیچ گیر نەبێت..). ئەم پێناسەیە لە کوێو ئەو یاسایە لەکوێ سالّی ١٩٩٠ دەرکراو بەهەموو شێوەیەك خوێنی



ئافرەتان حەڵاڵ دەکات بۆ هەر خزمێك بیەوێ بیکوژێت؟

(أنظر کیف یفترون علی الله الکذب). یاساناسو شەرعزانەکان دەبێ لە دەست درێژیو شێواندنی شەرعو یاسا بێدەنگ نەبنو بەرامبەر(الحاکم الجائر) پەنجەی نارەزایی بلّند کەنەوە..

ئایەتی ( والذین یرمون المحصنات ثم لم یأتوا بأربعة شهداء(شهود) فاجلدوهم ثمانین جلدة ولا تقبلوا لهم شهادة أبدا) مەشهورە, کاتی خۆی سەرکردەی خەزرەج سەعد بن عەبادە پرسیارە بەناوبانگەکەی کردوە.. بە گوێرەی ئەم ئایەتەش دەبێ چوار کەس شایەتی بدەنو رێگەی نەداوە گومانلێکەر یەکسەر ژنەکەی بکوژێت. پێم سەیرە پاش یەك هەزارو چوارسەد سالّ، هێشتا خەڵك ئامادە نین بەگوێرەی قورئان رەفتار بکەن.

لەناوچەی مەنگوڕایەتیو دۆڵی سوێسنایەتی رەدووکەوتن خوێنی لەسەر نارژێ. پوورە کەسکە شانازیی بەوەوە دەکرد: حەوت جاران رەدوو کەوتوە! کاتێك پوورە کەسکە(مغامرات)ی خۆشەویستیو رەدووکەوتنی دەگێڕایەوە، مام ئەحمەدی مێردی گوێی لێ بوو، پێی پێدەکەنی.. لە ئەڵمانیادا چەند سالّێك لەمەوبەر, پێترا کەلی لەلایەن هاوڕێ ـ هاوسەرەکەیەوە کوژرا. هەردووکیان ئەندامی پەرلەمان بوونو پیترا کەلی ماوەیەك سکرتێری جۆن ف.کەندی بوو. من بەناسینیش هەردووکیانم دەناسیو زۆر دۆستی کوردیش بوون.

سەیرە لە شێنێو زەڵێ تۆلەرانس tolerance هەیەو لە ئەڵمانیادا نییە. لای نەخوێندەوارێك بە سینگفراوانییەوە سەیر دەکرێتو, لەناوەراستی ئۆروپاداو لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی ــ کۆنە جەنراڵەوە ـ بەتەسکی دەبینرێتو کۆتایی بەژیانی دووکەس دێت.. ئێدی پێویست بەوە ناکات ئاماژە بە

ئایەتەکانو یاسای کۆتایی سەدەی بیستەم بکرێت..

شێخ مورادی زەنگنە، پیاوێکی زاناو لەسەرخۆ بوو. شەوانی عاشوورا تووڕەیان دەکردو هەڵدەچوو، ئەویش هاواری دەکرد:

(کووس چەس.. کیر وەکووس).

■ ٢٥ ■

شێخ خۆی چاك دەیزانی دەبێ بەزمانی شەرع, لەسەر مینبەری حوسەینییەوە قسە بکات. دەبا وشەی(کالان) بەکار بهێنێو لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی دوورە پەرێز بێت. زۆربەی زۆری نووسەرانی کوردیش وشەیەکی زۆر دزێو بەکاردەهێنن:( دەعبای ژن)، ئەمەش راست نییە. لە زمانی ئەڵمانیدا( دی شایدە۔ Scheide) بەرامبەر (ڤاگینا۔ Vagina)ی لاتینی بەکاردێت، کەناوی زانستییە بۆ(شایدە). کالانی شیرو خەنجەریش هەر شایدەی پێ دەڵێن.. زمانی کوردی شۆڕشێکی پانو بەرینی دەوێ.. هەرچۆنێك قسە دەکەی، هەر هەڵەیەو مانای تری لێ پەیدا دەبێتو لەپڕ دەبینی لە هەرچوارلاوە پێت پێدەکەنن.. بیر لە قسەکەی شێخ موراد بکەیتەوە، هەڵە نییە. ئیدی ماناکە خۆی وایەو تاوانی کەسی تێدا نییە. ئەوجارەی شێخ موورادم بینی پێم وابوو، ئەو رەنگە بەزمانی مەلایەکی سەدەی نۆزدەهەم بدوێ، کەچی ئەو باسی ئەوەی بۆ دەکردین، کە کتێبەکەی(داروین) دەخوێنێتەوەو دەیەوێ بەرپەرچی بداتەوە. من نەئەوساو نە ئێستا کتێبی (بنەچی جۆرەکان) (on the Origin of Species)م نەخوێندۆتەوە.

حاجی بزمار کتێب خوێندنەوەی پێ باش نەبوو. ئەوەی کتێبی زۆر هەبێ،



پارەی زۆری نابێ و کتێب خوێندنەوە دەستو پێ سپیت دەکاتو لەکارو کەسابەت دوورت دەخاتەوە. ئەوانەی لەناو کوورەی ژیاندا قاڵ بوون، زیرەکترو چاوکراوەترن تا ئەوانەی سەریان وەکو نەعامە لە بن خەرمانی کتێبان شاردۆتەوە. ئەمانە تەنیا کتێبەکان دەبینن‌و کێوی قاقەز بەرچاویان لە بینینی دارستانی راستی دەگرێ!. حاجی بزماری دەفرۆشتو قسەکانیشی وەکو بزمار بوون تاقەتی سەواو موعامەلەی نەبوو، وەکو دووکاندارەکانی تر، کە دووهەزار سوێندیان بۆ دوو فلس دەخوارد.

حاجی بزمار دەیگوت: "خالد پاسکیلچی چل ساڵە پاسکیل چاك دەکاتەوەو پاسکیل دەکڕێو دەفرۆشێو نازانێ پایسکیل بئاژوێ. ئەو هەر بەچاو پایسکیلی ببینیبایە، دەیزانی کوێی تێکچووە.. ئەگەر بیزانیبایە پایسکیل بئاژوێ، رەنگە نەیزانیبا پایسکیل چاك بکاتەوە.. ئەوەدەمە هەر بەپایسکیل دەسووڕایەوەو فێری هیچ نەدەبوو:

((من تعلم قیادة الدراجة الهوائیة، فلا یستطیع تصلیح الدراجة، ومن إستطاع تصلیح الدراجة، فلا یتعلم قیادة الدراجة بشکل صحیح))

زاوێن بۆغۆس نەزریان مامۆستایەکی ئەرمەنی بوو. حەزی لەقژ درێژ کردنو لەبەرکردنی جلی زەردو سەوزو شینو قاوەیی بوو، تۆپەڵێك بنێشتیشی دەهاویشتە دەمیەوە. لەدەورو بەری گۆڕگنووش دایانمەزراندبوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مەلایەك بوو، کە تازە لە ئەوقافەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە گوێزرابووەوە.. کێشەیەکی پیشەکی پڕۆگرام کراوە.. تەقینەوەیەکی چاوەڕوانکراوە.. یەکێك پۆست مۆدێرن‌و یەکێك پۆست کلاسیکی ..

زاوێن ڕۆژێك سـواری مـاتۆڕەكـەی دەبـێ‌و دەڕوا. هـیـچ پرسـه گورگانەیـەكیش بەجەنابی بەڕێوەبـەر ناكـات. ئـەویش یەكسـەر ئـەم نامـەیـەی خـوارەوە ئاڕاسـتـەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەكات..

((الى مديرية التربية المحترمة

تحية طيبة وبعد

إن المعلم زاوين بوغوس نزريان ركب على مـاطوره وذهـب الى مكـان مجهـول .والسلام))

ڕەشید محەمەد ـ مەلا برایم ـ كەسەرەتای هەشـتاكان لەگەرمیانـدا بـە (مـەلا ئیبادە) ناوی دەركردبوو, هەروەكو كوێخـا رینگـۆ بـوو. یـەكێك تـۆزێ تـووڕەی بكردایە، پێی دەگوت: "دوازدە صەلیە ئەدەم لێت، ئـەمجارە بـڕۆ لـەكوێ شـكات دەكەی، بكە"

خەڵكیش دەیانگوت:

"مەلا گیان لەسەر خۆت دوازدە(صەلیە) زۆرەو داماوە پاشان لەكوێ شـكات بكاتو كێ گوێی لـێدەگرێت؟"

دەیگوت: ئەم شەعبە(شعب) كاوڕە.. كاوڕ.. ئێوە نازانن!

ئەمە(تیۆری)ی منە: إن الشعب خروف!

ئیدی ئەو برادەرانەش، بەكۆرس ئەمەی خوارەوەیان پێی دەگوت:

ملا إبراهيم ــ ملا إبادة..في الحرب والقيادة..

صاحب نظريته المعروف بأن الشعب خروف..

بێگومان تیۆری زۆر هەیە، بۆ كۆمەڵانی خەڵك ڕاناپەڕن؟



ڕاپەڕین هەلومەرجی مێژوویی خۆی هەیە، دەبێ بارودۆخی سیاسی ڕاپەڕین ئامادەبێت.. دەستەیەك مرۆڤی شۆڕشگێڕ ناتوانن بەلوولەی تفەنگ هەل و مەرجی شۆڕشگێڕانە بهێننە دی.

ئێرنیستۆ چێ گیڤارا بووە قوربانی ئەم هاوكێشەیە!. جەنگەڵو لێڕەوارەكانی پۆلیڤیاو كوبا وەك یەك دەرنەچوون. جووتیارەكان دەستی یارمەتییان بۆ ڕانەكێشان. شۆڕشی چەواشە، دەستە چەكدارە بچووكەكانی یەك لەدوای یەك لەناو برد!.

وەزعی ئێمە لە كۆتایی حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا, لە پۆلیڤیای ناوەڕاستی شەستەكان دەچوو. دیواری ترس ئەژنۆی جووتیارەكانی شكاندبوو. تۆڕی هەواڵ گەیاندنو دەنگو باس كۆكۆدنەوەی ڕژێم زۆر بەهێزتر بوو. پوولو پارەیەكی زۆریشی بۆ هەڵڕژێنرابوو. مەلا برایم بڕوای وابوو، ئەوەی هاریكاریی ڕژێم دەكات، یەكسەر لەناو ببرێت.. ڕەنگە مەلا ئیبادە وایزانیبێت، ئەگەر توندو تۆڵ نەبێت، دوور نییە چارەنووسی ئەمیش زۆر لە چارەنووسی گیڤارا چاكتر نەبێت. ڕۆژێك لەناو جەنگەڵەكانی قۆپی یان دۆڵو شیوەكانی زەردەلیكاوو چرچە قەڵادا نەكوژرێت.

موئەیەد دوو سێ ساڵ لە ئێراندا, لەسەر فڕۆكەی جەنگی مەشقی پێ كرابوو. سواری فڕۆكەی دەكەنو شوێنیشی بۆ دەستنیشان دەكەن، كە بریتی دەبێ لەكارگەی دروستكردنی ئارەقو مەشروبات لە باقووبە.. موئەیەد دەگاتە سەر خانەقی، دەبینێ بەرەنگاری دژە فڕۆكە هەر زۆر سەختەو هەر زۆر زەحمەتە بگاتە شوێنی دیاریكراو. لای شارەبان بێستانێكی خەیارو تەماتەو كاهوو دەبینێ. بەتەواوی ژێرو بانی دەكاتو وێنەكانیش لەگەڵ خۆی دەباتەوە!

ڕاپۆرت‌و وێنەکان دەخاتە سەر مێزی فەرماندەی هێزی ئاسمانی. پێی دەڵێن:

"ئەمە هەموو، وێنەی بێستانی خەیارو تەماتەو کاهووە. ئێمە پێمان گوتی: کارگەی دروستکردنی ئارەق‌و مەشروباتی باقووبە".

ئەو دەڵێ:

"ئارەق بەبێ مەزە دەخورێتەوە؟"

ئەوان دەڵێن:" نەخێر".

ئەویش دەڵێ:

"زۆر چاکە من لە مەزەکەم داوە.. مەزە نەبێ کارگەی ئارەق‌و مەشروبات دەبێ داخرێت".

■ ٢٦ ■

مامۆستای جوگرافیای داماو بە قوتابییەکان دەڵێ:

"ئەرز خڕە..".

نەوزاد دەڵێ:

"مامۆستا من بڕوا ناکەم ئەرز خڕ بێت!. ئەرز وەکو ناولەپ وایە، تەخت‌و ڕاستە.. قۆقز نییە!".

مامۆستا دەڵێ:

"کوڕم ئەوە گالیلۆو کۆپەرنیکۆس پێش سەدان ساڵ سەلماندویانە زەوی خڕەو بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە.".



نەوزاد دەڵێ:

"مامۆستا بەگوێری باوکم دوێنێ ئێوارە قسەکانی جەنابتم بۆ مەشەی چراخەلی‌و کەلای گوڵمرای‌و خاڵوو شێرە گێڕایەوە، ئەوان گوتیان: بیل گالیلۆو کۆپەرنیکۆس‌و جوغرافیا ئەفەندی شەکەر بخۆن.. زەوی هامارەو وەکو خایە خڕ نییە.. ئەگەر جاری تر لیوا بویشید وەخاڵوود ئویشیمن ئەوەنەی خەری بیدە لید..)).

مامۆستا دەڵێ:

"ئەگەر ئەبجارە چراخەلی‌و مراخەلی دید بوویشە پییان، شێخ موراد نەوەت زەوی خڕەو ئیمام ئەلی تا ناوکی بەرزی کردیسەو.."

نەوزاد قسەکانی مامۆستای بیر ناچێتەوە. دەبێتە کرێکارو هەر ڕۆژە بۆ شوێنێکی دەنێرن و ئەویش هەردەگەڕێتەوە بۆ خانەقی.

بەسرە ـ خانەقی

دهۆك ـ خانەقی

کووت ـ خانەقی

هەولێر ـ خانەقی

ئەوەندە نەوزاد ڕەوانەی شارانی تر دەکرێت‌و دەیگێڕنەوە بۆشوێنی دوور تر، بەڵام ئەو هەر کۆڵ نادات‌و هەموو توانایەك بۆ گەڕانەوە دەخاتە گەڕ.. ئیدی بڕوا بە قسەی مامۆستای جوگرافیا دەهێنێ، کە ئەرز خڕە..

ئەو ڕۆژەی کەلای تاماس یارگە کۆچی دوایی کرد، لەبەر ئەوەی پیاوێکی ناسراوی دەوڵەمەند بوو، سەدان خزم‌و کەس‌وکارو ناسیاوو نەناسیاو لەبەر دەرگاکەیاندا کۆبوونەوە, هەر هەشت کوڕەکەی خۆیان لە قوڕ گرت‌و بەدەنگی

زۆر بەرز باوکەڕۆیان دەکرد. ویستیان لە گۆڕستانەکەی پاشا کۆپری بینێژن، بەڵام زۆربەی شیعەکان پێیان باشترە لە نەجەف تەسلیم بەخاك بکرێ. سایەق تەکسییەکی چوختییان تووش دەبێ، کە لەسەر گواستنەوەی تەرمەکە رازی بووە، لە خانەقییەوە بۆ نەجەف. تا ئەو رۆژە نرخی گواستنەوە بە پێنج دینار بوو. ئەو رۆژە کابرای سایەق دەیەوێ پێی لێ داگرێو دەڵێ:

(لە بیستو پێنج دینار .. یەك فلس چەس نێتێمە خوار).

ئەکرەمی کوڕە بچووکی کەلای تاماس، کە تا ئەو چرکەیە هەر خەریکی قوڕ پێوانو باوکەرۆ دەبێت, سەربەرز دەکاتەوەو بەدەنگی بەرز بە سایەقەکە دەڵێ:

(ئەرا چەس؟ خەر کورە توپییە؟)

واتە :" بۆچی، چییە؟ کەری کوێ تۆپیوە؟"

■ ٢٧ ■

لە ئاهەنگی ئازارو نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ دا هادی غولآم تفەنگە پێنج تیرەکەی باوکی دەهێنێتە دەرەوەو دەیان گەورەو منالٚ لێی کۆدەبنەوەو چاوەڕوان دەکەن، گرمو هوڕ لەبەردەم ماڵی خالوو غولآم دەست پێ بکات. هادی میل دەهێنێتەوەو دایکی هاواری لێ دەکات رۆڵە هادی ئاگات لەخۆت بێت، دەستت بەرز بگرە، گوللە برایەتی نییە، با شادیو خۆشیمان لێ تێك نەچێ.

هادی روودەکاتە دایکی:

(دایە گیان هیچ ترسی ناوێ. با منالەکان پەنجە بخەنە گوێیانەوە).

هادی دەستی پیانێ... جارێ زامنی کە! هادی عارەقی شینو مۆری دەرداوەو چاو بەناو کۆلآنەکەدا دەگێڕێو تەماشایەکی سەربانەکان دەکات.



لەوچرکەیەدا سابیرە حەمحەم، کۆمەڵێك کۆتر باڵ دەداتەوە. هادی دەترسێ گوللەیەك بەر دەنووکی کۆترێك بکەوێ. لە پڕ دەست بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەدا دەنێ بەهەزارحاڵ گوێی لە چرکەیەك دەبێت. خالۆو خەلیل یەکسەر دەڵێت:

" دیارە دەرزییەکەی شکاوە!".

تفەنگە لەدەستی وەردەگرێتو دایدەژەنێ. یەکسەر هاوار دەکات:

"ئەمە هەر دەرزیی تێدا نییە!".

ئیدی هادی تێدەگات لەپاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە باوکی حەسحەسەو ئەم پێنج تیرەی پێیەو هەر لەیەکەم رۆژەوە دەرزیی تێدا نەبووەو پاش چارەکە سەدەیەك راستی ئاشکرا دەبێت.. زۆر راستی هەیە, قەت بەئاسانی سەر ئاو ناکەوێ...

بابە گیان!... لەشاری خانەقی رێلوەی ستیشن یان بانهۆف هەیە؟.. من ئێستگەی شەمەنەفەری بەرلینو برۆکسلو پاریسم بینیوە، بەجارێ بیست شەمەنەفەر خۆیانی پێدا دەکەنو بیست دەردەچن. بانهۆفەکان بازاڕی گەورەن (سوپەر مارکیت). ئینگلیزەکان پاش یەکەمین جەنگی جیهانی ئێستگەیەکیان لە نزیك پاشا کۆپری دامەزراند. لەوە دەچێ ئەم هێڵی ئاسنە بۆ نەوت گواستنەوە بوو بێت. ئەم هێڵە لقێکی بۆ پەروێزخانو قۆرەتوو دەچوو، لقێکی تری بۆ جەلەولا ، لەوێشەوە بۆ بەغداو کەرکوك. لقەکەی پەروێزخان هەر زوو هەڵوەشاوەتەوە. هێڵی جەلەولا تا ئەم ساڵانەش رۆژی دووجار هاتوچۆی دەکرد. ئیدی کۆتایی پێ هێنرا. ئەوانەی بۆ جەلەولاو کەرکوك سەفەریان دەکرد. کولیچەو نانو هێلکەو پیازیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا. بەشێکیان پەرەمێزیان پێ بوو بۆ چالێنان. لە رێگە دەبووە گورەگوڕی پەرەمێزو تەقەتەقی پیاڵەو

ژێرپیاڵە. لە هەموو گوندەکان لای دەدا. پیرێژنێك بە حەوت هەشت مریشكو زەمبیلە هێلکەوە خۆی پێدا دەکرد. مریشکە پێکەوە بەسراوەکان دەیان کردە باڵە فڕەو قیقو قاقو دەنووك وەشاندن. پیاوێك بە دوو سێ مناڵو بزنێكو سندووقێك تەماتەی گەورە گەورەی بە پونگە داپۆشراوەوە دەهاتە سەرەوەو سڵاوێکی لە دانیشتوان دەکرد. هەندێك نەرگەلەیان پێ بوو، لەرێگە دەمیان دەکردو هەر دەنگی هەڵمژینو بڵقەبڵق بوو، تا شەمەندەفەر دەگەیشتە وێستگەی جەلەولا..

نازانم بۆ خشتەی دەرچوونو گەیشتنی شەمەندەفەر هەڵنەواسرابوو؟ خەڵکەکە هەر بەمەزەنە دەیانزانی کەی دەردەچێت کەی دەگات. سایەقی شەمەندەفەرەکە کوڕی چاك بوو، چاوەڕوانی ڕێبوارەکانی دەکرد. هەندێ جار شەمەنەفەر دەیەویست تێی تەقێنێ، لەپڕ مایخانو سایەخان دەردەکەوتنو پێیان دەگوت:

"کەلای ناوخاس.. ئەوە بۆ کوێ؟ بەخوا چامان لێ ناوە.. چایەکی دیژلەمە بخۆرەوەو ئینجا خواحافیزتان بێت.."

ئیدی کەلای ناوخاس پێی جوان نەبوو، قسەی هاوڕێکانی بشکێنێ.. بە مسافرەکانی دەگوت:

"برایان.. ئەگەر چایەك نەخۆمەوە, ئەو برایانە بەخوا دڵیان لێم دەڕەنجێت.."



■ ٢٨ ■

لە بانهۆفەکەی خانەقی وێنەیەکی شاعیر جەمیل سیدقی زەهاوی هەڵواسرا بوو. لەسەر کورسییەك خەوی لێکەوتبوو. لەبن پێیدا نیو کیلۆ ئاغزە جگەرە بڵاوببووەوە. هەقە وەکو یەکەم ژینگەپارێز یادی بکرێتەوە.. لەبنەوە نووسرابوو"لە چاوەڕوانی رابەندرات تاغووردا" نازانم چاوەڕوانی گۆدۆی کردوە، یان تاغوور؟

لەبەردەم بانهۆفدا ـ مەحەتەی شەمەندەفەرـ ئەسپو عەرەبانەکان رادەوەستان. خەڵك بەسواری عەرەبانە دەگەڕانەوە بۆماڵی خۆیان. هەندێك لە عەڕەبانچییەکان تۆلەرانسیان هەبوو، ئەگەر مناڵێك خۆی بە پشت عەرەبانەکەدا هەڵواسیایە، لەمانە سەید نووری باوکی یەحیا بوو, قامچی نەدەوەشاند. بەشێکی تریان بەقامچی مناڵەکانیان دادەگرتەوە، بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە مناڵێك ئازاری بگات یان چاوی کوێر بێت!.

(بان ـ Bahn )ی ئەڵەمانی و (بان)ی کوردی وەکو ( ڕێگەوبان) تۆزێ خزمن چونکە هەردووکیان بۆ ڕێگەو(مدار) بەکاردێن, پەیوەندی هەیە لەنێوان: (بان ـ هۆف، ئۆتۆبان.. ڕێگەوبان) بەڵام بەمن نادۆزرێتەوە.

عەرەبانەچییەکان خانێکیان هەبوو، بەرامبەر (حەمام لەکلە) پێیان دەگوت: ( خان عەرەبانچی) ئەمە وەکو سینترالەی عەرەبانەکان بوو. رەمەزان کەچەڵو عەبوو خەمۆ ئەسپو تانکییەکەیان لەوێ بوو، پێش ئەوەی عەبوو ئۆتۆمۆبیلی پاکردنەوەی نوێ بکڕێ. ماڵی زۆربەی عەرەبانچییەکانیش هەر لەوێ بوون.. کاتێك ئەو((عەرەبانچی کوڕ عەرەبانچی))یە هاتە سەرحوکم، خانەکەی رووخان،

لەبری ئەوەی وەکو شوێنەواری کۆن بپارێزرێت. ئەسپو عەرەبانەو عەرەبانچیش لانەوازکران. گوایە ئەمانە مۆدێرنن‌و دژی دیاردەی دواکەوتنن.. لەزۆربەی زۆری شارە ئۆروپییەکاندا عەرەبانە هەیەو بەجوانترین شێوە رازێنراوەتەوە. پیاوی زۆر دەوڵەمەند نەبێ، ناتوانێ عەرەبانەو تریشقە بەکرێ بگرێت.. بۆ زەماوەندو ژن گواستنەوەی خەڵکی دەوڵەمەند عەرەبانە بەکاردێت.. خەڵکی لات‌و هەژاریش بە ئۆتۆمۆبیل هات‌و چۆدەکەن..

هەق بوو خانێکی وەك (خان عەرەبانچی) پاش دەست پێدا هێنان‌و چاکردنەوەی ریستۆراسیۆن، بکرێتە مۆزەخانە. نازانم ئەم خانە پێشتر ناوی چی بووە؟ خانەکان کاتی خۆی ناوەندی بازرگانی‌و ئابووری بوون. شۆفڵ‌و بلدۆزەر تێی کەوتن. تۆزێ ئەولاتر دائیرەی ئەمن، قوت کرایەوە. لەو وڵاتانەی هۆش‌و ئاگایی هونەری بیناسازی‌و شوێنەوار پێشکەوتوو ترە، هەوڵ دەدەن هەرچی قەڵای داڕووخاوو کەلاوەو ئاشە کۆن هەیە، بیبووژێننەوە، بۆ ئەوەی لە نێوان رابوردوو و داهاتوودا، پردی بەردەوام بوون هەبێ. لەنێوان کۆن‌و نوێ دا، پەلکەزێڕینەی هاو ئاهەنگی هەبێ. ئیتالیا بەهێزترین وڵاتە بۆ راکێشانی گەشتیارو گەڕیدەو سەیرانکەران، چونکە قەڵاو بازاڕو تەلاری کۆن بەباشی پارێزراون. گەشتیارەکان بەدەستی بەتاڵ بۆ رۆم‌و ڤینیتسیاو فلۆرنس‌و پیزا ناچن‌و بە لێشاو دراو دەڕژێتە بازاڕەکانەوە..

زیندووکردنەوەی ژیانی کۆن بۆ ئەمڕۆو داهاتوومان زۆر پێویستە. ئێمە رابوردوومان لەناو چرەدووکەڵی نەزانراودا شاراوەتەوە. داهاتووشمان لەناو تەم‌و مژی مەزەنەو رامانداهەڵگورماوە.

زانینی رابوردوو هەر ئەوە نییە، مێژوونووسێك یان جوگرافیا ناسێك



بەدێڕونیویێك ناوی شارێکی هێنابێت . یاقووت لەسەر خانەقی‌و جەلەولاو حەلوان چەند دێڕێکی بێسوودی بۆ بەجێ هێشتووین. ئەمە بۆ پرۆژەکانی داهاتوومان سوودێکی ئەوتۆی نییە. بڕوانە لەسەر بەغداو مووسڵ‌و بەسرەو کەربەلا چی نووسراوە، ئەمە لەچاو دەریادا, دڵۆپێکە.

لە وڵاتە ئۆروپییەکاندا، لەهەر شارو شارۆچکەو گوندێك، کۆمەڵەو رێکخراوی پارێزگاری شوێنەوارو ژینگەو سروشت‌و مێژوو هەیە. هەر بە پیتاك‌و باربوو، قەڵاو بورج‌و دیوارو خانووی کۆن، سەرلەنوێ دروست دەکەنەوە. هەر ناوچەیەك دەیەوێ زۆرترین گەشتیار بۆ لای خۆی راکێشێ. گەشتیار سەدان کیلۆمەتر بۆ بینینی دووکانی فیتەری‌و کەبابخانەو ئۆتێل‌و گازینۆ نابڕێ!. لەهەموو شارێك ئەوە هەیە. قەڵاو کەنیسەو تەلاری پاشاو میران سەرنجی گەڕیدەو گەشتیاران رادەکیشن. لێرە بازاڕی شەش سەد ساڵ لەمەو پێش وەکو خۆی زیندوو دەکرێتەوە. گەڕانەوە بۆ ئامێزی کەژاوەی سەدە ناوەڕاستەکان: جۆری چێشت‌و شێوەی نانخواردن‌و کتێب‌و جل‌و بەرگ‌و ئەسپ‌و عەرەبانە پیشان دەدرێت. لەو بازاڕانەدا کارو بەرهەمی پیشەی دەستیی کۆن دەفرۆشرێت: قاپ‌و کەوچك‌و یاریی منالانی لەدار دروستکراو.. هتد.

ئایا کتێب‌و دەسنووس لەسەر جل‌و بەرگ‌و مۆسیقاو رەسم‌و باخ پەروەردەکردن هەیە؟

گریمان دوو سێ لاپەڕەمان لەسەر مێژووی خانەقی چنگ کەوت، ئەدی چۆن شێوەی جل‌و بەرگ‌و پێڵاوو جۆری خواردن‌و خواردنەوەی هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر بدۆزینەوە؟

ناسیاوێکم هەیە ناوی دکتۆر نوعمان بابانە لەبنەماڵەی بابانە. لەسەر

بنەماڵەکەی خۆی زۆر کەم دەزانیّ. پیّم گوت: ( بۆ زانیاریت لەسەر باوو باپیرانت ئەوەندە کەمە؟)

یەکسەر گوتی:

(من بە منالّی لە خانەقی ژیاوم).

پیّم گوت:

(باشە، تۆ باسی خانەقینی چلەکانو پەنجاکانم بۆ بکە, منیش باسی بنەماڵەی بابانت بۆ دەکەم).

کاتی بەرچایی بەیانی، دیم تۆزیّ پەنیری لەگەڵ نان داناو بە کووپیّ قاوەوە بەرامبەرم دانیشت. پیّم گوت:

(ئەمە خواردنی بەیانیانی تۆیە؟).

گوتی: ( بەڵیّ! لەوە زیاترم پیّ ناخوریّ ).

گوتم: (دەزانیت مەحموود پاشای بابان، بۆ بەرچایی چی پیّشکەشی کلۆدیۆس ریچ کردوە؟).

گوتی: ( نەوەڵڵا نازانم!).

گوتم: ( بەگویّرەی گیّرانەوەکەی ریچ: بەرخیان کردۆتە بریانیو گۆشتی برژاوو کەباب و چەند جۆریّك شەربەتو ماستاو.. تاد ).

ئەو گوتی: ( برایان گویّ بگرن، بزانن با پیرانی ئیّمە بۆ بەرچایی چییان خواردوە.. ئەمە بەرچایی بیّت، دەبیّت نیوەرۆ چییان خواردبیّت؟).

نازانم ئەوانەی کۆن هاتوونەتە خانەقی چییان لەسەر شیّوەی خواردن نووسیوە؟.



هەرکەس قاپو کەوچی خۆی هەبووەو بە کەوگیر لەسەر سینییەوە برنجی داگرتووەو شلە کراوەتە قاپی قووڵەوە, یان بەو کەوچکەی چیّشت خوراوەو هەمان کەوچك بۆ هەموو شلەی قاپەکانی سەر سفرەکە بەکار هاتوە؟.

یابانییەکان بەچیلکە چیّشت دەخۆن، چیلکەی بەردەمت بۆ ناو چیّشتیّك دریّژکەیتەوە، ئیدی ئەوان ئەو چیّشتە ناخۆن.

مەشەی گوڵ مامەی دوو قاپی پڕ شلەی تەماتەو بامیەی بەنانی تیّ گوشراوەوە نۆش دەکرد. ئینجا هاواری دەکرد:

(دویّتلّە.. دویّتلّە.. کەوچگیّگ ئەرام بار، بیل ئەفەندی خۆری بکەم..).

ئەڵەمانەکان "شپارگل" یان لەهەموو خواردنیّك پیّخۆشترە. شپارگل یەك لەدەی کەنگر یان"کنگر" خۆش نابیّت. ئەم دوو رووەکە یەك خیّزان نەبن، خزمن. ئەوان شپارگلیان ماڵی کردوە, بە ملیۆن تەن دەیچننو داروبەردی ئەم وڵاتە شپارگلە. کەچی کنگری ئیّمە لەو شاخو دەشتە یاخی بووەو بۆمان ماڵی ناکریّت. دڵنیام ئۆروپییەکان کنگریان چنگ بکەویّت, شپارگلو شڤارتز ڤورتسل پشت گویّ دەخەن. کەنگری خۆمان ناسكو شیرینو بەتامترە، ئەوەی ئەوانیش جیرو ریشاڵ ریشاڵو تاڵەو ئەوەندەش شانازیی پیّوە دەکەن.

کەی لەنزیکی کەلی بیّشکان یان بەمۆ کیّڵگەی بەخیّو کردنی سووچەرِ دادەمەزریّت؟.

گرانترین گۆشت لە ئۆروپادا گۆشتی مەلو ئاژەڵی کیّوییە.بەشیّك لەو مەلو ئاژەلانە کەوی دەبنو ریستۆرانتی تایبەتی حەیوانو باڵندەی کیّوی هەیە بۆ ئەوانەی دارانو ئاگایان لە تەندروستی خۆیانە.

ئەی بۆ حەوزی بەخیّوکردنی ماسی نەبیّت؟ ئەمە کاریّکی زۆر گران نییە.

پێویسته راوکردن به"ژەهرە ماسی" و" قومبەلە" وەکو تلیاك قەدەغـه بكرێ.. حەوزی ماسی بەخێو کردن هەبێ، ئیدی کەس"ماسی ژەهراوی" ناخوات.

بۆچی لای سەرتەك و دەربەند بێلوولە هاوینەهەوار دروست نـەکرێت؟. هاوینەهەوارو شوێنی حەوانەوەو سەیران هەبوو، کەس بەدوای کێشەو گێروگرفتەو سەر ئێشەدا ناگەڕێت.

■ ٢٩ ■

کێ باخە هەنارەو بێلوولەو دەربەند بێلوولەی بینیوە؟

ماڵەکانی ئێستاو شوێنەوار تێکەڵاو بوون. دزەکان هەندێ گردی دەستکردیان وێران کردوە. ئەوان تەنیا بەدوای زێڕو وردە پەیکەرو بەردی لەسەر هەڵکەنراودا دەگەڕێن. چی وێران دەبێت، بەلایانەوە مەبەست نییە. دزەکان تۆڕی مافیای دزیی شوێنەوارن. ئەمانە برسیو بێ نانو بێ ئاو نین.. بۆ زانستی شوێنەوارناسیی مۆدێرن، تەنیا ملوانکەی زێڕو ئەمووستیلەو خەنجەر گرنگ نییە، هەر هەموو گردە دەسکردەکەو دەوروبەرەکەشی گرنگە. خانووبەرەو پەنجەرەو دەرگاو سەربانو کۆڵانو قاپو کەوچكو شوێنی زبڵ ڕۆکردن, بایەخدارنو شایانی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەن. زبڵدان، شوێنی پاشماوەی خواردنو جۆری ناندێنە(مەتبەخ) . دانی مرۆڤ تۆمارگەی زانیارییەکی بە پیتە لەسەر ژیانی خاوەنەکەی. لەرێگەی"گێن - تەکنیك" و پرۆگرامی ئەناتۆمی نوێی دانەوە، دەردەکەوێ خاوەن دانی سێ چوارهەزار ساڵ لەمەو پێش، نەخۆش بووە یان تەندروستیی باش بووە؟ جۆری نەخۆشیو جۆری خواردنو خەملاندنی تەمەنی ئەوکەسە..هتد, دەست دەکەوێ...



نابێ شوێنەوارێك لەلایەن کەسانی نەشارەزاوە دەسکاری بکرێتو بشێوێنرێت. هەیە هەر بە دڵسۆزی زیانی زۆر گەورە لە مێژوو دەدات. لەناو دەربەند بێلوولەدا کۆمەڵێك گۆڕستان هەبوو، نەهی سەردەمی ئیسلامو نەهی سەردەمی زەردەشتین. من خەڵکم بینیوە هەر لەخۆوە بەپاچو خاکەناز تێیان کەوتوە، بە حیسابی خۆیان دەیانەوێ دەوری(ئێرنست هێرتسفیلد) بگێڕێنو شتێکی نوێ بدۆزنەوە.. حەکیمو پزیشك هەر سەیری نەخۆشێك بکەن، دەزانن ئەوکەسە تووشی چی بووەو چۆن چارەسەر دەکرێت؟ پزیشك خوێندنی ئەکادیمی زانیاریی پزیشکی تەواو کرد، ئینجا سەر لە نەخۆشییەکان دەربکات. شوێنەوارناسی پێویستی بەخەڵکی ئەرکیۆلۆگ هەیەو دەبێ هەندێ دەزگای بینینی هەبێ. ئەگەر بە(سەتەلاید) لە ئاسمانەوە وێنەی هەوایی ناوچەکە گیرابێت، ئەوە چاکتر.. خەڵك هەر لەخۆوە دەست بداتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی شوێنەوار, تاوانێکی گەورەیە. هەروەکو سیاسەتەکەی لێ دێت. سیاسەتیش ئەوەی چوار کتێبی خوێندەوەو لەگەڵ سیاسییەکدا چوار چای خواردەوە، ئیدی لەپڕ دەبێتە سیاسیو بۆی هەیە سەری لە ئەتۆمیش دەربچێ:

(عەبەسە.. مەکتەب بەسە... وەتەوەلا.. بوومە مەلا).

کارەساتی ئێمە ئەوەیە، هەرکەس هاتووە وێرانی کردوەو کەس بەردێکی لەسەر بەردێك دانەناوە. شارەزاو لێزان هەبێ، رەنگە لەدەوروبەری خانەقی شوێنەواری زۆرتر بدۆزرێتەوە. مزگەوتو بینا کۆنەکان دەتوانرا بخوێنرێنەوەو بەردەکان بهێنرێنە زمان. چۆن ئەوە رەوایە لەسەر مێژووی پتر لە هەزارو چوارسەد ساڵ, چوار دێرمان لەسەر نەبێت؟

هەنگاوی یەکەم دامەزراندنی یەك مۆزەخانەیە، هەموو شتێکی تێدا

کۆبکرێتەوەو بپارێزرێت. شان بەشانی مۆزەخانە، دەبێ چەندین ڕێکخراوی پاراستنی شوێنەوار دروست بکرێت. دزو جەردەی دەرەکیو خۆماڵی، ڕێگەی دزیو تالانکردنی نەدرێت. ئەم ڕێکخراوە، دەبێ هەوڵ بدات دەسمایەیەك بۆ پاراستنی شوێنەوار پەیدا بکاتو ئینجا پسپۆران کاری خۆیانی لەسەر بکەن.

ئێمە پێویستمان بە پرۆژەیەکی ڕچە شکێن هەیە!

هەرچی دەسنووسو بەڵگەنامەو قەباڵەو نامەو وێنە هەیە کۆبکرێنەوە.. ئەم دۆکۆمێنتانە تۆزێ پوخت بکرێنو بڵاو بکرێنەوە، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ نووسینەوەی مێژوو. هەندێ دۆکۆمێنت هەیە، ئەوەندە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پێویستە، ڕەنگە بەهۆیەوە دەرگایەکمان بۆ بکرێتەوە, کە ئێمە ئێستا ڕەنگە خەیاڵمان بۆی نەچێ. مێژووی ژیانی کەسایەتیو ناودارانی شارو لادێ، زۆر سوودمەندە. نووسین لەسەر مێژووو میرنشینو هۆزو تیرەو تایەفەکانی دەوروبەری شار، ئەرکی سەرشانی نووسەرو ڕووناکبیرانە.

■ ٣٠ ■

ڕاستە مێژووی میرنشینی بابان، بەشێکە لە مێژووی شاری سلێمانیو مێژووی سلێمانی لەمێژووی بابان جیاناکرێتەوە.

مێژووی میرنشینی باجەڵانو جمور پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مێژووی شاری خانەقیدا هەیە. سەرەتا پایتەختی میرنشینی باجەڵان (دەرتەنگ)و (زەهاو) بووە. بەڵام هەر لە مەنەلیەوە تا هەورامانو لەم لاشەوە تا دەگاتە نزیك هەمەدان، ناوچەی دەسەڵاتی باجەڵان بووە. مێژووی باجەڵان بەدەستنووس هەیەو



کاتی خۆی لای مستەفا پاشای باجەڵان بووە. ئێستا ئەم دەستنووسە وەکو سەدان دەستنووسی تر لەسەر مێژووی کورد، بێ سەروشوێنە. ئومێدەوارم کەسانی دڵسۆز قۆڵی لێ هەڵکەنو هەوڵی دۆزینەوەی ئەم دەستنووسە بدەن. ئەگەر دۆزیانەوە، هەروەکو (حەبیب دگانکیش) دەیگوت: (نور علی نور). ئەگەریش نەدۆزرایەوە، چار نییە، دەبێ سەرلەنوێ مێژووی ئەم میرنشینە بنووسرێتەوە. من خەڵکی زۆر دەناسم، زانیاری باشیان لایە، بەشێکی نەوەی میرەکانی باجەڵانە لەخانەقین، دوور نییە هەندێ زانیاریو دۆکۆمێنتیان لا بێت. بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانە، دۆزینەوەی ئەڵقەیەکی بزری مێژووی گەلی کوردە!

سەربەست جموور، کەلەم ژیانی ئاوارەییەدا، تووشی مێردەزمەی شێرپەنجە هاتووە، لە ئینسکلۆپیدیایەکی زیندوو لەسەر ناوچەی خانەقی دەچێ، سەبارەت بەحەمەومین سالحانی/ مامی باوکی/ پرسیارم لێکرد. ئەو لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، نزیکەی حەڤدە ئینگلیزی گرتوەو بە پیاوەکانی گوتوە: بیانخەنە بیرەوە. دەوروبەری ساڵی ١٩٢١ ئینگلیزەکان دەیگرنو لە حەبانییە ئازارێکی زۆری دەدەن, هەر بەزیندوویەتی پێستی سەری دەگروون، پاش بەرەڵڵاکردنی بەماوەیەکی زۆر کەم کۆچی دوایی دەکات. ئەڵەمانەکان لەشاری خانەقی کونسولگەرییان هەبووەو تۆڕێکی هەواڵگری فراوانیان بەناو کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە. لەوە دەچێ ئەم حەمەومین ئاغای جموورە، بەهاندانی ئەڵمانەکان ئەم کارەی کردبێت. تا ئەم ساڵانەش لەهەندێ لە باڵوێزخانەکانی ئەڵمانیادا دۆسیەی تایبەتییان بۆ کردبووەوە. کاك سەربەست هەوڵی پەیداکردنی دۆسیەکەی داوە، ژمارەو ڕۆژی دۆسیەکەی بۆیان ناردبوو، کەچی گوتبوویان تۆ خزمی دووری ئەوکەسەیتو ناتوانین بۆتی ڕەوانەبکەین. لەشوێنی کەشەوە هەوڵ

درا، ئەو دۆسیەیە پەیدا بکرێت، بەداخەوە سەری نەگرت. بەگوێرەی دەنگوباسەکانی کاك سەربەست، حەمەمومین ئاغا پەیوەندیی لەگەڵ جەنراڵ (بەکر صدقی)دا هەبووە. پێش یەکەمین جەنگی جیهانی لە شاری خانەقی کۆنسولاتی ئەڵمانیا هەبووەو لە سەرجەمی ناوچەکەدا چالاکییەکی فراوانیان هەبووە!

ئاگاداربە:

گلۆڵە بەنی پێشنیازە تێکچڕژاوەکان, لەهەردوو قاچی قەڵەمە سەرخۆشەکەت, گیر نەبن و نووسینە ماندووەکەت سەرەنگرێ نەبێ و هیچ خۆی نەگرێتەوە. پێشنیازی زۆر وەکو بەردی زلە, بۆ هەڵگرتن و وەشاندن نییە. تۆ دەتەوێ مێژو بنووسیتەوە، یان چیرۆك؟

مێژووی شار هەیە، چیرۆکی شاریش هەیە! هیچ نووسەرێك خۆی لەقەرەی نووسینی ئەوتۆ نادات.. تۆ ئێستا ئەگەر لەخانەقی بوویتایە، دەتتوانی بەیانیان بچیتە چایخانەکەی(حەسەن شەل) و گوێ لەسەربردەی سی و پێنج ساڵ زووخاو رادێری. ئێوارانیش لە چایخانەکەی (ئەبو شوکر) دوو چات دەخواردەوەو دووسەد لاپەڕەت دەنووسی. ئەوانەی لە هەندەران دەژین، رەنگە نێوی خۆشیان بیر نەمابێت. تۆ پێویستیت بە چیرۆکی تەڕو تازەو پاراوە، نەك چیرۆکێك سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕی بێت. لە رۆژی ٩ نیسانی ٢٠٠٣ دا قۆناخێکی تر دەست پێدەکات. داری ئازادی بەناو شەقامەکانی شاردا پیاسە دەکات و لەگەڵ گەورەو بچووکدا تەوقە... دەست مۆچان دەکات..



## ■ ٣١ ■

بابە گیان!..

لەخانەقی حەوزی مەلەوانی و شانۆو تیپی سیمفۆنی ئەڵوەن و ئۆرکێسترا هەیە؟

دەنگەکان لەگوێمدا دەزرنگێنەوە:

(باوك قادر!. قادر وەماڵە؟).

(قادر وەماڵە.. وەبان ماڵە.. دڵی وەژانە..)

دەترسم بڕۆمەوەو گوێم لەدەنگی حەبیبی گسکفرۆش نەبێتەوە:

(کشی..کشی.. مکناشە .. مکناشە..).

ئەو پیتی(س)ی دەکردە (ش)و (مکناسە) وەرگێڕانە عەرەبییەکەی(گسك) بوو.

لەوەدەترسا خەڵك لە کوردییەکەی تێنەگەن, بۆیە بەوەرگێڕانەوە بانگی دەکرد.

رۆڵە گیان!

لەخانەقی جاران تیپی سیمفۆنیی و ئۆرکێسترا نەبوو، تیپی تانك و تۆپ، ئەمسەرو ئەوسەری شاری لێگرتبوین. هەر دوو رۆژ جارێکیش دەڕژانە ناو بازاڕەوە. شانۆ.. شانۆ.. لە سیەکان و چلەکاندا شانۆ هەبوو، لەشەستەکان بەدواوە نەما، تیپی شانۆ نیشانەی پێشکەوتن نییە: تیپی تانك و تیپی تۆپ, شەوان شاریان گوڵباران دەکردو بە برووسکەو چەخماخە، ئاسۆی تاریك و نووتەکی داهاتوویان رووناك دەکردەوە. شەو تا بەیانی دەیانلووراند، بۆ هێورکردنەوەی منالانی برسی و رووت و رەجاڵ.. بۆ ئەوەی کۆتری خۆشەویستی دڵی عاشقان

نەرەنجێن و بدەنە شەقەی باڵو ماڵئاوایی بکەن.

تیپی تانك و تیپی تۆپ، سەرە ڕێگاکانیان دەگرت، زۆر بە ناسکی و نەرمو نیانی دەستیان بەگیرفان و بەرباخەڵدا دەکرد، بۆ نوقڵ و چکلێت و هەنارو پرۆژەی کۆدەتای نهێنی و کۆدی چەکی ئەتۆمی دەگەڕان.. زۆر بە ڕێزەوە دەستیان بەناو پشتێن و بەنەخوێن و ناونەفەکی دەرپێکاندا دەکرد، بۆ شەمامەو زەردەبەی دەگەڕان.. نەیان دەهێشت دوو هێلکە بەر یەك بکەون، نەوەك دڵی بەحاڵ نووزە تێداماوی پشکێنراوان، گەرد بگرێ و هەستی خۆڵەمێشاوی بڕووشێ..

■ ٣٢ ■

ڕۆڵە گیان!...

من دەترسم، هەر زۆریش دەترسم، هەر زۆر زۆریش دەترسم! نە من شەقامەکان بناسمەوەو نەشەقامەکان من بناسنەوە. باپیرەم دەیگێڕایەوە، کە بەکاروان بۆ بەغدا چوون، پڕ گیرفانیان لە خەڵووز کردوەو سەری کۆڵانەکانیان بە خەڵووز نیشانە کردوە، بۆ ئەوەی لێیان تێك نەچێت. من پێویستم بە خەڵووز نییە، دەزانم پەلو پۆی کات وەکو چارەکە سەدەیەك لەمەو پێش لەکار کەوتووە، تۆزێکیش بەرەو دواوە هاتووە. بەڵام مەلە سرکەکان دەستەمۆ نابن و هەر ڕۆژە لە شوێنێك هێلانە دەکەن.. دەزانم ئاوی ڕووبارو جۆگاکان، ڕاناوەستن و هەمیشە لەسەفەردان.. دەترسم ڕۆژی دەجار وەکو کاك عادلم لێبێت:

کاك عادل موراد تەلەفۆن بۆ وەزیرێك(جەبار فەرمان) دەکات. وەزیر لەوێ نابێت و ئەو بە سکرتارییەت دەڵێ:



(ئەگەر وەزیر هاتەوە بڵێ: عادل موراد تەلەفۆنی کرد).

ئەو کیژەی بەشی سکرتارییەت دەڵێ: عادل موراد کێیە؟

کاك عادل هەندێك ڕوونکردنەوەی تری پێشکەش دەکات، هیچ سوودی نابێت. دوبارە بە کچە دەڵێت: (تۆ ناوت چیە؟)

کچەکە دەڵێت: ( من ناوم سۆلاڤە).

کاك عادل دەڵێت: ( خەڵکی کوێیت؟ )

ئەویش دەڵێت: (من خانەقینیم).

کاك عادل بەبیستنی وشەی خانەقی وریا دەبێتەوەو بەلایەوە سەیر دەبێت، خانەقینییەك نەیناسێتەوە.

یەکسەر دەڵێ:

(کام شوێن؟.. کام گەڕەك لەخانەقی؟)

کچەکەش دەڵێت:

"بانمیل!".

وەڵامەکەی سۆلاڤ خان برووسکەیەکی کوتوپڕ دەبێت بۆ تەپڵی سەری کاك عادل، چونکە کاك عادل بەرەچەڵەك بانمیلیەو هەموویان خزموکەس وکاری یەکترن. لە هیچ کوێ نەلە (بانمیل) یەکێك هەبێ و نەیناسێتەوە!

ئەمجارەیان کاك عادل بە سۆلاڤ خان دەڵێت:

بانمیلی و سۆلاڤ ؟"

من زۆرجار لەدڵی خۆمدا دەڵێم: (ئێمە وەکو- أصحاب الکهف - مان لێ هاتووە! نەکەس دەناسینەوەو نەکەسیش دەماننناسێتەوە!)

لەو دیو چیخەکەوە، میمکە خانم سەری بەرز کردەوەو گوتی: (مەلا جافر!

خزمەکانی ئێمە خاسیان تێدا نییەو بەخوا هەر هەموویان زۆر زاڵمن).

خزمەکانی میمکە خانم هەر هەموویان گوێیان تێوە بوو. کەس نقەی لێوە نەهات. هەرهەموویان زۆر لەدەمی دەترسانو منیش نەمویست هیچ لایەك لەخۆم بووروژێنم ..

گوتم: (میمکە خانم قەزات لەماڵم کەوێ، چۆن هەموو قەوم زاڵمن؟).

گوتی: (مەلا جافر! بێ قەزاوی، لە قورعانیش نووسراوە قەوم ئەلزاڵمین ـ قوم الظالمین ـ واتە قەوم زاڵمەو باشیان تێدانییە).

مەلا جافر!.. تۆ لە روانگەی نێرینەوە دەڕوانیتە رەوتی مێژوو، من وەکو فەمینیستێك بیردەکەمەوەو رووداوەکان هەڵدەسەنگێنم. گۆشە نیگای تۆ یەکلابینە (مۆنۆکاوزال)ەو هەر یەك دیو, یەك لایەن دەبینی، هەمیشە: فەیزە کەبابچیو لاتووخ و دەروێش عەلی و نازم قەمبوور و ئیبراهیم فافۆنفرۆش و عاکف بەربەرو حەسەن شەل و ساڵح کەڕت لەبەرچاوە و بزەی کیژێکی جوان و نیگایەك و لارولەنجە و بسکی خاو بەدی ناکەی!.. جیاوازیی تۆ و دەوارنشینێکی بیابانییەکی هەزاروچوار سەد ساڵ لەمەوپێش چییە؟

کۆمەڵ بریتی نییە لەپیاو، ناڵێم پیاو بەشێك نییە لە کۆمەڵ، پیاو بەشێکی باڵادەستی چارەنووسسازی کۆمەڵە. لێرەو لەچینو ماچینو ئەمریکاش هەروایە. لەهەموو شوێنێك (کار)ی ژنان یان (کاری ژنانە) بەشێك نییە لەسامانی نەتەوەیی. ئەگەر ژن رۆژی ٢٤ سەعات، ساوای بەبەر مەمکانەوە بێت، پیاو دەتوانێت نیو سەعات ئاگای لێبێت؟ قاپ شتنو ناوماڵ پاکردنەوەو بازاڕکردن (کار) نین؟ پێناسەی(کار) لەکۆمەڵی ئەمڕۆدا هەڵەیە. تەنیا کاری کارگەو فەرمانگەو ئۆتۆمۆبیل ئاژووتنو نانەوایيو سەرتاشینو شێلم فرۆشتن کارە!. ئەی



کارەکانی تر، ئێمە نەیکەین کێ دەیکات؟

راستە میدیای ئەمریکا( عدسات)ی خستۆتە سەر: جۆرج بۆشو کۆڵن پاوڵو رۆکفیلەر، بەڵام ئافرەتانیش دەکەونە بەرچاو، چونکە کۆمەڵ تەنیا کۆمەڵی پیاوان نییە: هیلاری کلینتۆنو مادلین ئولبرایتو کوندۆلیزا رایسو مۆنیکا لوینیسکیو شانیا تووینو ئەشانتی, لەناوەندی رووداوە سیاسیو هونەریو ئابوورییەکانن...

مەلا جافر دونیا گۆڕاوەو تۆ ئەمە هەزارو چوارسەد ساڵە وەکو خۆت بیردەکەیتەوە. یەك هەزارو چوارسەد ساڵە تۆ بیرناکەیتەوە. یەك هەزارو چوار سەد ساڵە بڕیاری بیرنەکردنەوەت داوە. لەکەناری قاپی سەر مێزەشکاوەکەتەوە، سەیری جیهان دەکەیتو ئەودیوی قاپەکە نابینی. تۆ دەبێ ئەم نووسینەت سەرلەنوێ بنووسیتەوەو تیشك بخەیتە سەر ژنانی شارەکە.

## ■ ٣٣ ■

ئەو رۆژەی قەمەرناز لەقەراخ چەمی قۆرەتوو, بەگاڕان خوریی دەشت، عەلی برای منال بوو، کاڵەکی دەخواردو توێکڵەکەی تووڕ دەدایە ئاوەکەوە. وردە ماسییەکان لەهەر چوار لاوە هوروژمیان بۆ توێکڵە کاڵەك دەهێناو ئەو منالە لەزەتی لەدیمەنی هێرشو پەلاماری ماسییەکان دەبینی. ئەسپی سوارێك, راچەنی، کە ئەو چرکەیە ئاوی دەخواردەوە, کابرای سوار، تفەنگێکی بەشانەوە بوو، سێ ڕیز فیشەکدانی لەخۆی دابوو، دەمانچە، خەنجەرو جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕکردبووەوە..ئەسپەکە لەئاو خواردنەوە سڵمییەوە، سوارەکە تووڕە بوو. عەلی وەبەر قەمچیان دا. قەمەرناز هەرچی هاواری لە کابرا کرد، ئەو هەر لە لێدان

بەردەوام بوو. کابرا هەر ئەوەندەی خۆش بوو، میمکە قەمەرناز بە تێلاوە وەکو پڵینگی بریندار لێی دەرپەڕی. یەکەمین کوتەك، کابرای لەکۆڵی ئەسپەوە بۆ ناو ئاوەکە بەردایەوە. ئیدی نەیهێشت کابرا چاو بکاتەوەو کردییە پۆڕی خوراو. پێی دەگوت:

"ئەم هەموو ئەسپو تفەنگو خەنجەرو دەمانچەیەت بۆ رۆژی تەنگانە هەڵگرتووە؟"

بەدرییە عەرەب یەکەمین ژن بووە سەرکردایەتیی راپەڕینی ساڵی ١٩٤٦ ی کردوە دژی گرانی و برسێتی.. لە پێشی پێشەوە خۆپیشاندان بووەو یەکەمین کەس بووە، کە پەلاماری عەماری گەنمی داوە.

یەکەمین ژن لە لایەن رژێمەوە لە سێدارە بدرێت (( لەیلا قاسم)) بووە، بۆ کچانی ئەڵوەن لەسەر ئەم خوشکەیان یەك دێڕ نانووسن؟

سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق داوای لێکردبوو پەشیماننامە بنووسێتو داوای لێبوردن بکات! دیارە تۆزێ پێی زەحمەت بووە, بەقەڵەمی ئەو, ئیمزای بڕیاری ئیعدامکردنی یەکەمین ژن لەمێژووی عیراقدا بکرێت, کە لەسەر بیرو باوەڕو هەڵوێستی پەتی هەڵواسینی بخرێتە مل!

وەڵامی بەجەرگانەی لەیلا قاسم بۆ سەرۆك کۆمار یەك رستەی جەرگبڕ بووە:

(( من داوای لێبوردن لەگەلەکەم دەکەم, کە ئەوەندە نەژیام, بتوانم پتر بەدڵ خزمەتی بکەم! من زۆر بەگەنجی شەهید دەبمو ماوەیەکی زۆر کەم خەباتم بۆ گەلەکەم کردووە.. داوای لێبوردنو پەشیمانی بۆ هیچ کەسێك نانووسم..))

سەعدیەی خێزانی محەمەد ستیف، شان بەشانی پێشمەرگەکانی تر، ساڵی ١٩٧٤ تاقە ژن بوو، لەسەر دژە ئاسمانی بێتو لەگەڵ مێگو سیخۆیو باجەردا



شەڕ بکات.

تۆ هەموو جارێ باسی (هەڵۆی سوور) دەکەیت، بەڵام باسی (تەواری سوور) وەسفیە بەنی وەیسی ناکەیت، کە چەکی بۆ بەغدا گواستۆتەوەو ماوەیەکی زۆر پێشمەرگایەتیی کردوە؟

تۆ هەر دەنووسی رۆڵەکانی ئەڵوەنو نانووسی دوێتەگان ئەڵوەن.... ئەرا؟

ئەدهەم باقی ساڵی ١٩٥٨ ووتوویە:

١- حیزبی کۆمۆنیستی عێراق قەت نایەتە سەر حوکم.

٢- فەلەستین رزگار نابێ.

٣- دەوڵەتە عەرەبییەکان قەت یەکناگرن.

٤- خەلیل فەرەج قەت پاکەتی جگەرە هەڵناگرێ.

من لە دۆمینەو تاوڵەو کۆنکانو سیاسەتو ئەزنیفدا بەختم نییە. هەرچۆنێك زار هەڵدەدەم، پێچەوانەی ئەوە بۆم دێت، کە من دەمەوێ.

رۆژێك (بیبی خانم) پێی گوتم:

(قوزە کەمتیار پەیدابکە!. بڕۆ بۆ ئەو شاخەو بەدوای کەمتیاردا بگەڕێ، ئیدی پاش ئەوە بەخت یارت دەبێتو لە دۆمینەو تاوڵەو سیاسەتو ئەزنیفدا سەرکەوتوو دەبێت..)

منیش پێم گوت: (بیبی خانم، دەترسم! هەر زۆریش دەترسم! لەوەشدا بەخت یارم نەبێت، لەبری کەمتیاری مێینە، کەمتیاری نێرینە بپێکم)

ئەوکاتەی ئێمە تازە دەستمان دابووە سیاسەت، دونیاکە وەکو ئەمڕۆ نەبوو، هەموو تۆپەڵە قوڕی بەدەمەدا درابێت.. شەقامەکانی شار رەخنە رێژکرابوون. بەرووی رەخنە لەدەمماندا تەقیبووەوە. فلیمی (کاوبۆی) چۆن هەریەکە دەبڵ

دەمانچەیان بەلاقونانەوەیەو هەر ئەوەندەت زانی قلێشایەوە, لای خۆشمان وەکو تکساس هەریەکە دەبێ دەمانچەی رەخنەی بەلا قونانەوە دەبەستو هەر ئەوەندەت زانی رەخنەی گوللە، یان گوللەی رەخنە بەبن گوێتا گیزەی هات و پێنج شەش لاشەیەکیان بەوناوەدا بلاوکردۆتەوە.

■ ٣٤ ■

خەڵك رەخنەی لەدارو بەردو چۆلەکەو پاساریش دەگرت. رەشید ئەسوەد دەیگوت: ژنەکەم! دڵم خۆشە دەڵێم : ژنەکەم! ژنی خەڵك هەمووی قەڵەمی، ناسك، لێو تەنك، شۆخ و شەنگ، ئەوەی من لەعەسکەری فیرار ئەکات. شەو، کە ئەچمە لای، پێم وایە بەزۆرەملێ (عمل الشعبی)م پێدەکەن. هەموو رۆژێ، چینێك باوكو دایكم بەسابوونی رەقی ئەشواتو دوو کیلۆ گوڵە بەرۆژەش ئەتەقێنێ.. سەد جاریش داوای چوونە هەندەرانم لێئەکات..)

مامە حەمە پێی گوت:

(ئەوەی بچێ بۆ خاریجو ژنەکەی لەگەڵدا بێت، وەکو ئەوەیە بچێ بۆ ریستورانتو سەفەرتاسی پێ بێت!)

تۆ بەهەڵە لە ئۆروپا تێگەیشتووی!

دەتەوێ خێزانەکەت بپارێزیتو منداڵەکانت داهاتوویان هەبێ؟

هاورێ تۆ هەڵەیت! منداڵەکانت لە ئاگر دەرباز دەکەیتو رەنگە ئاو بیان بات. شیرازەی خێزانی رۆژاوایيو رۆژهەلاتی یەکێك نییە. پەیوەندیی ئەندامانی خێزانی ئێرە شل و شێواوەو هەزارو یەك کەلێنی تێکەوتوە. کەسایەتیی باوك وەکو ( داوڵی بێستان)و ( بووکە بەبارانە)ی لێهاتوە، کەس پرسە گورگانەیشی



پێناکات. منداڵەکانی تۆ، لەنێوان کلتووری رۆژهەلاتيو رۆژاواییدا، بزر دەبن. رێگەی یەکەمیان بیردەچێتەوەو رێگەی دووەمیش فێرنابن. لە رۆژهەلاتدا باوكو مامو خاڵو ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزاو دراوسێو ناسیاوی بۆیان هەیە گوێی منداڵەکەت بادەنو تۆزێ تەمێی بکەن. لە ئۆروپا دەستت بەر گوێی پشیلەیەکیش بکەوێ، دەیان ئۆتۆمۆبیلی پۆلیسی فریاکەوتن لێت کۆدەبنەوە. پێشکەشی دادگات دەکەنو بیست جۆرە سزات بۆ دەبڕنەوە.

منداڵەکانی تۆ ئەوەندە هۆگری مەلەوانيو تۆپ تۆپێنو دیسکۆ دەبن، نیو ئەوەندە هۆگری باوكو دایك نابن. فێرگەو باخچەی منالانو یانەی وەرزشو بەرێوەبەرانی پەروەردەی کۆمەلایەتی، راستو رەوان بەمنداڵ دەڵێن:

( باوكو دایك بۆیان هەیە ئامۆژگاریتان بکەن. بۆیان نییە گوشارتان بخەنە سەرو لێتان بدەن. ئەو منداڵەی هەرەشەی لێکراو زەبروزەنگ بەرامبەری بەکارهێنرا، ئەوە ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیسە، نیوە شەویش بوو تەلەفۆنیان بۆ بکەن، بە پێنج دەقیقە فریاتان دەکەون)

لە رۆژهەلاتدا دەتوانیت بڵێیت:

(کەری خۆمەو گوێی ناڵ دەکەم!). لێرە باوكو دایك بەر پرسیارن، بەلام هەرکەسێك خۆی خاوەنی ژیانی خۆیەتيو کەس بۆی نییە، دەستدرێژی بکاتە سەر سنووری کەسایەتی کەسی تر. منداڵەکانت کۆترێکنو دەدەنە شەقەی باڵ، مەگەر تۆ لە زانستی پەروەردەدا بلیمەت بیتو بەجۆرێکی زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ماڵو منداڵ بکەیت. نیشتمانی نوێ، دەبێتە دایکیانو بەشیری ئەویش فرچك دەگرنو نیشتمانی کۆن، بەرەبەرە لەسەر پەردەی مێشکیان دەسرێتەوە!

■ ٣٥ ■

دەزانیت جووتیارێکی کورد چەند شانازی بە جوامێریو کەسایەتیی خۆیەوە دەکات؟. بڕۆ بەردەم ماڵەکەیو سەر بە دەرگاکەیدا مەکەو پیاڵەیەك چا مەخۆرەوە! یەکسەر پێت دەڵێت:" بۆ ماڵەکەی من بەماڵ نازانیت؟" دوورنییە هەر هەموو ماڵەکەی بایی نۆسەد دۆلاریش نەبێ. ئەوەندەی ئەو خۆی بە پیاو دەزانێ, رەنگە ئۆروپییەك هەزار ئەوەندەی ئەویش داراو دەوڵەمەند بێت, کەچی نیو ئەوەندەی ئەوی  شانازی بەخۆیەوە نەکات. ئەڵەمانم بینیوە خۆی بەتەنیا, ئەوەندەی هەر هەموو جووتیارەکانی گەرمیان سەروەتو سامانی هەبووە, کەچی ئەو یەك لەهەزاری جووتیارێکی گەرمیانی خۆی بەپیاو دانەناوە. ئەو جووتیارە ئامادەیە گیانی خۆیو منداڵەکانی لەسەر لەپ بۆمیوان دانێ ....

ئەو رۆژەی شاندێکی دپلۆماسی ئەمریکی بەرز بەسەرۆکایەتی (کۆلن پاوڵ) وەزیری دەرەوە, دەگاتە هەڵەبجە, لەوێ ئاهەنگێکی زۆر گەورەو گرانی بۆ سازدەکرێت. وەکو رێزو نەوازش بۆ میوانی پایە بەرز، سفرەو خوانی بۆ دەرازێنرێتەوە: گیپەی شیلاوگو چەند سەرو پێیەك، بەتایبەت لەبەردەم میوان دادەنرێت. کۆلن پاوڵ لەو رۆژەی میوانی کراوە تا ئەو رۆژەی دەمرێت, دیمەنی سامناکی سەروپێی کولێنراوو زمانی دەرکێشراوو چاوی دەرپەڕیو, دێتە خەویو چرکەیەك لەبەر پەردەی چاوی بزر نابێت..

بابە گیان!

لەشاری خانەقیدا ئەندەرگراوندو تراموایو پاس هەیە؟

منالەکان چۆن بۆ فێرگە دەچن؟



باوکی منالە خوا پێداوەکان، بەیانیان هەر بەپیجامەوە، سواری پاسکیلەکانیان دەبوونو نانی گەرمو گێمەڕیان دەکڕیو لەسەر دەستی چەپ دایان دەنانو بەدەستی راستیش سوکانی پایسکیلەکانیان دەگرتو ((بەیانیت باش))یان لەزۆربەی پایسکیل سوارەکانی تر دەکرد.

شووشەی پەنجەرەی پۆلەکان شکاو بوون. چلەی زستان سەر مێزە ساردەکان دەیبەستو رەمووزنی سەرما وەکو سەگی هار خۆی بە ژوورەکاندا دەکردو دەیەویست لە باخەڵی ئێمەدا، دەستە تەزیوەکانی گەرم بکاتەوە. خانەقی دوورگەیەکی سەوز نییەو لەسەر دەریای زێڕی رەش مەلە ناکات. قوتابییەکان ئەوەندەی بیریان لای قۆڕەی ورگیانو هێرشی سەرما بوو، نیو ئەوەندە مێشکیان لای ((کان وخبرکان ومرفوع ومنصوب..)) نەبوو.

هاوینو زستان یەك کراسی تەنکی لەبەر دەکرد، بۆ ئەوەی سەرمای نەبێتو نەخۆش نەکەوێت. لەسێ ساڵیدا کەسایەتیی مرۆڤ دروست دەبێتو هەر ئەوکاتەش هەرەس دەهێنێت.

(( كل واحد يچچي، أخزله، أرزله، العن أم و والديه، أكسر الطباشير والسبورة والتنكة على راسه وأخلي القندره بحلگه..))

(( أيهاالأطفال أنكم رجال الغد و آمال المستقبل)) نوری الحاج/ هنا مآسي و مخازي خانقين/ عواصف ثلجية شديدة في موسكو ونحن نلبس المعاطف السميكة، تعاطفاً معهم..).

ئەم کوڕە کوڕێکی زۆر رێكو پێکە؟

بەڵێ! کوڕێکی زۆر رێكو پێکە، چارەکێکی دوو پێکە!.

خانەقینی رەسەن شت لەدڵ ناگرێت بەرامبەر هەڵو کەمو کورتی ئەمو ئەو،

بیر لەتۆڵەو تۆڵەسەندنەوە ناکاتەوە. گیانی لێبوردن ـ تۆلەرانس ـ بەسەر خەڵکدا زاڵە. قەت حەز لەمل شکاندنو زیان پێ گەیاندنو پاشقولگرتنو چاڵ بۆ هەڵکەندن ناکەن. بەرامبەر بەرد تێگرتن (بەرق) تێگرتنم بەدی نەکردوە. گەورەیی نواندنو پیاوەتی کردن باشترین وەڵامە بۆ راستکردنەوەی هەڵە.

کابرایەك وەختێ ویستبووی سالح رۆستەم خانی جموور تیرۆر بکات، گوللەیەکی پێوە نابوو، بەڵام نەیپێکابوو. سالح رۆستەم خان بەبێ شلەژان پێی گوتبوو:

(کابرا تۆ نازانی تفەنگ بەدەستەوە بگری، بۆ هەولی کوشتنی خەڵك دەدەیت؟)

## ■ ٣٦ ■

ئەو رۆژەی عەبدوو تفەنگ لەدەستی دەرچوو (صادق شەریف)ی پێکا. سادق تکای لە پێشمەرگەکان کرد، لە گولێك کالتری پێ نەلێنو ئەم لاو ئەولای تێر ماچ کرد. دەست بەدامێنی منیش بوو، نەهێڵم هیچی لێبکەن. ئێوارەیەك پێش ئەو رووداوە دڵتەزێنە، گوتم:

(عەبدوو تکات لێ دەکەم، کاتێك دەست بە بەلەپیتکەدا دەنەی, لوولەی تفەنگەکەت، ئاراستەی خەڵك مەکە، ئەمە لەناو عەشایەردا زۆر ناشیرینە..).

عەبدوو.. قاقا پێدەکەنیو بە پێشمەرگەکانی تری دەگوت:

(ئەمانە پێشمەرگەی نوێن..).

منیش یەکسەر نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات:

( ئێمە هەر لەناو تفەنگدا گەورە بووینو هەزاران کەس هەروا بەلەدەست



دەرچوون کوژراونو ئەمەی تۆ دەیکەیت هونەر نییە!).

تا ئەو رۆژەی دەمرم، چریکەی شەهید صادقم بیرناچێتەوە:

(بژی کوردستان .. بژی پێشمەرگە..)

لەناو خوێنەکەی خۆیدا دەگەوزاو تلی دەدا، کاتێك لەبناری شاخی زەردە هاواری دەکرد. نازانم چۆن ئەو شاخە کڕنووشی نەبرد و دانەڕووخا!

هەموو خەونێکی صادق ئەوە بوو ( گۆڕانی چۆنایەتی) لە شۆڕشدا بێتەدی، پێش ئەوەی چەك بکاتە شانی، دەستی نەزانی ساردی کردەوە.. ئێستاش من خوێنی شەهید صادق دەبینم، بەژنو بالای، کە زۆر لەشاخی زەردە بەرزترە, دەبینم..

شینو شایی کامل فەتاح باشچاوەش، یەکێك بوون. رۆژی زەماوەنەکەی هاوڕێیەکی گوللە لەدەستی دەرچوو. ئەویش داوای لە بەرپرسیارانی ناوچەی خانەقی کرد، لێی ببوورن. شینو شایی عاشقێك تێکەڵاو بوو.

کاتی خۆی بە خالۆ(خانەوەگ)م وت:

(ئێمە ئۆتۆمۆبیلو رادیۆو کارەباو فلچەی دانو بۆینباخو نینۆکگرو چەقۆو چەتالمان لە رۆژاوا وەرگرتوە, با (تۆلەرانس) لێبوردنیش لەوان وەربگرین؟)

ئەو دەستێکی بەریشیدا هێناو پێی جوان نەبوو، یەکسەرو راستەوخۆ پێم بلێ:

(تۆ هەڵەیت... وانییە...)

ئەو گوتی:

(تۆ گەنجیت، مێژووی ئەم شارە نەنووسراوەتەوە, تاکو تۆ لاپەڕە لاپەڕە بیخوێنیتەوە..ئینجا بزانیت گیانی لێبوردن لای ئێمە چەند بەهێزە.. من دەورانی

هاتنی ئینگلیزم بیرە.. مخە شێتێك لەم شارەدا هەبوو، دەستی بۆ ناو گەڵی ژنان دەبردو (کالان)ی دەگرتن. هەمووکەس دەیزانی "مخە" شێتەو کەس نابێ لێی بگرێت. کابرایەکی ئینگلیز حاکمی شار دەبێتو رۆژانە لەگەڵ (مەدام) ەکەیدا بەناو بازاڕدا پیاسە دەکات. "مخە" بەلایدا تێ دەپەڕێتو یەکسەر دەست بەناوگەڵی (مەدام) دا دەکاتو توند (کالان)ەکەی دەگرێت. حاکمی ئینگلیزی پشت ملی "مخەشێت" دەگرێتو پاسەوانەکانی سواری سەری دەبن. هەرچی پیاو ماقووڵو ڕدێن سپی ئەو ناوە هەیە، لێیان کۆدەبنەوە. حاکمی سیاسیی ئینگلیزی دەڵێت:

"من هەقی خۆم لەم کابرایە دەسێنمەوە.. تۆڵەی لێدەکەمەوە" .

ئەو خەڵکەش پێی دەڵێن :

"بابە ئەمە شێتەو لەم وڵاتەدا کەس لە شێتو مناڵ ناگرێتو تکات لێدەکەین بیبوورە..".

کابرای ئینگلیز شێتو هار دەبێتو هاوار دەکات:

"من هەقی خۆمم دەوێتو دەبێت بەبێ سزا نەڕواتو لێبوردن نییە!"

ئەو خەڵکە پێی دەڵێن:

"مستەر! جەنابی مستەر! لێبوردن چاکترە!".

کابرا بەلەسەتر دەبێت:

"دونیا ژێرو بان بێت هەقی خۆمم دەوێت!"

ئەو خەڵکە دەڵێن:

" تۆ بڕوات بەدادپەروەری هەیە. مەسیح دەڵێ:"

"گەر یەکێك لەگۆنای راستیی دا، تۆگۆنای چەپیشت بەر زلەی ئەو بخە..



ئیسلام داوای (العين بالعين والسن بالسن) دەکات. تۆ ئەمڕۆ وەکو موسڵمانان بکە!"

کابرا زۆری پێ سەیر دەبێت و دەڵێت:

"چۆن وەکو موسڵمانان بکەم؟"

دەڵێن:

"هەر زۆر ئاسانە! تۆ ناتەوێ دادپەروەریو یەکسانی هەبێ؟"

دەڵێت:

"بەڵێ!"

دەڵێن:

"باژنەکەت خۆی شێت بکاتو بەربێتە ناو ئەم شارەو کێری پیاوان بگرێت!"

## ■ ٣٧ ■

سەرەڕای گیانی لێبوردنو دڵفراوانی، خانەقینییەکان لە دەستدرێژیی ناهەق بێدەنگ نابن. لێبوردن دەبێ لە جێگەی خۆی بێتو نابێ لە دەستدرێژیی ناهەقی چاوپۆشی بکرێت.

ئەو رۆژەی کاك حوسێن لیتاو وێنەکەی خۆی لەسەر تابلۆ هونەرییەکەی ماجد شالیار دەبینێت، ئەویش خراوەتە ریزی یەحیا سەید نووریو کەمال دەلیو عیدانو عەزەو کازیو مەمی جەمشیرە.. هتد, چاوی دەپەڕێتە پشت سەری. چونکە ئەم (تابلۆ هونەری)یە، لەسەر کارتی تەلەفۆنی شیروانە چاپ کراوەو بەهەزاران کارت بەسەرانسەری جیهاندا بڵاوکراوەتەوە. ئەمە بەگوێرەی یاسا،

ناوزڕاندنو رووشاندنی هەستو نەستی کەسێکی ترە. کاك حوسێن پارێزەرێکی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی ماجد شالیار، لەسەر تاوانی ناوزڕاندنو هەست رووشاندنو زیان بە خەڵك گەیاندن، بدرێتە دادگا.. لەسەر داوای ناوبژیکەرو پیاو ماقوولان، داوای بەدادگا دان رادەگرێ..حاکمەکە پێشتر لێی دەپرسێت, کێشەکە داخرێت باشترە. وێنەکردنی ئەو لەگەڵ یەحیا سەید نووریو کەمال دەلیو عیدانو عەزەو کازیدا هیچ ئیهانەیەك نییە بۆ ئەو. حوسێن لیتاو بە حاکمەکە دەڵێ:

"ئەگەر هونەرمەندێك وێنەیەکی تۆ لەگەڵ عەباس نانەوادا بلاوبکاتەوە, ئاساییە؟"

حاکمەکەدەڵێ:

"تۆ لەسەر هەقیت".

ئیدی دەمی حاکم دەبێتە تەڵەی تەقیو.

**خۆر دەرچووی.. خۆران دەرچووی**
**محەمەد عەلی..لە کونا دەرچووی**

ئەمە سروودی نیشتمانیی منالان بوو بۆ تووڕە کردنی عەلی چایچی. ئەو چایچییە داماوە، چایخانەکەی داخستو هێندەی پێ نەچوو، چایخانەیەکی تر لەم سەری کۆلانەکە کرایەوەو ئەو داماوەش هەر بەرێکەوت ناوی محەمەد عەلی بوو. کەسیان محەمەد عەلی پاشا نەبوون. قوڕ بەسەر ئەوەی ناوی محەمەد عەلی پاشا نەبێو چایخانە لەکۆلانەکەی ئێمەدا دەکاتەوە.

**محەمەد عەلی شەواڵ کەو**



## تەقتەقەگەی نیمە شەو

زۆرمان بەلاوە سەیر بوو، ئەم حەمە عەلییەش وەکو حەمە عەلی پێشوو، شاخو باڵی لێدەڕوا, کاتێك کۆرسی منالان, دەنگی ناسازیان بەرز دەبێتەوە. یەك هەزار جوێنی بەدایكو نەنك دەداو هەرچی بەردو توێکڵە شووتی لەوناوەیە بوو، تێی دەگرتین.. بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو، منالان یەك دوو کورسیو مێزیان بۆ شکاندبوو. دیارە ئەمە لەبری جوێنە ناشرینەکانی بوو.. وانەی یەکەمی شەڕی پارتیزانی، لێدانو هەلاتن، دەستی راست نەزانێ، دەستی چەپ چی دەکات!.

لە خانەقینییەك دەپرسن، بالۆێزی میسر لە مالیزیا ناوی چییە, ئەویش یەکسەر ووتوویەتی: (دینار عایز درهم)

کورد زۆر سوودی بە میسر گەیاندوەو هەر لە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە تا محەمەد عەلی پاشا دەوریان لە میسردا بینوە، ژمارەی ئەو میسرییانەی هەڵۆێستی دۆستانەیان بەرامبەر گەلی کورد هەبووە، بەداخەوە زۆر کەمە. ئێمە تا خۆمان نەبین (دینار عایز درهم) یش ئاوڕمان لێناداتەوە!.

■ ٣٨ ■

پێش ئەوەی بۆ قوتابخانە بچم, جیاوازیی نێوان وێنەی (هەتاوی)و (کارەبایی)م نەدەزانی. ژمارەو نێوی وێنەگرەکانیشم نەدەزانی. کامێرای هەتاویی سێپێ، سنووقی ئەفسووناوی سیحرو تەلیسم بوو. نەنکم سێپێی مەشکە ژەنی هەبوو. هەرچیم دەکرد، پەیوەندیی نێوان سێپێی مەشکەو (کامێرای سێپێ) م بۆ نەدەدۆزرایەوە!. هەرچی بە بەردەم ستۆدیۆ (قطب)دا

تێدەپەڕیم، بچووکترین گرێی نهێنیی نەزانینم بۆ نەدەکرایەوە. سێپێیەك، سنووقێك، عابایەکی ڕەشی پێدا شۆڕ بووبووەوە. پەردەیەکی ڕەش لەپشت کورسییەك هەڵواسرابوو. سەید تەوفیقی باوکی سەید قطب، کاکەیی بوو. پیاوێکی کەڵەگەتی، سمێڵ ئەستووری، لەسەر خۆ بوو. بۆمن هەر لەکەسایەتییەکی داستانو چیرۆکی ئەفسانەیی دەچوو. ڕۆژی وێنەی دەیان کەسی دەگرت، چاوی بەسەر کونی سنووقەکەی دادەناو دەستی ڕاستی یەکسەر بەکیسە ڕەشەکەدا، تا بن هەنگڵی دەبرد:

(سەرت ڕاست بگرەو سەیری عەدەسەکە بکەو چاو نەترووکێنی!)

ڕۆژێکی مێژوویی بوو، ئەو ڕۆژەی لای سەید قطب یەکەم وێنەم گیرا. ئێستاش بەڕێکەوت ئەو وێنەیەم پارێزراوە. سەرم وەکو کولەکە خڕ تاشراوەو ملیوانی کراسەکەم سێ پێچی خواردوە. چووم، چونکە قوتابخانە داوای وێنەی دەکرد..چوومو نەمدەزانی، چی ڕوودەداتو چیم لێ بەسەر دێ؟

ماڵو فێرگەو کۆڵان هەرچۆن دەجووڵێیتەوە، هەربۆ خۆشی تاکە کڵاشێکت پێدا دەکێشن. کڵاش باران، دیارییەکی ئاسایی پرۆسەی (سۆسیالیزاسیۆن)ی ڕۆژهەڵاتییە. پرۆسەی بەکۆمەڵاتیکردن( Sozialisation ) کارێکی سەختو فرەلایەنو ماندووبوونی دەوێ. تا جووجکە دەبێتە مریشك, کار دەبێتە بزن. لەکۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا، هەر هەمووی بەزەبری تاکە کڵاش کورت کراوەتەوە, نەمدەزانی هەڵەی لای ستۆدیۆ بەچی ڕاست دەکرێتەوەو سەی قوتوب تووڕە دەبێو پەلامار دەدات؟

کاکم پێی گوتم:

(دەبیتە خاوەن وێنە.. بۆ چرکەیەك نەمریت پێ دەبڕێت).



تا لەبەردەم سێبەری جووتێ سمێڵی ئەستووردا ڕاوەستاین، من هەر ڕستەکەی کاکم لەدڵی خۆمدا دووبارە دەکردەوە(تۆ دەبیتە خاوەن وێنە.. من دەبمە خاوەن وێنە) کابرایەك لەبەردەم عەدەسەی کامێراکەدا، بەکڵاوو مشکیو کەواو سەڵتەوە دانیشتبوو، چاوەڕوانی فەرمانی لەسەید تەوفیق دەکرد. وێنەگر یەك دووجارێك سەری بەناو کیسە ڕەشەکەدا کردو ئینجا قۆڵی ڕاستی تا بن هەنگڵی پێدا کرد. لەچەکمەجەیەکی ئاسنی لاتەنیشتی سندووقەکەوە، دوو وێنەی هێنایە دەرەوە. ئەو، ڕۆیشت، سەید زۆر بەرێزەوە لەسەر کورسی پێش کامێراکەی دانام. بەدەستی خۆی ملیوانی کراسەکەی تۆزێ بۆ ڕێك کردمەوە. ئاماژەی بۆ کونە ڕەشێك کرد، کە سۆمای چاومی پێوە بنووسێنم. کونە ڕەشەکە هەر لە چاوی گا دەچوو. من هەر لە سمێڵە ئەستوورەکانی ورد دەبوومەوە، ئەویش بە پەنجەی ئاماژەی بۆ چاوی گاکە دەکرد. دڵم لەسەر هەزار لێی دەدا، هەناسەم سوار بوو. لەبری وێنەی خۆم، وێنەی دڵێکی زۆر گەورە دەردەچێ. یان دەنگی لێدانی دڵم لەسەر وێنەکە دەردەچێ. دیسان ئاماژەی بۆ عەدەسەکە کردەوەو گوتی:

(هەر سەیری ئێرە بکەو هیچ مەبزوێ.. با وێنەکە نەسووتێ)

چاو تروکاندنو هەناسەدانو تف قووت دانم ڕاگرتو لێدانی دڵم بۆ ڕانەگیرا.. وێنەکانی هێنایە دەرەوەو بزەیەك هاتە سەر لێوانیو منیش دەستم کردەوە بەهەناسەدانو زانیم من هەم، چونکە من هەناسە دەدەمو بیردەکەمەوەو جیهان لە جووڵانەوە نەکەوتوە.

جگە لە سەید قوتوب کاکەیی، ساڵەح باجەڵانو بەهجەتو.. هتد. ستۆدیۆیان هەبوو. بەهجەت تاقەتی هیچی نەمابوو (بوونو نەبوون)ی لا وەکو یەك بوو. خۆشەویستترین شتی ژیان ڕەنگە لای زۆرکەس سێکس بێت، بەهجەت لەسەر ئەم

خاڵە تیۆری دانابوو. بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ژنی هێناو پاش شەش مانگ گەڕایەوە دۆخی جاران. بەهجەت گوتبووی:

( ژن هاوردن فرە ناخۆشە. ئەیە چەس! یەك سەعات راستی بکەرەوە، ئەیجار وەی شەوە تاریکە، چەو چەو نێدوینەد بەو, مەچیر ـ دەزووـ بکە ناو کونی دەرزیەو، ئەیجار بەو ، خۆد بارو خۆد بووە.. ئەیە چە دەرچووی، فرەفرە ئیزعاجە.. تاقەت تواد..!)

بەهەجەت لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

( ئەم شارە بەشی ئەرشیفو ئەرشیفی فۆتۆگرافی نییە!. دەبێ وێنە مێژووییەکانی تێدا کۆکرێتەوە. وێنەی دیمەنێك یەك جار دەگیرێت. بەشێکی مێژوو بۆ خۆی لە بێژنگی دەداتو هەڵی دەبژێرێتو دەبێتە ناسنامەی شار.. بەشەکەی تری یادگاری تاڵو شیرینی تاکە کەسە. هێشتا ئێمە ( ئەلبومی ئەڵوەن)مان بەچاپ کراوی نییە. وێنەی دیمەنی کۆنو کەسایەتییە بەناوبانگەکان.. هەر قۆناخێك ئەلبومی خۆی هەیە. ئەلبوم دەبێتە مێژووی قۆناخە جیاجیاکان..).

■ ٣٩ ■

بەهجەت لەگەڵ مشتەرییەکانیدا زۆر جار تووشی چەلەحانێو چاکلی پیکانو چەقبەر دۆکێ دەبوو:

مشتەری یەکەم دەیگوت:

(کاك بەهجەت! بۆ خاتری ئیمام عەباس .. من لەباوە مەحموود وێنەم گرتوە،



کەچی ئەوە من لە وێنەکەدا لە خدرزندەم. بڕوام پێبکە من ئەمساڵ بۆم ڕێك نەکەوتوە، لەوێ بمو وێنە بگرم!)

بەهجەت بەبێ هەڵچوونو زۆر بە هێوریییەوە دەیگوت:

کاکە گیان! باوە مەحموودو خدرزیندە هیچ جیاوازییەکیان نییە!. هەردووك ئیمامی گەورەن. تۆ لەوێ بیت یان خدرزندە، هەر یەکێکەو ئیمام هەر ئیمامە.. لە هەردووکیاندا تۆ جلی جەژنت لەبەرکردوەو پێدەکەنیتو دڵت زۆر خۆشە .. وێنەی خەڵکم گرتوە، کابرا پێکەنیوە، لەوێنەکەدا گریانو باوکەڕۆیەو هیچ دڵی لێم زیز نەبووە.. ئەمە سەروەرییە بۆ تۆ لای من وێنەت گرتوە..).

سەرسووڕماوی دووەم، گوتی:

( من و خاڵم پێکەوە، ڕۆژی جەژن، لەبەردەم سینەمای نەسر وێنەت بۆ گرتوین.. کەچی لەوێنەکەدا، خاڵم لەبەردەم چایخانەی ئیستەرەبادی لەگەڵ گوێرەکەیەکدا چوار مشقی دانیشتووە! من فرە فرە لەی تصویرە إستغراب کەم..)

بەهجەت یەك وەڵامی هەبوو، بۆ ئەوانەی (إستغراب)یان دەکرد:

(کاکە برۆ.. تۆ هەر خۆت وایت.. تۆ بڵێی ئەوە تاوانی من بێت؟) بەهجەت پێی وابوو هەر مرۆڤێك لە مەلێك یان ئاژەڵێك دەچێت. یەکێك لە ورچو ئەوی دی لە شێرەکوللەو خۆی لە (بوم) کوندە پەپوو دەچوو. سروشتی ئەو مەلەشی گرتبوو.

بەهجەت بە نیوەڕوان کامێراکەی, لەو گۆڕەی جێدەهێڵا. دوو سێ مناڵ, لانەی زەردەواڵەیەك دەهاوێژنە ناو کیسەی ڕەشی کامێراکەوە. بەهجەت هەر ئەوەندەی خۆش دەبێ, بێباکانە دەستی ڕاستی بە گەرووی کیسە ڕەشەکەدا

دەكات. زریكەو هاوارێكی ئەوتۆی لێهەڵدەستێ، دەنگی دەگاتە ناودۆمان.

فەلسەفەی بەهجەت لەگەڵ فەلسەفەی سەگسیولڵ(سەگ سیول ـ سمێڵ ) زۆر جیاوازە:

پرسیاری سەرەكیی مرۆڤایەتی لای شیكسپیر (بوون‌و نەبوون) ـە, لای من تەنیا( بوون‌و نەبوون) نییە بەرووتی, بەڵكوو شێوەی بوونە.

بیردەكەمەوە..سمێڵم بادەدەم.. دەتوانم لە سەر بوونی خۆم بەردەوام بم ..كەواتە من هەم:

ئایا بۆم هەیە( شێوەی بوون) یَكیتر بۆ خۆم هەڵبژێرم, یان (شێوەی بوون)م هەڵبژێراوە؟

ئایا بۆم هەیە خۆم بۆ خۆم " ئازادی" پێناسە بكەم, یان " ئازادی" م پێناسەكراوە؟.

تۆ.. ئەو.. ئێوە.. ئەوان ..

دەتانەوێ ژیانی كۆیلایەتی بۆ من هەڵبژێرن؟

دەتانەوێ وەكو رۆبۆتا بیر بكەمەوەو هەڵس‌وكەوت بكەم‌و سنووری پێشەكی ـ پرۆگرامكراو, تێنەپەڕێنم!

من دەمەوێ سەربەستیی هەڵبژاردنی بڕیار، بەدەست خۆمەوە بێت‌و خۆم بڕیار بۆخۆم بدەم‌و بە"ئازادی" بژیم!

تۆ( شێوەی بوون) م هەڵدەبژێرت, یان من خۆم ( شێوەی بوون) بۆ خۆم هەڵدەبژێرم؟

جیاوازیی نێوان هەردوو شێوەكە موویەكی زۆر باریكە .. موویەكی بینراوی نەبینراو, لەنێوان " ئازادی‌و نا ئازادی"دا, لەنێوان مرۆڤ‌و رۆبۆتادا, هەر لە



سەردەمی شیكسپیرەوە تا سەردەمی سەگسیولڵ بەناوی (ئازادی)یە وە,كۆیلایەتیمان پێ فرۆشراوە...

■ ٤٠ ■

ساڵی ١٩٥٨ قادر قەنەقینە، بەراشكاوی بە سەگسیوڵی گوت:

( تێگەیشتنی جیهان زۆر گرنگە، بەڵام گۆڕاندنی گرنگترە)

ئەو زەمانە قەنەقینە گەنج بوو، بای شەماڵی ئارەزووی بان چەپ، تازە ختختۆكەی بن سمێڵی دابوو. داس‌و چەكوشی بە بن گوێسەبانەكەیانەوە هەڵواسیبوو. ئەو زەمانە زەمانێكی تر بوو، ئێستا زەمانێكی ترە.

( دو پادشاە بملكتی نگنجد، دە درویش بكلیمی بگنجد).

ئەمرۆ، پاش چل‌وپێنج ساڵ لە گۆنەری(داس‌و چەكووش) قەنەقینە پێی وایە، ئەمریكا هەرچی بیرچووبێتەوە، قسەكەی ئەمی بیر نەچۆتەوە. مەبەستی ئەم ئەوە بوو (شێوەی بوون) بەشێوەیەكی تری (بوون) بگۆڕدرێت.

ئەمەش بۆ ئەمریكا, زیادەڕۆیی‌و نیشانەی لێدانی (زەنگ)ە دژی بەرژەوەندیەكانی ئەو. ئەمریكا هیچی بیر ناچێتەوە، بەگوێرەی تێگەیشتنی نقیرێ: بۆ سیاسەتی نێو دەوڵەتی‌و هەركەس رۆژێ لەرۆژان گوتبێتی:

( با ئیمپریالیزم سیر بخوات‌و زورنا لێبدات)

ئەوە لە پەراوێزی دەفتەرێكی شەست پەڕەیی نوێدا، بە مرەكەبی زۆر سوور, قسەكە دەنووسرێت تا رۆژی خۆی دێت. ئاڵای سوورو ئاڵای راپەڕین‌و داس‌و چەكووش بەسەر مەیدان‌و عەبدوڵڵا بەگو چەورەمەنیدا دەشەكایەوە. دەبا هەر ئەو رۆژە سێ‌و دووی لێنەكرێ‌و دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەوێ دامەزرێت‌و

ئەمبەرو ئەوبەری ئەلّوەن بتەنیّتەوە. دوو دلّیو دلّەڕاوکێ مردنی شۆڕشە.. تۆ گوڵەکە لێنەکەیتەوە, یەکێکی تر لێی دەکاتەوە!

قەسری باخو ئاویی یوسف بەگو کاریّز، چەکیان بەدەستەوە بوو، بەڵام(بڕیار)ی شۆڕشو ڕاپەڕین، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەهات، نەك لەخوارەوە بۆ سەرەوە. دەبا بنکە بنەڕەتییەکانی شۆڕش لەشاران دانەمەزرایەو لەسەر شاخ بوایە! گوندو دەشتو چیا بە ئاسانی گەمارۆ نادریّتو بواری تاکتیكو مانۆڤور زۆرە. شار، ناو لەپی دوژمنە، هەر بەچاوتروکاندنێك، هەر هەموو "کوڕە ئازاکان" بەکلاّو دەگیرێن. پێشبینیەکانی سەگسیوڵ/قەنەقینە/ نقیڕ کامیان ڕاست دەرچوون؟

بان چەپەکان تەنیا لێواری قاپەکانی بەردەم خۆیان بەئاستەم دەبینی!

ئەو، تەنیا ڕووداوەکانی نێو شانەی ڕێکخراوەکەی بەباشی دەزانی، شیری هەورە بەرزەکانی دادەدا! دوو هەنگاو ئەولاتر دوورگە نەدۆزراوەکانی ئەودیوی جیهان بوو. شانەی ڕێکخستن گەلێك لە جیهان مەزنترو گرنگتر بوو، بۆشایی تەلیسماوی لە ئامێزی دەگرت.

■ ٤١ ■

یەکەمین جار لە دەریاچەیەکی ئۆروپی (شڤان)م بینی. دەمزانی بەعەرەبی(بجع)و بەفارسی(قوو)ی پێ دەڵێنو وامدەزانی لە کوردستاندا نییە. خانەقینییەکی تر پێی وتم: ئەمە خۆمان پێی ئەڵێین ( بەتاوی)و جۆرێکی تریان هەیە تۆزێ بۆرن، پێی ئەڵێن (مێشەصی) لەهەوراوەکەی نێوان باریکەو تازە دێ زۆرن. شڤانە زلەکان لەگەڵ قازو مراویدا مەلەیان دەکردو خواردنی قەراخ



ئاوەکەیان لرف دەداو بەشێکیان دەیاندایە شەقەی باڵو بەرەو دەریاچەیەکی تر دەفڕین. من زۆر گوێم لە مۆسیقای چایکۆفسکی گرتوەو بەتایبەت (دەریاچەی بەتاوی) لای ئێمە هەر (بحيرة البجع)ە، نازانم لەنێوان (هەوراو)ی کوردی)و (هور)ی عەرەبی هیچ پەیوەندییەك هەیە؟

ڕووناکبیرەکان نازانن لەکوردستاندا چەند جۆرە پۆڕو سوێسكو کوڕکوڕو ئاسك هەیە؟

ڕووناکبیری ئۆروپی لە فێرگەو لەماڵو دەوروبەر فێری ناوی گوڵو مەلو ئاژەڵو گیاندارە کێویو ئاوییەکان دەکرێ. ئەمە بەشێکە لەزانستی گشتی. من دەبێ سنووری شارو شاری بوون بشکێنمو ئینجا بزانم چەند کیلۆمەترێك لەدەرەوەی شار ژیانێکی ترو جیهانێکی تر هەیە!

من ناڵێم: ڕووناکبیرانی لادێ، گوێ بەناسنامەی خۆیان نادەن، لادێی هەر لادێییە، سەد ساڵیش لە ئەمریکا بێت. ئەوە ڕاستیەکی حاشا لێنەکراوە.

ئەوان ناسنامەکەیان بەژێر لێوەوە دەکەنو لەبن سێبەری (ڕووناکبیری شاری)دا بەژنو بالاّیان بزر دەکەن. هەوڵنادەن لەسەر کولتووری خۆیان بنووسنو مێژووی تیرەو تایەفەو بنەماڵەکەیان داڕێژن وەکو تەواوکەری ژیانی ڕووناکبیری شار.

هەرچی شاخو دۆڵو ئەشکەوتو کانیی دەربەند بێلوولەو سەرتەكو هۆرێن هەیە, نە ڕووناکبیرانی ئەوێ قوڵی لێهەڵدەکەنو کاری لەسەر دەکەنو نەدەزگایەکیش دروستکراوە ناوەکان تۆمار بکاتو تۆژینەوەیان لەسەر بنووسرێت. جارێ کەس نازانێ گرنگی ناوەکان چین؟ شتی نەزانراو هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر لەبازنەی نەزانراوەوە، هاتە بازنەی زانراو، ڕۆژێك یەکێك

هەر هەڵدەکەوێ، وەکو بەڵگە سوودیان لێوەربگرێت. مـن بەڕێکـەوت (کـانی کرمانج)و (کرمانج)م لای خانەقی بینیوە، دوور نییە هۆزی کرمانج بۆ ئەم ناوە کۆچی نەکردبێت، یان ناوچەکە کرمانجنشین نەبووبێت.

■ ٤٢ ■

نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش ژمارەی دانیشتوانی خانەقی چوارهەزارو پێنج سەد کەس بوون. نزیکەی دووهەزارو پێنج سەدی بە باجەلانی قسەیان کردوەو دوو هەزاری بە سۆرانی.. ئەی ئێستا بڕۆ سەیری ناوشار بکە؟

ئەم جیهانە پانو بەرینە لە گۆڕاندایەو هیچ شتێك وەکو خۆی نییە.. ڕۆژێك وەلی ئاغای باجەلان نۆبەرەی قەیسی لەبازاڕ دەبینێ، قرتاڵەیەك قەیسی بۆ ماڵو منداڵەکانی دەکڕێتو بەیەکێك لە پیاوەکانیدا دەینێرێتەوە بۆ ماڵەوە. کابراش سواری ئەسپەکەی دەبێتو هەر لە قەراخی شاری خانەقییەوە بە کاوەخۆ قەیسی دەخوات تا دەگاتە نزیکی گوندی( وەلی ئاغا) ئەوکاتە بەخەبەر دێتەوەو سەیر دەکات، پێنج شەش دانە قەیسییەك لەبن قرتاڵەکەدا ماوەتەوە، ئەو چەند دانەیەش هەڵدەداتە بن زمانییەوە, سەبەتەی بەتاڵیش هەر لەسەر ئەسپەکەوە، بۆناو چەمێك تووڕ دەداتو دەگەڕێتەوە ناو دێ. دڵنیام نە نەوەکانی( وەلی ئاغا)و نەنەوەکانی(سمە درێژ) کەسیان نیو کیلۆ قەیسییان پێخورابێت. نەوەی ئەمڕۆ لەچاو نەوەی دوێنێدا لە لاسکە گەنم ناسکترەو بەکزە بایەك خوار دەبێتەوە..

ماڵی نەنکم کاتی خۆی وەرزێرێکیان هەبووە ناوی فڵە دەمقەوی بووە، بەو



مەرجە درۆینەی کردوە کەهەموو ئێوارەیەك، یەك مەن خورمای مەشکەی بۆ بکرێتە رۆنی خۆماڵییەوە، ئەوەندە رۆنی بەسەردا بگەڕێ، هەر چوار پەنجەکانی بشارێتەوە. پاش لوولدانی خورماو رۆن، هەرچی رۆنی بن مەنجەڵ ماوەتەوە، هەروا فڕی کردوە. کالۆرینی زۆر/کۆلسترین لەناو فەرهەنگدا نەبووە.

بیست ساڵ لەمەوپێش چەند کوڕو کچێکی ئەڵمانو فەرەنسی دراوسێم بوون.. کاتی بەرچایی پێم دەگوتن، توخوا بەمە دەڵێن: بەرچایی: تۆزێ کەرەو مرەبا بەسەر ناندا هەڵدەسوونو بۆ زانکۆ دەڕۆن. قالە رەشی هاوڕێم، بۆ بەرچایی چل هێلکەیان بۆ دەکردە رۆنەوە. ئەوان لەم دوورەوە خەریك بوون ببوورێنەوە. هەموو رۆژێ خۆیان دەکێشنو هەر بینیان شانزدە گرام لە دوێنێ قورسترن، یەکسەر بۆلای دکتۆر دەچن، بۆ ئەوەی پرۆگرامی رێجیمکردنیان بۆ دابنێت.

تکای خوێنی سیاوەحشم لە جەنابی سڵە دەم نەوەستاو کرد، نهێنییە نەتەوەییەکانمان بۆ ئەڵەمانو فەرەنسیو بریتانیو ئەمریکییەکان نەدرکێنێ، بۆ ئەوەی لێمان نەکەونە تەقە. ئێمە گەلێکی بێ کەسینو لە هەرچوار لاوە گەمارۆ دراوین. نهێنیی نەتەوەیی، دەبێ لەناو حەوت سنووقی پۆلاییندا قایم بکرێت ... بۆ بن گڵ!. هیچ سوودی نەبوو، زمانم مووی لێهاتو بەقسەی نەکردم. هەر لەزەمانی میدییەکانەوە تا زەمانی وەلی ئاغاو سوڵتان سالار پیت بە پیت بۆی گێڕانەوەو رێكو رەوان پێی وتن:

سمە درێژ یەك قرتاڵە قەیسی خوارد.

فڵە دەمقەوی یەك مەن خورماو رۆنی خوارد.

قالە رەش چل هێلکەی بە هێلکەو رۆن خوارد.

## ■ ٤٣ ■

زانیارییەکان بە چرکەیەك گەیەنرانە سنووقی دراوی جیهانیو بانقی داتاو نەتەوەیەکگرتووەکانو یۆنسکۆ... ئاو بێنەو دەست بشۆ!. سنوورێك بۆ بەرنامەی ورگ پەروەری دانەنرێت، خەپلەی ئابووریی جیهانی، لەناوەڕاستەوە کەل دەبێت. ئێستا تەنیا پێنج لە سەدی دانیشتوانی جیهان، هەشتا لەسەدی داهاتی جیهان دەخۆن. هەشتا لەسەدی مرۆڤایەتی برسیو رووتو رەجاڵو بەلەنگازن. گایەك لەپێناوی مێشوولەیەکدا مردار دەکرێتەوە. هاوکێشەکە لنگەو قووچ دروستکراوە، دەبێ راست بکرێتەوە. برسێتی رەگی هاری پێوەیە. برسێتی پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ، بۆ هەڵسانەوەو پشێویو نائارامیو راپەڕین.. ئەمەش بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی بەزەرەر دەگەڕێتەوە..

خوایە بۆ منت وا بەتەنیا بەجێهێشت! دە رۆژە رووحی هەڵزووراوم بەخاچی ئەستێرەکانی نیگاتەوە هەڵواسراوە.

دە رۆژە ناو لەپو قاچم بەبزماری ژەنگاوی چاوەڕوانییەوە داکوتراوە. تاجی دڕکاوی ناکامی بەسەمەوە ئاڵێنراوەو زمانم لەبەر تینوویەتیو ئازار شکاوە. گڕی هەناسەی تۆ دەمسوتێنێ. لەبرینەکانمەوە تاڤگەی خوێن، چۆڕاوگەی بەستووە. بەبێدەنگی دەناڵێنم! دووکەڵی ناڵەی یەکبوونو جودایی ماڵئاوایی لەژێلەمۆی دەروون دەکات.

داڵو هەڵۆو شاهێن وەکو پەروانە بەسەر سەرمەوە دەسوڕێنەوەو نووکە تیژەکانیان ئاراستەی قووڵایی جەرگم دەکەن. وامدەزانی شەپۆل .. دەریا، ئەستێرە .. ئاسمان، تاریکی شەو جێناهێڵێت. وامدەزانی تۆش قەت جێمناهێڵێت! وامدەزانی لەناو گەرووی بورکانیشدا بم، دەستە پیرۆزەکانتم بۆ درێژ دەکەیتەوە! بەڵام ئێستا دەزانم تۆ لێمتۆراوی و لایەك ناکەیتەوەو قەت بەچاوی خۆشەویستی سەیری منو ئەم خاچە سووتاوە ناکەیت. وەرە خوارێ.. ئەی خوای غەریبان، لەکلکەی هەوری ئاڵەوە.. وەرە خوارێ .. وامدەزانی رووحی هەڵکڕووزاوم بەسەر دەشتو شاخو کێوەوە، سێبەری تۆیە. تۆش، تۆیت! تۆ منی داماو بۆ رەحمەتی کەڵبەی گورگو دەنووكو چڕنووکی سەقزو بازو ئازار جێدەهێڵێت؟ ئەی خودایا! وامدەزانی ئەوانەی خولامی نیگای جوانی چاوی تۆن، هەمیشە بارانی خۆشەویستی و شادیان بەسەردا دەبارێت، کەچی نەمزانی، لەبری گوڵو گوڵزارو رووبارو کانیاوی بەهەشت، منو ئەم خاچە سووتاوەم بۆ ناو قووڵایی دڵی دۆزەخی بیابان رەوانە دەکەیت!

ئەی خودایا! هەر وامدەزانی تۆ دەرگایەکی تەنگانە دادەخەیتو هەزارو یەك دەرگای خێرو خۆشی دەکەوێتەوە. تۆ هەر لەچاوترووکانێکدا هەزارو یەك دەرگات لێداخستمو درزێکی چکۆلەشت بەکراوەیی بۆ جێبەهێشتم.

بەکڕنۆشەوە، لەپەرەستگای توانەوەو عیشقی تۆدا، شەیداو دیوانەو پەرێشانو ئاوارە بووم. دڕكو داڵو بەردە بارانم بەخەڵاتو بەرات بۆ خۆم دانا بوو. دەزانم تۆ بۆ خۆشەویستی من بەلێشاو شەلو کوێرو گەڕو گولت چاك دەکردەوە. گۆشتم نانەو خوێنم شەرابە بۆ ئێوە. ئەوەی شەپازللەیەکی بەبنا گوێی چەپدا کێشا، با زللەیەکیش بەبنا گوێی راستیشدا بکێشێت. بەرامبەر لافاوی رقی شمشێرو هێرشی دارستانی خەنجەرو تەورو بیور، لەبەرئەوەی تۆم لەپشت بوویت، هیچ باکم نەبوو. ئێستا بەپێی خۆم بۆ سەر خاچ رۆیشتمو بەدەستی خۆم خۆمم لەخاچ

داوه. ئەمە بۆ من گەورەترین ئاسوودەییەو باشترین پاداشە.

من دەتوانم لەگەڵ ڕەشەباو زریانو تۆفان بدوێم. من دەتوانم لەگەڵ پەپوولەو گوڵو چڵی دار بدوێم، بەڵام قەت ناتوانم لەگەڵ بەردو ئاسنو پەیکەری بێ گیاندا بدوێم.

من دەستە خوێناوییەکان دەبینم!. من لەسەر قەراخی پەنجەرەکەم دەستە خوێناویەکان دەبینم. دەیان کەللە سەرو کەڵبەو لمۆز، خۆیان بەشوشەکەدا، سەرەو ژوورو سەرەو خوار دەسوون. لەدرزە بچووکوکانەوە دەیانەوێ بەخشکەیی، پەنجەو کلك‌و گوێیان پێدابکەن. بە چەند قەڵەمباز خۆیان گەیاندۆتە ئێرە؟ نازانم بەسەر چەند دیواری لاشەو کێوی کەللە سەرو دەریای خوێندا، قەڵەمبازیان داوە، تا خۆیان گەیاندۆتە بەردەم پەنجەرە داخراوەکەم؟

شێری ئاوی دەستشۆرم کردەوە، خوێن فیچقەی کرد!

شێری ئاوی بانیۆکەم کردەوە، خوێن فیچقەی کرد!

لە بنمیچەکانی دڵمەوە، دڵۆپە دڵۆپە خوێن دەتکا. قاپو سینییەکان پڕ دەبوون, ئاژین دەبوون, کەچی من هەر چاوەڕوانی بەهاری شادیو ڕووباری هەنگوینو خەزنەی شاراوەم.......

دەبێ لەناو جەرگەی گۆڕاندا گۆڕان ڕووبدات! پڕۆسەی گۆڕان, دەبێ خۆی, خۆی بگۆڕێتو نابێ لە پەراوێزی گۆشەو کەناردا هەڵچەقێ, گەر بەم زووانە بورکانی گۆڕان نەتەقێتەوە, کەشتییەکەی "نووح" سەر تۆفانی خوێن دەکەوێ! کۆتری سپی بە چڵی زەیتوونی دەنووکییەوە ناگەڕێتەوە. لەسەر لووتکەی چیای "جوودی" لەنگەر ناگرێت!

دکتۆر ناوخاس پێی گوتم:



"تۆ هێشتا نوستووی! پرخەت دێت! تا کەشتییەکەی "نووح" نەگاتە ناوەڕاستی دەریا, تۆ لە خەو هەڵناسیت!

چاوێك بەڕۆژنامە زەردەکانی سەر شەقامەکاندا بگێڕە, کە ڕەشەباو سەگە کوڵکنە خوێڕییەکان پێیاندا هەڵدەوەڕن. بە ئاسانی بۆت دەردەکەوێ:

چۆن کەرەشەلی پاشکەوتن, ئەسپی تیژڕەوی پێشکەوتن بۆڕدەداتو لە پێشی پێشەوە سمکۆڵان دەکات! لەناو دڵی پێشکەوتووترین وڵاتی پیشەسازیدا, مۆتەکەی دواکەوتن دەوەڕێ.

■ ٤٤ ■

پسپۆری ئینتەرنێت ئارمین ب. ئەندازیارێکی کۆمپیوتەری شەریکەی سیمنس, بەڕەزامەندی خۆی, بەزیندوویەتی, پەل پەلی کردوە, گۆشتەکەی کردۆتە شفتەو بریانیو قاورمەو خواردویەتی........

کرێکار کووتفیلد, لە لایەن خاوەن کارگەکەیەوە, وەکو دیل راگیراوە.. ڕۆژی چوار جار تێهەڵدانی مزری خواردوە, دوو جار نانو ئاوی خراوەتە بەردەم. پاش کار تەواو بوون, لەناو سەردابێکی تەنگو تاریکدا زیندانی کراوە. ڕێگەی چوونە ژوورەوەو پشووی نەبووە. چەند هەفتەیەك لەمەوپێش خاوەن کارو یاوەرانی، تا مردن لێیان داوە. لاشەکەی تووڕدراوەتە چەمی(لاینە)وە. خاوەن کارەکە تا ئەمڕۆ، لێپێچانەوەی پۆلیسی لەگەڵ نەکراوەو ڕۆژی دادگایی کردن، لە سەر ئەستێران نووسراوە. نیوەی شارۆچکەی هۆلزمندن ( HOLZMINDEN )ی نزیکی هانۆڤەر، بەتاوانەکەیان زانیوە، کەس ئەوەندە گیانی بەرپرسیارێتی تێدا نەبووە، بە تلیفۆنێك ئاگاداری بەر پرسیاران بکاتەوە. ئیدی شنەبای ڕێکەوت

دەوری خۆی، لە ئاشکراکردنی تاوانەکە بینیوە.. جارێ نازانرێت ئەو کرێکارە بە پێی یاسا( پەیمانی کاری) لەگەڵ خاوەن کارگەکەدا بەستووە یان بە ڕەش کاری کردوە؟

ئەگەر کرێکارێك، خاوەن کارەکەی بکوشتایە، چی ڕووی دەدا؟

لە وڵاتی کارڵ مارکسو فردریك ئینگلزو کارل لیبکنشت, وەزع هێشتا زۆر باشەو کۆمەڵ وەکو تێسکەی تفەنگ پێشدەکەوێو کرێکار مافی تەواوی خۆی وەرگرتوە!

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی( ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزان)، لەو وڵاتەی وا سەگو پشیلە وەکو پاشاو میرو مەلیك ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێ، پتر لەشەش سەد هەزار حەیوان، لە ئەڵمانیادا ، ساڵانە لەسۆنگەی زەبروزەنگی سێکسییەوە، لەلایەن ژنو پیاوەوە مردار دەکرێنەوە. خاتوو گوڵچینی ئامۆزای خاڵۆژنی خاتوو ڕەیحان گوتی:

"ئەوە لە لایەن"پیاو"ەوە تێگەیشتم، هەموو "خەنجەر" و "شێر" و "ڕم" یان هەیە، ئەی ژن "چۆن" و " بەچی" ئەو "گوناح"ە گەورەیە لەڕۆژو بازاڕی قیامەت، وە ئەستۆی خۆ دەگرن؟"

■ ٤٥ ■

ئەمڕۆ ٢٦/٦/٢٠٠٣ میدیاکانی ئەڵمانیا، پەردەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان بەشێك لە (نوێنەران)ی گەل، ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ هەندێ بازنەی (سۆزانی)دا واتە:(تیشکی سوور)ەوە لادا. پەیوەندیی ئەندامانی پەرلەمان بە بازنە نهێنیو ئاشکراکانی (تیشکی سوور)بەگوێرەی یاسا, بوونی پەیوەندیی,



هاتو چۆ قەدەغە نییە، لەبەر دڵان گرانەو ناوو ناوبانگی ( نوێنەرانی گەل) دەڕووشێنێ. سۆزانییەکان لە ڕێگەی (لۆبی)یەکانیانەوەو بە پشتگیری(لۆبی) خاوەن سەگو پشیلە، هەڕەشەیان لە (هەڵۆ)کانی نێو پەرلەمان کردبوو، ئەگەر ڕێژەی باج لەسەریان کەم نەکرێتەوە، (شۆڕشێك) بەرپا دەکەن!

کەلای میرەوەگ دەیگوت:

چەمکی کۆمەڵایەتی زۆرجار بۆ ناو قوڕو چڵپاوی هەڵە، هەڵتدەخلیسکێنێ. (جاکەش) لەکوردیو فارسیدا جوێنەو شەڕە خەنجەری لەسەر دروست دەبێت. بەزمانی ئەفغانی(پەشتوون) وشەیەکی زۆر ئاساییەو واتە: ماڵ گواستنەوە.

(( إین مدت یك هفته أست ما جاکشی میکنیم)).

کانسلەر شرۆیدەر هێشتا لەبەردەم عەدەسەکانی کامێرادا پێدەکەنێ. بەرەی هاوپەیمانانی سۆسیال دیموکراتو سەوزەکان، لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر.(برات ڤوورست)و (زەوەرکراوت) و(کەرتۆفل برای)و (هەمبوورگەر) باش دەفرۆشرێن. دۆنەری تورکی(گص) تەنگی بە مەکدۆناڵدیش هەڵچنیوەو ساڵی شەش ملیارد ئۆیرۆ داهاتی هەیە. ئەی نووسەرو هونەرمەندو وەرزشکاران باش بنوونو خەونی خۆش ببینن. لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان، دوا دەنگوباسی ئێوە بڵاودەکرێتەوە: گوینتەر گراسو ڤالتەر یەنزو ئینگەمایزلو شتیفی گرافو میشائیل شوومافەرو زابینە کریستیانزنو زاندرا مایشبیرگەر بۆ ئاشتی نزا دەکەن.....

مانفرید شتویبەر لە شرۆیدەری نەبردەوەو پیس دۆڕاندی، شرۆیدەر براوەیەکی دۆڕاوە. گریگۆر گیزی لە سۆنگەی هەڵەیەکدا, دەستی لە پۆستی وەزیری دارایی لە حکومەتی کلاوس ڤۆڤەرایت، کێشایەوە. کلاوس ڤۆڤەرایت یەکێکە لە

کەسایەتییە ناودارەکانی ئەڵەمانیا. پێش هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی حکومەتی بەرلین، لەبەردەم دەیان کامێرای تەلەفیزیۆنیدا هەر زۆر بە راشکاوی، لە کۆنفرانسی سۆسیال دیموکراتەکاندا گوتی: پێش ئەوەی من بۆ سەرۆکی حکومەتی بەرلین هەڵبژێرن، پێم خۆش نییە کەس لە پشت پەردەوە قسەم لەسەر بکات. من شۆوولم.. دانیشتوان هەر زۆر بە گەرمی چەپڵەیان بۆ لێدا. ئەوان سەیری بەرنامەو پرۆگرام دەکەن، نەك ژیانی تایبەتیی کەسایەتییەکی سیاسی. هەندێك پیاو هەن شوو دەکەن. ئەوان پێیان وا بوو کلاوس ڤۆڤەرایت بەتواناترین خاوەن بەرنامەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کونەی لە سیستێمی ئابووریی بەرلیندا دروست بووە, سەدو بیست ملیارد ئۆیرۆ قەرزارە!

لەوە دەچێ سیاسییەکانی ئێرە زۆر بەوردی رۆژنامە نەخوێننەوەو گوێ لە دەنگوباس نەگرن!. دەنگوباسە نوێکان زۆرن. ئێمە فریای رووباری زانیاری ناکەوین، بەجێ دەمێنین، پاش دەکەوین. لە لووتکەی پێشکەوتندا، دواکەوتن!

ئێمە لەکام دەوران و قۆناخی مێژووییدا دەژین، سەردەمی نوێ، یان سەدە ناوەڕاستەکان؟

مێژوونووسێکی ئەڵەمان سەلماندوویەتی سەدە ناوەڕاستەکان لە ئەڵمانیادا هێشتا کۆتاییان پێ نەهاتوە. ئەو بنەماڵانەی ئەو سەردەمە خاوەن موڵك و زەوی و زار بوون، ئێستاش زۆربەی زەوی و زاری ئەڵەمانیایان بەدەستەوەیە, وەکو تۆرن ئوندتاکسی و فلك و تویسن..هتد. چیمان گۆڕی ئاو یان بۆری؟

سلڤیای کرێکار لەکارگەی بۆیاخ، کاتێك بەوردی گوێ بۆ دەنگ و باسەکان رادەدێرێ، پێی وایە, ئێمە تەنیا چەند شەقاوێك لەدەورانی بەرد دوورکەوتووینەتەوە. دەستی هیتلەر چووە خوێنی پەنجا ملیۆن کەسەوە، حەوت



ملیۆن جوو رەوانەی کوورەی کارەبایی کران! هەزاران چەپڕەو, راستڕەو, بە تاوانی دژایەتی بیروباوەڕی نازی کوژران/قەرەج ـ سنتی و رۆمە ـ شەل و شێت و سەقەت/ هۆمۆ سێکسوێل/ رەخنەگرو منگەمگنکەرو ویڕە ویڕکەرو منجە منجکەر زیندە بەچاڵ کران. نەژادی ئاری دەبێت بە پاکی راگیرێت و لێڵ و شلوێ نەبێت. سێبەرەکەی بەسەر ئاسمانی ئەڵەمانیادا دەگەڕێ! خالۆ پەرەشووت ئەم پرسیارەی لە کوێخاکەی کەڕەپوولە کرد:

ئایا لەدەورانی بەرد و سەردەمی پێش مێژوودا، مرۆڤ مرۆڤی خواردووەو (کانیبالیزمۆس) باو بووە؟

محەمەد دلگ بۆچوونە مێژووییەکەی، نیشانی پێکاوەو ئەسپەکەی پێش عەرەبانەکەی داناوە: مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ گورگە، بۆ هەرکەسێك دەبێ گەماڵێکی زل بۆ پاسەوانی راگرێت!

■ ٤٦ ■

دکتۆر ناوخاس  رۆژانە دوا لاپەڕەی رۆژنامەکان دەخوێنێتەوەو هەر لەپەناوە، بۆ ناو رووباری ئینتەرنێت قەڵەمبازێك دەدات. برسێتی بیری دەخاتەوە، بیرکردنەوە پێویستە، چرکەی بیرکردنەوە، خاڵێکی بایەخدارە بۆ رەوتی مێژوو. نان و ئاووهەوا ئامرازی بەردەوام بوونن... بەردەوامیی بوون!

ئەو دەیەوێ ئازاد بێت و بەبەردەوامی پێی بەداوی دائیرەی کارەوە نەبێت! پێش ئەوەی لەخەو هەڵسێت، پۆست، کۆمەڵێك نامەی لە سنووقی پۆستەکەی داناوە. هەفتەی یەك دوو جارێك فەرمانبەری دائیرەی کار دەیهێنێتە گیرو گاز:

"دکتۆر ناوخاس!

راستە تۆ لە ئابووریدا دکتۆرات هەیە، بەڵام ئابووریی ئەم وڵاتە بەقرخەمەرەسی لە تەنگژەیەکی ئابووریی سەختەوە، خۆی دەگەیەنێتە تەنگژەیەکی تر، ئاسۆی ئابووریمان زۆر تاریکە. ڕێزی بڕوانامەکەت دەگرین، ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە، زۆرن.کار کەمو کارداواکەر زۆر! مەرج نییە ئەوەی کە دکتۆرای وەرگرت، لە زانکۆ دانرێت، یان بەڕێوەبەرایەتیی کارگەیەکی پێبسپێردرێت! ئاودەست پاکردنەوەو قاپ شتنو پەتاتە سپیکردنەوە، کاری ڕێكو پێکنو دەبێ کارێکی ڕێكو پێك بکەیتو بڕوانامەی دکتۆرا بیری خۆت بەریتەوە.."

بڕوانامەی دکتۆرا بیری خۆم بەرمەوە، چونکە سیستێمی ئابووریی ئەم وڵاتە، ناتوانێ هەڵسێتەوە! ئەم سیستێمە لەسەر لم دانراوە، هەر ڕۆژەی کەلێنێکی تێدەکەوێ.. هێرسۆمەر، سەرۆکی شەریکەی تەلەفۆن لەماوەی چوار ساڵدا داماوە تەنیا شەش ملیارد ئۆیرۆی بەرکەوت، پاش ئەوەی دامەزراوەکەی لە نابووتیو ئیفلاسێکەوە بۆ نابووتییەکی تری برد، حکومەت داوای خۆکێشانەوەی لێکرد و بۆ دەم چەورکردن، یەك ملیارد ئۆیرۆی تری وەرگرت.. نیوەی ئەم وڵاتە وەکو هێر سۆمەری داماون، دۆڕاویش هەر خەڵات دەکرێت!

دکتۆر ناوخاس وەسیەتی کردوە، لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم دێڕەی موعەری بنووسرێت: ((هذا ما جناه أبي علي)) تاوانی گەورە بۆ ئەستۆی باوك، هەر لەمناڵییەوە مناڵ ڕەوانەی فێرگە دەکاتو ڕەوانەی فیتەریی ناکات. فیتەری بۆ فیتەرو ئاودەست پاکردنەوە بۆ دکتۆرا. سیستێمی پەروەردەمان هەڵەیە! ئەوەی خاوەن پیشەو کارو کەسابەت بێت، لە هیچ کوێ پەکی ناکەوێو لەسەر بەردی ڕەقیش نانی خۆی دەردەکات. تەنیا بۆ زاناو هونەرمەندو خاوەن بڕوانامە



بەرزەکان، قوڕی خەست گیراوەتەوە.

دکتۆر ناوخاس وەکو سەعید بەگزا بیردەکاتەوە. ئابووریی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانو بازرگانیی چاكو نایەکسانی باکوورو باشوور دامەزراوە. ئەم سیستێمی ئابوورییە پێویستی بە دەستکاریو گۆڕاندن هەیە، لە بازرگانیی چەکەوە بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو پارێزگاریی سروشت. ئاشتییان تەنیا بۆ خۆیان دەوێو بەلایانەوە گرنگ نییە، کام پارچەی جیهان ئاگری تێبەردەبێ! ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە, دروشمێکی هەڵەیە!. نابێ تۆپی ئاگرە سوورە، لەسەر لووتکەی شاخێکەوە بۆ ناو دۆڵو لێڕەواری ئەمبەرو ئەوبەر خلۆر بکرێتەوە. ئاگردانی دارێك لەدارستاندا هەر زۆر ئاسانە، ئاگر ئەگەر هەموو دارستانی تەنییەوە، بەکەس بەئاسانی ناکوژێتەوە. دەبێ فەلسەفەی ئابووری بگۆڕدرێت، بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا لەبەرچاو بگیرێت. هەر تەنیا لایەك بەرژەوەندیی پارێزرا، ئیدی پارسەنگی تەرازووی ئابووری جیهان تێکدەچێ.

■ ٤٧ ■

د. ناوخاس پێی وایە هیتلەر خۆی نەماوە، بەڵام سێبەرەکەی بە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا دەگەڕێ، ڕقو غەزەبو تاڵاو بەسەر هەژارو بیانیدا دەبارێ. پاش پەنجاو هەشت ساڵ لە ڕووخانی دەسەڵاتی ئەو ــ کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی ــ هێشتا شاری ماینزی MANIZ پایتەختی(ڕاین لاند پفالس) ناونیشانی (مواطن فخري ـ EHRENBUERGER) لێوەرنەگرتۆتەوە.

کەس نازانێ چەند شارو شارۆچکە ناونیشانی(هاووڵاتی شانازی) پێی بەخشیوەو لێی وەرنەگرتۆتەوە؟

ئایا هەستو نەستی پەنجا ملیۆن قوربانی دەڕووشێ؟

قوربانیەکان دەبێ دەنگیان بەرزکەنەوە، دیواری ترس بڕووخێنن‌و نابێ بۆ بن چەقۆی قەساب بفەڕن ( سڤیل کووراج ـ Civilcourage) دژی نەبوونی دادپەروەری. ئەگەر مەڕەکان گوێ ڕایەڵ بن‌و گوێ رایەڵ نەبن، هەر بۆ قەسابخانە دەبرێن. بارە بارو بۆرە بۆڕی بن چەقۆی قەساب هیچ سوودێکی نییە. چل‌وچوار ساڵ لەمەوپێش دانیشتوانی شار هاواریان دەکرد:

( عبدالکریم قارەمان حاجی جەلال خواردەمان)

ساوای بەرمەمکان نەگری, دایکی شیری ناداتێ. گریان ـ شیر، هاوکێشەیەکی سروشتییە. خۆپیشاندان نەبووایە، عەبدولکەریم قاسم نەیدەزانی بەرامبەر باوکی وەزیرێك لە وەزیرەکانی شەپۆلی نارەزایی بەرز بۆتەوە. حەڤدە ساڵ پاش ئەم خۆپیشاندانە، ناوچەکە گوند بەگوندو دێبەدێ رەوانەی دەریای لمی بیابان کران، کەس دەنگی لێوە نەهات. بۆ دژی حاجی جەلال ئەو خەڵکە ڕێگەیان بە خۆیاندا، بەلێشاو برژینە سەر شەقامەکان، پاش حەڤدە ساڵ پێشکەوتن، ملەکان بۆ بن چەقۆی دوژمن پاڵەپەستۆیان بوو؟

هیتلەر بەملیۆن خەڵکی رەوانەی کوورەی کارەبایی کرد. ئەو بە تەنیا ئەم کارەی ئەنجام نەدا، ژمارەی چەپڵە لێدەران زۆر بوون. چەپڵە لێدەرەکانی ئەوسا... ئێستا دان بەوەدا دەنێن، کە ئاگایان لە هیچ نەبووەو ئەو تاقە تاوانبارە! یەك کەس، گەلێکی گەورەی هەڵفریواند؟

دەریایەك چەپڵە لێدەر لە پشتیەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدا. ئێستا ناوێرن چەپڵە لێدەن بۆ هەڵفریوێنەرێکی تر.

نازییەکان دەڵێن:



"مێژوو درۆ دەکات. ئێمە کەسمان نەکوشتوە، بەرامبەر جوو هیچ نەکراوە، ئەمە هەر هەمووی هەڵبەستە.".

رێباز بە باوکی ووت:

" بابە لەشاری خانەقیدا، جوو هەبووە؟ "

باوکی گوتی:

"کوڕم بێدەنگ بە، راپۆرتمان لەسەر دەنووسن. سەیری ئەو چۆلەکەیە بکە بۆسەر ئەو دارە بەرزە دەفڕێ؟"

پەنجاوپێنج ساڵ لەمەو پێش, زۆربەی زۆری جووەکان رەویان کردو ژمارەیەکی زۆر کەمیان مایەوە. ئەمانە پێیان دەگوتن (تازە موسڵمان)و بۆئەوەی برینداری نەکرێن، پێیان دەگوتن (نەوبەهار).

بەناوبانگترین کەسایەتیی خانەقی سین یاکوبی بوو. شەش حەوت باخ‌و چل پەنجا دووکان‌و سی چل خانوویەکی هەبوون. لە پایتەخت‌و شاری تریش موڵکی هەبووە. یەکەمین کەس بووە تەلەفۆنی بۆ راکێشراوەو ژمارەی (١) بووە. حاکمی سیاسیی شار لەسەردەمی داگیرکاریی بریتانیادا، هەموو جارێ بۆ سەردان‌و حەسانەوە بەمیوانی هاتووە بۆلای‌و کاتی لەباخی(سین یاکووبی) بەسەر بردووە. هەندێکیتر دەڵێن:

حاکمی سیاسیی شاری خانەقی هەر لەباخەکەی ئەودا بارەگای هەبووەو حوکمی کردوە.

دیوی چەپی رێگای بازار ــ پاشا کۆپری. لەناو ئەم باخەدا خانوویەکی زۆر خۆشی دروست کردووە، کە جێگەی سەد کەسی تێدا دەبێتەوە. دوو مێزی نانخواردن لەژووری نانخواردندا هەیە، هەریەکەیان بە حەوت کەس هەڵناگیرێت. لە

هەموو ژوورەکاندا ئاگردان دروست کراوە, نەقشو نیگارەکەی زۆر جوانەو تا ئەمڕۆش پارێزراوە. دوو حەوزی ماسی لەباخەکەدا هەیە, حەوزێکی مەلەی گەورەش. چایخانەی ئیسترابادیو بازاڕ ئیسترابادیو قوتابخانەی( نعمان)ی کۆنو.. هتد, مولکی سین یاکووبی بوون.

■ ٤٨ ■

زۆربەی شانشین (شناشیل)ەکانی خانەقی, خانووی جوو بوون. پاش ڕۆیشتنی ئەوان، رادەی بایەخپێدانی ئەم هونەرە کزبووەوە. ئێستا زۆربەی شانشینەکان لە داڕووخانو داتەپێنران. گەڕەکە نوێکان شانشینیان تێدا نییە، زۆربەیان لەسەر شێوەی (رۆژاوایی) دروست کراون، لەراستیشدا خاڵی یەکانگیری لە نێوان خانووی (رۆژاوایی) لای خۆمانو هونەری میعماری رۆژاواییدا نییە، ئیدی ناوەکە وا ڕۆیشتوە.

شانشینێکم لەسەردەمی مێرد منالێدا بینیوە, پێیان دەگوت خانووەکەی مۆشی حای (مۆشی حاییم): خانوویەکی دوو نهۆمیی گەورە، شووشەی پەنجەرەکانی رەنگاو رەنگ بوون، بنمیچەکەی بەنەقشو نیگار رازێنرابووەوە. لەپڕ کچێکی رووتو قووت لەناو دەریای تیشکی زەردو سوورو سەوزو وەنەوشەییدا مەلەی دەکرد. قژێکی رەشی خاو، لافاوی پەپوولەی رەنگاو رەنگی بەدوای خۆیدا رادەکێشا. منو فارووق محەمەد لەسەر بانەوە دەمانڕوانییە باخەکانی شارو چیای زمناکۆو بەمۆو کەلی بێشکانو دالەهۆو کاوەشمان بەدی دەکرد. فارووق وەکو هەلۆیەك، کە بۆ نێچیر نەگەڕێ، لەپڕ لەبەر دەنووکیدا نێچیرێك قوت بێتەوە. یەك گەز زمانی دەرپەڕی:



(هەتیو.. کچێکی رووت.. هیچی لەبەر نییە.. ئەوە چی دەکات؟. سەیرکە.. هەر هیچی لەبەردا نییە.. بەدەستو بەچاو.. بانگ دەکات..! بانگی تۆ دەکات. دەڵێ: وەرە.. وەرە!))

منیش هەر زۆر بەساردییەوە وەڵامم دایەوە:( ئەی بۆ ناچیت؟)

ئەو گوتی:

(بانگی تۆ دەکات! من بۆ کوێ بچم؟ بانگی منی بکردایە لە دڵم نەدەهات، دڵی بشکێنم..).

خەیاڵی هەرزەکاریو مێرد منالی زۆر سەیرە! رەنگە زۆر جار بە پێچەوانەی چاوەڕوانی هەموو لایەك هەڵسو کەوت دەکات. ئەو کچە پێنج شەش ساڵ لە ئێمە گەورەتر بوو. کەس لەماڵەوە نەبوو، ئەویش بە تەواوی خۆی رووت کردبووەوە، دەرگاکەی خستبووە سەر پشت. تاڤگەی رەنگو تیشکدانەوە، کراسی زەماوەندی بوو، بۆ ماری پشت دار سێوەکەی بەهەشت، خۆی لە قەڵبەزەکە دەئالاندو فیشکەی دەکرد. ئەسپی زینکراو چاوەڕوانی هەڵمەتی زاوا بوو، جولانەوەیەکی ئەفسووناوی، دەرگاکانی تریش دەکەونە سەرپشت. فارووق هەر دنەی دەداو لە هاندان بەردەوام بوو:

( بڕۆ فرسەتەو رەنگە فرسەتی ئەوتۆ لە ژیاندا دووبارە نەبێتەوە).

قسەکانی کاك فارووق نەقشی سەر بەرد بوون، ژیان هەلەو نابێ بەسەریدا وەکو کوێر قەڵمباز بدەیت. لە ئۆروپاش ئەودیمەنە خۆی دووبارە نەکردەوە!

دەوڵەمەندیی (مۆشی حای) سنووری خەیاڵی بەزاندبوو. تا ئەم ساڵانەش هەر باسی بازاڕو دووکانو شانشینیی ئەو دەکرا. کاتێك بەزۆرەملێ شاریان پێبەجێهێشت، زۆر دوور نەکەوتەوەو لە قەسری شیرین گیرسایەوەو درێژەی

بەکەسابەتو بازرگانیی خۆیدا، هەر بۆ ئەوەی لەئاوی ئەڵوەنو ئاوهەوای خانەقی دانەبڕێت.

ئەوکەسانەی پاش بەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ سنووری عێراق - ئێرانیان بەزاندو لەزێدی خۆیان هەڵکەنران، بۆیان گێڕامەوە کە مۆشی حایو چەندین جووی خانەقیی، دەنگو باسی هەڵاتنی خانەقینیی تریان بەرگوێ کەوتوە، یەکسەر باوەشیان بۆ کردوونەتەوەو ئامادەبوون یارمەتییان بدەن. ئاوارەکان سوپاسی بەدەنگەوەهاتنو ئەمەکدارییان کردوون..

خەڵکی خانەقی زمانیان تێناکەوێ، هەندێ ناو وەکو خۆی بڵێنەوە، بەئارەزووی خۆیان گۆڕیویانن (حاییم) کراوەتە (حای)و (سیمۆن) کراوەتە(سیۆن)و (ئەلبێرت) کراوەتە (هەلبەر- هەلوەڕ). سیمۆن باخێکی گەورەی بەرامبەر عەلەمدار هەبووە، ئەمڕۆش هەر پێی دەڵێن: ( باخەکەی سیۆن). سیناگۆگەکەیان پێی گوتراوە ( تەورات)و لەگەڕەکی تێلخانە بووە. نازانم پاش ئەوەی لەسەرەتای شەستەکاندا, کرایە قوتابخانەی ناوەندیی کوڕان، پاشان چی لێ بەسەر هات؟

بەشێك لە جووەکانی خانەقی لە دێهات دەژیانو رەعیەتی عەشرەتی جموور بوونو بەزمانی ئەوان دەدوان. نەنکم دەیگوت:

( جووەکان پەروێزخان بە جمووری دەدوان). بەشێك لەم جووانەی بۆ ئیسرائیل چوون، دەوری زۆر گرنگیان گێڕاو پۆستی سیاسیی بەرزیان وەرگرت.



■ ٤٩ ■

وەلی ئاغای باجەلان باخێکی لەگوندی شێرەوەند دەبێتو رۆژی شەموان کلیلەکەی دەداتە جووەکانی ئەو گوندە لەوێ سەیرانو کەپرە شینەی خۆیان بکەنو بەئارەزووی دڵی خۆیان لەوێ بێننەوە.. ئەوان لەوێ نەچڵێك خوار دەکەنەوەو نەدەست بۆ میوەیەك دەبن.. یەکێك لەخزمە هەرە نزیکەکانی وەلی ئاغا دەڵێت: ((ئاغا بۆ کلیلی دەرگای باخ بەئێمە نادەی؟ ئێمەیش رۆژی هەینییان لەوێ سەیرانی خۆمان بکەین)) ئاغا سەری بۆ ئەم پێشنیارە بادەدات.. چونکە باش دەزانێت خزمان رووبکەنە ئەوێ چی لێدەکەن..

ناوی (میکائیل) باو نییە، بەڵام هەیە. خانەقینییەکان ئەم ناوەشیان گۆڕیوەو کراوەتە (مکڵ). مکڵی خانەقیو مایکلی ئینگلیزیو ئەمریکیو میشائیلی ئەڵمانیو میشێلی فەرەنسی هەر یەکێکن. دیارە(مکڵ)ی خانەقی خزمایەتیی لەگەڵ کام شێوەدا هەیە.

کاك سەربەست جموور گێڕایەوە:

لە دیوەخانەکەی ئێمەدا (مکڵ) چای دەگێڕا. ئاشناو رۆشنا بە (مکڵ) بانگیان دەکردو لەکەس قارس نەدەبوو، هەر هەمووی بەلایەوە ئاسایی بوو، تەنیا(مکڵ)ەکەی سالاری برام نەبێت. هەر (مکڵ)ێکی ئەو هەڵچوونو کەفوکوڵو تەقینەوەی بەدواوە بوو. یەکسەر دەیگوت:

( ئەیە خراو دەدەپیم!)

واتە: سالار جوێنم پێدەدات!. ئێمە هەرچی لە ئاوازو مۆسیقاو فۆنەتیكو جووڵەی دەمو لێوو شێوەی دەمو چاو ورد دەبووینەوە، هیچ شتێکی نائاسایی

بێبایەخیشمان بەدی نەدەکرد, کە ببێتە هۆی وروژاندنو شێتگیریو توورە بـوون.
خالۆ میکائیل خۆی دەیزانی کوێی دێشێو بۆچی (مکلّ)ەکەی سـالار بەرانبـەر جوێنو سووکایەتی پێکردن دادەنرا. ئـەو تـەنیا خـۆی لـە زانسـتی ئەکۆسـتیكو فۆنەتیکی تێدەگەیشتو دەیگوت:

(مکلّ)ی ئەم لەگەڵ (مکلّ)ەکـەی ئێـوەدا زۆر جیـاوازەو نێوانیـان ئاسمـانو ڕێسمانە. ئەم ئەیەوێ بمشکێنێو سووکایەتیم پێبکات!

ئەو خەڵکە ئەو مـەتەڵە ئالۆزەیان بۆ هەڵنەدەهێنرا، بۆئەو بـە(مکلّ)ی کـەس توورە نەدەبوو، تەنیا بە (مکلّ)ەکەی سالار نەبێ.

خەلیل شەل دەیگوت:

ئێوە هێشتا منالّو کالّنو لەکێشەکە تێناگەن! هەر هـیچ تێناگـەن، چـونکە نووکی گاسنی بیرکردنەوەتان، تەنیا دیوی دەرەوەی توێکڵی کێشـەکان دەکێڵـێو ناگاتە کاکڵەو کرۆكو قووڵایی دەریـای سیاسـەت. سیاسـەت دەریایـەو مەلـەوانی دەوێ. ئێوە دەتوانن لە باڵەجۆو تەنکاییەکانی ئەڵوەندا مـەلـە بکـەن، گۆمـەکان مەلەوانی باشی دەوێ.. دەریا مەلەوانی زۆر چاکتری دەوێ. مەلەوان نابێ باڵەجۆو دەریای لـێتێك بچـێ، مەلـەوانی سیاسـیش هەروایـەو نابـێ کەسـانی نەشـارەزا یەکسەر بۆ ناوەڕاستی دەریا قەڵەمباز بدەن. ئینگلیزەکان هەر زۆر بە سیاسەتنو کەس گرەویان لـێنابانەوە. بیست ساڵ لەگـەڵ ئەوانـدا کـارم کـردووەو ئینگلیـزی وەکو ئاوو دۆ فێر بوومو ئینجا لە گلۆڵە بەنی تێکچـڕژاوی سیاسـی ئـەوان سـەر دەرناکەم. جار جاریش دەنگی لـێبلند دەکردەوە:

( کەمۆن.. کەمۆن.. فەکن یوو.. کامان.. باسکت لەب لەبی..)

نۆك فرۆشەکەش لەوسەری کۆڵانەکەوە هاواری دەکرد:



( لەبلەبی.. أکل الملوك الچلبی)

دوو سەد ساڵی تریش ئێوە سەر لەسیاسەتی ئینگلیز دەرناکـەن: حکوومـەتی بەریتانیاو حکوومەتی لەندەن زۆر ڕێکن، حکوومەتی ئینگلیز ئـەم دووانـە دژی یەکتر هان دەداتو بەگژ یەکتریاندا دەکات!. نەنە.. ئەو هـەر زۆر زۆڵو چـوختیو ساختەچییە..

( کەمۆن.. فەکن یوو..هاوەر یوو.. دەبلیوو..)

( ئای لایڤ هۆلیۆد..جینا لۆلۆ برجیدا.. مارلین مۆنرۆ.. ئای فەکن هۆلیۆد.. ئای دۆنت لایڤ هۆلیۆد..).

هەر هەموو ئاواتێکمان ئەوە بوو، نیوەی خالۆ خەلیل ئینگلیزی فێر ببین. ئەو بە بیست ساڵ وەکو(کـاری کۆپـەرو ئـەنتۆنی کـوین) ئـەو ئینگلیزییـە جوانـەی دەزانی، ئێمە شوکرانە بژێر بووین بەچل ساڵ چارەکێکی ئـەو فێـربینو دەسـتی لێبەردەین..

خالۆ خەلیل بەو هەموو عیلمو عـەقڵو زیرەکیو بلیمەتییە، پاش نیوەڕۆیەکی هـاوینی ١٢٥٨ پ. ز. ئـارەزووی مـەلـەو خۆشـتن لـە کەللـەی دەداتو بڕیـار دەدات، لەچەمی باڵەجۆ نزیکی گەرەکی مامۆستایانی ئێسـتا، خـۆی بشـوات. بیری دەکەوێتەوە کەسەروبەریشی هاتووەو دەبێ لاو نیو، دەمی گوێزانی تێبخات. ئەو ( دەرمانی حەمام) بە مۆدێرنتر دادەنێ، تا کرە کرێ گوێزانی کول. وەزارەتی تەندروستی، کارگـەی دروسـتکردنی( دەرمـانی حـەمام)ی ناچـاری نووسـینی روونکردنەوە نەکردوە، مـاوەی دانـانی دەرمـان لەسـەر پێسـتو ئـاو پێـداکردنو مەترسییەکان لەسـەر پاکـەت بنووسـرێت. ئاشـی نـەزان خـوا دەیگێڕێت. ئـەو، دەرمانەکە وەکو هەویر دەگرێتەوە، جوان جوانو پاكو تـەمیز، تێـی هەڵدەسوێ.

بوخچەی جلو بەرگی نویٚ لەبن هەنگڵی چەپی توند توند قایم دەکات. گۆچانێکی کۆنی دارمازوو بەدەستەوە دەگرێتو قونە قون، بەرەو چەم، ناوی خوای لێدەهێنیٚ. لەرێگەش هەر ئایەتول کورسی دەخوێنێتەوەو لا ئیلاهە ئیلاالله لەبەر خۆیەوە دەلێتەوە. دوعای خێر بۆ کوڕە سەربازەکەی دەکات، بەسەلامەتی بگەڕێتەوە.

ناگاتە نیوەی ڕێگا، هەست بە تەنوورێك لەناو گەلێدا دەکات. تەنوورێك نێڵە نێڵ گڕی لێبەرز دەبێتەوە. بە جوانی نازانیٚ هەر لەئاستی خۆیەوە، لەدەرگایەك بداتو داوای فریاکەوتن بکات. بە جوانیشی نازانیٚ بەرەو کۆردەرە داکشیٚو تۆزیٚ ئاو بەخۆیدا بکات. ڕۆژی دەیان کەس لەوناوەدا، دەستیان بە ئاو دەگەیاندو هیچ شەرمیشیان بە خۆدا نەدەهات. بۆنی ئاودەست کاسی کردوون. ئاسایی بوو ئەویش بە بیانووی تارات گرتن، ئاوێك بەو ئاگرەدا بکات. بەهەر چۆنێك دەبێت، خۆی دەگەیەنێتە ماڵەوەو هەر یەکسەر خۆی بەحەمامەکەدا دەکات. بانگی (کەیوانوو) دەکات چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. (کەیوانوو) چاوی بەو دیمەنە سامناکە دەکەویٚ، خورپەیەك بەدلێدا دێت. فلیمی تەمەن، هەر لە شەوی چوونە پەردەوە تا سەعاتێك لەوەو پێش، وەکو برووسکە بە بەرچاویدا تێدەپەڕیٚ. دەزانیٚ کار لەکار ترازاوە. کارەکە لەدەست ئەو نەماوەو کەوتۆتە دەست خوا. خوایە هاوار!.. خوایە فریامان کەوی! مسی عەڕەبانچی بەوێدا تێدەپەڕیٚو تکای لێدەکەن. خالۆ خەلیل فریای دکتۆرو تیمارگە بخات. برینەکان زۆر سەختو کاری بوون. پاش چەند ڕۆژێك بەیەکجاری چاو لێکدەنیٚ، پەپوولەی ڕۆح بەرەو ئاسمان دەفڕیٚ.

کەیوانوو دەیگوت:



"جێگەی بەهەشت دەبێت، چونکە دەستی بە دەستنوێژەوە بووە، کاتێك دلی لە لێدان کەوتوە.. دەروێش عەلیو چراخەلی بەکوڵ بۆی گریانو پیاوانی کۆلانەکە تا سەرگۆڕستانی پاشا کۆپری بەڕێیان کرد.. مەزرەعە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی گەورەی لەدەست چوو.

■ ٥٠ ■

ئەو ڕۆژەی خالۆ خەلیل مرد, گۆڤاری دێر شپیگل ئەم ڕیپۆرتاجە ڕۆژنامەوانییەی بلاوکردەوە:

(چەقی پەرلەمان نوێنەری هێزە سیاسییەکان لەسەر کورسییەکانیان هەلترووشکاون. دالێکی ئاسنینی مەزن لەسەر دیواری پێشەوە هەلواسراوە. چۆلەکەیەکی گەڕو پیسو چلکنی ڕۆژهەلاتی خۆی پێداکرد. نە پەساپۆرتی پێبوو، نە ناسنامە، نەئاژووتننامە، نە هیچ بەلگەنامەیەك کەسایەتی دیاری بکات. چۆلەکەیەکی بێشەرمو ئابڕوو، دەنگ ناسازو ناشیرین. هەر لەپڕ خۆی پێداکردو دەستی کردە جریوە جریوو دەنووك وەشاندنو خۆ ڕاپسکان. بە دەنووك لە تەپلی سەری دالەی دا. هەر بە بەرچاوی پەرلەمانتارو میوانو ڕۆژنامەوانەکانەوە، بە بەرچاوی هێزە سیاسییەکانەوە، لەئەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لەبەردەم کامێراو مایکرۆفۆنو کامێرای تەلەفزیۆنیی هەر هەموو کەنالەکانی تلفزیۆنی جیهانیو ئاژانسی دەنگوباسەکان, چۆلەکەکە ڕیقنەیەکی خستو خۆلی کردە سەر تەپلە سەری, دالی سامناکو پڕ شکۆی کۆماری فیدرالیی ئەلەمان. بەبەرچاوی هەر هەموویانەوە: چۆلەکەیەکی شێتو دێوانە ڕیقنەیەکی کردو لایەکی سەری دالەکەی داپۆشی. سەرەك کۆمارو

کانسلەرو چاپچیو مەیگێڕو سۆزانییەکانیش, ئەو دیمەنە ترسناکەیان بەچاوی خۆیان بینی. چاوی کامێراکان لەسەر ئەو ریقنەیە سەقامگیر بوون، وێنەکەش راستەوخۆ لەهەر هەموو کەناڵەکانی تلفیزیۆنی جیهانەوە پیشان درا. پەرلەمانتارەکان گەزێك دەمیان داپچڕان، چاویان پەڕییە پشتی سەریان. شانازیی "نەتەوەیی رووشا.. مەسیح سەرلەنوێ لەخاچ درایەوە.. بەرزترین پلەی رقەبەرایەتیو دوژمنایەتی هاتە دەربڕین. رۆژهەلات دەهۆڵی شەڕی مانو نەمان دەکوتێ.. رۆژاوا سوێندی تۆڵەکردنەوە دەخواتو بڕیاری گەمارۆدانی ئابووری دەدات".

ناو هۆڵی پەرلەمان بووە ناڵەو هاوارو، هەڕەشەو گوڕەشەو گرمو هووڕ. چەپو راست بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد:

"هەی داڵەکانی رۆژاواو رۆژهەلات یەکبگرن"

چۆلەکەکە هەر زۆر بەهێمنیو لەسەرخۆ دەیڕوانی. هەستی بەسەرکەوتنو بالادەستی دەکرد. خۆی هەر زۆر بەگەورەو مەزنتر لە داڵەکەر خۆرە دەهاتە بەرچاو. دەیەویست چڕنووك لەکەللە سەری داڵی چنگ لە خوێن بگرێ، ئەو هەر زۆر کەساسو دۆڕاو دەهاتە بەرچاو، نەیدەتوانی موو بپسێنێ. چۆلەکەکە گاڵتەی بە پارلەمنتارو رۆژنامەوانو وەزیرو سەرۆك کۆمارو کانسلەرو دەرگاوانو بۆیاخچییەکان دەهات. بەزەیی بەرادەی بێ مێشکیو کەشو فشو خۆهەڵکێشانیان دەهات.

چۆلەکەکە لەوە دەچوو خەفەت بۆ ئەوە بخوات، کەناتوانێ ریقنەیەکی ئەوەندە گەورە بکات، کە سەرتاپای داڵی مەزنو خاوەن شکۆی چنگ بەخوێنی تێدا بشارێتەوە..



دێر شپیگل ریپۆرتاجەکەی بلاوکردەوەو کۆمینتاری بلاو نەکردەوە. ریپۆرتاجی بێ کۆمینتار، کۆمینتاری بێ ریپۆرتاج. دەبووایە خالۆ خەلیل بەزمانی پاراوو قەڵەمی بڕشتی، خاڵ لەسەر پیتەکانی ریپۆرتاجەکەی دێر شپیگل دانێ، مەرگی کوتو پڕ مەودای نەدا. مەرگ مەودای حەمورابیو گلگامشو ئاشوور ناسرپالو جوکلی هەمەوەندو کوێخا یەکەلە گونی پوورزای باپیرەشمی نەدا. ئەو ساڵەی سوپای رووس پەلاماریدا، ئەم لەبەرەی پێشی پێشەوە، روو بە رووی سوپای کوللە بوو، سەنگەری چۆڵ نەکرد، تا کسپە لەناوگەلییەوە هەلسا. خوێن شەلالەی کردو ناوگەڵ وەکو تەنوور داگیرسا. لە پێناوی شەڕی بەرەنگاریدا تاکە گونێکی تێدا چوو. خالۆ خەلیل هەردووکی لەسەر دانا. سولتان سالار، کە دوا پاشای میرنشینی جمورو باجەلان بوو، لەگەل سەرکردەی سوپای داگیرکەری رووسی پەیمانی ئاشتی ئیمزا کرد. پەیمانی هاریکاریو دەستدرێژی نەکردن. رووسەکان لەسەر هێرشو پەلامار بەردەوام بوون تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هەرەسی بەدەسەلاتی بنەماڵەی رۆمانۆف هێنا.

■ ٥١ ■

رووسەکان چوونو ئینگلیزەکان هاتن. سولتان مەجید سالار تا دوا رۆژی ژیانی، ئالای رووسیای قەیسەریی، لە ژوور سەری خۆی پاراست. نەیتوانی زوو لە باوەشی رووسەوە بۆ باوەشی ئینگلیز قەڵەمبازێك بدات. پیاوەکانی چەند جارێك لەگەڵ سوپای داگیرکەری ئینگلیزدا، کەوتنە تەقەو رەقە. خوێن کەوتە بەینەوە. سوپای بریتانیای مەزن سالاریان گرت و بڕیاری هەلۆاسینیان دا. سولتان سالار

زۆر دۆستو هاوپەیمانو ناسیاوی هەبوو. چەند سەعاتێك پێش ئەوەی بڕیاری خنكاندنی جێبەجێ بكەن، لەبن سێبەری سێدارە هەلاّتو خۆی گەیاندە (ئاخ داخ) لەوێوە دەستی كردەوە بەپەیوەندیی سیاسیو هەولّدان بۆ گێڕانەوەی دەسەلاّت. هەركەسێكی تربا لەبری ئەو، ڕۆمانێكی دوورو درێژی دەنووسی:

(لەژێر سێبەری سێدارەدا)

دیستۆیۆفسكی دەگاتە بن سێبەری سێدارە, بڕیارەكەی جێبەجێ ناكەنو ئەو ئەزموونە تاڵەی لەزۆربەی ڕۆمانەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ((في ظلال المشانق))

هەستێكی زۆر ترسناكەو كەم كەس دەربازبوونو ئەزموونی خۆیان بەشێوەیەكی ئەدەبی داڕشت. سولّتان سالار پاش ڕزگاربوونی لەپەتی سێدارە نامەیەك بۆ شای ئێران دەنووسێو هاوارو دادو بێدادی خۆی دەگەیەنێتە لای ئەو. من هەر ئەوەندە دەزانم سولّتان سالار دەربارەی هەبووەو هەر هەمووی دیوەخانەكەی ئاوێنەو شووشە بووەو ڕێگە نەدراوە جگە لە زمانی جموری ـ باجەلاّنی بە هیچ شێوەیەكی تر قسە بكرێت.

زۆر سەیرە! مرۆڤ لەسەر گوندەكەی خۆیو دراوسێكانی هیچ زانیاریەكی نەبێتو نەیەوێت، هیچ زانیاریەكی لەسەر ڕووداوەكانی دەوروبەری خۆی هەبێت. بۆ من گوێم بۆ مێژووی (سالار)و (پەروێزخان)و(جموور باجەلاّن) هەڵنەخستوە؟

ئایدۆلۆجیاو ڕوانگەی سیاسی ڕەنگە دەوری بنەڕەتی ببینێت!. من دەمتوانی هەر زۆر بەئاسانی سولّتان مەجید سالار ببینمو سەری ماڵی سالح ڕۆستەم خانو ئەوڕەحمان جانبەخش بدەم، دەرگایان بۆ ئێمە لەسەر پشت بووە. دەمتوانی گوێ لەنەنكم ڕادێرمو بەئاسانی دەمتوانی پرسیار لە دایكمو خاڵمو پوورمو



دراوسێكانم بكەم. ئەو زەمانە مێژووی (شۆڕشی ئۆكتۆبەر)و (شۆڕشی سپارتاكۆس ١٩١٩)و ( ڕەوە مەزنەكەی ماوتسی تۆنگ)و ( شەڕی پارتیزانیی گیڤارا)و (تۆبامارۆس)م بەلاوە گرنگتر بوو. ئەگەر بیركردنەوەو هەڵوێستی سیاسیی سولّتان سالارو ئەوڕەحمان جانبەخشو باجەلاّنەكان لە (بیری چەپ)ەوە نزیك بوایە، ڕەنگە ئامادە بوومایە گوێیان لێبگرمو شارەزایی لەسەر دیرۆكی ناوچەكە پەیداكەم. هیچ هیوایەكم بەوە نەبووە (شەڕی پارتیزانی) لەوێ سەردەگرێ، بۆیە هەر لەقەراخی قاپی سەر مێزەكەمەوە سەیری جیهانم كردوە. ئێستا ئەوسا بوایە، بەجۆرێكی تر بیرم دەكردەوە. شانەی ڕێكخستنم لەو ناوچانەش دروست دەكردو ئەوێم دەكردە بنكەو پێگەی بزاڤی سیاسی.

ئایدۆلۆجیا پەردەیەكە بەرچاوت دەگرێتو ڕێگەت نادات ڕاستی بدۆزیتەوە. دەیان جار دادام ئەم بەسەر هاتەی بۆ گێڕاوەمەتەوە.

(تەمەنم شەش حەوت ساڵان بوو، كاتێك عەزیزخان كۆچی دوایی كرد. پرسەی ژنان لە قەلاّ بوو، منیش بەدوای دایكمدا چووم. كوڕەكانی عەزیزخان كە لەیەك دایك بوون، برایەكی تری خۆیان كوشت، كە لەدایكی ئەوان نەبوو. ئەو برایە لەدایكەوە تاقە خوشكێكی هەبوو، كاتێك ئەمزانی براكان, برای دایكی ئەویان كوشتوە، ڕەزنی چەپو ڕاست لەخۆی داو تفەنگی گرتە دەستەوەو لە تۆڵەی خوێنی براكەیدا، پێش ئەوەی ڕێگەی ناشتنی بدات، كەوتە ناو براكانی ترەوەو حەوتی لێكوشتن. سواری ئەسپێك بوو، لە قەلاّوە بە تەقەوە خۆی دەرباز كردو لافاوی خوێنی پاش خۆی بەجێهێشت.)

من ئەم چیرۆكەم بۆ خاڵم گێڕایەوە. ئەو گوتی:

"پاش مردنی کەریم خانی جموور, بەشێك لەبنەماڵەکە پێشبینی دەکەن, عەلی ئاغا جێگەی کەریم خان بگرێتەوە. پیلانی کوشتن لەناو قەلاّ دادەڕێژرێ: لەناو تەویلەوە تەقە لە عەلی ئاغا دەکرێتو بریندار دەکرێت. بە برینداری بەخەنجەرەوە هەڵمەت دەباتە سەر عەلی مراد خانو مەلا فەتاحو دەیانکوژێت. خانزادی دایکی عەلی مراد خان, لە سەر بانەوە تەقە لەعەلی ئاغا دەکات، دەیکوژێت...".

* پاش مەرگی کەریم خانی جموور هەر حەڤدە براکەی لەسەر موڵكو دەسەلاّت دەکەونە شەڕو شۆڕو پێکدادان.

■ ٥٢ ■

حەمە عەزیزی نەسە کۆسە, کە تائەو کاتە سێبەری باوکی دەیشارێتەوە, هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی بەهەل دەزانێ, بەهاریکاری دەستەیەك میلیشیای خۆی, پەلاماری میلیشیای برا بەشەڕ هاتووەکان دەداتو دەتوانی هەر هەمویان تەفرو توونا بکاتو لەپایتەختی میرنشینەکە دەریانپەڕێنێو خۆی ببێتە تاقە دەسەلاّتداری ئەوێ.

نەسە کۆسە بەناوبانگترین چەتەی ئەو دەڤەرە بووەو هەر وەکو خولە پیزەی ئەم سەردەمە بووە. ئەڵەمانو فەرەنسیو بریتانیو ئیتالیەکان ژیاننامەی چەتە بەناوبانگەکان تۆمار دەکەنو بەشێکیان دەکرێنە فیلمو شانۆگەریو زۆر بەئاساییەوە لەسەریان دەنووسنو باسیان دەکەنو بەشەرمیشی نازانن.

براکان ئەوەندە تینووی خوێنی سەری یەکتر دەبن, چەکدارەکانی سوڵتان سالارو پەروێزخان دوای یەکتر دەکەونو یەکتر تابناری کەلی بێشکان دەفرێنن.



رەحمەتی رەشیدی کوڕی حەمە عەزیزی نەسە کۆسە لەگەڵ پەروێزخاندا دەبێتو سالارو چەکدارەکانی بەبەردەمیاندا تێدەپەڕن.

پەروێزخانو ئەوان دەستەکەی سالار بەرگوللە دەدەن. پەروێزخان بە بەردەوامی بەرەشید حەمە عەزیز دەڵێ:

((سالار لەبەر قەمچی تفەنگەکەتە بۆ نایپێکی؟))

ئەویش دەڵێ:

((کاکە ئەمە رێکەوتەو هەرچی دەکەم، نایپێکم))

پەروێزخان دەڵێت:

(( تۆ لەدووری فەرسەخێکدا، هێلکەت بۆ دادەکەن دەیپێکی, ئێستا سالار ئەوەندەی کێوێکەو چوار هەنگاو لەتۆوە دوورە بۆ نایپێکی؟))

پەروێزخان زۆر پەست دەبێتو بە بەردەوامی ئەم رستەیەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوە. رەشیدی حەمە عەزیز روو دەکاتە پەروێزخانو پێی دەڵێت:

((راستە هەر زۆر بەئاسانی دەمتوانی بیکوژم, بەلاّم کەی رەوایە بە بەرچاوی برایەکەوە برایەکی تر بکوژرێت؟))

■ ٥٣ ■

کاتێك منالّ بووم لەرەشید حەمە عەزیزم پرسی:

(( تۆ بەردەوام شانازی بە(نەسە کۆسە)وە دەکەیت, کە چەتەو رێگرێکی ناسراو بووە, ئێستا ئەمە جێگەی شەرمەزارییە؟))

ئەو گوتی:

((راست دەكەيت ئەمڕۆ چەتەگەری پیشەیەكی زۆر دزێوە, بەڵام ئەم دونیایە هەر زوو دەگۆڕێت: زەمانی ئێمە گەورەترین عەیبە ئەوە بوو, چەتە نەبیت. ئەوەی چەتە نەبوایە، كەس ڕێزی لێنەدەگرتو كەس مەرحەبای نەدەكردو كەس ژنی پێنەدەدا.. كۆمەڵ پاڵەوانو پیاوی خۆی بەرهەمدەهێنێ..))

حوسێن سافە برای باپیرم بووە، كە لەسەردەمی كەریم خان دەكوژرێت. نەنكم دەیان جار ڕووداوەكەی بەگریانەوە بۆ گێڕاومەتەوە، كە حوسێن سافە دەم بەكانیەوە دەنێت، كاتێك پیاوەكانی كەریم خان لەپشتەوە تەقەی لێدەكەن. ئەو، دەیگوت نەمبیستووە لەم بنەماڵەیەدا، كەسێك بە دەردی خوا مردبێتو حوسێن سافە یەكەمین كەسە، كە من ئاگام لێی بێت!

دیارە حەزم لەوە نەبوو لەسەر مێژووی خوێناویی ئەو ناوچەیە شتێك بزانم, ڕووداوەكان هەر هەمووم لەژێر كەپری بنهۆش دیزە بە دەرخۆنە كردوە! ئەو دەیگوت:

(زۆر ناز بدەیتە مناڵ باش نییە. دەبێ مناڵ سنووری خۆی بزانێتو نابێ ڕێگە بدرێت زیادە ڕۆیی بكات. من بەمناڵی زۆریان ناز پێدابووم، هەرچێشتێكیان بۆ دانامایە، دەمگوت: حەزم لێنییەو من ئەمە ناخۆم. ئیدی دایكم بەشە خواردنەكەمی لەبن سەبەتەیەك دادەنا، تا برسێتی زۆری بۆ دەهێنام. ئیدی سەری سەبەتەم هەڵدەدایەوەو پشكی خۆمم بە ئیسراحەت دەخوارد. ڕۆژێك سەرلەنوێ دەستم كرد بەبیانووگرتنو مانگرتنو توڕان لەنان خواردن. برسێتی تاوی بۆ هێنام. زانیم كەس چاوی لێم نییە، وردە وردە بەرەو سەبەتە بۆر كشام. جارێكی تر سەیری ئەم لاو ئەولام كرد، كەس چاوی لێمەوە نەبوو، سەری سەبەتەم هەڵدایەوە، ئەمجارەیان دایكم سێ بەردی لەناو قاپی بن



سەبەتەكە بۆم دانابوو. سەری سەبەتەكەم نایەوەو هیچ قسەم نەكرد، بەڵام لەوڕۆژەڕەشەوە بڕیای بڕ دەست بەرداری مانگرتنو توڕان لەنان خواردنو بڕوبیانوو بووم)).

نەنكم شارەزای پەروەردەی سەدەی نۆزدەهەم بوو، ئێمە مێژووی پەروەردەمان نییەو هیچ سەرنجو تێبینییەكمان لەسەر بیرو بۆچوونی ئەو زەمانە تۆمار نەكردوە.

من زۆرجار ئەم ڕووداوەم بۆ هێلین گێڕاوەتەوەو پێمگوتوە: ئەمە ئەزموونی پەروەردەیی دایكی نەنكمە، كە لەكۆتایی سەدەی نۆزدە ژیاوە. ئەوە تۆ لەسەرەتای سەدەی بیستو یەك گوێت لێدەبێت, تۆش هەر بۆ سوعبەت بیگەیەنە مناڵەكانت، كە ڕەنگە چاویان بەسەدەی بیستودوو بكەوێت.

تۆ نە مێژووی پەروەردەی خۆماڵێت نووسیوەو نەسەر لە مێژووی تیرەو تایفەو هۆزەكان دەردەكەیت، چونكە چمكی كەوای مۆدێرنیزمت گرتوەو بەری نادەیت. هیچ پێویست ناكات لەناو جەنجاڵیی كتێبخانەكانی لەندەنو پاریسو بەرلینو مۆسكۆدا خۆت بزربكەیت، جارێ گوێ لە باپیرەو داپیرەی لاكوانو، سەرخەرمانو دیوەخان بگرە. لەكانیو سەرچاوەو كارێزەكانی خۆت ڕووباری مێژوو دروست بكە، چاوت لەدەستی ئەمو ئەویش نەبێ. یەكێك شتێكی نەبێت، ناتوانێ بیدات. سەرچاوەو كانیو كارێزەكان هی تۆنو تەنیا تۆش دەتوانیت ڕووباریان لێدروست بكەیت. ئەوان قوونیان لە تووترکی بەرژەوەندیی وڵاتەكەی خۆیان چەقیوە. نەوتەكەش هی تۆیە، یەكێكی تر دەیفرۆشێتو پارەكەی دەخاتە بەر باخەڵیەوە. پڕ باخەڵی تۆش ڕشكو ئەسپێو كێچە. نەوتت بۆ ناو چراو زۆپا نییە، بە چلەی زستان چۆن حەمام دادەخەیت؟

**■ ٥٤ ■**

**ئاوی رووبارەکانمان زێڕە، بە خۆڕایی دەڕوات. وڵاتان بیابان سەوز دەکەن. ئێمەش سەوزاییەکانمان بۆ بیابان دەگۆڕدرێت. هاوینان لە پانایی ئەو گەرمیانەدا، بۆ قومێك ئاو شێت دەبیتو بۆ تۆزێك سێبەر بە ئاسماندا دەچێت. نە نەمام چاندن هێندە زەحمەتەو نە ئاو پەنگاودانو دەریاچە دروستکردن خوێنی سیاوەحشی تێدەچێ. هەرچی تانكو زرێپۆشو رەشاشو دەمانچە هەیە بیانتوێننەوەو ئاسنەکان لەگەڵ چیمەنتۆ تێکەڵاوبکەن، چاکترینو تۆکمەترین بەربەستی لێ دروست دەکرێت. پارەی ئەو هەموو چەكو فڕۆکەو هەلیکۆپتەرو مینو قومبەلەیە بایی ئەوەیە گەوڕی زێڕ بۆ کەرە شەلەکانی گەرمیان دروست بکرێت. سیاسەتی خوارو خێچ, خوارو خێچی سیاسی دژی مرۆڤو دەوروبەرو ژینگە، گەورەترین زیانی بەپرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەیاند. جەنەراڵێکی ئەڵەمان وەختی خۆی گووتویە:**

**(( ئەم سوپایە، پێویستی بە گەلێك هەیە))**

**گەلی ئێمە پێویستی بە(لەدایکبوونێکی تر) هەیە. سەرلەنوێ لەدایك ببێتەوەو خۆی دروست بکاتەوە. مێشكو دڵو دەروونو ناسنامەی زاخاو بدرێنو سەراپای(نوێ) بکرێتەوە.. هاوڕێ تۆ هەڵەیت! بیرکردنەوەی تۆ راست نییە. دەبێ یەکەمین جار دەوروبەر بگۆڕدرێت، نەك (دڵو مێشك). هەلو مەرجی ژیانی تاكو کۆمەڵ بگۆڕدرێت، ئیدی بیرکردنەوەو ناسنامەی خەڵکیش دەگۆڕێتو هیچ شتێ وەکو جاران نامێنێتەوە.**

**با کەنارەکانی ئەڵوەن، خواری کۆپری گەورە، ئاوەکەی قووڵ بکرێتەوەو**



**رووبەری ئاوەکەی فراوان بکرێتەوە. بە پانیی ئاوەکە (بەربەست ـ تاڤگە) دروست بکرێت. هەر هەمووی باخچەو گازینۆ بێت. ئیدی کۆپری گەورە جارێکی تر دەبێتەوە بە (سەنتەر)ی شار، خەڵك بۆ پیاسەو دانیشتنو حەوانەوەو کارو کەسابەت روو دەکەنە ئێرە. ئێرە دڵی شارەو جوانترینو دڵڕفێنترین بەشە لەخانەقی، بەڵام (سیاسەت) وێرانی کردوەو کۆمەڵێك کەلاوەی دزێو قوت کراوەتەوە.**

**نزیکی شار، زۆر دەشتی مردووی تێدایە. بەباراناو دەریاچەیەکی لێدروست دەکرێت. ئاو هەبێ رواندنی دار هێندە زەحمەت نییە. ئەگەر دەریاو درەختو دارستان هەبوو, مراویو قازو قولینگو بەتاویو ماسیو بۆقو کیسەڵ، خۆیان پەیدا دەبن. تۆزێ رازاندنەوەو دەست پیادا هێنانی دەوێ.. باکەس سەیرانی لێنەکات؟ با مێشكو دڵو دەروونی خەڵك نەگۆڕێت!**

**پارەی نەوتەکەی خانەقی بۆ ئۆردوگای سوپاو بارەگای ئەمنو زیندانو وێرانکردن بوو.. ئەو، دەیەویست مێشك لە بیرکردنەوە بخاتو دەستی چرکەی کات، لەسووڕانەوە بخات! بەشێك لە وڵاتە ئۆرووپییەکان خەنی بوون. نیوەی داهاتی نەوت بۆ چەكو سیاسەتی شەڕ فرۆشتن بوو، ئابووریی ئەو وڵاتانە هەڵسایەوە. ئەوان خەنی بوون، ئێمەش قوڕمان بۆ گیرایەوە. ئەوان ئابووریی خۆیان تەیار کردوماڵی ئێمەش رووخا.**

**■ ٥٥ ■**

**ئەو کچە چاو شینە، قژ زەردە، لێو ئاڵە، باڵا بەرزە، بەرامبەرم دانیشتوە، بە مست بەسەر مێزەکەدا دەکێشێو دەڵێ:**

(( مەلا جافر خەوە بەردینە، لە خەوە شیرینە چاکترە، پلانەکانی تۆ یۆتۆبیاو جیهانی فەنتازیان.. چوار پەلی خەونەکانت لەسەر ئەرز بێت چاکترە، نەك بەئاسمانەوە گیرسابێتەوە. جیهانی خەون‌و جیهانی راستی زۆر لەیەکەوە دوورن. تۆ دەتەوێ ( سەرقزڵ) وەکو ( سان فرانسیسکۆ) لێ بکەیت! تۆ دەتەوێ بەشەوێك (چوار کلاو) وەکو (نیوجیرسی) لێبێت!. ئێمە بە چوار سەد ساڵ ئەم شارانەمان دروست کردوە، نەك بە چواردە رۆژ! دەیان نەوە، ئێسك‌و پروسکیان سواوە، لە پرۆسەی بیناکردن‌و تەواوکردنی پرۆژەی نەوەی پێشتر. لای ئێوە هەرکەس هاتوەو هەر وێرانی کردوەو هێشتا شۆڕشی پیشەسازی لای ئێوە بەرپا نەبووە))

من دەڵێم: راستە ئێوە ماوەیەکی زۆرە شۆڕشی پیشەسازیتان بەرپا کردوە، بەڵام ئێوە کۆیلەی(رۆبۆتا)ن‌و پەیوەندییە رۆحییەکان وشك بوونەتەوەو مرۆڤ هەست بەبیابانبوونی دەروون دەکات. ئەو کیژە چاوکاڵە، لێو ئاڵە، قژ زەردە، دەستانی لەسەر کەمەری دادەنێ‌و قامکان لە من بەرزدەکاتەوەو بە هەڕەشەوە دەڵێ:

(من بە ئینتەرنێت زانیارییەکی زۆرم لەسەر تیرەو تایفەی ئێوە کۆکردۆتەوە. ئیمێلم بۆ ژنەکەی کوێخا فەتاحی یەکەڵەگونی پوورزای باپیرت رەوانەکردوە. سوور دەمزانی زانیاری وێندەرێ لەسەر تۆ جێگای بڕوایە. ژنەکەی کوێخا یەکەڵەگون بەئیمێلان دەنووسێ(وەڵامم دەداتەوە), هەر هەموو قسەکانی ژمارەو فاکتن‌و جێگای سێ‌و دوو لەسەر کردنێ نین. ئەو دەنووسێ: تایفەی ئێوە، زۆربەی زۆریان بەگوللە کوژراون‌و کەمیان لەناو جێگادا بەنەخۆشی‌و مردنی ئاسایی مردوون. مەلا جافر! دەترسم! هەر زۆر زۆریش دەترسم چارەنووسی تۆش لە چارەنووسی وان چاتر نەبێ. دەترسم پڕیشکی ناکۆکیی عەشایەری جموورو



باجەلان‌و وەرمزیارو تایشەیی‌و باشکی، هێسن‌و نیدەرزاکسن‌و ئۆبەرشیلێزین‌و شلزفیکهۆلشتاین، بگرنەوە. ئاگرەکەی سەرانسەری ئۆروپا بتەنێتەوە. ئەمڕۆ باخەوانێکی سەرۆك بانقی فرانکفۆرت تووشی لەرزو تا بێت، دوو سبەی بێستان‌و مەرەزەی سەنگەرو سەی مستەفاو پەلەچەفت دەردو بەڵلاو کوللە بەسەریاندا دەدات! هێسن‌و نیدەرزاکسن‌و شلزفیکهۆلشتاین، نایانەوێ پەیوەندیی دپلۆماسیی مێژوویی خۆیان لەگەڵ وەرمزیارو تایشەیی‌و باشکی تێك بدەن)).

زمانم مووی لێهات‌و ئەو هەر بڕوای بە (رۆبۆتا)و (بانکی داتا)و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیایە. دوو جیهانبینی‌و روانگەو بۆچوونی جیاواز:

(( ئێمە خوا دەپەرستین. ئێوە تەکنۆلۆجیا دەپەرستن))

ئەی خوای گەورە، ئاگر بەسەر تەکنۆلۆجیادا ببارێنە! رێگای راست‌و ناڕاست روون‌و ئاشکراتر بکەیتەوە. عەبدوڵلا قەویلەی حوسێنییە، ئاگر بباریێ! ئاگر بەسەر ئەوانەدا بباریێت، کە لەرێگەی راست لادەدەن. ئەوەندە ئاگر بباریێت، تا ئاگر بەدەستەوە نامێنێ.

من بەو کچە چاوکاڵە، لێو ئاڵە، دەم بە پێکەنینە دەڵێم:

( تۆ لە من تێ ناگەیت you dont understand me ) جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەی تۆ بڵێیت:" تۆ تێناگەیت" و "تۆ لەمن تێناگەیت". رستەی یەکەم، رستەی شەڕە خەنجەرە. هەر رستەیەك، شەڕە خەنجەرێکی لەسەرە. جوێنێك بەدایکی سەرۆکی ئەمریکا بدەیت، ئەو، پێ دەکەنێ‌و دەڵێ: ئەوە پەیوەندیی بە منەوە نییە. نیو جنێو بە سەگی دەرگاوانی هاوکۆلانێکی پورزای پارێزگاری بەغدا بدەیت، پێستی سەری تیرەو تایفەتان بۆ دەباخانە دەبرێت.. ئێمە

پێویستمان بەو سیاسیانەیە، کە وێنەی دووپشك بەخاڵ لەسەر دەستیان دەکوتن، یان سیاسییەکی وەکو(گاندی) گاندی خۆی جلەکانی خۆی دەدروی‌و بزنەکەی دەدۆشی‌و لەگەڵ خۆیدا بۆناو پەرلەمانی بریتانیا دەیبرد. سەرکردەی مەزن، دەبێ ئۆتۆمۆبیلی مەزنی هەبێت. سەد ئۆتۆمۆبیلی مۆنیکا بۆ هێزی پارێزگاری. دەیان قەسرو تەلار، شێری ئاو دەستەکانیش دەبێ لە زێڕ بن. ئەم سیاسییە گەورانە، دەستی راستیان نازانێت، دەستی چەپیان چی دەکات؟ خوا بەوەش رەحمی کردوە هیچ لەسیاسەت نازانن، لە کارەساتێکەوە بۆ کارەساتێکی تر، ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ، سیاسەتی ملشکاندن‌و خەڵك بەکوشتدان.. وێنەی دووپشکێکی لەسەر دەستی چەپی بەخاڵ کوتاوە. ئەمە تاوانی منی تێدا نییە! بۆ وێنەی دووپشکی کردوە‌و وێنەی پەپوولە، قالۆنچە، شێرەکوللەی لەسەر دەستی چەپی نەکوتاوە؟ نازانم هیتلەر وێنەی دووپشکی لەسەر دەستی چەپی بەخاڵ کوتابوو؟ پرسیارەکەم ئاراستەی هانز دیتریش گێنشەر کرد، ئەو گوتی:

( نە لەسەر دەستی راستی‌و نەلەسەر دەستی چەپی وێنەی دووپشك بەخاڵ کوترابوو، ناو دڵی هێلانەی مارو دووپشك‌و کەوهەف‌و کولەوەیباب بوو)

بۆچی سەرکردەکانی ئێوە لاسایی سەرکردەکانی ئێمە دەکەنەوە؟ ئێمە رابوردوویەکی خوێناویمان هەیە، دوو شەڕی جیهانیمان لەیەك سەدەدا هەڵگیرساندوە!! بۆ لە جل‌و بەرگ‌و ئەتەکێتدا لاسایی ئێمە دەکەنەوە؟ بڕۆن لاسایی (مەهاتما گاندی) بکەنەوە! وڵاتەکەی ئێوە دەوڵەمەندو بە پیتە، دانیشتوانی ئەوێش رووت‌و رەجاڵن. سەرکردەی دەرەجە پێنجتان هەیە سەدو پەنجاو هەشت جووتە پێڵاوی لەناو کەنتۆردا ریز کردوە. ئەمە سەرکردەی دەرەجە پێنجی ئۆپۆزیسیۆنە، جارێ کورسیی حوکم نەچەقیوەتە ژێر قوونییەوە، ئەی



ئەگەر خوا نەکردە چەقی، دڵی بەدوو ملیۆن پێڵاویش ئاو ناخواتەوە. ناکرێ سەرکردەیەك کەپرێکی هەبێ‌و لەسەر حەسیر دانیشێ؟ هەشتا لەسەدی خەڵکی ئەو وڵاتەی ئێوە لەسەر هەرزاڵ‌و سەکۆ دەنوون‌و لەکەپرو خانووی قووڕدا دەژین‌و لەسەر حەسیر دادەنیش! کەم کەس ڤێللای هەیەو بە رۆسرایس‌و پۆرشەوە دەسووڕێتەوە. بازرگانێك ڤێللای هەبێ ئاساییە، بەڵام سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ وەکو (مەهاتما گاندی) بژێت. ئایا "نالی" گەورەترین شاعیری ئێوە نییە؟ ئەویش دوو سێ بزنی هەبووەو بەشیری ئەو بزنانە ژیاوە، بەڵام سەرکردە مەزنەکانی (ئۆپۆزسیۆن) پێویستیان بە ( گەل)ێك هەیە. هەر سەرکردەیەك پێویستی بە گەلێك هەیە. سەرکردە پێویستی بەپەیامێك هەیە، پێویستی بەفەلسەفەیەك هەیە. دونیاکە لە گۆڕاندایەو ئەوەی لە جێگەی خۆی بوەستێ، رەشەبای گۆڕان راپێچی دەکات. ئەو "سەرکردە"یە بۆ لاسایی هیتلەرو قوتابییەکانی دەکاتەوەو لاسایی گاندی ناکاتەوە؟ هەر هەمووی تاوانی خۆمانە. ئەگەر سەرکردەیەك بەقات‌و بۆینباخ‌و چرووت‌و دەیان ئۆتۆمبیلی رۆسرایس‌و پۆرشەوە دەرکەوت, کەس چەپڵەی بۆ لێنەداو کەس دەست‌و شانی ماچ نەکرد، ناچاری خۆ گۆڕاندن دەبێ. ئەگەر چەپڵەی بۆ لێدراو بەرخ‌و نەوەن‌و حوشتر لەبەر پێیدا سەر بڕا، ئەویش پتر پێی لێرادەکێشێ‌و شووڵی لێهەڵدەبڕێت‌و غەڕا دەبێ..

■ ٥٦ ■

ئەو رۆژەی لە کۆماری کوردستاندا(مەهاباد) بە کرێگیراوێك کوژرا، قازی محەمەد هاواری کرد:

"وازتان نەهێنا، تا کوردستانتان نەکردە گۆمی خوێن".

بەدرێژایی کۆماری مەهاباد، چوار کەس کوژران. قازی محەمەد دژی خوێنڕشتن بوو. ئەو گاندی بوو, کورد هیندی نەبوو. من خەڵك دەناسم بەپێنج دینار یان قاپێ عارەق خەڵکی کوشتوە.

کەلای میرەوەگ گوتی:

کولتووری سیاسی دزێو، پەیوەندییە سیاسییەکانیش دەشێوێنێ. برا لەسەر بیروباوەڕ برا دەکوژێ. دراوسێ ماڵی دراوسێ دەسووتێنێ. دەبێ تۆوی کولتووری بێ زەبروزەنگ بچێنرێتو کەللە سەرەکان زوو گەرم نەبن. گەر گەرم بوون، دەست نەدرێتە چەك. دەست درایە چەك, خوێن نەڕێژرێت. خوێن رژێنرا، نەبێتە لافاو. بووە لافاو، داروبەرد، تەڕو وشك لافاوی خوێن نەیبات.. قوماری سیاسی لە قوماری قومارخانە خراپترە. چۆن بە چارەنووسی گەلێك کایە دەکرێت؟

قوماری سیاسی بۆی هەیە بدۆڕێت! کەدۆڕا، سەرو ماڵی ملیۆنێ کەسی تێدا دەچێ. گەلێکی ئازادو سەربەست، دەبێتە کۆیلەو ژێر دەستە. دروشمی سەرەکیی هیتلەر ئەوە بوو: (سەرکەوتنی تەواو، یان دۆڕاندنی تەواو!) ئەڵەمانیای بەتەواوی وێران کرد. کەم پردو خانووکەنیسەو کارگە بەڕاوەستاوی مایەوەو قومبەلەی بەرنەکەوت. ئەمڕۆش بەشێکی کلێسەو خانووەکان چاك نەکراونەتەوە. هەندێ پارچەی خاکی ئەڵەمانیا هەر بەلێکردنەوە لێکرایەوەو درایە دەوڵەتی دراوسێ. شیلێزیەن بەر پۆلۆنیا کەوتو سوودیتن بۆ چیك مایەوە, بە چارەنووسی گەلێك قوماری سیاسی کرا: هەر هەموو ئەم جیهانە داگیربکاتو لەژێر دەستی حوکمی نازیدا بێت! شەڕەکەی دۆڕاند! پیسیش دۆڕاندی. قومار، گەمەیەکی زۆرخۆشو پڕ مەترسییەو قوماری سیاسی لەقوماری قومارخانە پیسترە، گەلێك دەدۆڕێت!



ئێمە دەبێ پرۆژەی سیاسیی براوەمان هەبێ، نە بەچارەنووسی خۆمان کایە بکەین. لەکڵە بە مەلا ئەلیاسی گوت:

لە نێوان(کێر)و (کێرد)دا، هەزاران شتیتر هەیە، تۆ بۆچی تەنیا دوو ئەلتەرناتیڤت لەبەرچاو گرتوەو بە(کێرد)وە نووساویت؟

گەر رێگەی ئاشتی پەسەند نەکرا، شەڕ بەرپا دەکرێت!

ئەو سیاسەتە .. ئەو رێبازە سیاسییەی هەڵی دەبژێریت، نابێ پاش چوار رۆژ لەبەردەم کۆڵانی بنبەستدا بوەستێ.. رێبازی سیاسی نابێ هەروا زوو خۆی بگەێنێتە بەربەستو ڕێگەی داخراو... ئێمە سیاسەت دەکەین، یان یاریی مارو پەیژە؟ دەروێش عەلی بە ناپلیۆنی گوت: تۆ شەڕی دۆڕاو دەکەیت .. شەڕی دۆڕاو سەرلەئێوارە دیارە.. بەم شەڕانەت زیانت بەخۆتو فەڕەنسا گەیاند. سوپاکەت چەندە گەورەو پڕچەكو ئازا بێت، مەرج نییە سەرکەوتن بەدەست بهێنێو گۆزە هەموو جارێ بە نەشکاوی لەکانی ناگەڕێتەوە! لەشکرەکەی تۆش دوور نییە تووشی هەڵەنگوتنو سەرسمو سەرەنگرێ بوونو نسکۆ نەبێت! دوژمنەکانت دەستەوەستان دانانیشنو بێدەنگ نابن. ئەوانیش دەتوانن هێزت لێکۆبکەنەوەو رووبەڕووت بوەستنو شەڕەکە بەرنەوە..

## ■ ٥٧ ■

ئێمە لەشەڕی عەسکەریدا براوەین و لەشەڕی سەرمێزدا دۆڕاوین. کەواتە: شەڕی سەر مێز سەختو گرانترە.. چارەنووسازترەو چالاکیی عەسکەری یارمەتیدەرە. شەڕ درێژەکێشانی سیاسەتە. بۆ قەڵەمەکەی دەستت لەپەنجەرەوە تووڕ دەدەیت و لەبن مێزەکەوە کلاشینکۆف دەردەهێنێت؟

**زوو دەستت مەدەرە کلاشینکۆفو خەنجەرو ئاربیجیو دەمانچەو رەشاشو دۆشکە، زوو قەڵەمو قاقەز تووڕ مەدە.. تۆ دەگەڕێیتەوە سەرمێز. لەسەر مێزەوە بۆ سەر شاخ، یان لەسەر شاخەوە بۆ سەرمێز؟ دەساڵ شەڕیش بکەیت، هەر دەگەڕێیتەوە سەر مێز! جوانترە بۆ کەسایەتیی تۆ لەسەر مێزەکەت بمێنیتەوە تا هەموو داواکانت وەدەست دەهێنیت. کێ گوتی: ئەوەی ئێستا بەئاشتیو بەخۆشیو بێ سەرئێشە وەری دەگریت، پاش دەساڵ زۆرترت دەدەنێ؟**

**((إذا جنحوا للسلم، فأجنح له؟..)).**

**سەردەمی شەڕ بەرەو کۆتایی دەچێ. شەڕ براوەش بێت، هەر دۆڕاوە. ئێستا سەردەمی زۆرانو چالاکیی دیپلۆماسیی چڕو پڕە. بڕیاری ناوچەیی زۆر بێ بایەخ لە بەغداو بەسرەو قاهیرەو سوورەبانو ناودۆمان نادرێت، بەڵکو لەنیویۆرکو واشنتۆنو لەندەنو پاریس دەدرێت. بڕیاری نەوت فرۆشتنو نرخەکەی بەدەست تۆوە نییەو نابێ، کارتیلی نەوت سیاسەت دادەڕێژێو بڕیار دەدات، چەند بفرۆشێو بەکێو بەچەندو کەیو.... ؟ ئەوەی لەم هاوکێشە ساکارە تێنەگات، زیان بەخۆی دەگەیەنێو نەوتەکەی لێدەکەنە ئاگر!**

**جاك شیراك بەشاندێکی باڵای گەڕەکی چەورەمەنی گوت:**

**لە شێوەی ئاخاوتنی ئێوەدا ئەوە بەدی دەکەم، دەتانەوێ جەخت لەسەر شەقڵی کوردایەتی شاری خانەقی بکەن! جێگەی سەرسووڕمانە بۆ من لەشارێکی نەوتی، بازرگانی، سنووریدا ئەندامی گەلانی تر بۆ ئەم شارە نەهاتبنو زمانو کەلتوورو دەردی خۆیان نەهێنابێ.. مەلا جافریش لەرۆمانی (ئەڵوەنو ئەفسانە)دا, ناسنامەی کوردی شارەکەی بەزەقی خستۆتە بەرچاو.. چۆن ئەم شارە لەماوەی پتر لە هەزارو چوارسەد ساڵدا, سیمای نەتەوەیی خۆی لەدەست نەداوە؟**



**کوێخا شیرگەو مەشەی یارگەو کەلای گوڵگە، کە ئەندامی شاندەکە بوون، هەرسێکیان پێکەوە لێی هاتنە زمان، چۆن لێهاتنە زمانێك، هەر لەجێگەی خۆی کرایە پۆڕی خوراو. گوڵگە گوتی:**

**( جاك شیراك! تۆ لە کەشو هەوای کولتووری دان نەنان بەمافی گەلانی تردا، پەروەردەکراویت، هێشتا ناتوانیت بەشێوەیەکی دیموکراسیو مرۆڤانە بیربکەیتەوە. مافی گەلی کۆرسیکیو گەلی باسك لەرۆژاوای فەرەنسادا پێشێل کراوە. بەزۆر دەتانویست جەزائیرییەکان بتوێننەوە، سەری نەگرت. بۆیە ئێستا تۆ وادەزانی ئێمە بەدرۆوە ناسنامەی شارەکەمان دەخەینە بەرچاو؟ ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە راستی هەلو مەرجی نەتەوەییو سیاسی پێشکەش بکەین. کوێخا شیرگەو مەشەی یارگە ناولەپی دەستی راستیان بەلای چەپی گەردنیدا کێشاو بەدەمیش گوتیان: ( ئەشەدو بیلا فەرمایش، فەرمایشی کەلای گوڵگەیە، قسەکانی هەر هەمووی تەواوەو ئۆباڵی بەگەردنم، قسەکانی هیچ عەیبێکی نییە)**

**جاك شیراك لە شایەتیی شیرگەو یارگە تووڕە بوو، گوتی:**

**( یارگەو شیرگە هەر زوو ئەشەدو بیلایان بۆ کەلای گوڵگەدا. راستە لەخانەقیدا هەندێ ماڵە عەرەب هەن وەکو ماڵی نەبیل جەبار ئەخشەمو تاریق حوکمانو حەسەن عەبدو ئێستا خۆیان بە کورد دادەنێن، بەڵام هەندێ ماڵە تورکمانو عەرەبیش هەن، پێیان خۆشە ناسنامەی کولتووریی خۆیانو زمانیان بپارێزرێت..**

**کوێخا شیرگە گوتی:**

**( ئەگەر هەشتا لەسەدی پاریس موسڵمان بێت، ئەوە تۆ ئامادەی پاریس بە**

شارێکی ئیسلامی یان نا فەرەنسی دانیێیت؟)

شیراك گوتی:

بێگومان پاریس پایتەختی فەرەنسایە .. مسیۆ شیرگە؟

یارگە گوتی:

مسیۆ پریزیدنت شیراك. کامەیە ماڵە عەرەب؟

شیراك بەبێ وەستان گوتی:

مسیۆ یارگە.. ماڵی مرۆیش، کە چایخانەکەی بەرامبەر چایخانەکەی کرندییە، خۆیان بە عەرەب دەزانن!

شیرگە گوتی:

مرۆیش! ئەلی شوختی دەمەلی و ئویشم یانە کوردن.

شیراك گوتی:

نۆ! نۆ! نۆ... مسیۆ شیرگە.. کارەکە بە "شوخت" چارەسەر ناکرێت. نۆ! نۆ! مسیۆ! شوختێك بەسەر ناوەکەدا دەهێنیت، بەڵام بە "شوخت" راستی ئاوەژوو ناکرێتەوە. ئێوە ئەنفال دژتان کراو کێشەی کورد بە توندتر هاتە پێشەوە.. چارەسەری باش بۆ کێشەی خەڵك بدۆزنەوەو فێڵ لە خۆتان مەکەن.

کوێخا شیرگە زمانی وا راهاتوە، ناتوانێ ژنەکەی بەناوی خۆیەوە بانگ بکات.(دوێتەگە.. دوێتە.. دوێتەڵە..) ئەمە بانگکردنی سەردەمی گەنجایەتی بوو.

لە چل ساڵ بەدواوە، ناوێکی تری بۆ دۆزییەوە:

((بلڤنجك))

بلڤنجك بەرامبەر Baby ئینگلیزیو ( شاتس Schatz )ی ئەڵەمانی (أسماء الدلع)ی عەرەبییە.



شیراك گوتی:

( چل ساڵ: پیری گەنجایەتییە، شەست ساڵ: گەنجایەتی پیرییە).

یارگ گوتی:

( مسیۆ شیراك.. ئەوەی یەکجار ئاوی ئەڵوەنی خواردبێتەوە، تا دەیخەنە گۆڕەوە، هەر گەنجە.. پیری گەنجایەتی، گەنجایەتی پیری لای ئێمە پارە ناکات. ئێمە تا ئەو رۆژەی دەخرێینە گۆڕەوە, هەر گەنجین).

شیرگە لەدڵی خۆیدا بڕیاری داوە، بە هەشتا ساڵیش بەژنەکەی نەڵێ: (کەیوانوو)

کەیوانوو ئامرازی پیرکردنو پیربوونە، یان بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی تەسلیمبوونە بەرامبەر رەمووزنی پیریو بەساڵا چوون. ئەو بڕیاری داوە لەسەرە مەرگیشدا هەر بە (دوێتڵە) یان (بلڤنجك) بانگی بکات. ئەم بانکردنە، کۆمەڵێك بیرەوەریی زۆر خۆشی لەگەڵیدا گرێداوە..کاتێك گەنج بووم.. شەوان بەم شێوەیە بانگی ژنەکەی دەکرد:

( ئەری دوێتڵە تەك بیە ئەیلا.. بلڤنجك وە ئەلی فرە دوستت دیرم)

■ ٥٨ ■

ئەمەی لەبری ئای چەندەم خۆش ئەوێی

I love you
Ich liebe dich

تاماس شامرای گوتی:

ئێمە لەسەربان کچێکمان دەبینی یەکسەر پێمان دەگوت: من تۆم خۆش دەوێ

واتە: ئش لیبە دش. کەچی ژنو پیاوی ئەڵەمان پاش حەوت هەشت ساڵ هاوسەرێتیو رەنگە بەیەك نەڵێن: ئش لیبە دش. پێش ئەوەی بگاتە ئەم قۆناخە

ئش هابە دش گین

ئش ماگ دش

ئش شتیهە ئەوف دش

ئەگەر ئەم ریزبەندیەت لێتێك بچێ، ریسەکەت لێدەبێتەوە بەخوری. لە کوردەواریدا لەناو گەنمو رەزو باخو بن دارانـدا، شەنگە بێریت بینیو بۆت وەستا، یەکسەر قەڵەمباز. . .خۆت بشارەوە. خۆحەشاردانو قەڵاچۆکردنی دژمن. . .لێرە! پەکوو! پەکوو! رەنگە لەگەڵ کیژێکدا دە جاران پێکەوە بۆ مەلە بچنو هەژدەجار بۆ دیسکۆو چلو هەشت جار دەست لەناو دەست، پێکەوە پیاسە بکەنو پانزدە جار برنجو بامیە بخورێتو هێشتا هیچ ئەنجامی نەبێ. قۆناخەکانی گەشەکردنی پەیوەندیی خۆشەویستی رۆژهەلاتی و رۆژاواییت لێتێك نەچێ!

## ■ ٥٩ ■

خوایە بۆ منت وا بەتەنیا بەجێهێشت! دە رۆژە رووحی هەڵزووراوم بەخاچی ئەستێرەکانی نیگاتەوە هەڵواسراوە.

دە رۆژە ناو لەپو قاچم بەبزماری ژەنگاوی چاوەڕوانییەوە داکوتراوە. تاجی دڕکاوی ناکامی بەسەرمەوە ئاڵێنراوەو زمانم لەبەر تینوویەتیو ئازار شکاوە. گڕی هەناسەی تۆ دەمسووتێنێ. لەبرینەکانمەوە تاڤگەی خوێن چۆڕاوگەی



بەستووە. بەبێدەنگی دەناڵێنم! دووکەڵی ناڵەی یەکبوونو جودایی ماڵئاوایی لەژێلەمۆی دەروون دەکات.

داڵو هەڵۆو شاهێن وەکو پەروانە بەسەر سەرمەوە دەسوڕێنەوەو نووکە تیژەکانیان ئاراستەی قوولایی جەرگم دەکەن. وامدەزانی شەپۆل .. دەریا، ئەستێرە .. ئاسمان، تاریکی شەو جێناهێڵێت. وامدەزانی تۆش قەت جێمناهێڵێت! وامدەزانی لەناو گەرووی بورکانیشدا بم، دەستە پیرۆزەکانتم بۆ درێژ دەکەیتەوە! بەڵام ئێستا دەزانم تۆ لێمتۆراوی و لایەك ناکەیتەوەو قەت بەچاوی خۆشەویستی سەیری منو ئەم خاچە سووتاوە ناکەیت. وەرە خوارێ.. ئەی خوای غەریبان، لەکلکەی هەوری ئاڵەوە.. وەرە خوارێ .. وامدەزانی رووحی هەڵکڕووزاوم بەسەر دەشتو شاخو کێوەوە، سێبەری تۆیە. تۆش، تۆیت! تۆ منی داماو بۆ رەحمەتی کەڵبەی گورگو دەنووكو چڕنووکی سەقزو بازو ئازار جێدەهێڵێت؟ ئەی خودایا! وامدەزانی ئەوانەی خولامی نیگای جوانی چاوی تۆن، هەمیشە بارانی خۆشەویستی و شادیان بەسەردا دەبارێت، کەچی نەمزانی، لەبری گوڵو گوڵزارو رووبارو کانیاوی بەهەشت، منو ئەم خاچە سووتاوەم بۆ ناو قوولایی دڵی دۆزەخی بیابان رەوانە دەکەیت!

ئەی خودایا! هەر وامدەزانی تۆ دەرگایەکی تەنگانە دادەخەیتو هەزارو یەك دەرگای خێرو خۆشی دەکەویتەوە. تۆ هەر لەچاوترووکانێکدا هەزارو یەك دەرگات لێداخستمو درزێکی چکۆلەشت بەکراوەیی بۆ جێبەهێشتم.

بەکڕنۆشەوە، لەپەرەستگای توانەوەو عیشقی تۆدا، شەیداو دیوانەو پەرێشانو ئاوارە بووم. دڕكو داڵو بەردە بارانم بەخەڵاتو بەرات بۆ خۆم دانا بوو. دەزانم تۆ بۆ خۆشەویستی من بەلێشاو شەلو کوێرو گەڕو گولت چاك دەکردەوە. گۆشتم

نانەو خوێنم شەرابە بۆ ئێوە. ئەوەی شەپازللەیەکی بەبنا گوێی چەپدا کێشا، با زللەیەك بەبنا گوێی راستیشدا بکێشێت. بەرامبەر لافاوی رقی شمشێرو هێرشی دارستانی خەنجەرو تەورو بیور، لەبەرئەوەی تۆم لەپشت بوویت، هیچ باکم نەبوو. ئێستا بەپێی خۆم بۆ سەر خاچ رۆیشتمو بەدەستی خۆم خۆمم لەخاچ داوە. ئەمە بۆ من گەورەترین ئاسوودەییەو باشترین پاداشە.

من دەتوانم لەگەڵ رەشەباو زریانو تۆفان بدوێم. من دەتوانم لەگەڵ پەپوولەو گوڵو چلی دار بدوێم، بەڵام قەت ناتوانم لەگەڵ بەردو ئاسنو پەیکەری بێگیانـدا بدوێم.

ماوەی سێ ساڵە، شارەکانی ئۆروپا دەگەڕێم، شەنگە بێرییەکم نەبینی یەك لەدەی ئەو جوان بێت!

هەروەکو چۆن مانگ، لەدەشتو دەرو بیابانـدا، سەرنجی هەموو رێبوارێك رادەکێشێ، ئەویش فێنکیو ئارامی بەدڵە سووتاوەکان دەبەخشێ. دەرکەوتنەکەی دەرکەوتنی ئاسایی نەبوو، دەمو چاوێك خەرمانەیەکی فروسماوی بەدەورەوە بوو، بینەران، هەریەکە لە جێگەی خۆیەوە، برووسکەی سەرسووڕمان لێی دەدان.

سەرسووڕمان چریکەو هاواری لەسەرجەمی بینەران هەڵدەستانو کەس نەبوو ناڵەی سووتانی لێبڵند نەبێتەوە. کیژەکە لەشووشە دەچوو، رووناکی دەدایە، تاریکی دڵە داخورپاوەکان..

سەعید شووتی فرۆش هاواری دەکرد:

شووتی بەشەرتی چەقۆ.. بەلاش..بەلاش.. دیاریی خوایە.. شووتی بەشەرتی سووریو شیرینیو جوانی..

نووکی چەقۆکە بەر توێکڵی شووتییەکە نەدەکەوت، درزی دەبرد. برایم



قەساب پێنج شەش لاکە مەڕی هەڵواسیبوو. هەر کچە شووشەکەی دەبینی، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، لە کەللەی سەری دەیشیراند:

( خودا چەس ئەی شحمو لحمە.. دڵو جگەر ..گشتی نەرمەس)

چەقۆ تیژەکەی وەکو شێت رادەوەشاند، نەیدەزانی دەستی خۆی، یان مەچەکی مەڕەکەی لێ کردۆتەوە!

سمە بویچگی بەقاڵ سنووقە تەماتەی باوە پەلاوی هەڵدەڕشتو فەردە باینجانی رەشی (دەکە)ی حاجی برایمی قەلا قەلا دەکردو لەپڕ دەیکردە زیقە زیق:

"کامەی فرە فرە خراوە، بکیشنەی وەبان تەپڵ سەرم"

سەعە دەهۆڵچی قایمتر لە دەهۆڵەکەی دەدا. نووری کەچەڵ ریکلامەی فلیمی نوێی بەرزتر دەکردەوە.

حەسەن چایچی خڕەی لە پیاڵەو ژێر پیاڵە هەڵدەساند. ئەوانە دۆمینەیان دەکرد، هەپی بەیازیان لای دووچوار دادەناو دوو سێ لای شەش بێش. تاوڵەچییەکان زارەکان لە دەستیاندا وشك دەبووەوە..

ئەو ئاوڕی لەکەس نەدەدایەوەو لایەك لەبازاڕەکە مەستو سەرخۆش دەبوو.

گوێتەی شاعیر دوو ساڵ پێش مردنی لەبەشی پێنجەمی بیرەوەرییەکەی (شیعر هۆنینەوەو راستی) ئاماژە بۆ دەزگیرانی یەکەمی لیلی شوێنەمانی کردوە. خەفەت بۆ سەرنەگرتنی پرۆژەی ژنهێنان دەخوات دەنووسێ:

"ئەگەر لیلی شوێنەمانم بهێنابایە, گەشەکردنی کەسایەتیم زۆر چاکتر دەبوو...."

بنەماڵەی گوێتەو بنەماڵەی شوێنەمان ، هەردوولا دژی هاوسەرێتیی گوێتەی

شاعیرو خاتوو لیلی شوێنەمان بوون. هەردوو براکەی لیلی بازرگانی دەوڵەمەند بوون‌و پێیان باش نەبوو خوشکەکەیان شوو بە کاسبکارێك بکات. بنەماڵەی گوێتە لیلیان پێ"یای دەوڵەت" یان ‘‘ خادەوڵەت" بووە. بە ئینگلیزی دەبێتە State ladyبنەماڵەکەشی لە رووی ئایینییەوە ریفۆرمیست بوون، نەك لوتەری. خۆشەویستی دەکرێتە قوربانی بۆچوون‌و سەنگ‌و تەرازووی پلەی کۆمەڵایەتی‌و تێڕوانینی ئایینی بنەماڵەو خێزان.

بەیەك نەگەیشتنی گوێتەو شوێنەمان زیانی لەبەهرەو کەسایەتی گوێتەدا. ئێمە نەك هەر لیلیمان بە نسیب نەبوو، نان‌و ئاوو جل‌و بەرگ‌و پارەی قەڵەم‌و قاقەزشیمان نەبوو. گوێتە ئەگەر وەزیری رێگاو بان‌و جەنگیش نەبوایە، ئەوەندەی لە باوکیەوە بۆ بەجێ مابوو، پێویستی بەخوێندن‌و زانکۆو فەرمانبەری نەبوو. ژیانی سەگە خوێڕییەکی پاریس، رەنگە لەژیانی رووناکبیرێکی گەورەی ئێمە خۆشتر بێت. پیرەژنێك سەگە کوڵکنەکەی لەناو عەرەبانەی منداڵ دادەنێ‌و پڕ ملی لە مووروو حەتحەتۆکەو مەدالیای زێڕ دەکات. خواردنەکەی ئەو زۆر لە خواردنەکەیی من چاکترە. ئەو سەگە کوڵکنە خوێندەواری هەبوایە، لەمن باشتر چیرۆکی دەنووسی. پیرێژن رۆژی دوو سێ رۆمانی تۆماس مان‌و کافکاو گوینتەر گراسی بۆ دەخوێنێتەوە!

شەهید صادق پێی گوتم:

( تۆ نابێ ژن بهێنیت! ژن هێنان گیانی شۆڕشگێڕانە دەمرێنێ. ئێمە بڕیارمان داوە شۆڕش بەرپا بکەین. ژن‌و ماڵ‌و منداڵ پیاوی شۆڕشگێڕ دەخەسێنێ‌و دەبەستێتەوە).

کاتێك بەکاك بەختیارم گوت:.



( بڕیارم داوە ژن بهێنم. دەزگیرانم هەیەو دەمەوێ بیهێنم)

کاك بەختیار گوتی:

(ئێمە ژنی ئەم هەل‌و مەرجە نالەبارەین. شاخ‌و تفەنگ چاوەڕوانت دەکەن. پێویستە شۆڕش بەرپا بکرێت‌و بەردەوام بوونی شۆڕش مسۆگەر بکرێت.. پاشان ژنهێنان.. خێزان)

مامۆستا موحسین پێی گوتم:

(تۆو صادق دەبێ زوو روو بکەنە شاخ. ژمارەیەك کادری سیاسی‌و عەسکەری شەهید کراون، دەبێ جێگەکەیان پڕ بکرێتەوە. زۆربەی هاوڕێیان گیراون‌و ئەمن‌و ئیستخبارات هەزاران داویان بۆ ناوینەتەوە. دەترسم پێوە بن. زوو بڕۆن با پێوە نەبن. مرۆڤ لەو شاخە بکوژرێت، نەك بە زەلیلی دەست دوژمن بکەوێت)

■ ٦٠ ■

من‌و شەهید صادق پێکەوە روومان کردە شاخ. پرۆژەی ژنهێنان هەزارو یەك تەگەرەو نسکۆو کەلێنی سەرنەکەوتنی تێکەوت. ژن وەکو ناوچەی مەنگوڕایەتی رەدوومان نەکەوت. ئێمە رەدووی ئایدیۆلۆجیاو شۆڕش کەوتین. ئێمە ئامادە بووین گیانی خۆمان لە پێناوی ئایدیۆلۆجیادا بەخت بکەین. ئایدیۆلۆجیاش هەر ئەوەندە کاری بە تۆیە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دەفتەری سەرووەری بەخوێن ناوت تۆمار بکرێت یا بەموو ئاسۆی بیرکردنەوەت سنوورو پەرژینی پێشتر دانراو نەبەزێنێ. سنوور بەزاندن‌و پەرژین رووشاندن لە سێو خواردنەکەی دایە حەوا زۆر خراپترە. ئەندامی گوێڕایەڵ, دەبێ لەکونی قنگی مێروولەی ئایدیۆلۆجیاوە

سەیری جیهان بکات. مێروولەکە چەند لاتو پاتو خۆریلەو نابووتو بێکەڵك بێ، ئەوە گرنگ نییە. پرسیاری بنەڕەتی جیهانبینیو نەخشەی ئایدیۆلۆجیایە. دەبێ وەکو کاوڕەکانی مەلا ئیبادە دوای شوان بکەونو لانەدەنو بەدزییەوە لە بێستانو خەرمانو گوڵزاری لاڕێ، لا لەوەڕ نەکەنو لە ڕێبازی سەرەکی دوورنەکەونەوە. ئایدیۆلۆجیا (کەشتییەکەی نووح )ەو مرۆڤایەتی لە تۆفانی کارەسات دەرباز دەکات. ئەوەی لەناو کەشتیی ئایدیۆلۆجیادا جێگەی خۆی نەکاتەوە، لافاوی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو ڕایدەماڵێ.

ئەی دایە حەوا بۆ سێوێکت لەدارکردەوەو داتە بەر قەپ؟

خانەقی گۆڕەپانی زۆرانبازیی ئایدیۆلۆجی بوو. مەیدانو عەبدوڵڵا بەك (مۆسکۆی بچکۆلانە) بوو. بەشێکی مەزرەعەو لایەکی پاشا کۆپری سەنگەری پێشەوەی خەباتی نەتەوەیی بوو، (ئاوایی ئەرکەوازی) قوڵایی ستراتیژی ئەم بەرەیە بوو. لەکۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا (عەشیرەت)و (گرووپی دینی) ڕێگە بەخۆی دەدات جلو بەرگی ئایدیۆلۆجی لەبەربکاتو ئایدیۆلۆجیا بکرێتە ئامرازی دەستی عەشیرەتو بنەماڵەو تیرەو تایفە بۆ لێدانی دوژمنە عەشرەتیو تایەفییەکان. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو سترکتووری سیاسیدا، هۆزێك ڕێگە بەخۆی نادات، بەدروشمی دووهەزارساڵ لەمەوپێش دەست بخاتە بینی دوژمنەکانی خۆیەوە. هەموو شتێ، بەشێوەی مۆدێرن، ڕەنگ دەکرێتو بەزمانی فەلسەفەو زانست، گرووپەکان ڕوو بە ڕووی یەك دەوەستن.

زۆرکەم ڕێك دەکەوێت ئەندامی دوو حیزبی ناکۆك لە چایخانەیەکدا پێکەوە دانیشنو چایەك بخۆنەوەو دەستێك دۆمینە بکەن. ئێستاش دیمەنی دەمو چاو، شێوەی سەرسووڕمانو بارینی نیشانەی پرسیارم لەبەرچاوە. عەلی کاکل دەستێ



ڕانكو چۆخەی مەرەزی لەبەردا بوو. کاتێك مامۆستا سەلاح حەسەن بورکانی ڕەخنەی تەقاندەوەو ڕووباری ئاگرینی گلەییو گازندە کەوتەڕێ عەلی ماوەیەك حەپەسا.

عەلی ئەوکاتە کوڕێکی گەنجی بوێرو ئازا بوو. دڵی جێگەی ئەو جۆرە ڕەخنەیەی تێدا نەدەبووەوە. گوایە ئەو لەگەڵ ئەندامی حیزبێکی تردا پیاسەی کردوە( دوو سەدو حەفتاو نۆ هەنگاو پێکەوە ڕۆیشتوون..) عەلی لەپڕ ڕاماو چاوتڕووکاندنێك، دەمی چووە کلیلەو پاشان گوتی:

( ئەیە پەخشەیگەو چوێسە کەپووڵمەو.. خوداش دەری نێکەد..)

ـ ئەمە مێشوولەیەکەو چۆتە مێشکمەوەو خواش دەری ناکات ـ ئەوکاتە لەدڵی خۆمدا هەر زۆر بە ( پەخشە چوێسە کەپووڵمەو) پێکەنیم. ئێستا دەزانم، داڕشتنەکەی کاك عەلی هەر زۆر وردو ناسكو پڕپێستی خۆی بووە. هێزە سیاسییەکان بیروباوەڕی زانستییان بڵاو نەکردۆتەوە! پڕ مێشکی خەڵکیان لە (مێشوولە) دەئاخنی. ئەو مێشوولەیەش بەکەس نایەتە دەرەوە. مارکس (پەخشە) چووبووە (کەپووڵ)ییەوە، تا کەپیتاڵی نەنووسی، دەستی لەکارەکە هەڵنەگرت. کەپیتاڵی ئەم جیهانە هی ئەو بوایە، دەستی لە پرۆژەکەی هەڵنەدەگرت. گیڤارا پۆستی وەزیریی هەبوو، کاتێك دەستەیەك چەکداری دروست کردو ڕووی کردە جەنگەڵەکانی پۆلیڤیا. خوا خۆی پەخشەکان لەمێشکمان دەرکات، بۆئەوەی ژیانێکی ئاسایی بەرینە سەر:

پەخشە قەپ گرت لە ڕیشم
لەخۆیەو من دەرویشم
پەخشە قەپ گرت لەسینەم

**لەخۆیەو من سەکینەم**
**پەخشە قەپ گرت لە ڕانم**
**لەخۆیەو من سەکرانم**

تا هێزی پەخشەی ئایدیۆلۆجی لەبەرچاوم بەرجەستە نەببوو، لەدیوی ناوەوەی گۆرانی (پەخشە)ی منالاَن تێنەدەگەیشتمو سترانەکەم پێ زۆر سادەو بێبایەخ بوو. بەرە بەرە زانیم پەخشە وەکو مافیا تۆڕی خۆی هەیەو ڕۆژی هەزار داو دەنێتەوە. گونی ئەسپە شەلەکەی شامرای کەچەڵ، چەند مێشوولەی پێوەیە، دوا قەڵەمڕەوی مەملەکەتی مێشکی داگیرکراویش ئەوەندەی پێوەیە. پەخشەکان مرۆڤیان کردۆتە ڕۆبۆتا. ڕۆبۆتای پەخشە. پەخشەی ڕۆبۆتا. ڕەنگە سەردەمێك بێت لەگوندی (تۆڵە فرۆش) یان ( دەروەن جق) ڕۆبۆتای پەخشە بهێنرێتە بەرهەم.

■ ٦١ ■

پاش دووەمین جەنگی جیهانی (عەلی خان مامەی) لەسەر شانۆی کۆمەلاَیەتیی کاریزو بانمیلو ئەرکەوازی دەوری خۆی دەگێڕا، لەوە دەچێ پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کەسایەتیی ئەوی هێنابێتە پێشەوە. دوای رووخانی ڕژێمی مەلەکیو بەرپا بوونی شۆڕش(عەلی بەگ عیسا) ئەستێرەی گەشایەوە. چەمکێکی لاتینی هەیە پێی دەڵێن:

( پریمۆس ئینتەر پاریس ـ Primus inter Pares )

تا ئەوکاتە، ئەو یەکێك بوو لە کەسایەتییەکان، بەهۆی پەیوەندیی سیاسیو



پێشمەرگایەتییەوە، ئەو وەکو سەرۆکی هەموویانی لێهات. دەیان دروشمو شیعری بۆ هۆنراوەتەوەو هەمووی نیشانەی درەوشانەوەیە:

**دارەگەی بەمۆ، پەلگەگەی وردە**
**عەلی وەگ عیسا رەئیسی کوردە**
(( پریمۆس ئینتەر پاریس چەیگە؟))

(باوە بچوو! تو چە زانی؟ تو چوزانی من زانم و نێزانم! زانیین دەریایەو ئێمە هیچی لێنازانیین. ئێمە تەنیا سەمای بەلەمە بێنازەکانی سەر شەپۆلە خەوالووەکان دەبینین! شلَپو هووڕەکانی کەنار دەریا بەرگوێمان دەکەوێت. رووکەش سەرنجمان رادەکێشێت .. ئەو دیو شەپۆلەکان لەسنووری زانینی ئێمە تۆراون). کۆمەڵێك کەسایەتیی هاوسەنگ، یەکێکیان دەبێتە دەمڕاست. یەکێك بووە دەمڕاستی ژمارەیەك تیرەو تایفە، دەتوانێ سێبەری دەسەلاَتی خۆی بخاتە سەر شارەکەش.

پاکستانییەکان دەڵێن:

( یا علی شیر خودا.. مشکل گشا)

گیروگرفت کوژ. مەگەر قارەمانێکی وەکو ئیمام عەلی بتوانێ گیروگرفت بکوژێ، یان خەڵك لە گیروگرفت دەرباز بکات.

ڕۆژانی عاشوورا خەڵکی ئەرکەوازی دەهاتنە پاڵ حوسێنیەی بچووك، کە شێخ موراد سەرپەرشتیی دەکرد. حوسێنیەی گەورە پەیوەندیی بەحەوزەی کەربەلاو نەجەفەوە هەبوو، بەیارمەتیی ئەوان بەڕێوە دەچوو. حوسێنیەی بچووك

بەیارمەتیو پشگیریی خەڵك بەڕێوە دەچوو، بۆیە كراوەترو بایەخی بەنواندنی زیندووی ڕووداوەكانی كەربەلا دەدا.

شێخ موراد لەگەڵ مەلا سونییەكانیشدا پەیوەندیی باش بوو. ڕۆژێكیان مەلا حەسەن ئەم پرسیارەی ئاڕاستە دەكات:

( كوژرانی ئیمام حوسێنو هاوڕێكانی كارەسات بووە، ئەمە نزیكەی هەزارو چوار سەد ساڵە رووی داوە، بۆچی ئێستا ئەو كارەساتە بەنواندنی نیمچە شانۆیی هەموو ساڵێك دەنوێنرێتو خەڵك بەقەمە لەخۆی دەداتو ساڵانە چەندین كەس، بەهۆی بەقەمە لەخۆدانەوە، گیانیان لەدەست دەدەن. وەكو سونی مەزەب ئێمەش یادی عاشوورا دەكەینەوە، بەپرسەو خێركردنو هەلیسە بەخشینەوە، ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیكەن بەو شێوەیە نەبێت، چاكتر نییە؟)

ئەم پرسیارە لەخەڵكی سادە بكرێت، ڕەنگە وەكو فیشەكە شێتە بە ئاسماندا بچێ. وەڵامەكەی شێخ موراد زۆر فەلسەفەییو شایانی رامانو پێداچوونەوەیە:

پرسیارەكەت زۆر بەجێیە. ئێمە ناتوانین بەسەر ئاستی گەشەكردنی كۆمەڵدا باز بدەین. ئێمە ئەگەر ڕووداوەكان بەشێوەی زانستیو بابەتی بگێڕینەوە، زۆربەی زۆری خەڵك پەنجەیان لەگوێ دەئاخننو بەدۆش داماوییەوە سەیرت دەكەن. كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لەشاری كەربەلادا، قوتابییەكی گەنج بووم. هەمان پرسیاری جەنابت لە زانایەكی گەورەی شیعە كرا. ئەو راستەوخۆ وەڵامی نەدایەوە، قوتابییەكانی هەر هەموو بۆ دوو حوسێنییەی جیاواز برد. یەكەمیان ئاخوونەكە بەشێوەیەكی زانستی ڕێكو پێك بۆ خەڵكەكە دوا. ئەو خەڵكە تەقەی سەریان دەهاتو كەس تاقەتی (صلوات)یشی نەبوو. دووەمیان: ئاخوونەكە، دوو سێ پرسیارێكی كرد: دەزانن بۆ بۆق شەو تا بەیانی دەناڵێنێو فرمێسك



هەڵدەڕێژێ؟

دەزانن بۆ جلو بەرگەكەی سەوزە؟

وەڵامی ئەو خەڵكە: گریانو باوكەڕۆو خۆكوشتنو بڕین بوو.. خەڵك قسەی ڕاستو دروستو زانستیو بابەتیی پێ خۆش نییە. پێیان خۆشە وەكو منالّی ساوای بەرمەمكان، قولایی سۆزیان بەوشەی سەوزو سوور ختۆكە بدرێت.

ئای دایە حەوا بۆ سێوێكت لەدارەكە كردەوە؟

بۆ سێوێك لە بەهەشت، خۆت بە دەركردن دا!

■ ٦٢ ■

فرۆید، جیهانو قۆناخی منالّی، بە قۆناخی دروستبوونی كەسایەتیی مرۆڤ تێدەگات. قۆناخی گاگۆڵكێو دارە دارەو پێگرتن، جیهانی داستانو ئەفسانەو فەنتازیی سادە. كاری زانستی منالّ بۆژوو دەكات. منالّ حەزی لە یاریو گاڵتەو گەپو ختۆكەدانو سەرنجراكێشانە. ختۆكەدانی هەست، هەست ختۆكەدان! تیری ناو تیردان، تیرێك دەردەچێ لە كەوان! قۆناخی گاگۆڵكێی كۆمەڵ درێژە دەكێشێ. ختۆكەدان، یان وروژاندنی هەستە نەوروژاوەكانی بنهۆش. هەستی گوگایەتیو لاساییكردنەوەی مەیموونو مارمێلكە؟ مەلە بێباڵەكان حەزیان لە فڕینو بەرزبوونەوەو ناوەڕاستی ئاسمانە! سمبوڵو نهێنییەكانی مێژووی كانیو سەرچاوەی هەڵقوڵانی ڕووباری خەونو سەرفرازی داهاتوون!

من لە نهێنییەكانی مێژوو تێناگەم!

تێناگەم!

من لە تێنەگەیشتنی خۆم تێناگەم!

بۆ ناتوانم پەی بەبنی گۆمی مێژوو بەرم؟

بۆ (وادی جهنم)ی کۆن، بە (وادي الربابة) گۆڕدرا؟

(دۆڵی دۆزەخ)ی جاران جێگەی لێدانو ئازاردانی خەڵکی دژی حوکمی ڕۆمانییەکان بوو. جەهەنەم سمبۆلی کوشتنو بڕین، ئێستا جێگەی سەیرانو خۆشیو گەشتو گوزارە. سمبۆلی سەر زەوی بەرەو ئاسمان هەڵکشا.

■ ٦٣ ■

بەمۆ سمبۆلی خەبات و بەرەنگاری بوو ..

بەمۆ نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش سنوور بووەو ئێستاش هەر سنوورە!.

سەرپێڵ زەهاو نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش سنوور بووەو ئەمڕۆش زۆر لە سنوور دوور نییە!

هەر شارێك لەجیهاندا سمبۆلێکی خۆی هەیە. بورجی ئیڤل سمبۆلی پاریسە. بورجی پیزا سمبۆلی شاری پیزایە. قەڵاو منارە سمبۆلی شاری هەولێرن.. ئەی خانەقی؟

هەموو کەسێك پردی گەورەی بەسمبۆل داناوە. پۆست کارتەکانی خانەقی بریتین لە کۆپری گەورە. شان بە شانی ئەم سمبۆلە بەرچاوە، ڕەمزێکی تر هەیە، نە لەجیهانی ئەرکیۆلۆگیدا ناسراوە، نەخۆشمان بایەخمان پێداوە, ئەویش نەخشەی لەسەر تاشە بەرد هەڵکەنراوەکەی دەربەند بێلوولەیە. ئەم نەقشە زۆر لە نەقشەکانی سەرپێڵ زەهاوو دەربەند گاورو دەرەبەندی ڕەمەکان دەچێ.

مێرێك تەنوورەی لەبەرەو ملوانکەیەکی لەملەو بەدەستی چەپی کەوانێکی



بەدەستەوەیە. پێی چەپی لەسەر سنگی کوژراوێکەو بەرامبەری پیاوێك کڕنووشی بۆ بردووەو دەستی پاڕانەوەی بڵند کردۆتەوە. لەپشت سەری ئەم پیاوەوە لەوحەیەکی پیتی بزماری هەڵکەنراوە، کەبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

((خ خ ـ ئیر برینی کوڕی ئککیبشامات، ئەم نەخشو داڕشتنەی دامەزراندوە، کاتێك ئەو وڵاتی ئابانی گێڕایەوە بن فەرمانڕەوایی خۆی. ئەوکەسەی ئەم نەخشو داڕشتنە تێکدەدات، خوای ڕۆژو باو باران وەچەو وەچەزای لەناو بەرێت))

■ ٦٤ ■

دەروێش حوسێن وەرگێڕانی دەقە بزمارییەکەی دەخوێندەوەو نەیدەزانی کام وەرگێڕان ڕاستە. ڕووداوەکە کەی ڕووی داوە؟ ئەو دێوانەو شەیدای مێژووی کۆنی کورد بوو. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید پێشمەرگایەتیی کردبوو، هەرچی سامانی هەبوو، بۆ کڕینی سەرچاوەی لەسەر دیرۆك تەرخان کردبوو.

کاتێك ئەو بیری لەسەردەمی ئیربرینی کوڕی ئککیبشامات دەکردەوە، کامەرانی عەزیز پشتیوان، نەخشەکەی بەر گوللە دا.

دەروێش حوسێن زۆر تووڕە بوو. کتێبە کۆنەکانی لەسەر گابەردێك داناو لەپێشمەرگەکان چووە پێشەوەو پێی گوتن:

( تەقەکانتان لەمن بکردایە، ئەوەندەم پێ ناخۆش نەدەبوو. ئێوە پێشمەرگەنو دەتانەوێ مێژوو دروست بکەن، کەچی بەدەستی خۆتان مێژوو کاول دەکەن. چوار هەزار ساڵە ئەم نەخشانە لەسەر ئەم شاخە بەردانە هەڵکەنراون، زیانیان بۆ کەس نییە.. بەپێچەوانەوە ئەمە بەڵگەیە، کە ئێمە چوار هەزار ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژین)

کامەران گووتی:

(( باوکم بۆی باس کردوین کورد دەوڵەتی نەبووەو داگیرکەران وڵاتەکەیان داگیرکردووینو کێ ناڵێ: " ئەم ئیبرینی کوڕی ئککیبشامات" ە فەرمانڕەوایەکی داگیرکەر نییە؟ ))

دەرویش حوسێن گوتی:

(( ئەم نەخشانە هی داگیرکەران بن، یان هی باوکو باپیرانی کورد، رووناکییەکن لەناو شەوەزەنگی مێژووی ئەم وڵاتەدا.. بریا دەیان نەخشی تر هەبوایە، هەریەکە تۆزێ رووناکی پێ بداینایە, کۆی هەموو روناکییەکان بایی ئەوە دەبوون, بەرپێی خۆمان ببینین. ئێمە تا ناسنامەی مێژووییمان بۆ هەموو کوردێك روون نەبێ، بەئاسانی رزگار نابین، زوو تووشی هەڵخلیسکانو هەڵگەڕانەوە دەبین..)).

دەنگێکی زۆر قووڵ لەگەرووی چیاکەوە هات:

خ ـ خ ـ ئیر

بی ـ ری ـ نی

دوو موو ئك ـ کی

ئپ ـ شا ـ ئاە ـ ما ـ ت

ئالام ئووش ـ زی ـ یز

ئی ـ نوو ما ـ ئات ئا ـ با ـ ئان

ئو ـ تە (ر) وو

شا ئالام ئی ـ هی ـ پوو

پی ـ ری ـ شوو



ئوو شوو ـ ئووم ـ شوو

ئوو توو ئیم

ئی ـ هال ـ لی ـ قو

دۆڵەکە دەنگی دایەوە، خەڵکەکە سەریان سووڕما، ترسو لەرز دایگرتنو هیچ تێنەگەیشتن.. دەرویش حوسێن گوتی: ئەوە نەفرەتی ئیبرینییە لەوانەی شوێنەوارەکان وێران دەکەن. کامەران رۆڵە تۆ کوڕێکی پێشمەرگەی گەنجیتو ئاگات لەخۆت بێت. زۆر دەترسم کاریگەرێتی ئەم نەفرەتە پاش چوار هەزار ساڵ وەکو خۆی بێت..).

ئەو رۆژەی تەرمەکەی کامەرانیان هێنایەوە، تاقگەی گوڵاڵە سوورەم بۆ یەکەمین جار بەچاوی خۆم بینی. هەر زۆرم پێ ناخۆش بوو، پێشمەرگە، پێشمەرگە بکوژێ! کامەران لەبەرەیەك بوو، عەزیز پشتیوانیش لەبەرەیەکی تر. نازانم باوك چەند فرمێسکی خوێناوی بەسەر تەرمی کوڕە شەهیدکراوەکەیدا هەڵوەراند؟

برا تینووی خوێنی سەری برا بوو. دوژمن پێ لەسەر پێ, پاڵی لێ دابووەوە, بەهەردوولا پێدەکەنی. کێشەی کوردیش لە لووتکەی شاخەوە بۆ ناو گۆماوی خوێن داخزا. ریسی دەیان ساڵی خەبات بووەوە بەخوری (بەردی سیزف)ی تێکۆشانو رەنجی چەوساوەکان، بەهۆی شەڕی براکوژییەوە، لەدوندی چیای سەرکەوتنەوە، بۆ خواری خوارەوە خلۆر بووەوە.

بۆنی شەڕی براکوژی، نیشانەی نزیکبوونەوەی دۆزەخی هەرەسو داڕووخانە. زۆرانبازیی سیاسی پێویستە، بەمەرجێ رۆژهەڵاتیانە نەبێت. بیرو ڕای جیاواز دیاردەیەکی ئاساییە, بەمەرجێ بەرژەوەندی سەرهەڵدانی هۆزو خێڵی نوێی

لەدواوە نەبێت.. ماڵئاوایی لەسیاسەت، یان سیاسەتی ماڵئاوایی راستترە. بای بای پۆلیتیك.

ئەی هێزە سیاسییەکان

ئەی هاوسەنگەران

من دوورە وڵاتی، ئاوارەیی، دەربەدەریم بەچاکتر زانی تا درێژەپێدانی خەباتی سیاسی! مەرج نییە تا دوا هەناسە دەست لە عەرەبانەی رۆژی جەژنی کاروانی سیاسی بەرنەدەیت. کەس نابێ سواری پشتی ئەسپی لوولەی تفەنگە ملهوڕەکان بێت. نەخۆت بەقەڵبەیەکدا بدەو نە سەری خۆت بەکۆشی دوژمندا بکە.... من ئەم سیاسەتەم ناوێ، با هێزە سیاسییەکان، هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە جوێن بارانم بکەن. من رێگە بە لوولەی تفەنگەکەم نادەم، روو بکاتە نەوچاوانی خۆم! هەڵە بەهەڵە چارەسەر ناکرێت. سیاسەتی خوارو خێچ ریشت بۆ ناو زەلکاوی بۆگەن رادەکێشێ.. سیاسەت بەزیرەکیو پاکیو دڵسۆزی نییە، گوێڕایەڵیو چاو نووقاندنو دەم داخستن مەرجی بنەڕەتییە بۆ بەرزکردنەوەو داگرتن. رۆژێکیان ماکیاڤیلی بەقەنەقینەی گوتبوو:

( هەر سەرکردەیەك خەڵکی هۆشیارو زاناو بەئاگاو بەهێز لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەوە دەستو پێی ئەو میرە دەبەستنەوەو رێگە نادەن بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات. کەسانی بەهێز، دەتوانن دەوری گرنگ لە هەڵسوڕاندنی وڵات ببینن، بەڵام کێشەی زۆری بۆ دەنێنەوە. میر ئەگەر کەسانی حۆڵو گێلوگەوجو چوارپەل قەوی لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەرکی زۆرتر دەبێو سەر ئێشەی کەمتر دەبێ) دونیا هەر وابووەو هەروا دەبێ. چەقۆکێش بووە بە سیاسی. ئەوەی تۆزێ لەسیاسەت سەری دەردەچوو، سەری لێکردەوە. بەفر فرۆشو نایب



عەریفو شۆفێرو گەجەرو گوجەری مەیدانو کەڕادەی لە کابینەدا کۆکردەوە. نیشتمان بەبێ سەر مایەوە، سەرمایەو سامانی وڵات بەر رەشەبا کەوت. چەقۆکێشەکان بێ چەقۆکانیان لەپشتەوە سەر نەبڕیبایە، رۆژێك دەهات، تەنەکەیان لەکلکیان دەبەست، بەڵام ئەوان یاساو رێسایان لە بن پێ ناو ئەوەی سەری بەرزکردەوە، لەسەریان دا. ئێستا پاشا گەردانی بەسەرێك نییە بازەکە لەسەری بنیشێتەوە. هەرچەند بازەکە هەڵ دەدرێت، پاش سووڕانەوەیەکی زۆر بۆ شوێنەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

■ ٦٥ ■

لەخانەقی خوویان بەوەوە گرتوە، هەر باسی سیاسەت کرا، پاش چارەکە سەعاتێك دێتە سەر باسی هەباس. باسی سیاسەتیش کرا، پاش نیو سەعات گفتوگۆ جۆگەی دانوستاندنەکە بەسەر کێڵگەی هەباس دەشکێنرێت. ئەمە سروشتی کاری سیاسیە! عەباس خۆیشی هەر جارێك دەگیرا ، دەیگوت:

(ئەمە هەمووی ئەنجامی سیاسەتە!)

پێیان دەگوت:

( هەباس ئەوە بۆ گیراویت؟)

ئەویش دەیگوت:

( ئەوەی بەردەوام خەریکی کاری سیاسی بێت، دەبێ چاوەڕوانی گرتنو زیندانیکردنو راوەدوونان بێت)

چوار مانگ لەمەوپێش کاتێك سوپای ئەمریکا بەغدای گرت، لەهەمان رۆژدا، لەپشتەوە بە ئۆتۆمۆبیل ئەمیش لێی درا. ئەو، بکوژەکانی خۆی

دەناسییەوە، بەڵام گیانی دەرچوو، ناوی کەسی نەدرکاند. لەسەر جێگەی مەرگ گوتبووی:

( بۆ لەم رۆژەدا بڕیاری کوشتنی من جێبەجێ کرا؟ من لەکوێو ئەمانە لەکوێ؟ من زیانم بۆ کەس نەبووە، ئەوان زیانیان بۆ دارو درەختو مەلو مرۆڤ بووە. من زیانم بۆ مێروولەش نەبووە. من شەرەفی منالّی ئەم شارەم پاراست).

رۆژانی عاشوورا، ئەو لەریزی پێشەوە، ئاڵای سەوزی بەرز دەکردەوە، یان لەناو ئەڵقەی سینگ کوتاندا بوو. زۆرجار پێی دەگوترا:

( کورە وازبار...حەیامان بردی... بچووە دەیشت).

وەڵامی راستو رەوانی ئەو هەمیشە ئەم رستەیە بوو:

( ئەرا هەر من لێوام.. با دەس لەسەر ئەوەکان تر دانەنەم)

کلاوس ڤۆڤەرایت بروسکەی پرسەو نارِەزامەندی رەوانەی کۆلانی (کوردەیل) سەبارەت ئەم رووداوە کرد:

"بەناوی خۆمو حکومەتی بەرلینەوە، دەنگی نارِەزایی، سەبارەت بەکوشتنی مستەر نانەوا هەباس بەرز دەکەمەوە. دیاردەی کۆمەڵایەتیو خووی مرۆڤ بەزەبروزەنگ چارەسەر ناکرێت. سەدان ساڵە خەڵك لەسەر مەسەلەی رەوشت دەکوژرێت، کەچی ئەو جۆرە رەوشتە سەر هەڵدەداتەوە.. کۆمەڵ دەبێ بگۆڕدرێت.. بۆچوونو جیهانبینی تاك بگۆڕدێتو کوشتنو بڕینو سەرکوتکردن بەکارنەیەت... ئمیزا: ڤۆڤەرایت، کلاوس. سەرۆکی حکومەتی بەرلین".

ئەمەی تۆ دەینووسی، بابەتی چیرۆکو رۆمان نییە، بابەتی وتارو ریپۆرتاجیش نییە. تۆ دەبێ تەنیا کاری درامیو باسی پاڵەوانێتیی گەلێك بکەیت، نەك باسی کەسانی رەوشت نزم بخەیتە سەر کاغەز. سەیری ئاوێنەی مێژوو بکە، پاڵەوانە



مەزنەکانی گەلو نیشتمان، شایانی نواندنو بەرجەستە کردنن. تەنیا لەسەر شێرو پڵنگو تیمساح بنووسە، نەك لەسەر کرمو مارمێلکەو قالۆنچە!

رەوشت بەرزیو نزمی ....

نزمیو بەرزی .. نزمی زۆر بەرزو بەرزی زۆر نزم!

بەرزیو نزمی، لە بارمۆمەتری ویژدانی شکست خواردوو ..

من ناتوانم هیچ حوکمێك لەسەر (بەرز)یو (نزم)ی رەوشت بدەم. تۆ لە پەنجەرەی فرۆکەوە سەیری شاری نیویۆركو خانەقی بکە. چی دەبینی؟ ئەو ماڵو خانووەی لە خانەقی بەرزە، لەچاو (هەور رووشێنەر)ەکانی نیویۆرك هەر زۆر نزمە. کەواتە (بەرز)یو (نزم)ی مەسەلەیەکی (رێژەیی)یە. ئەوەی لای منو تۆ قورسو گرانە. لە شوێنی تر هەر زۆر سووكو بێبایەخەو بێتامو هەرزانە.

تراویلکە کۆمەڵایەتییە هەڵخەڵەتێنەرەکانی ترۆیا، تەنیا بۆ شاردنەوەو داپۆشینی مەبەستی راستەقینەیە.

تەنیا بۆ دەرگا خستنەسەرپشتی قەڵاکەیەو هیچی تر ..

کوێخا رینگۆی مەنگوڕایەتی گوتی:

( پەکوو.. کوو لە خانەقی خەپخەپانۆکێ نییە؟)

منیش گوتم:

ئەوەی لە مەنگوڕایەتی هەیە لە میشیگەنو پراگو شتراسبورگیش نییە. کیژانو کوڕان لەماڵێك کۆببنەوەو تا نیوەی شەو پێکەوە گاڵتەو گەپ بکەنو لەپڕ یەکێك فوو لە چرا بکات و بڵێ: خەپ خەپانۆکێ. ئەوە لای ئێمە شەڕە خەنجەری لەسەرە.. هەرباسی بابەتی ئەوتۆ لەکن من مەکە، با پیرانی تەریقەت غەزەبمان لێنەگرن.

■ ٦٦ ■

لەسەردەمی زێڕندا، کەر خەڵکی دەگواستەوە، ئێستا خۆی بە کەری ئاسن دەگوێزرێتەوە. دیارە ئەم دونیایە دەوران دەورانە (یوم لك و یوم علیك). ڕۆژێ تۆ سواری یەکێك دەبیتو ڕۆژێ یەکێك سواری تۆ دەبێت!

پاکسازی! ئەمجارەیان دژی کەران پاکسازی دەکرێت. شارەوانی خانەقی لەم ڕۆژانەدا، حەملەی گواستنەوەی کەرانی کرد. کەرانی داماو جاران فاکتەری ئابووری بوون، ئێستا لەگوندەوە بەرەو ناو شار ڕاو دەنرێن، ئەوە شارەوانیش لەشارەوە بۆ لادێ دەیانگوێزێتەوە. ڕاگواستن دژی ڕاگواستن.

کەران لەناو پەرلەماندا (لۆبی)یان نییە، بۆیە کەس داکۆکییان لێناکاتو لەسەریان بەجەواب نایەت.

ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو، هەرەسی بایەخی کەران، وەکو ئامرازی گواستنەوە، لەیەك کاتدا بوو. دیکتاتۆرو کەر پێکەوە هەرەسیان هێنا. ئەو بۆ زیندانو بەردەم دادگا، کەریش بۆ بێنازبوونو ژیانی ئاوارەییو لانەوازی. ئەو کابرایەکی کودەتاچیو دیکتاتۆر بوو، ئەنفالو کیمیابارانو تێرۆرو کوشتنو بڕین سیاسەتی ڕۆژانەی بوو، بەڵام کەر دۆستو هاوسەفەرو خەمڕەوێنو ئامرازی کارو کەسابەتو گواستنەوەی خەڵك بوو.

ئەو هەڵێدەتیزانو ئەمیش هەڵێدەتیزان. هەڵتیزان، هەڵتیزانە! ئەو دەیزەڕاندو ئەمیش دەیزەڕاند. زەڕین، بەختەوەری ژیانە! هەڵتیزانو زەڕینی هەردووکیان وەکو یەك نەبوو.



شارەوانی کەرەکانی بەلۆری گواستەوە. بەڵام نە ئەو کەرانەو ئەم کەرانە خۆپیشاندانو مانگرتنیان نەکرد.

نەمبیست نارەزایی بە زەڕاندنو هەڵتیزاندنو جووتە هاویشتن دەربڕێت. کەرەکان وەکو ئاردی هەرزننو قەت یەك ناگرن. یەکیان بگرتایە، شارەوانی نەیدەتوانی هەروا بە ئاسانی سەدو یەك کەر لەماوەی دوو ڕۆژدا بگوێزێتەوە.

من نارەزایی خۆم دژی حەملەی گواستنەوەی کەران دەردەبڕم. من دژی ئەم دەستدرێژییەم بۆ سەر مافی کەران. دەبا شارەوانی دەستو دڵی بەرامبەر ئەوان باش بێتو بەنەرمو نیانی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات. لەناوەڕاستی شاردا پارکێکی هاید پارکیان بۆ بکاتەوە. ئەو پارکە پڕی گوڵو گوڵزارو جۆلانەو دەریاچەو چەرخو فەلەك بێت. هۆڵی کونگرەی کەران دروست بکرێتو سەکۆی ئازاد هەبێتو لەوێ نێرەکەر بۆی هەبێت تێر تێر بزەڕێتو خۆی بگەوزێنێتەوەو مقاو بکات.

**ئەی کەرەکانی جیهان یەکبگرن!**

**یەکبگرن ئەی کەرەکانی جیهان!**

کەران مافی ڕەوای خۆیان هەیە: کاو جۆو قەرسیلو پووشو پەڵاشیان. بە بەردەوامی هەبێت. ئاخوڕی کاشییان بۆ دروست بکرێتو هەوساری زێڕیان هەبێت. حکومەت دەبێ یاریگەو شوێنی فێربوونی ئامێری مۆسیقایان بۆ ئامادە بکات. کەر دەتوانێ گەشە بە بەهرەو توانای خۆی بداتو لەرەوتی گەشەکردنی ژیان وەکو هەزاران ساڵی پێشوو دەوری مێژوویی خۆی بگێڕێت.

کەر لە (حیمار) عاقڵترە. (خەر)ی فارسی لە (هەر)ی هەورامیەوە نزیکەو لە (ئیشەگ)ی تورکی زۆرزانترە. دۆنکی (donkey) ئینگلیزی لەئێزل (Eesel)ی

ئەڵەمانی ژیرترە. زەڕینی ئان(Anne)ی فەرەنسی لەزەڕینی (خەیزووری)ی یۆنانی خۆشترە. کەر هەر زۆر بەسەبرو وریاو وردبینو ژیرە. کەرەکان لەبەر بێئاوەزی، بەدار لەکەران دەدەن. صەدام نزیکەی ملیۆنێك عیراقی بەکوشتدا، کەر ئەوەندەی سەرە دەرزییەك زیانی لەکەس نەداوە. کەر لەشەوی ئەنگوستە چاودا، بەناو کێڵگەی مینو بۆسەو تەلی دڕکاویدا تێدەپەڕێت، دەتوانێ لەوسەریشەوە بەهەمان ڕێگەدا، بەبێ هیچ کێشەیەك بگەڕێتەوە. ئایا هیچ مرۆڤێك ئەمەی پێدەکرێت؟

ئێوە بیستووتانە کەرێك میلی کلاشینکۆف لەیەکێکی تر بهێنێتەوە؟ بیستوتانە کەرێك گوتارێکی ناشرین لەرۆژنامەیەکی داوەشاودا بڵاو بکاتەوە؟ کەر بێزی نایەتەوە شیعری داشۆری بنووسێتو خۆی هەڵکێشێتو فشە بکات؟ کەر کەرەو حیماریش حیمارە. کەر دژی کودەتاو پاشقولگرتنو دوو روویيو دوو زمانییە.

کەر شانسی نییەو سومعەتی رووشێنراوە، ئەگینا سەد ئەوەندەی شێر بەسوودە! مرۆڤ ئەگەر لەناو جەنگەڵدا بەتەنیا بێت، حەز دەکات تووشی کەرێك بێت، یان تووشی شێرێك بێت؟!

## پرۆتێست!

ژمارە یەك لەکەر ماقوولان (لەسەرکێشی پیاو ماقوولان) بڕووسکەی نارەزاییان بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە. ئەوان ئاژەڵێکی سوودبەخشو ڕەوشتبەرزن، کەچی لەناو کورداندا نێویان زڕێنراوەو سومعەتیان شکێنراوە. ئەوان دیمەنی شاریان ناشرین نەکردووە. ئەوە حیمارەکان



دیمەنی شاریان شێواندووە. ئەوان حیمارنو یەك پلە یان دوو پلە لەژێر ئاستی کەرەوەن. حیمارەکانن بە ئەوپەڕی ڕێزەوە لەجێگەی خۆیانو کەس ناتوانێ لەگوڵێ کاڵتریان پێبڵێت، بەڵام کەرەکان بەر شاڵاوی هێرشو پەلاماردان دەکەونو شاربەدەر دەکرێن.

کەری لەکەر کەرتر هەیە، دەستی درێژی پاکسازیان بەر ناکەوێت. ئەوانە ئالیکی باشیان هەیەو ئاخوڕی بەرزیان هەیە، شارەوانیش دەستکاری مێخزنجیرەکەیان ناکات. تەنیا (١٠١) سەدو یەك کەری ئازادو سەرفراز، چاوی پڕ لەغەزەبی شارەوانیان دەکەوێتە سەرو بەشێوەیەکی نادیموکراتی هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، کەچی هەزاران کەری ترهەیە، کەس ناوێرێ پێیان بڵێت: بەری چاوتان کلی پێوەیەو هەوسارەکەتان خوارە...

**چەندە پێم خۆشە بوو، زوبانی حاڵی دیوت (نالیا)**
**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورتو ئەمنیش گوێ درێژ**

■ ٦٧ ■

مام کوێخا! ئێمە ڕەدووی ئایدیۆلۆجیا کەوتووین. ئێمە نەوەیەکین لە پیاوەتی کەوتووین. هەردوو رستەکە یەك کێشو یەك سەروەستیان هەیە. مرۆڤ لەپێناوی کێشو سەروەستدا، دەبێ گای بیرۆکە مرداربکاتەوە. ئەم شاعیرە لەشیعرەکانی خۆی دەچێ (وەزنو قافیە)ی نییە. شیعرەکانیشی لەخۆی دەچن بێ (وەزنو قافیە)ن! شیعر، قورسو گران بێت چاکترە، ئەگینا رەشەبای رۆژگار بۆ وڵاتی کەپری لەبیرچوونەوە لوولی دەدات.

شیعر، شۆڕش دروست دەکات. شیعر دینامۆی شۆڕشو ڕاپەڕینە. شۆڕش بەبێ شۆڕشی شیعری هیچ نییە. شاعیرەکان ئەندازیارانو لەناو مەملەکەتی ئەندێشەو خەیاڵدا نەخشەی داهاتووی گەلێك دروست دەکەن. خەڵك بەرە بەرە ماڵەکەی لەکۆمەڵی کۆنەوە بۆ کۆمەڵی نوێ رادەگوێزێ...خوا حافیز ..ئەی مەملەکەتی کۆنو ڕابوردوو..بای.. بای...

ناسیاوێکی ئەفغانیم هەیە، نێوی (جمال الدین)ە.. من هەر پێی دەڵێم: (جمال الدین أفغانی). دەڵێ:

(لە ئەفغانستاندا پێنج شەش شۆڕشی سۆسیالیستیو نەتەوەییو ئیسلامی یەك بەدوای یەکدا بەرپا کرانو هەر هەموویان قوڕەکەیان بۆ خەستتر کردینەوە. نیشتمانیان بۆ دەورانی بەرد گێڕایەوە. پێش شۆڕشی یەکەم چوارسەد سەر مەڕو سیو هەشت مانگاو چوار ئەسپمان هەبوو. پاش شۆڕشی ژمارە پێنج تەنیا دوو چێڵمان بۆ ماوەتەوە. نازانم کەی لەبرسا دەمرین؟)

لای خۆمان (کۆدەتا)و (شۆڕش) لەیاری مشكو پشیلە دەکەن. عەسکەرەکان (کۆدەتا) یان بەسەر (کۆدەتا)دا کرد. کۆدەتا گەماڵێکی زلەو گاز لەپەنا گوێی شۆڕش دەگرێتو شنەبای ئازادی لەلانکەدا دەتاسێنێ. شۆڕش دەبێ باوەشی بۆ تاڤگەو پەلکە زێڕینەی شیعر بکاتەوە، دەبێ ئاسمانی شۆڕش ڕەنگاوڕەنگو هەنگوینی بێت، چرۆچاو بەیەکدا نەدات، گوڵە کێویو ماڵییەکان بپشکوێن، ئەگینا شۆڕش وەکو درکو داڵ بەو شاخانەوە وشك دەبێتەوەو زەرد هەڵدەگەڕێو ڕەنگی مردووانی لێدەنیشێ. شۆڕش، پێبکەنەو زەردەخەنە بەسەر لێوانتەوە بێت. با مەلە سركو سەرکەشەکان نەڕەوێنەوە، دەشتو دۆڵی وڵات، بێ جریوە جریوو ژاوە ژاوو قاسپە قاسپ بێت.



مەڵێن: ڕۆیی، ملی بشکێ، جەهەنم..

ئەو سەردەمەی عەلی شامار گەنج بوو، لەهیچ سڵی نەدەکردەوە، خەڵکی بۆ شۆڕشو ڕاپەڕین هان دەدا. کاتێك هێرشی دەکردە سەر ئاغاو ئیمپریالیزمو ڕژێمو بۆرجوازیو بۆرجوازیی بچووكو هێزە ڕاڕاکان، خۆی چەند سوورە، دوو ئەوەندەی تریش سوور دەبووەوە. ئێمەیش پێمان وابوو کاك عەلی هەر بە مستەکۆڵە ملی ئیمپریالزمو بۆرجوازییەکان دەشکێنێ.

ئێمە بۆ کۆڕو کۆمەڵێك دەگەڕاین تۆوی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیی تێدا بچێنین. دەمانویست بەشەوو ڕۆژێك کێڵگە نەچێنراوەکانی جیهانی فەنتازیا بێنە بەرهەم. عەلی گوێی بە پێوە بوونو پێوەنەبوونو بۆ تێچاندن نەدەدا. کێڵگەی مینیش بوایە ملی پێوە دەنا. ڕۆژێك هەربەخەستی هێرشی دەکردو بەتەواوی هەڵچووبوو. یەکێك لە دانیشتووان هەرچی چاوی لە کاك عەلی داگرتو لێوی گەست، هیچ سوودی نەبوو، دەترسا ئەو تووش ببێت. کابرا هەر بۆ ئەوەی قسە بەو بڕێتو کەس هەست بە باسی گۆڕینەکە نەکات، بەدەنگێکی بەرزتر گوتی:

( کێ دەتوانێ لە دواوە خۆی سەرخۆش بکات؟)

منو عەلی ماوەیەك حەپەساینو دەممان چووە کلیلەو بووە تەڵەی تەقیوو. ئێمە تا ئەو چرکەیە نەمانبینیبوو، خەڵك چۆن لەدەمەوە دەخواتەوەو مەستو سەرخۆش دەبێ، کەچی وەکو ڕاوچی نەشارەزا تووشی بۆسەی لەدواوە خواردنەوە بووین! تێنەگەیشتین کابرا مەبەستی چییەو دەیەوێ داوی قولاپەکەی بۆ کوێ شل بکاتەوە؟ دانیشتوان هەر هەموو سەریان سوورما بوو. خانەقییەکان بەم جۆرە سەرسووڕمانە دەڵێن: ((لە پڕگەو چووین)) یان ((پڕگ بردەمان)) لە هەر چوارلاوە پرسیار باران کرا. کابرا پیاوێکی بەتەمەنی لەسەرخۆیو بەڕێز بوو.

لەوە نەدەچوو پیاوێکی گاڵتەچی‌و قۆشمە بێت. هەر زۆر بە هێوری‌و ڕێزەوە، دەستی کردە روونکردنەوە:

( من لە دواوە یەك چارەك ئارەقم خواردەوەو سەرخۆشیش بووم!)

کابرا قسەکانی تەواو نەکرد، عەلی وەکو بورکانی پێکەنین تەقییەوە. خەڵك لەدڵەوە پێدەکەنێ، ئەو لەناوکەوە پێدەکەنی. نا هەقیشی نەبوو. کەم کەسم بینیوە وەکو کاك پۆڵا فریای رستەی لەسەر زمان سەرەنگرێ بوو, بکەوێ‌و نەهێڵێ کۆڕەکە هەست بە(فاوڵ)ــە قورسەکەی بەردەم (گۆڵ) بکات.

■ ٦٨ ■

لەڕۆژی شەکراو خواردنەوەدا، نەدەبا لەکاتی وەسف کردنی زاوا لای ماڵە خەزووران بڵێ:

“ زاوا ئەگەر بۆنەیەکی تایبەت هەبێ‌و پێکێکی پێشکەش بکەن، بە جوانی نازانێ دەست بەڕووی کەسەوە بنێ".

ئەو لەو کۆڕەدا وەکو برازاوا قنج هەستاو بەدەنگێکی بەرز دەستی کردە وەسفکردنی زاوا، لەهەمموو روویەکەوە، تا گەیشتە سەر ئەم خاڵەی خوارەوە:

"زاوا کوڕێکی زۆر ڕێك‌و پێکە، ناخواتەوە. تەنیا لە موناسەبەتدا نەبێ".

بەجووڵانەوەی دەست‌و سەرەپەنجەکانی, پێکێکی خەست‌و خۆڵی جوانی دروست کردو لەسەر مێزەکەی دانا. بەدەمیش بەراشکاوی گوتی:

"ناخواتەوە.. تەنیا لە موناسەباتدا نەبێ، ئەوەندە...!".

عەدەسات هەر هەمووی خرایە سەر پێکە خەیاڵیەکەی دەستی‌و هەموو دانیشتوان چاوەڕوان بوون، ئەو بڵێ:



" تەنیا ئەوەندە ئەخواتەوە..".

گەیشتە ئەم رستەیەو هەموو دەستان لەسەر دڵان بوو. مام ڕۆستەم کەرکووکی مۆڕەیەکی جفرە کراوی بۆ رەوانە کرد. ئەو یەکسەر فریای کلکی دوا وشەی نیمچە هەڵخلیسکاوی سەر نووکی زمانی کەوت. ئیدی گوتی:

"ئەوەندەش، ناخواتەوە!".

یاری بە وشەکردن هەر لەخۆی دەهات. دەتگوت پاڵەوانی یاری ئەکرۆپاتیکە یان سیحر بازەو لەدوا چرکەکاندا دەستە سرِی سپی ناو لەپ دەکاتە کۆتر...

کوڕێکی زۆر ڕێك‌و پێکە، چارەکێکی دوو پێکە. پاشان زانیمان مۆڕە جفرەکراوەکان، یەك بەدوای یەکدا، بە ئاسمانەوە هەڵپڕووکاون. بەدەنگ بەرزکردنەوەو گێڕانەوەی سەر بردەیەك، منو کاك عەلیی لە پەتی سێدارە گێڕایەوە. فریا کەوتن، هەر زۆر پێویستە. خەڵکیش هەن وەکو مەلی زیرەك رادارەکانیان سادەترین شەپۆلی مەترسیداری زۆر دوور، زوو وەردەگرێت. ژیان بۆ ئێمە دیارییەکی زۆر گەورەیە, هەرچەند سەرەڕێگاکان بە هەزاران داو تەنراوەتەوە.

■ ٦٩ ■

:Papy !du bestehst aus meiner Seele!

دەنگی کوڕەکەم هەوای بیرکردنەوەی پساندم:

((بابە!.. تۆ لە رۆحی من پێکهاتووی!))

ئەوی راستی بێت من لە داڕشتنە نیمچە سوریالی/ سۆفیگەرییەکەی ئەو، یەکەمین جار تێنەگەیشتم. دوایی زانیم قسەکانی ئەو منالە لەقسەکانی (مەنسووری هەلاج) دەچێ. منیش هەر بۆ سوعبەت پێم گوت:

(( ئالان تۆ شیعرەکانی هەلاج و ئیبن ئەلعەرەبی و جەلالەددینی رۆمیت خوێندۆتەوە؟))

ئەویش بەسوعبەتەوە گوتی:

(( تۆ بەزمانی چین و ماچین دەپەیڤیت!. من لە تۆ تێناگەم!))

من گوتم:

تۆ لەمن تێ ناگەیت؟

گوتی: (بەڵێ!))

گوتم: ((منیش لە تۆ تێناگەم))

نە ئەو لەمن تێدەگات و نە من لە ئەو تێدەگەم. ئێمە بەیەك زمان لەگەڵ یەکتردا دەدوێین. بەڵام شێوەی تێگەیشتنمان یەکسان نییە. هەریەك بەجۆرێك لەشتەکە تێدەگات. لەیەك تێگەیشتن زۆر باشە، بەڵام لەیەك تێ نەگەیشتن نیشانەی ناڕاستی و هەڵەو کارەسات نییە. ئێمە توانای چاوەڕێکردنمان زۆر کەمە. چاوەڕێ ناکەین پەڵە هەورە رەشەکانی (لەیەك تێنەگەیشتن) بڕەوێنەوە. چاوەڕوانی نیشتنەوەی شەپۆلی شێتی لافاوی هەڵچوون ناکەین. زوو هەڵدەچین، وەکو فیشەکە شێتە بەئاسماندا دەچین، شاخ و باڵمان لێدەڕوێت و قەڵەمبازێك بۆ کەلی شەیتان دەدەین. لەکەلی شەیتان نایەینە خوارەوە. شەیتان زوو دەچێتە بن کلێشەمانەوە، بە بیست و پێنج دەقیقە لە خشتەمان دەبات. لەسەر پووشێك، دەنکە زەنگیانەیەك، مێروولەیەك، تووڕە دەبین. پەیکەری بەتاڵی کەرامەت، بەچوکڵە شخارتەیەك وردوخاش دەبێت. لەسەر یەك وشە بێ ریش و سمێڵ، دۆو دۆشاو تێکەڵاو دەکەین و ئامادەین خۆمان بەکوشت بدەین.

جۆرج دەبلیو بووش و تۆنی بلێرو شیراك پێیان ناخۆشە هێلکەیان تێبگیرێت،



یان بەر تەماتەو توێکڵە شووتی بدرێن. بەڵام ئەگەر هات و سەرکردەیەکی مەزن بەر هێلکەو تەماتە و توێکڵە شووتی درا, دەستەی پارێزگاریی سەرۆك چەتری دەداتە بەر، پاشان ئەو کەسە دەدرێتە دادگا. زیندانی و کوشتن و سێدارەو چوارداره نییە. دیموکراسیترین سەرکردەی رۆژهەڵاتی، سەری نیو شابالی جوێنێکی هونەری یان بازاڕی، بەری چمکێکی کەوای دەرگاوانی باخچەکەی بکەوێ، خۆی و نیوەی تیرەو تایفەکەی بەرۆژی نیوەڕۆ، لە پشتەوە سەریان دەبڕن. ئەزموونی دیمکراسی بۆ ناو تەنەکە خۆڵ تووڕ دەدرێت و قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە مێژوودا دەست پێ دەکات. ئەی چۆلەکەی دیموکراسی, پڕچاوەکانت, تێر.. تێر بنوو, بەهاری ئازادی زۆر نزیکە...

تۆ سەیری ژنە چینی و هیندی و ئیسپانی و کەنەدی و سویدی بکە، بەرامبەر هەڵەیەك پیش ناخۆنەوە , وەکو ماری بریندار تا رۆژ دەبێتەوە پێچ ناخۆن. روو ناکەنە زەردەی خۆراواو یەخەی خۆیان دانادڕن. لە پەنجەرەی ژووری میوانەوە سەیری گوڵ و گوڵزاری ناو باخچەکە دەکەن. دووریش نییە بڵێن:

( پیاوەکە زۆرم برسییە! بۆناچیت لەدەرەوە دوو پیتزای گەرم بێنیتەوە؟)

■ ٧٠ ■

مریەم خانی سلێمان خانی جموور خەڵکی گوندی باریکە بوو، بۆماوەیەکی زۆر کەم هاوسەری پەروێزخانی جموور دەبێت. ئێوارەیەك پەروێزخان لە مریەم خان تووڕە دەبێت و دەڵێت:

"لەمەودوا گوندی باریکەش بووە موڵکی خۆم".

مریەم خان بیری دەهێنێتەوە, کە دوو برازای ناخالەی هەیەو گوندی باریکە

هی ئەوانە. پەروێزخان پێی پێدەکەنیٚ و گاڵتەی بە قسەکانی دێت.. دڵی دەشکێنیٚ. مریەم خان نیوەشەو هەڵدەستیٚ و ناهێڵیٚ لەچەکدارو خزمەتکارەکانی قەڵا کەس پێی بزانێت. جلو بەرگی پیاوان لەبەر دەکات دووفیشەك لەبن سەرینەکەی دادەنێتو دەچێتە ناو تەویلەی ئەسپەکانەوەو کلكو گوێی هەر هەموو ئەسپەکانی دەکات. سواری ئەسپەکەی خۆی دەبێتو بەو نیوە شەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی باریکە. پەیامی مریەم خان بۆ مێردەکەی روونو ئاشکرا بووە: دەمتوانی بەدەستی خۆم بتکوژم. بە لاّم عەفوم کردیت! ژنێك بتوانیٚ یەکێك لەسەرۆکەکانی جموور ئەتك بکات، ئەوە لە مردن زۆر خراپترە.

مریەم خان جارێکی تر شووی نەکردەوە. زۆربەی کات جلو بەرگی پیاوانی لەبەر کردوەو عابای سورمەیی گرانی بەسەر شاندا داوەو دەمانچەی بەستووەوە بەسواری ئەسپ سەردانی ئەم لاو ئەولای کردوەو خاوەن دیوەخانی خۆی بووە.. من لەم ڕۆژانەدا حاجی عەلی ماچۆم بینیو لێم پرسی:

" ئایا مریەم خان وەکو پیاوە ئاغاکان هەڵسوکەوتی دەکردو بیستووتە زوڵمو زۆری لە خەڵکی کردبێت ؟"

حاجی عەلی ماچۆگوتی:

"ئەو لە هەر هەموویان پیاوتر بوو. ئەو هەر وێنەی نەبوو. نەمبیستوە زوڵمو زۆری لەکەس کردبێت"

ساڵی ١٩٥٩ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

هاوڕێ ئاوات (ماجدە رەجەب) یەکێك بوو لە پێشمەرگە ئازاکانی هەشتاکان. جاشێك جوێنێکی پێدابوو، ئەویش لە ناوەڕاستی دەربەندیخاندا، بەر گوللەی دابوو. دەزانێت بواری دەرباز بوونی نییە، خۆی بەناو سەربازگەکەی سوپای



دەربەندا دەکات . دەمانچە دەخاتە پەنا گوێی ئەفسەرێكو داوای لێدەکات بۆ دەرەوەی شار رەوانە بکرێت, ئیدی جاشەکان هیچیان پێناکرێت, خۆیو بارمتە تا دەرەوەی شار دەبرێنو لەوێ خوا حافیزی لەیەکتر دەکەن.

■ ٧١ ■

من لەدەرەوەی وڵات پتر کارەساتی(ژنایەتی کوردی) لەبەرچاوم بەرجەستە بوو. داستانی(کچایەتی) بە شووکردن کۆتایی پێدێت. پیاوانیش دەڵێن:

"بەشوو دراین/ بە شوویان داین/.." ئەم دەستەواژەیە بەرامبەر ئەم پێناسانە بەکاردەهێنرێت:

کاتێك یەکێك دەخرێتە چاڵەوە/ کڵاوی دەخرێتە سەر/ خیانەتی لێدەکرێت/ بەپەن دەکرێت/ تووشی بەڵایەك دەکرێت/..

ژنانی ئۆروپا لە سۆنگەی خەباتێکی سەختی دوورو درێژدا, کۆمەڵێك مافیان بەدەست هێناوە. ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش لەسەگ پیستر دەچەوسێنەوە. وێنە سەوزو سوورەکانی بەردەم کامێرا، تەلەفزیۆن, راستی بەژێر لێوەوە دەکەن. لەش وەکو کاڵای بازرگانی دەخرێتە بەرچاوی کامێرای تەلەفزیۆنیو سینەماییەوە.

نەنکم تا تەمەنی هەشتاوشەش ساڵیش بوو، بەیانی زوو مەڕەکانی دەدۆشیو پەچەی دەماڵیو مەشکەی دەژەندو بەرچایی ئامادە دەکردو پێستی مەڕی خۆشە دەکردو تەشی دەڕست..هتد. ئەمە هەموو ڕۆژێ پرۆگرامی پێش سەعات هەشت بوو. بەلای کەمەوە رۆژی شازدە سەعات کاری دەکرد.. من ماڵە جووتیاری ئەڵمانیشم بینیوەو دەبیٚ لێرەش ژنان زۆر بجووڵێنەوە. ئێرە دەزگای مانگا

دۆشینیان هەیەو کەس بەکوونە ئاو لەچەم ناگوێزێتەوە. کەس تەنوور داناخاتو لە نانەواخانە نان دەکڕن. کارگەی شیر, شیر لە جووتیاران دەکڕێتو کەس ماستو دۆو کەرەو ڕۆن لەماڵەوە دروست ناکات. هیچ ماڵێك بۆ پاڵەو وەرزێرو ڕەنجدەر نان دروست ناکات. پاڵەو وەرزێری ئێرە دەبێ خۆیان نانو ئاوی خۆیان زامن بکەنو ئەگەر نانو ئاویان پێ نەبوو، دەبێ لەشوێنێك بیکڕن..

■ ٧٢ ■

چەوسانەوەی ژنانی لای خۆمان سنووری خەیاڵی بەزاندوە. کێشەی من ئەوە نییە: ژن جلو بەرگی کوردی لەبەر دەکات، یان نوێترین مۆدەی جلو بەرگ لەبەر دەکات.. ئەوە تەنیا دیوی دەرەوەیە، تەنیا توێکڵو ڕووکەشە. مافی یاسایی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌وکولتووری کاکڵەی کێشەکەیە. من نامەوێ باسی مافی ژنان بکەمو هەرچی بڵێم، بەدەست خۆم نییە، هەر بەلای "پیاوان"دا دایدەشکێنمو ناتوانم بەلای ژناندا دایشکێنم. بەدەمو نووسینیش بەلای "ژنان"دا دامشکاند، بەکردەوە من پیاومو سمێڵم بادەدەمو لە "پیاوەتی" ناکەوم. ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان "تەرازووی هێز"ی نێوان ژنو پیاو بەلای ژناندا شکایەوە، کۆمەڵ چی لێ بەسەر دێ؟

گۆڕانی تەرازووی هێز، بەقازانجی ڕەگەزی مێ، هەر ئەوە نییە ژنێك وەکو مەدالیا بەسەر سینگی دەوڵەتەوە هەڵواسرێت.. ژنێك سەرۆکایەتی کابینەی پێبسپێردرێت، سەردەمی دایکسالاری ناگەڕێتەوە:

ئەندیرا گاندی/ باندرانایکا/ بێ نەزیر بۆتۆ/ مارگرێت تاچەر/گۆلدا



مائییر/ تانسۆ چیلەر، لەکۆمەڵێکدا سەرۆکایەتیی حکوومەتیان دەکرد، کە ڕەگەزی نێر تانو پۆی زاڵ بوو. سەرۆکایەتیی حکوومەت تەرازووی هێزی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی دەسەلات ناگۆڕێت، وەرچەرخانی بنەڕەتی‌و بوومەلەرزەو تەقینەوەی بورکانی کولتووری بەدوادا نەیەت, بەگوڵێك نابێتە بەهار!

من دەمەوێ بدوێم !

دەمەوێ پڕ بە گەرووم هاوار بکەم!

دەمەوێ ئەسپی وشەم لەسیلەی دواکۆلانی ئەم شۆڕشەی ناو پەرداخە شکاوەکەمدا، سمکۆلان بکاتو بحیلێنێ.

دەمەوێ بیروڕاکانم چۆن بەڕووتو قووتی لەدایك دەبن، هەروا بەسەر شەقامەکانی شەرمو شکۆدا بسووڕێنەوە. گەلای هەنجیر/ کەواو سەڵتە/ کلاوو مشکی/ قاپ قاپو جاش کەوش..

هیچ شوێنێکیان دانەپۆشێ..

خۆمان لەدایکبووین، هیچمان لەبەر نەبوو.

زنجیری بینراو نەبینراومان لەقاچ نەبوو.

لە خوا گەورەتریشمان نەبوو.

ژنی ڕۆژهەلاتی، یان ژنی ڕۆژاوایی پتر دەچەوسێتەوە؟ لەکوێ کولتووری خەپخەپانۆکێ باوەو لەکوێ دەلاقەی ئازادی‌و سەربەستی قوڕی پێدا دراوە؟

لەم ڕۆژانەدا ( ماری ترنتنیۆن) کە ئەکتەرێکی فەرەنسی بوو، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژرا. ئەویش هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بوو. ماری ترنتنیۆنو هەزاران کچە فەرەنسی ساڵانە دەبنە قوربانی کاری زەبرو زەنگی پیاوان. زەبرو

زەنگ دیاردەیەکی دزێوە، بەڵام دیاردەیەکی تایبەت نییە بەکۆمەڵی ڕۆژهەڵاتییەوە! چەند ژنی وەکو زولەیخا دەستپێشکەریی کردوەو پەلاماری داوە(وقدت قمیصه من دبر..). چونکە کراسەکەی یوسف لە پشتەوە دڕاوە نەك لە پێشەوەو ئەمەش بەڵگەی بێ تاوانیی ئەو بووە.

نازانم هەر لە(یوسفو زولەیخا)وە تا(ماری ترنتنیۆن) خوێنی چەند ڕژاوە، یان نەڕژاوە؟ بەڵام ڕوونە ڕەگەزی مێ قوربانیی زۆرتر بووە تا ڕەگەزی نێر، چونکە دەسەڵاتو یاساو چەكو قەڵەمو قاقەزو قەمچی بەدەست پیاوەوە بووە، تەشیو تیرۆكو کەوگیر نەیتوانیوە بەر لەشیرو تۆپو چەکی کیمیاوی بگرێت.

ئەو ژنە کراسەکەمی لەدواوە دڕی. چەترەکەی لەکراسەکەم گیر بوو. لەناو ئەندەرگراونەکەدا چەترە هەڵنەکراوەکەی لەدوواوە کراسەکەمی دڕاند! جا چبوو؟ دادگام لێ نەگرتو داوای بژاردنو چاکردنەوەو ئوتووکردنیشم نەکرد. ئەی کیژە جوانەکە هەزاران کراسو گۆرەویو بۆینباخ بەقوربانی نیگایەکت بن. کراس چییە؟ لەماڵەوە چوار کراسی ترم هەیە، ئەوانەشت بۆ دەهێنم. دڵ لە دڵ نەدەیت! چەند کراس دڕابێتو نەدڕابێت، هاوکێشەکە ناگۆڕێت. هەر هەموو تەرازووەکان بەزیانی کێشەی ژن قورمیش کراون. کێشەی ژن، کارەساتێکی پێشەکی پرۆگرام کراوە.

■ ٧٣ ■

مەڵبەندی منداڵبوون، مەڵبەندی منداڵبوونی ئۆروپا، کارەساتی ژنی ڕۆژهەڵات بەگشتیو ژنی کورد بەتایبەتی، لەبەرچاومدا بەرجەستە دەکات. من شوێنی لەدایکبوونی ڕۆژاوایم چەندین جار بینیوە. زاناو پسپۆڕەکانی ناڕازینو



گلەیی دەکەنو سەرەڕای ئەو هەموو گەشەکردنە ڕەخنەی توندی لێ دەگرن. من لەهەندێ بۆنەدا هەر بۆ سوعبەت داستانی لەدایکبوونی خۆمم گێڕاوەتەوە:

Happy birthday to you.
It was very happy day.

نزیکەی سیو هەشت ساڵ لەمەو پێش، لە نێوان پەروێزخانو قۆرەتوودا، مینێك لەبن ئۆتۆمۆبیلەکەماندا تەقییەوە. زۆربەی ڕێبوارەکان لەتو پەت بوونو من هیچم لێ نەهات. کاتێك ڕووداوەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە, ماوەیەك بڕوای نەکرد. نیشانەی سەرسووڕمانو جگەر سووتانم لەدەمو چاویدا نەخوێندەوە. هەر بەسوعبەتەوە بۆ دراوسێکان ئەم داستانەی گێڕایەوە:

.."ئەم کوڕە پشیلەی حەوت ڕۆحە! چەندین جارە مەرگ بۆسەی بۆ دەنێتەوە مەلایەکەتەکان دەیپارێزن! کاتێك بەم کوڕەوە دووگیان بووم، تووشی نەخۆشیی پێست بووم. هەرچی دەرزیو دەرمانم بەکارهێنا، هیچ سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو. سەی مسەفا، کەشێخێکی گەورەی ساحێب کەرامات بوو، گوتی: ڕیخۆڵە چەورە لەسەر ساج ببرژێنەو(ژەنگار)ی پێوەکەو بیخۆ. خۆت چاك دەبیتەوەو منداڵەکەت سەدی سەد لەبار دەچێ. ئەگەر ئەم دەرمانە نەخۆیت، خۆیشت دەمریتو منداڵەکەشت پێش خۆت دەمرێت. ئەم نەخۆشییە هەر زۆر پیسەو دەتکوژێت..!

هەر ئەوەندەم بیرە ڕیخۆڵە چەورەم بەژەنگارەوە خوارد. ماوەی شەوو ڕۆژێك بوورامەوەو ئاگام لەخۆم نەبوو. زۆری پێ نەچوو، بە تەواوی چاك بوومەوە.

سێ شەوو سێ ڕۆژ ژانم پێوە گرت. مامانو دراوسێو هەر هەموو کۆبوونەوە. منداڵ نەبوو. ژانیش هەر بەردەوام بوو. شەوی چوارەم، بەتلێکی شەو تێپەڕی بوو, ژان نەما. پێم باش بوو مامانو دراوسێو خزمان بگەڕێنەوەو بەڵێنیان

لێوەرگرتم، ژان هاتەوە، بەدوایاندا بنێرم. ئەوان ڕۆیشتن. پاش سەعاتێك ژان سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە. لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەمجارەش نامبێ‌و بەم نیوە شەوە بۆژووکردنی خەڵك جوان نییە. ئەوەندەی پێنەچوو، ئەم کوڕە لەدایك بوو. کچە گەورەکەم لەخەو هەستاندو پێم گوت: زوو ئەو دەمەداسە ژەنگاوییەم فریاخە، با خۆم ناوکی ببڕم..".

من دایکم بە دەمە داسێکی ژەنگاویی کول ناوکی بڕیوم. هیچ ڕۆژنامەیەکی ئەو سەردەمە لەسەر ڕووداوەکەیان نەنووسیوە. هەزاران ژن لەکاتی دروێنەو مەڕ دۆشین‌و سەرخەرمان‌و دار کۆکردنەوەدا منالّیان بووە. دەیان ژن لەکاتی تۆپباران‌و ڕاوناندا منالّیان بووە. ڕۆژنامە زەردەکان تەنیا قسەی بێ سەروبەری لێپرسراوە سیاسییە "مەزن "ەکانیان بڵاوکردۆتەوە. هاوولاّتیان تینوی ڕاستین، هەر زۆر تینوی ڕاستین، درۆیان بۆ هەڵڕێژن. لافاوی درۆ کڵپەو ئاگری تینوویەتی ناکوژێنێتەوە.

لەناو هۆڵی منالّبووندا، تاڤگەی دڵڕفێن دروست کراوە، ئەم بەرو ئەو بەریش بەگوڵ ڕازێنراوەتەوە. دەنگی خوڕەی ئاو مۆسیقایەکی سیحرییەو لەکاتی منالّبووندا ئارامی بە ژن دەبەخشێ. تیمی دکتۆری پسپۆڕو مامان‌و خوشکان لە ژوورێکی تر چاوەڕێ دەکەن‌و بەگوێرەی پێویست دێنە ژوورەوەو دەچنە دەرەوە. ناوەندی منالّبوونەکە لەناو دڵی دارستانێکدا بوو، جریوەی مەل‌و ئاوازی لەرینەوەی گەڵای دارەکان نەبێت کەگۆمی بێدەنگییان دەشڵەقاند، ئەگینا شوێنەکە هەر زۆر کپ بوو.



■ ٧٤ ■

تۆ ئێستا بە لەش‌و جەستە لەناو جەرگەی یەکێك لەولاّتە پیشەسازییە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهاندا دەژیت. لەسەر کەناری ڕووباری زانیاری‌و ئینفۆرماسیۆندا هەڵترووشکاویت. مێردەزمەی کۆمپیوتەرو ڕۆبۆتاو گێن تەکنیك بۆ هەموو کون‌و قوژبنێك مل دەنێن‌و دڵی ئەم جیهانە لەناو مستی وانە. کەچی تۆ هەر بیرت لای گوێی چەمی ئەڵوەن‌و سیروان‌و هەواسان‌و قۆرەتووە. گوندەکانی سویسراو ئیتالیاو ئیسپانیا هەر زۆر خۆشن، بەڵام دڵی تۆ هەر بۆ کەلاوە داڕووخاوەکانی ئاوایی پەروێزخان‌و سالارو عەلی میرو سەرقزڵ‌و باخە هەنارەو شمشێر کوڵ‌و هۆرێن‌و کانی کرمانج لێدەدات.

مامۆستا میسرییەکە گوتی:

((عیسی عارف، ضع کلمة (قدوم) في جملة مفیدة)).

عیسای داماو سەیری هەر هەموومانی کرد بۆ ئەوەی فریای بکەوین.

ڕەشید خەلیل زوو فریا کەوت :

(( أكلت القدوم))

ئەوکاتە بۆمان ئاشکرا بوو قدوم: تەشوێیە. ڕستەکە دەبێتە: (تەشوێکەم خوارد). ئیدی مامۆستا ئەوەندە سەری سووڕما بوو، هەر دەیگوت:

((یا سلام! یا عیسی! یا سلام علی النبي! کیف تأکل القدوم ـ الأدوم ـ یاعیسی؟ یا سلام علی النبي )).

بەهەشت/ دۆزەخ: دیمەنەکان سەما دەکەن. بەهەشتی منالّی، بە ئاگری دۆزەخی شەڕی ناڕەوا سووتێنرا.

دۆڵی دۆزەخ بەناو دۆڵی جوگرافیای سیاسیدا تێدەپەڕێت‌و دۆزەخ ئێستا سەیرانگایەو شوێنی (رەبابە) لێدان‌و شادی‌و کەیف‌و سەفایە.

خۆشترین وڵاتی پیشەسازی، پاش بیست ساڵ، دیمەنە تاڵ‌و شیرینەکانت بیرناباتەوە. تۆ لەکوێ لەدایك بوویت، لەوێ رەگ‌و ریشە دادەکوتی. هەر زۆر زەحمەتە وەکو نەمام لە وڵاتێکی تردا رەگ‌و ڕیشە، سەرلەنوێ پەیدا بکەیتەوە. سەیری رەنگ‌و رووخساری هەموو دوورە وڵاتێك بکە، سیس بووەو گەڵاکانی ژاکاوەو زۆر زەحمەتە بەر بگرێت!

ئەو رۆژەی منداڵانی پاشا کۆپری بەکارتۆن‌و زەڕەبین‌و لایت‌و فلیمی سەرەمقەس توانیان وێنەی سەر فلیمەکە بخەنە سەر دیواری گەچ، هەر هەموو هەستیان بەسەرکەوتن‌و شانازی کرد. منداڵە شارەزاکان، توانییان وێنەی گەورە بگەیەننە سەر دیوار، بەڵام قسەکردن‌و جووڵانەوە نەبوو. هەوڵێکی زۆر درا، ئاخاوتن‌و جووڵانەوە هەبێت، سەری نەگرت. منداڵی پاشا کۆپری‌و منداڵی مەزرەعە، لەشەڕە گەرەکدا بوون. کاری کۆپەرو جیمس تایلەر دەوری کوڕە ئازایان دەبینی. هەردوولا ئەمبەرو ئەوبەری کۆردەرەیان دەگرت‌و لە ئەنجامی شەڕەبەردا، سەرو پۆتەلاکی یەك دوو کەسێك دەشکێنرا. ئێستاش گێزەی بەرد بەبن گوێمدا تێدەپەڕێ. تەرەزان‌و کاوبۆیەکان دەبینم، هەروا دەزانم دوێنێ بوو. خەلیل واشەو ئیسماعیل کەپی‌و شەهاب ئەحمەدی خوشکەزایان لەسەر پردەکەی بەرماڵیان وەستاون‌و ڕێگە نادەن منداڵی مەزرەعە هێرش بهێنێ. شەڕەکە هەر زۆر خەستەو شەهیدمان زۆرە.



■ ٧٥ ■

چۆن هەندێ کەس زمانی دایکی بیردەچێتەوە؟

من فرە ( إستغراب) کەم. سەرسووڕمان نیشانەی لێکدانەوەو بەراوردکردن‌و وردەکاریە. یەکێك نووستبێت، بیرناکاتەوە، هەرچەند مێشك لەسەر کاری خۆی بەردەوامە، بۆ نموونە: خەون دەبینرێت... بیرەوەری‌و زانیارییە کۆنەکان بۆ بن هەوری بیرچوونەوە رادەپێچرێن, ئەگەر زۆر پێویست نەبن، لەخۆیانەوە نایەنە پێشەوە.. زمانی دایك بیرناچێتەوە.. یەکێك لە منداڵەکانی چایلغ سەبارەت بەدیاردەی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی‌و ناوچەیی سەری سوور دەمێنێ:

(( تۆ دکتۆر دیاری کوڕەزای عەلی خان مامەی دەناسی؟))

من دەڵێم:

(( زۆر باشی ناناسم، کوڕی داود عەلی خانە؟))

ئەو دەڵێ:

( دیار لەشاری بەغدا لەدایك بووە. لە مۆسکۆ زانکۆی تەواو کردوە. لەپزیشکی دڵدا پسپۆڕەو لێرەش لە تیمارگەی کارتیۆلۆگی (بەشی دڵ) نزیك شاری فرانکفۆرت کاردەکات. کاتێك بە کوردی دەدوێ تەنیا شێوەی کارێزی‌و ئەرکەوازی دەزانێت. هەرچی دەڵێم: ئەمە پێی دەڵێن "جل‌و بەرگ"، ئەو هەر دەڵێ: "دڵنگ".

((بلفنجك!

ئەنووی ئەرا نیویشیدە پیم، دڵنەگەگانم هانە کوو؟))

لەخانەقی ئێستاش یەکێك باسی عەلی خان مامەی بکات، یەکسەر ئەم

سەربووردانەیان بیردەکەوێتەوە:

(( ئەمانە هۆپ... عەلی خان نازل))

گوایە عەلی خان لەناو پاسدا بووە لە بەغداو ویستوویەتی دابەزێ. عەرەبییەکەی هەر بایی ئەوە بووە ئەم رستەیە بڵێ. من خۆم بەدووری نازانم عەلی خان پێویستی بەوە نەبوو بێت سواری پاس ببێت بەپاس هاتوچۆی کردبێت. ئیدی خەیاڵی خەڵك شتی سەیر دەهێنێتە بەرهەم....

( کلکم قوندرە .. بەس ئانی کلاش..)

ئەوەی راستی بێت نازانم عەلی خان چەند عەرەبیی زانیوە؟ من لەناوچەی تری کوردستاندا ئەم (نوکتە) ناقۆلایەم بیستووەو ناوگۆڕکێ و جێگۆڕکێ کراوەو بەسەر خەڵکی تردا هێنراوە. لەوە دەچێ ئەم جۆرە نوکتەو قسەو قسەلۆکە بەرهەمی زۆرانبازیی کولتووری نێوان شارو لادێ بێت. هەرلایەك ویستوویەتی نوکتەیەك بخاتە پاڵ لاکەی تر..

زۆرانبازیی کولتووری!

من بۆ وەکو نووسەك بە وشەی (زۆرانبازی)یەوە نووساوم؟

چەمکی کۆمەڵناسیی گونجاو هەیە، بۆ دیاریکردنی شێوەی پەیوەندیی نێوان شارو لادێ. لە نێوان هەردوولادا ئاڵو گۆڕ هەیەو بازرگانی هەیە. لادێ پێویستیی شار لە میوەو سەوزە دادەپۆشێ، شاریش بەرهەمی پیشەسازیی جیهانی پەیدا دەکات. من ئەگەر نووسیم لەنێوان شارو لادێدا (دان)و (ستاندن) هەیە، رەنگە خوێنەر چاکتر لێم بسەلمێنێ. دانو ستاندن لەبری( أخذ وعطاء) بۆ لە زمانی عەرەبیدا ( أخذ) پێش (عطاء) خراوە، کەچی لە زمانی کوردیدا (دان) پێش (ستاندن) خراوە؟ ئەمە شێوەی بیرکردنەوەی هەردوولا



پیشان دەدات. ژیان هەر هەمووی بریتییە لە دانو ستاندن: درەخت، ئاوو پەینو هەتاوی دەدەیتێ، ئەویش(بەر) و (دار) و (سێبەر)ت دەداتێ. باش سەرنجی (بەر) لە وشەی(سێبەر) بدە. مریشك دانو ئاوی دەدەیتێ، هێلکەو پەڕت دەداتێ. پەیوەندیی ژنو پیاو، هەر لەخەو هەڵسانەوە تا نووستنەوە، هەمووی دانوستاندنە. خۆشەویستی بەخۆشەویستی. دەستی ماندوو، لەسەر سکی برسی یان سکی تێرە. لەگفتوگۆو ئاخاوتندا، مشتو مڕ هەڵەیە. زمانو گوێو چاوو مێشكو جووڵانەوەی دەمو چاو, بەشداری لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەکەن. مشتو مڕ، تەنیا بۆ (مناقشات ومناظرات)ی سیاسی پێویستە. لاچاو شین بوونەوەو دەمو چاو قوپانی بەدوادا دێ. دانو ستاندن: پێشکەشکردنی شتێکەو وەرگرتنی شتێکی تر.

تۆ باش گوێت لە مامۆستای زمانەوانی گرتوە؟

زمانەوان کاتێك بەلای کێڵگەی وشەو مەڵۆو خەرمانی رستەدا تێ دەپەڕێ, وەکو کەڕولاڵو کوێر تێ ناپەڕێ. وەکو باخەوانێکی شارەزا، بەوردی سەرنجی گوڵو گەڵای ئەو ناوەدەداتو دەیانهێنێتە زمانو قسەکردنو لەدەردو سەرئێشەیان تێ دەگات.

رۆژێك حسەی ئاشەوان لێی پرسیم:

( مامۆستا جەنابت ژنت هێناوە؟)

منیش پرسیارەکەیم هەر بەئاسمانەوە بەر پرسیاردا:

(( ئەی کاك حسەین جەنابت ژنت هێناوە؟))

ئەو گوتی:

((ئەوەی نێتی بۆی ئەمرێ. ئەوەی هەیەتی پێی ئەمرێ))

ئاشەوانێك بەم ڕەوانبێژییە ڕستەیەك داڕێژێ، جێگەی ستایشە. ئێمەی نیمچە خوێندەوار دەبێ هەفتەیەك نق‌و جڕ بکەین، تا ڕستەیەکی ڕێك‌و پێك، بەڕێکەوت دروست دەکەین. پێویست ناکات من سەری کەس بە (شەرح‌و تەفسیر)ەوە بئێشێنم. قورسایی ڕستەکان خراونەتە سەر دوو پریپۆزیسیۆن (بۆ)و (پێ). ئەگینا هەردوو ڕستەکە هەر یەکێکن (بۆ)و (پێ) مردن دوو واتای دژ بەیەك دەهێننە پێشەوە. مەگەر فرۆید زیندوو ببێتەوەو هەر دوو جیهانەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە: یەکێك (بۆ)ی دەمرێ‌و یەکێکی تر (پێ)ی دەمرێ..

■ ٧٦ ■

دەگەڕێمەوە!

من بۆ شارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە!

بۆ کەناری ڕووباری خەون‌و ئەستێرەو ئەفسانە دەگەڕێمەوە!

پاش چارەکە سەدەیەك چاوەڕوانی دەگەڕێمەوە. شارێك چاوەڕوانی دوا چرکەی چاوەڕوانییە, من لە ئامێزیدا بزربم یان ئەو لەئامێزمدا بزر بێت. دایك‌و ساوا, ماوەیەك لەیەکتر دابڕان, دیسانەوە بەدیداری یەکتر شاد بوونەوە, سەرەتا, دەپرینگێنەوە, رادەمێنن, پاشان, باوەش بۆ یەکتر دەکەنەوە, بۆ لای یەکتر رادەکەن , لە کۆشی یەکتردا دەتوێنەوە.

جانتا کۆنەکەم دەمی بۆ پیجامەو خاولی‌و تاقمی تەراش‌و فلچەی دان‌و گۆرەوی داپچڕاندووە. لەناو تاکسی‌و شەمەنەفەرو فرۆکەدا هەتا دەگەمە ناو شاری خانەقی هەر بیرم لای ئەوەیە چیم لێ بەجێ ماوەو چیم بیرچۆتەوە. ڕۆژێ



سەفەرم نەکردو یەك دوو شتم بیر نەچێتەوە. بیرچوونەوە زۆرئاسایی‌و پێویستە بۆ مرۆڤ: بیرچونەوە بۆ مێشك وەکو خەوە بۆ لەش. دایکم یەك بەیەك پێویستیەکانی سەفەری بیردەخستمەوە:

گۆرەوی‌و لفکەو نەعل‌و بیجامەو مووکێش‌و تاقمی ریشتاشین.. سابوون‌و شانە..گۆرەوی.. ناسنامە.. قەڵەم‌و قاقەز...

لەناوفرۆکەکەدا ڕۆژنامەیەك بەدەستەوە دەگرم. لەدوا لاپەڕەوە دەستی پێ دەکەم. هەر بیر دەکەمەوە: ئەم شارەچی لێ بەسەرهاتوەو چی لێ ماوەتەوە؟

ئەمڕۆ بلیتی فڕین دەکڕم. سبەی دەفڕم‌و دوو سبەی لە باوەشی دایکی نیشتماندام. گەڕانەوەی پاش هەڵاتن‌وماڵئاوایی تاڵ‌و ژەهراوی.

فازیل کەریم ئەحمەد بیست‌و یەك ساڵ ژیانی ئاوارەیی‌و دوورە وڵاتی.

ڕۆیشتیت جانتایەکی خاکی کۆنت پێ بوو.گەڕایتەوە جانتایەکی خاکی شڕت پێیە. بیست‌و یەك ساڵ دوورە وڵاتی... بیست‌و یەك ساڵ چی گۆڕا؟

من دەمەویست بەدوو قامکان دەستی ڕژێم بادەم، ئەو بەلوولەی دەبابە سەری پان کردمەوە... سەرەتا پێم وابوو هەر دەبێ راستی ملی نا ڕاست بادات‌و ئەمە لۆجیك‌و پێویستی مێژووە. دەریانپەڕاندم. دەرپەڕاندنێك دەریانپەڕاندم، نەدەشت‌و چۆڵ‌و چیا, نەئاوارەیی‌و تاراوگە، نەیانتوانی بمگرنە خۆ. من لە ژیانی ژێردەستەیی‌و داگیرکراوی‌و ناسنامە شێواوی یاخیبووم. شمشێری یاخیبوونم لە شەپۆلە پاسیڤەکانی یاخیبوون هەڵبڕی. کەس مێشی لە خۆی دەرنەدەکرد, کەچی ئێمە شارە زەردەواڵەمان لەخۆمان وروژاندو بەگژ قوللەی قافدا چووین‌و لە هیچ نەدەپرینگاینەوە. کۆشکی ڕازاوەی خەیاڵ گۆی مەمکی هەورە سرکەکانی ڕاستی دەڕووشاند.. ڕاستیی / خەیاڵ. ئەوەندە بەرز دەفڕین، شاباڵەکانمان بەئاستەم بەر

گۆنای ئەستێرە خەواڵووەکان دەکەوتن. شاخی ئەبێ، ورگی نابێی هەڵئەدڕی. بڵاوکراوەی بەدەست نووسراو، بەرامبەر کێوی میدیای نوێ: ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامە... کلاشینکۆفی ژەنگاوی، بەرامبەر تانكو زرێپۆشو هەلیکۆپتەر... ئابوونەی مانگانەی ئەندامان، بەرامبەر، لافاوی پترۆ دولار...کڵاشو پێڵاوی لاستیك بەرامبەر ئەستێرەو تاجو شیری سەرشانی جەنراڵە مەزنەکانی سوپا.

کۆدۆ هەودای بیرکردنەوەکەی پساندم:

( بابە من گۆشتی خەیپان ئەخۆم)

منیش پێم گوت:

(( تۆ گۆشتی مریشکت بەدەستەوەیەو ئەوە گۆشتی حەیوان نییە))

کۆدۆ گوتی:

(من ماچی پیرە زەنا ئەخۆم).

( کۆدۆ بە هیچ ژنێك مەڵێ پیرێژن.. هەزاران نەفرەتمان بۆ ئەنێرن..)

( من ماچی پیرە زەنا ئەخۆم).

( کۆدۆ مریشکەکەت بخۆو قاقەزەکانی من چێشتاوی مەکە)

خواردە لەمیش بوو! دراوسێکەی خواردە لەمیش بوو. ئیبراهیم سەیفوور بۆ ئەوەی ژیانی لەسەر ئاو رابگرێت، عەرەبانەیەکی جگەرو گۆشتی برژاو فرۆشتنی لەمەیدان داناو دەستی کردە کەسابەت کردن. چرە دووکەڵ بەرز دەبێتەوەو دراوسێکان بە هاتنی کاسبی نوێ دەزانن.

یەکێك لەو دراوسێیانە هەر یەکجار بەهاتنی دراوسێی نوێ شادو بەختەوەر دەبێت, هەر یەکسەر یەکێك لە منداڵەکانی بۆلای برایم سەیفوور دەنێرێ:

(کاك برایم! دایە سەلام کەدە لیتو ئویشد دوو تەماتە ئەرامان بنیرد)



کاك برایم دەستو دڵی زۆر چاك دەبێتو دوو تەماتەی بۆ دەنێرێت. ئەوەندەی پێ ناچێ منداڵێکی تر دەنێرێو هەمان رستەی پێشوو دووبارە دەکاتەوەو لەبری (دوو تەماتە) ئینجا داوای (دوو سەلك پیاز) دەکات:

( کاك برایم! دایە سەلام کە دەلیتو ئویشد دوو سەرك پیاز ئەرامان بنیرد).

کاك برایم دوو سەلك پیازی بۆ دەنێرێت. پاش دە دەقیقەی تر منداڵێکی تر دەنێرێتو داوای کەرەوز دەکات، چونکە دایە دەیەوێت (چلفرای) لێ نێت.

مەنجەڵی مێران بە چل ساڵ دێتە جۆش. برایم کاتێك هەست دەکات کابانی ماڵە دراوسێ دەیەوێ بە کەرەستەی ئەم خواردنی چلفرای لێنێت، تۆزێك دەوەستێتو بەمنداڵەکە دەڵێت:

(( سەلام بکە لەدایەو بویشە پی: قازانەگەی ئەرای ئەیرە باردو ئاشەگە لەیرە لەلی بنەد))

وڵامێکی دپلۆماسیی زیرەکانە بووە: سڵاوم بۆ دایکت هەیە. با بەمەنجەڵەکەیەوە بۆ ئێرە بێتو لێرە چێشت لێنێت.

■ ٧٧ ■

لەخانەقی برێك هەبوون، لە پەراوێزی کۆمەڵدا دەژیان. بێ ماڵو خێزانو کارو کەسابەت بوون. ئەو رۆژەی بە ماسیگریو وردە واڵەفرۆشی چنگیان بکەوتایە, بۆ مەیخانەکەی لویس و ئیدوارد بوو.

دەنگوباسی مردنی طوزباقە بەناو دۆستو ناسیاوەکانیدا بڵاودەبێتەوە. تەرمەکەی بەرەو گۆڕستانی پاشا کۆپری بەرێ دەخرێت.. دەگاتە نزیکی (چایخانەکەی کرندی)، هەرچی ئەهلی شەرابو مەیخانەو بارەکانە، بە فڕکانێك

فریای دەکەون، قاپو مەزەو پاکەتە جگەرە دەخەنە گیرفانەوە. زۆربەیان خەیاڵو مەستو بەسەنتەر شێواویەوە دوای دەکەون. زۆرکەمیان بە (زیك زاك) نارۆنو پێیان بەتەواوی زەوی دەگرێ. ئەوانەی شانیان بن تەرمەکەی دەخست، کەس ئاگای لەخۆی نەبوو، هەریەکەش بۆ ئاقارێك مل دەنێو بە هەزارو یەك (قوڵ وەڵلا) دەگەنە سەر گۆڕستانەکە. ئەوکاتەی لاشەکەی بۆ ناو چاڵەکە شۆڕ دەکەنەوەو بیریان دەکەوێتەوە مەلا بۆ خوێندنی یاسینو تەلقینو فاتیحا بانگ نەکراوەو پیرەکەش کەسی تێدانەبووە ئەشهەدوش بەڕەوانی بزانێ. کەلووشە بە نیوە سەرخۆشییەوە کۆتایی بەسەر سوورمانی ئامادەبووان دەهێنێو هاوار دەکات:

"طــــوزباقە نەمولكو ماڵو خێزانی هەبوو، نە قەلو قازوکەروێشكو مریشك، نەوەکانی ئێستا شەڕی لەسەر بکەن. وەسیەتی ئەوە بووە کاتێك مرد لە ژوور سەریەوە چارەکێك ئارەقی زەحلە دانرێت.."

چارەکێکی سەر مۆر بەداماوی بەجێ دەهێڵێو گلەبانی دەکەن.

کوڕێك بەژن داواکردن باوکی بۆژوو دەکات.

(کوڕم ژنت دەوێ؟)

بڕۆم بەماڵی باوکی کچەکە چی بڵێم؟

بڵێم کوڕەکەم، کوڕێکی زۆر رێكو پێکە، چارەکێکی دوو پێکە، بڕۆن لە بارو یانەو مەیخانەکان هەواڵی بپرسن، چونکە لەوێ هەر هەموویان بەسەری ئەو نەبێ، سوێند بەسەری کەسیتر ناخۆن..))

پرۆژەی ژنهێنان داڕووخا. ئەویش گوتبووی:

((من لە ژیانمدا پشتم بە هیچ کەسێك نەبەست، تەنیا بەباوکم نەبێ، ئەویش



دایکی گام!))

پشت بەخۆبەستن باشترە، لە پشت بەخەڵك بەستن. ئەگەر پشتت بەخەڵك بەست، دوور نییە، یەکێك بیەوێ بتکاتە مقاشو بەردەوام پشکۆت پێ هەڵگرێت. بەڵام ئەگەر پشتت بەکەس نەبەست، کەس ناوێرێ دەستت بۆ درێژبکات، نەوەك دەستی ببڕێت.

لەرۆژاوا هەر لەیەکەم رۆژی لەدایکبوونەوە, منداڵ فێری ئەوە دەکەن پشت بەخۆی ببەستێ. ئێمە هەر لەمنداڵییەوە فێربووین بەدار شەق بڕۆین، هەرچەند دەزانین قاچو قولمان تەواوەو هیچ کەمو کوڕییەکمان نییە. دار شەقمان لێ بسێننەوە، ناچارین بە سکە خشکێ بڕۆین. تۆ وەکو سەرۆك کۆمار سەیری خۆت ناکەیت، بۆیە سەربازو پۆلیسو چەقۆکێشو خۆڕیو تۆڕی گوێت بادەدەن. ئەی کاکی تەنەکەچیو چەخماچیو عەرەبانچیو پیاز فرۆشو شەربەت فرۆش ئێوە پۆستی سەرۆك کۆماری بەکەسێکی شیاو دەسپێرن؟ مافو ئەرکەکانی یەك بەیەك بە وردی دەسنیشان بکەن, رێگە مەدەن لەبەرەکەی خۆی بەولاوە پێی درێژبکاتەوەو ژیانتان لێ بکاتە دۆزەخ.

با هەرکەس کاری خۆی بەرێكو پێکی بکات، بەفر فرۆش نەبێتە ئەندازیار.. کۆترباز نەبێتە وەزیر. وەزیر وەزیرەو کۆترباز کۆترباز!

■ ٧٨ ■

ئاگاداربە:

گلۆڵە بەنی پێشنیازە تێکچڕژاوەکان, لەهەردوو قاچی قەڵەمە سەرخۆشەکەت, گیر نەبنو نووسینە ماندووەکەت سەرەنگرێ نەبێو هیچ خۆی

نەگرێتەوە, پێشنیازی زۆر وەکو بەردی زلە, بۆ هەڵگرتنو وەشاندن نییە. تۆ دەتەوێ مێژوو بنووسیتەوە یان چیرۆك؟

رەشید پۆستەچی تاقە نامە دابەشکەر بوو. هەمیشە جانتایەکی چەرمی ئەستووری لەسەر شان بوو، بەسواری پاسکیل کۆلآن بە کۆلآن دەگەڕاو نامەی دەبەشییەوە. ئەو، موختارو ریش سپیو شارەزایانی گەڕەكو بازاڕەکانی دەناسیو لە رێگەی ئەوانەوە خاوەن نامەکانی دەدۆزییەوە. من خۆم نزیك چایخانەکەی کرندی بینیومەو یەکێکی خەڵکی پاشا کۆپری ناسیوەتەوەو تکای لێکردووە نامەکە بگەیەنێتە ماڵی باوە میر، یان شیرە..

لە سویدو دانیمارکو هۆڵندەو ئەڵمانیا شەقامەکان ترافیك لایتیان هەیە, بەوردی هێمای هاتووچۆ کراوە, لەزۆر شوێندا کامێرای ئۆتۆماتیك دانراوە, لەسەر بچوکترین هەڵە، پۆلیسی هاتووچۆ راتدەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە دەیان رووداوی سەخت روودەدات. لەسەرانسەری خانەقیدا تەنیا یەك پۆلیسی هاتوچۆ هەبوو، ئەویش حاجی ئیسماعیل بوو. پیاوێکی کەڵەگەتی سەر رووتاوە بوو. شارەکە بێ ترافیکلایتو بێ هیماو نیشانەی هاتو چۆ بوو. زۆربەی کات لەچایخانەکەی حەسەن شەلو کرندی دادەنیشتو چای دەخواردەوەو دۆمینەی دەکرد. ئەگەر رووداوێك رووی بدایە، یەکێك بەدوایدا دەهاتو بۆ شوێنی رووداوەکەی دەبرد. هەندێ جار پوولەکانی لەسەر مێزەکە دادەناو گوێی لە هەردوولا دەگرتو راپۆرتی خۆی دەنووسیو پاشان دەستی بەدۆمینە دەکردەوە.

خانەقی شارێکی کراوە بوو. رێگەی هاتو چۆ بوو. رێگەی بەغدا- کرماشان. بەغدا بەئۆتۆمبیل دوو سەعاتو کرماشانیش نزیکەی دوو سەعاتو نیوە. کرماشانیو قەسریو کرندی بۆ کارو کەسابەت روویان تێدەکردو هەندێکیان



نیشتەجێ دەبوون. مامۆستای سەربزێو وەکو سزا رەوانەی شارەکە دەکران. یەکێك لەوانە (حسن فلیح جاسم) بوو، کە سکرتێری عادل جەلالی وەزیری کشتوکاڵ بوو. من ئێستاش ئامۆژگارییەکانیم هەر لەبیرە (طلفاح و لطیف نصیف جاسم و نعیم حداد..) رەوانەی خانەقیو دێهاتەکانی کرابوون. خەڵکی بەدڵپاکی خۆیەوە زۆر رێزیان لێ دەگرتنو یارمەتی دەدان, پێش ئەوەی بەپلان شەپۆلی گورگەکان بەرەڵلای سەر سکی ئەو خەڵکە بکرێن. جەژنان رەبابە ژنەکان بەرماڵانیان بە(( بویە بویە... یابە.. یابە..)) دەگرت. کاسبکارو وردەواڵە فرۆش بۆ ئاڵوویڵ دەهاتن.

■ ٧٩ ■

لەخانەقی شەیدای بەکارهێنانی هینن. هین هەر یەکجار زۆر بەکاردێتو کەم کەس دەزانێ هینو وانەكو واكو هەرامە خزمو تیرەو تایەفەن.

سەرۆکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هین داوای لێکردم, هینێکی خەستو خۆڵ لەسەر هین بنووسم, هەشسەدو بیست هین تێنەپەڕێنیو دوو لاپەڕەی فولسکاب هینتر نەبێت. من ئەم ماوەیە هەر زۆر بە ((هین))وە سەرقاڵم. هین سەرقاڵی کردوومو نامپەرژێتە سەر وانەك. گەر لەسەر ((واك))و ((هەرامە)) بوایە دەمتوانی هەر بەئاسانی هەژدە لاپەڕەی خورشیدی بنووسم. نووسین لەسەر ((هین)) هەر زۆر لەنووسین لەسەر ((وانەك)) ئاڵۆزترە:

**وانەك وانەكەو هینیش هینە. چوومە واكیٚ دیتم واكیٚك هەر واكە واكی بوو. هەنار شیرینەو خورما شیرینەو هەنگوینیش شیرینە: شیرینیەكان وەكو یەك نینو هەر شیرینیەك تامی خۆی هەیە.**

**روب هەنار هەیەو روبیی هەناریش هەیە. دووەم هەر زۆر لەیەكەم خەستو خۆڵترە. كۆكا كۆلا لەئۆهایۆو گردەگۆزینە هەر یەكە. لەویٚ دەزگایەكی ئۆتۆمات پێت دەفرۆشێتو لەگردەگۆزینە بلەی ئەحە چڵمن. روب هەنار ((ماركە مسجلە))ی نییەو هەریەكە بەجۆرێك دەیگرێتەوە. ئیدی چۆن ((هین))و ((وانەك)) دەبیٚ وەكو یەك بن؟**

**من لەنێوان ئاگری ((هین))و ((وانەك)) گیرم خواردووەو هەرچی دەكەم رێگەی دەربازبوون نادۆزمەوە!**

**لەرووی زمانەوانیەوە ((هین))و ((وانەك)) هەر زۆر لەیەكەوە جیاوازن! هەریەكەیان ئاوازو مۆسیقای خۆی هەیە. زمانەوانو نووسەرانی كورد پێیان زۆر شەرمە لەسەر ((هین))و ((وانەك)) بنووسن: هین ئامرازی پێناسە نەكراوی زانراوە. وانەك ئامرازی نیمچە پێناسەنەكراوی زانراوە. هەر یەكەیان لەناو رستەدا دەورێكیان هەیەو كەم زانا پەی بەم نهێنیە بردووە.**

**وانێك دەتوانێت وەكو ناوی لێبێت: وانێك عەرەفات! دكتۆر وانێك! برایم وانێك! كاك وانێك! هین هەروا بەئاسانی نابێتە ناو. نەمبیستووە یەكێك بڵێت: هین عەرەفات یان دكتۆر هینو برایم وانیك! ئەمە پەیوەندی بەسروشتی زمانو تەكنیكی دەربڕینو دارشتنەوە هەیە. یەكێك گوتی: هین! هەر یەكسەر خەیاڵی مرۆڤ بۆ لای "هین" دەچێت! بەڵام ئەگەر یەكێك گوتی: وانەك! هەر یەكسەر خەیاڵی مرۆڤ بۆ لای "وانەك" ناچێت!**



**دە وانەكت دەدەمیٚ وانەكێكم بدەریٚ! ئەم پرسیارە جۆرە نیاز خراپیەك لەپشت پەردەدا دەشارێتەوە. خاوەن پرسیار دەتوانێت روونكردنەوەیەك پێشكەش بكاتو خۆی لە "گومان"و "دردۆنگی" دوورخاتەوە. مەبەست لەدە وانەك دە هینەو یەك وانەكیش یەك وانەكەو نابێتە دوو.**

**من لەسیاسەتی هین هیچ تێناگەمو نامەویٚ هیچ تێبگەم. بەرنامەی وانەك بۆ ئەم قۆناخە هەر زۆر گرنگە. واك لەسەر واكیٚ هەر واكە واكی بوو. بەزمانی چینی بەرامبەر بەواكی خۆمان "ونگ" هەیە. ونگ ونگ! ئەوان ناڵێن: سەگەكە وەڕی یان حەو حەوی كرد! ئەوان دەڵێن: سەگ ونگ ونگی كرد! لەزمانی یۆنانیو ئەڵمانیو رووسی دا هەر یەكە وشەیەكیان بەرامبەر هین هەیەو بەبیٚ شەرمو شكۆ رۆژانە بەكاردێتو كەس ئەوە بەكەموكوڕیو ناتەواوی تێناگات!**

■ ٨٠ ■

**حاجی مەحمود درێژ خەباتگێڕێكی گومناو دەبێتو بەگوێرەی تواناو دركپێكردنی خۆی كوردایەتی دەكات تا ئەو رۆژەی شۆڕشی ئەیلوول توشی نسكۆ دەبێت. رژێم شاڵاوی راگواستنو بەزۆر كۆچكردنی دێهاتەكانی دەوروبەری خانەقی بەدڕندەترین شێوە دەست پێدەكات.**

**حاجی مەحمود دەبیستیٚ گەڕەكی جەلەوەش دەگوێزنەوەو باخەكەی ئەویش بەرسووتاندنو زەوتكردن دەكەوێت. ماڵو موڵكو باخەكەی بەهەرزانو تاڵان دەفرۆشێتو ماڵەكەی بۆ (ئەبو غرێب) بەئارەزووی خۆی دەگوێزێتەوە. هەروەكو عەرەبەكان كەواو چاكەت لەبەر دەكاتو عەگاڵ دەكاتە سەرو عابا بەسەر شاندا**

دەدات.. پاش دوو سێ ساڵ بۆی دەردەکەوێ گەڕەکی جەلەوە ناگوێزرێتەوەو بەچاوی خۆی دەبینێ باخەکەی نرخی گرانتری پێدەدرێت و خانووەکەی جوانتر کراوەتەوەو لەتاراوگەی ئەبوغرێبیش باخەوانێکی چەوساوەیەو ماڵو منداڵ بەو کۆمەڵە نامۆو بێکەس و بێهاوەدەمن, عاباو عەگاڵ دادیان نادات و بۆ هەر کوێ دەچن، وەکو گای قەشە دیارن, دەستێکی دەکەوێتە ئەملاو دەستەکەی تری دەکەوێتە ئەولا.

بەیانیانێك ماڵو منداڵ سواری ئۆتۆمۆبێل دەکات بۆ خانەقی و پێیان دەڵێت: ئێوە برۆن من پاش سێ رۆژیتر لاتان دەبم. پاش سێ رۆژ دراوسێکانی دەبینن حاجی مەحمودخۆی بەبنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسیوە!

■ ٨١ ■

سەعید بەگزاد کابرایەکی دەروێش دەبینێت، لێیدەپرسێت:

"خەڵکی کوێیت؟"

کابرا: "من جموورم!"

سەعید بەگزاد دەڵێت: "ئەگەر دەروێشی جموور نیت، ئەگەر جمووری دەروێش نیت"

■ ٨٢ ■

مەیدانی کەرەکان!

کەر تەنیا لەو شوێنەدا رێزی هەیەو پارە دەکات. ئەو رۆژە باش کاو جۆی دەدرێتێ و کورتانەکەی دەگۆڕدرێت و بەرێزەوە باس دەکرێت. هەرکەسێك بەشان و



باهووی کەرەکەی خۆیدا ئەوەندە هەڵدەدات، ئیدی کەر دەفڕێ و بەتەنیا جووت و گێرە دەکات و پاسەوانی مەڕەکانیش دەکات و بەلەقە دەمی گورگ دەشکێنێ. لە پەنجاکاندا کاتێك کۆمۆنیستەکان باسی مۆسکۆو لینینگرادیان دەکرد، دەتگوت باسی کیژێکی تازە پێگەیشتوو دەکەن، کە تازە بن مەمکی نابێ و گۆنای پەنجەی کەسی بەر نەکەوتبێ..

ئەکرەمی عەبدوڵڵا عەتاریش، کابرایەك بەگیر دەهێنێ و ئەوەندە باسی کەرەکەی بۆ دەکات، کابرا رازی دەبێت بەو نرخەی ئەو داوای دەکات، کەرەکەی لێبکڕێت. کابرایەکی کەرناس بە بەر سمێڵیاندا تێدەپەڕێت، لەڕێی خوادا بەرەیەك دەخاتە مزگەوتەوەو بە دەنگێکی بەرز بەکەرکڕ دەڵێ:

(کەرەکە ئەو پارەیە ناهێنێ.. ئەمە کەی کەرە؟)

ئەکرەم بە تووڕەییەوە بەکابرای دەمنەوەستاو دەڵێت:

((خاڵوو توو حەقت چەس؟ من خۆم لەناو خەر گەورە بوویمە ئیسە توو تەوای فیرم بکەیت، کام خەر خاسەو کامە خراوە!))

کەرناسی دەمنەوەستاو پەیمانی کەر فرۆشتنی هەڵوەشانەوە. لەڕێ و رەسمی بازرگانی و کەسابەتی رۆژاواییدا, ئەم جۆرە فاکتۆرە چاوەڕوان نەکراوە، لابەلایە، زۆر دەگمەنە. دەوڵەتان رێگە نادەن یەکێك لووت بژەنێتە کاروباری ناوخۆیانەوە. لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان تاك و تاك، هەمان رێسا راستە. لووت ژەندنە کاری ئەمو ئەوەوە، کارێکی ناڕاستە. سنووری تایبەتیی تاك پیرۆزەو نابێ پێشێل بکرێت. لە رۆژهەڵاتدا باخ و بێستان پەرژین دەکرێت. ئەگەر پەرژینیش نەبێت، کەس لەخۆوە خۆی پێدا ناکات. هەموو مرۆڤێك، سنووری تایبەتیی خۆی هەیە، پەرژینی تایبەتی هەیە، رێگە بە هەموو کەسێك نادات، کەلێنی لێبکاتەوەو

سەر بهێنێتە ژوورەوە. من بینیومە کەڵە نووسەرو رووناکبیرو سیاسی, بەبێ پرسە گورگانە نامەی ئەمو ئەوی بڵاوکردۆتەوەو بەکارێکی مۆدێرنی داناوە. بەگوێرەی یاسای زۆربەی وڵاتە ئۆروپییەکان، نامە بڵاوکردنەوە بەبێ رەزامەندیی پێشەکی خاوەنەکەی، سزای لەسەرە. من ئەو مافەم لەکوێ بەخۆم دا، نامەی تایبەتیی ئەمو ئەو، بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی مافی چاپ، بڵاوبکەمەوە؟

قەزات لەمن کەوێ! خەڵك بەبێ رەزامەندی کتێبی دووبەرگیو هەزاران شریتو سی دی بڵاودەکاتەوە. دڵنیام ئەگەر مرۆڤمان وەکو بەرخی(دۆلی) پێ چاپ بکرایە، هیچ لێی نەدەپرینگاینەوە..من جاران وامدەزانی ((مافی چاپکردن پارێزراوە)) راستەو مافی نووسەر دەپارێزرێت، هەر زۆر درەنگ زانیم مافی چاپکردن نەپارێزراوەو هیچ دامەزراوێك نییە، ئەرکی مافی چاپکردن بپارێزێت. بەچاوی خۆت هەموو رۆژێ ئەو دیمەنە نابینی، بۆمبێك لەبن مێزی نان خواردن لە گازینۆیەکدا دەتەقێتەوە. مافی مرۆڤ! مرۆڤ مافی بۆچییە؟ ئەو خەڵکە داماوەکە رۆژی دوو کیلۆ گوڵە بەرۆژەی برژاو دەخۆنو هیچ باسی مافی چاپو مافی مرۆڤ ناکەن. تۆ دەتەوێ لەسەر پیتێك، لەسەر بزوێنێك، لەسەر رێزمان شۆڕش بەرپا بکەیت؟

## ▪ ٨٣ ▪

گراماتیك کۆڵەکەی زمانە. خانووی یەك نهۆم/قۆخ/کەپر/ کۆلیت، کۆڵەکەی پتەویش نەبێت، خۆی رادەگرێت. بەڵام یەکێك بیەوێ خانووی دوو نهۆمو چوار نهۆمو نەوەدونۆ نهۆمو هەور ڕووشێنەر دامەزرێنێ، پێویستی بەزانستی هەندەسەو ماتماتیكو فیزیكو کیمیاو کارەبا دەبێت. ئەگینا



کۆڵەکەکان قورسایی خۆیان راناگرنو هەرزوو دادەتەپن.

یەك هەزارو چوارسەد ساڵە خانەقی خۆی راگرتوە. زۆر گەردەلوولو رەشەباو زریان هەڵیان کرد، لافاو نیوەی شارەکەی شاردەوە، ناسنامەی کولتووریو نەتەوەیی هەڕەشەی لێکرا:

شەپۆلە رەشو خوێناوییەکان، بەتوندی کەللە سەری خۆیان بەتاشە بەردە زلەکانی کەنار دەریادا کێشاو بەدەستی بەتاڵو تێکشکاوییەوە گەڕانە دواوە.

مامۆستای مێژوو پێی وتم:

((داگیرکەری بەریتانیی کەڕۆیشت، پالاوگەی ئەلوەنو کێودیو نەفتخانەی بەجێ هێشت. شەقامەکانی قیرتاو کرد، ئێستگەی شەنەمدەفەرو سینەماو شانۆی لەدوا بەجێما. دراوسێی داگیرکەری دواکەوتووی برسیو چاوچنۆك، شارو لادێی بەوێرانکراوی بۆ بەجێ هێشتین. هەشتا ساڵ داگیرکردن ــ وێرانکردن.. هەشتا ساڵ زێڕی رەشیان دزیو دڕکەزێیان چاندو گۆماوی خوێنو مەنارەی کەللە سەر..))

هەشتا ساڵ، مێژوو بەرەو دواوە، بەناوی دینو دراوسێیەتیو برایەتییەوە، تەفرەیان داینو ماڵەکەیان کردە سەر پشکی ماڵان. هەشتا ساڵ (برای دراوسێ) زەهرو زراوی بەسەر چیاکانماندا باراند. ئەم برایە، هەرچی لەباوکمانەوە بۆمان بەجێماوە، لەسەر خۆی تاپۆی کردو سەرپاکی بەجارێ قووتدا. ئێمە لە سڵق رووتترو لەلات لات ترین. ئەو هەنگوینەکەی دەخواردینو دەبا ئێمەش بن کلکی سەگو تانجییەکانی بلێسینەوە.

هەناری قەسری باخت بینیوە، لەسەر پەرژینەوە، سەر دەهێنێتە دەرەوەو لەگەڵ رێبوارەکاندا سەرەتاتکێ دەکاتو بۆیان پێدەکەنێ. ئەو هەنارە بەر بێتە خوارەوە،

هەر دانەیەکی لەبن دارێکدا دەگیرسێتەوە. منداڵەکانی ئەڵوەن، دانەی هەنارن، هەر دانەیەکیان لەکۆشی تاراوگەیەکدا خۆی گرتۆتەوە.

((ئەی کۆترە سرکەکانی تاراوگە، کەناری ئەڵوەن، بۆ ژوانێکی دیارینەکراو، چاوەڕوانە. ئێوە بۆ ئەڵوەن تێشووی تاراوگەتان لەپشت بەستەو رێگەی هاتو نەهاتتان گرتەبەر, دڵتان لەسەر لەپتان دانا... ئەڵوەن ماندووبوونو فرمێسكو هەناسەساردیی ئێوەی لەسەر بەردەکانی گوێی چەم تۆمار کردوەو سفرەی رازاندۆتەوەو مۆمی داگیرساندوەو شەوانە شمشاڵ بۆ رەشەبایەکی بێسەرو شوێن دەژەنێ..))

دوا پەلامار کۆتایی پێهات، دوژمن کلکی بەناو گەڵیدا کردو لەچاو بزر بوو.. ئەم پەلامارە یەکەم پەلامار نەبوو. چیرۆکی پەلامارەکان زۆر درێژنو هیچ کەسێك هەموویان نازانێ:

عەزیزی مەلاحەسەنی باجەلاّن بۆی گێڕامەوە:

مەلیك فەیسەڵی یەکەم هەوڵی زۆری دا، ناوچە بەپیتە بەراوەکانی دەوروبەری خانەقی بکڕێتو بنەیەکی لێدابنێت. بۆچی ئەو هەوڵی زەویو زار کڕینی دەوروبەری رووماديو حیلەو ناسرییەی نەداوە؟.

جارێکیان مەلیك بۆ خانەقی دێو چاوی بە (وەلی ئاغای باجەلاّن) دەکەوێ، کە پیاوێکی ژیرو کارامەو چاو کراوە بووەو رازی دڵی خۆی لا درکاندوە، گوایە دەیەوێ لە بنکوورەو باوە پەلاّویو عەلیاوە زەویو زار بکڕێتو بیان کاتە کێڵگەی لۆکە. هەر کە ئەو دەم هەڵدەهێنێ، وەلی ئاغا یەکسەر لە فیکەی تێدەگات. بۆچی لەم وڵاتە فراوانەدا, مەلیك خەونی زەردو سوور بەکێڵگەی لۆکەی باوەپەلاّویو بنکوورەوە دەبینێ؟



هەرچەند ئەو لەرازو نیازی تێدەگات, بەڵام بەجوانی نازانێ وەڵامێکی رەقی نا دپلۆماسیی بداتەوەو پێی دەڵێ:

(( لای ئێمە سەرۆك عەشیرەت مافی بڕیاردانی دەست بەجێی نییە، بەبێ پرسو ڕاوێژکردن لەگەڵ ریش سپیو دەمڕاستەکانی هۆزو تیرەو تایەفەکاندا..)).

پاش کۆبوونەوەو راوێژکردن، وەلی ئاغا بۆلای مەلیك فەیسەڵ دەگەڕێتەوەو بەرسیڤی گەورە پیاوانی باجەلاّنی پێ رادەگەیەنێ:

(( ئەو پارەیەی تۆ داتناوە لێرە مولکی پێبکڕیت، دە ئەوەندەی تریشی بخەیتە سەر، نرخی بستێك زەوی ئەم وڵاتە نییە!))

پەیامی دانیشتوانی ناوچەکە، وەکو برووسکە بەمەلیك دەگاتو تێدەگات، ئەمانە هەر نایانەوێ سەواو موعامەلەی لەگەڵدا بکەن، بۆیە بەردی وەڵامی قۆچەقانی بەسەر دڵییەوە نیشتۆتەوە.

■ ٨٤ ■

سیمۆنی دراوسێم پێی گوتم:

(( شەش عەشیرەتی گرمانی: فرانکن/ شڤابن/ بایەرن/ تویرنگنەر/ زاکسن/ فریزن گەلی ئەڵەمانیان دروست کرد. ئەڵەمانەکان گرمانن، بەڵام هەموو گرمانێك ئەڵەمان نییە. ئەمانە لەکۆبوونەوەیەکدا بڕیاری پێکهێنانی گەلی ئەڵەمانیان نەدا. چارەنووسی مێژوویی هەر شەش هۆزەکەی پێکەوە گرێ دا. ئەمڕۆش جێگەی پەنجەی ئەمانە بەسەر نەخشەی سیاسیو ئیداریو جوگرافییەوە دیارە)).

چارەنووسی مێژوویی سەرەك هۆزە مەزنەکانی کوردی, لەسەر یەك خوان

کۆنەکردەوە. قسەو ئاڵاو بڕیار یەك نەخرا. هەریەکە لەئاشێکی کردوەو هەریەکە لە ئاوازێکی خوێندوەو کەس ئامادە نەبووە، براکەی خۆی لەخۆی بەپیاوتر بزانێ. مستەفا پاشای باجەڵان یەکەمین کەس بووە، کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لەسەر کێشەی گەلی کورد گفتوگۆی کردوەو داوای مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کردوون. شێخ مەحموودی حەفیدو جەنراڵ شەریف پاشاو سەید ئەحمەدی خانەقاو حەمدی بەگی بابان..هتد, پرۆژەیەکی هاوبەشی سەربەخۆییو یەك دەنگیو یەك دڵیو یەك ستراتیجەیەی روونیان دانەڕێژراوە. هەر یەکە لە قوڵێکەوەو هەریەکە لەگەلییەکەوە، ئەم دۆڵ ئاگای لەهەوڵو تەقەلای ئەو دۆڵ نەبوو.

خەڵك بەردەم دەرگای کۆنگرەی سیڤەریان گرتو مافی خۆیان وەرگرت. ئێمەش ئەو مافانەی هەمان بوو، هەر بەزۆرەملێو تەڵەکەبازیو ساختەچێتی لێیان وەرگرتینەوە, چارەنووسی مێژوویی بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو پاڵی پێوە نەناین.

نەخشەی جیهان گۆڕاو گۆڕێندرا. پاش یەکەمین جەنگی جیهانی پێمان بەداوی سیاسەتی نوێی هێزە مەزنەکانەوە بوو، هەڵەنگووتین، کۆتایی سەدەی بیستەم بەهەزارو یەك رێکەوتو(قول وەڵلا) خۆمان گرتەوە.. هەودای پساوی بەردەوامبوونی مێژووویمان گرێ دایەوە. دامەزراوە سیاسییە لەبەر یەك ترازاوەکانمان لەچاو بزر بوون. هیچ هێزێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی, نەیدەتوانی لەخاڵی سفرەوە دەست پێبکەنەوە. هەر هەموو لە سفرەوە دەردەچوون، پاش زنجیرەیەك کارەسات، بۆ خاڵی سفر دەگەڕانەوە. رووباری بەردەوامبوونی مێژوویی تووشی پچڕان بوو، گرێدانەوەشی ئاسان نەبوو.

سیستێمی سیاسی دراوسێی داگیرکەر، هەر زۆر دواکەوتوە، بەهەناسە بڕکێش



فریای تەپو تۆزی تەوژمی مۆدێرن ناکەوێ. شەمەندەفەری گەشەکردنی ئاوەژووی ئەوان، نەیتوانی تا دەورانی بەرد، بەبێ وەستان بگەڕێتەوە، پاش خۆدەربازکردن لەبن بەستو تەنگژەیەك خۆی بە بن بەستێکی تردا دەکرد. وەرگەڕانی ئەو شەمەندەفەرە رووداوێکی پێشەکی پرۆگرامکراو بوو. ئەگەر ئێرنست بلۆخی فەیلەسوف بمابایە، هەر یەکسەر دەیگوت:

دیاردەی " هاوکات بوونی نا هاوکاتەکان" ئەمەیە!

Gleichzeitigkeit der ungleichzeitigen

یەکێك دەیەوێ بە تیروکەوانو ڕمو قەڵخان بەرۆکی سوپای B52 تۆرنادۆو B16و ئاپاچی بگرێت, یان بەو مێشكو کەللەیەوە بەکاریان بهێنێت. گەشەکردن.. بەردەوامە: یەککاتو یەکسان نییە.

■ ٨٥ ■

ئێمەی داگیرکراو، بەداوێکی باریکی تراویلکەو خەونی ژیانی مۆدێرن خۆ هەڵواسیو، دەمانەوێ شەمەندەفەری وەرگەڕاو بۆ سەر هێڵی ئاسنی ئاسایی، راست بکەینەوە. کارێکی زەحمەتە، بەڵام پێویستیی مێژوویی سەپاندوویەتیو سەرووی دەسەڵاتی ئێمەیە، ئێمەیش دەستەوەسان دانیشین شەمەندەفەرەکە دێتەوە سەر هێڵی خۆیو دەڕوات.

ئازادیو سەرفرازیو خەون/ تراویلکە بوون. باوكو باپیرانمان رۆژی سەرکەوتنیان نەبینی. وەرچەرخانێکی مێژوویی هەلو مەرجی سەربەستی هێنایەدی. دار هەنارەکان گوڵ دەگرنو دار خورماکان سەما دەکەنو ئەڵوەن سفرەی شادی دەڕازێنێتەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەیە..کۆترە سپییەکانی ئەڵوەن

دەشتو بیابان بۆ ڕۆڵە بێ سەرو شوێنەکان دەگەڕێن. ڕۆژی سەرکەوتن ئەڵوەن بەوردی چاوی بۆ هەر هەموویان گێڕا. ئەوانەی ئامادە نەبوون هەر زۆر زۆربوون. ژمارەیان لە ژمارەی بەردەکانی کەناری زۆرتر بوون. کەم بن بەردی ئەم وڵاتە هەیە پێشمەرگەیەك تا دوا هەناسە بەرەنگاریی تیدا نەکردبێت.. کەم زیندان هەیە ڕۆڵەیەکی دلێری هەڵنەلووشیبێتو کەم دەشتو بیابان هەیە، لاشەی بێ سەرو شوێنێکی نەگرتبێتە خۆی.. کەم  تاراوگەش هەیە، ئاوارەکان بەخەمو پەژارەوە، شەو تا بەیانی نەتلێنەوە...

کۆترەکانی ئەڵوەن دەگەڕێنو ئەڵوەن سەرلەنوێ خۆی ڕازاندۆتەوەو چاوەڕوانە..

ئەی کۆترە سرکەکانی تاراوگە، کەناری ئەڵوەن بۆ ژووانێکی دیارینەکراو چاوەڕوانە. ئێوە بۆ ڕزگاریی ئەڵوەن تێشووی تاراوگەتان لەپشت بەستووە, ڕێگەی هاتو نەهاتتان گرتۆتەبەر, دڵتان لەسەر لەپتان داناوە.. ئەڵوەن ماندووبوونو فرمێسكو هەناسە ساردیی ئێوەی لەسەر بەردەکانی گوێی چەم تۆمارکردوە, سفرەی ڕازاندۆتەوەو مۆمی داگیرساندوەو شەوان تا بەیانی شمشاڵ دەژەنێ..

هەرچی دیت وەچەم شی وە سەفەردا
هەرچی مەوینی هانەگوزەردا
کەس حاڵی نەبی و هیچ نەفاما
ئەو پەی چێشویەرد، ئێدی پەی چێش ئاما


نویرنبیرگ: ۲۰۰۳

# وێنەکان

⋆ زۆربەی وێنەکان بە کامێرای کاک ساڵح باجەڵان گیراون.

مافی چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوە تەنیا هی وێنەگرە.

کاک غازی سەید قوتوبی سەید تەوفیق کاکەیی سێ چوار وێنەی پێشکەش کردم. بەشێکی تریان لە کاک برایم باجەڵان‌و دۆست‌و ناسیاوی خەڵکی خانەقی، کە ئەوپەڕی پێزانین‌و سوپاسی بێپایانم ئارستەیان دەکەم.



باوه گەزی




باوه پڵاوی – باوه محمود






چایخانەی کرندی




پردی گەوره



دەربەندی بێلوولە





دەربەندی بێلوولە



دەربەندی بێلوولە






شوێنی حەوشی کڕوو




شوێنی حەوشی کڕوو



شەهید سەمیعە کەریم ئەحمەد







شەهید حەمید کەریم



شەهید غاندی



شەهید بێباک



شەهید صادق شەریف







شەهید غاندی



مەلا بەختیار, شەهید ئاشتی, جەعفەر





هەڤاڵ جەبار فرمان


هەڤاڵ عماد احمد



شەهید یوسف حسین


هەڤاڵ مامۆستا موحسین




مستەفا پاشای ٤٤ باجەلان







عەلی شامار




شەهید سلام عبدالرزاق





سەید سلێمان



سەید سلێمان علی عبدالله


مەلا محمدی جوانڕۆیی


شێخ مراد


مەلا سەید حەکیم



مەلا عەلی کەوانە دۆڵی









عزیز پشتیوان


ئەوڕەحمان جان بەخش


صاڵح ڕۆستەم خان [٢]



صاڵح رۆستەم خان



صاڵح باجەلان



رەشید مبارك







علی بەگ



علی خان





رشید باجەلان




طاهر عوزیر


فەرمان علی اکبر



علی کاکل


عیسی عارف


ڕەشید پۆستەچی





مەجید قادر ئاغا




مەجید سالار عەزیزخان جمور







قطب مصور



سەید توفیق کاکەیی




ئیبراهیم باجەلان




ڕەشید خەلیل



بەهجەتی مصور


بەهجەتی مصور





خداد علی



احمد قنه


ابراهیم نایف



مەلا قاسم



مامۆستا حەیدەری



فیض الله کەباچی



مەلا حەمە






قوتابخانە



ئالان جەعفەر



کۆدۆ جەعفەر



نالی جەعفەر



هێلین جەعفەر





مامۆستا جەعفەر



مامۆستا جەعفەر


مامۆستا جەعفەر



مامۆستا جەعفەر



مامۆستا جەعفەر



ماجد شالیار



یحیى سید نوری





تابلۆی شێتەکانی خانەقی

هونەرمەند ـ ماجید شالیار





مۆری مەحموود قواى: دیمەنێکی راو لەگەڵ ناوی مەحموود پیاوێك بازێك لەسەر دەستی چەپی هەڵنیشتووە. ئاسكێك و سەگێك .. ئەم مۆرە بۆ ئەوانە لێدراوە، کە داوای سەفەریان بۆ قونسلیەی ئێران پێشکەش کردووە.

بەهجەتی مصور



# بەرهەم و بڵاوکراوەکانی نووسەر

١- خۆرگیران کورتە چیرۆك خرِی نێوزەنگ ١٩٨١

٢ - راوەماسی رۆمان ستۆکهۆلم ١٩٨٦

٣ - لەگێژاودا کورتە چیرۆك ستۆکهۆلم ١٩٨٨

٤ - هەڵۆی سوور سیناریۆ سلێمانی ٢٠٠١

٥ - پێکهاتنی چوارچێوەی ئابووری‌و سلێمانی ٢٠٠٣

سیاسی - چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا.

٦ - التيارات والأتجاهات الأدبية والفكرية في القرن التاسع عشر - التآخي ١٩٧٢.

٧ - خانقين خلال ربع قرن (١٩٠٠ - ١٩٢٥)، خمس حلقات، - ((التآخي)) ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤ حزيران - ١٩٧٣.

(خانقين خلال ربع قرن (١٩٠٠ - ١٩٢٥) — بحث ميداني — السليمانية — ٢٠٠٥)

٨ - الرومانتيكية في الأدب الكردي - مجلة الثقافة، عدد (١) س (٤) ص (١٠١) - بغداد - ١٩٧٤.

٩ - لماذا سادت اللهجة الگورانية في الأدب الكردي - مجلة الثقافة - بغداد ١٩٧٣ .

١٠ - چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شەری پارتیزانی - خری نێوزەنگ - ١٩٨١.

11-Fadil Ahmad:Die Stellung der Frau in der Kurdischen Geslllschaft.
In: VIA- Magazin (Bonn) .3 (1991) S.1-20

* گوتاری: دەوری ژن لەکۆمەڵی کوردستاندا (بەئەڵمانی) لە گۆڤاری V1Aدا بڵاوکراوەتەوە.

12-Fadil Ahmad:LUTTE ARMEE ENTRE LE MYTHE ET LAREALITE

In: HALKAWT HAKIM: Les Kurdes Par- delà .1,exode.Paris 1992

٭ وتاری خەباتی چەکدار یان چەکداری لەنێوان ئەفسانەو راستیدا. لەلایەن (د. هەڵکەوت حەکیم)ەوە کراوەتە فەڕەنسیو لەکتێبێکدا ساڵی ١٩٩٢ لەپاریس بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە لە گۆڤاری یەکگرتندا بڵاوکراوەتەوەو چەندین کەس لەسەریان نووسیووە.

13 -Fadil Ahmad: Die Kurdische Befreiungsbewegung zwischen Stammeskultur und politischer Erneuerung. Hildesheim.1994.

٭ کتێبی: بزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد لەنێوان کەلتووری عەشرەتگەریو مۆدێرنکردنەوەی سیاسیدا. ئەمە نامەی ماجستیرە، کە ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٤ ـ ئەڵوەنو ئەفسانە رۆمان سلێمانی ٢٠٠٤

١٥ ـ مێژووی بیری کوردی لێکۆڵینەوە سلێمانی ٢٠٠٥

١٦ . الصقر الأحمر ـ سيناريو السليمانيه ٢٠٠٥
(ترجمة: شهاب القره لوسي)

١٧ ـ من بڕوام بەدیموکراسی کوردی نییە. لێکۆڵینەوە سلێمانی ٢٠٠٦

١٨ . مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ مۆدێرن کردنەوەی (ی. ن. ك) سلێمانی ٢٠٠٦

١٩ . شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠ ـ ١٩٢٠، سلێمانی ٢٠٠٦

٢٠ . هەڵۆی سور (چاپی دووەم) ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢١ . ئەزموونی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٢ـ مام جەلال ـ سلێمانی ـ چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٧



٢٣ . هەرێمی کوردستانو تورکیا ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٨

٢٤ . کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت ـ ئا: عەدنان کاکە رەش ـ سەرپەرشتیار : مامۆستا جەعفەر ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٥ . گۆران لەیادەوەری هاوچەرخەکانیدا، کتێبێکی هاوبەش لەگەڵ رێبوار حەمە تۆفیق، ب١ ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٧

٢٦ . كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ـــ تأليف فاضل رسول ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٧ . مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة ـ الطبعة الأولى ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٨ . مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة ـ الطبعة الثانية ـ ترجمة: غسان نعسان ـ تقديم ومراجعة: ماموستا جعفر ـ السليمانية ـ ٢٠٠٨

٢٩ . قيام نظام الأماراتى وسقوطه ـ د. سعد بشير اسكندر ـ ط٢ ـ تقديم: م. جعفر (فاضل كريم أحمد)

٣٠ ـ ئیدارەی کوردی، ئاستەنگو ئاسۆی گەشەکردن ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.

٣١ـ مێژووی بیری کوردی.

**بەرهەمی ئامادەکراو بۆ چاپ:**

١ . گۆران لەیادەوەریی هاوچەرخەکانیدا ـ ب٢ ـ کتێبێکی هاوبەشە لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە.

٢ . ماموستا جعفر (فاضل كريم احمد) قصص تأبى المنفى.

٣ . تأريخ الفكر الكردي

٤ـ تاراوگەو گوڵە ژاکاوەکانی بەهەشت.